# گزنگ ١٠٣ ئاب ٢٠١٣

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک

**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

07701385647

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

07701322588

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

دلێر ڕەفیق

**دیزاین**

ئەنجام سەعید

ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

کەرکوک-ڕەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی

کوردستان / کەرکوک

تێبینی:

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا ١٠٣

**سەکۆی گزنگ :-**


خوێنەر لە ڕۆچنەی زەمانەوە ...، **هەوار خزرزادە**......................................ل٥


**وتار و لێکۆڵینەوە :-**


چارلز دیکینز، **د. سەلاح بابان**......................................ل١٣

کەژاڵێك پیتەکانی پایز دەنووسێتەوە، **کاوە مستەفا**......................................ل٢٩

مندالّی شەرمن و گۆشەگیر، **ڕەزا شوان**......................................ل٣٥

جەلی و پرسیاری شیعر، **هاوژین صلێوە**......................................ل٥١

ئەو ١٠٠ کەسایەتییەی ڕێبازی مێژویان گۆڕی .. ، **هاشم جەباری**......................................ل٥٥

بۆنی بزربوونم ڕۆژەڕێیەك دەڕوات، **ستار ئەحمەد**......................................ل٦٥

یك بستە سیگار در تبعید، **ئەرسەلان چەلەبی**......................................ل٦٧


**وەرگێڕان :-**


١٥ چامەی بورهان شاوی، **جەلال زەنگابادی**......................................ل٦٩

ئەو پیاوەی هیوایەتی شیعر بوو، **و/ ئازاد نەجم**......................................ل٨٣


**چیرۆك :-**


وەرزی جگەرە و چا، **ڕێبوار ژوار**......................................ل٩٣

ناونیشان، **ئەسعەد عەزیز محەمەد**......................................ل١٠٩

هەرتۆم خۆش دەوێ، **فوئاد محەمەد ئەمین**......................................ل١١٥

مامە خورشید و ئەڤینی، **عەلی شێخۆ**......................................ل١١٧

چوار کورتیلە چیرۆك، **عوسمان دەروێش**......................................ل١١٩

شیلەکان، **بەنگین پیرۆت**......................................ل١٢٣

مەمکێك و ماتۆڕێك، **کوردستان گولابی ئازەر**......................................ل١٢٧

کوژرانی مەلیك، **سوارە کافرۆشی**......................................ل١٢٩

تەرمەکە سیگار دەکێشێ، **سیروان کەریم**......................................ل١٣٣


**شیعر :-**


ساتێك پاڕانەوە.. هەندێك نزا، **بورهان ئەحمەد**......................................ل١٣٩

عیشق لە سفری تەکویندا، **عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ**......................................ل١٤٣

شیعر و شەپۆل، **خالید مەجید**......................................ل١٤٧

لە تۆدا، ژیان خۆی لە مردن دەشارێتەوە، **ئەسکەندەر زرار**......................................ل١٤٩

نزای پەپوولەکان، **هەڵمەت هۆشیار**......................................ل١٥٣

بە ئیجازەی با، **دلۆڤان عەلی**......................................ل١٥٧

شەمی ئەفسانەی ئەوین، **عەباس جەمیل جێماو**......................................ل١٥٩

سپاس، **عەبدولستار جەباری**......................................ل١٦٣

نەکەی بڕۆی، **سارێژ سنە**......................................ل١٦٤

دیوێکی تری ناخ، **مەلەك هەمەوەندی**......................................ل١٦٥

بەرگی هەژار هاوینە، **شاخەوان قۆجەلەری**......................................ل١٦٧


**هونەر :-**


ژیانی پای، **کاردۆ**......................................ل١٦٩


**دیمانە :**


مەحاسن ئەلحەسمی **دیمانە : جومعە جەباری**......................................ل١٧٣

مەسعوود بابانی، **دیمانە : شەریف فەلاح**......................................ل١٧٩

فەرهاد کەریم، **دیمانە : سەنا جەباری**......................................ل١٨٩


**پرۆفایل:-**


کازیوە ساڵح، **ئا : نیان تەیب**......................................ل١٩٣

کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **بەڕێوەبەری نووسین**......................................ل١٩٧



"هەوار خزرزادە " شەڤگەش

# خوێنەر لە ڕۆچنەی زەمانەوە ...

کاتێك باس لە خوێنەر دەکرێ کەسێك نییە جگە لە شارومەندێکی مۆدێرنی ئەوڕۆیی١ کە تا ڕادەیەکی زۆر زانستی بە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری و تەنانەت باری دەروونی تاك یا کۆدا هەیە و گەرەکێتی مەبەستگەلێك بدۆزێتەوە لە دەقەکان کە تایبەتمەندی ئەمڕۆ و ئەو سەردەمەی بەسەرەوە دیار بێ و ئەو کەسایەتییە تاکەی ناو کۆمەڵگایەکی بەو تایبەتمەندییە، ئەو دوو بۆچوونەی کە لە لایەك، بەگشتی کۆی خەڵکی کۆمەڵگا وەك خوێنەر دەناسێنێ و لە لایەکی تریش تەنیا کۆمەڵێك کە خوێندەوارییەکی بەرزیان هەیە و لە حاستی ئاکادیمی دان وەکوو خوێنەر پێناسە دەکا، ڕد دەکاتەوە و خۆ وەدەر دەخات و خۆی لە بەرانبەر دەق و زمان و جوگرافیا و ڕێبازی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە و هەر کام لەو چەمکانەش کاتێك لە بەردەنگ دەدوێن، لێدوانی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ وێنە



مرۆڤێك کە لایەنگری ڕێبازی مۆدێرنە بە جۆرێکی تایبەتی بەردەنگی خۆی پێناسە دەکا و مرۆڤێکی تر کە لایەنگری ڕێبازێکی ترە پێناسەیەکی تر دەستنیشان دەکا و بە گشتی ئەوە بەرهەم یا دەقە کە بەردەنگی خۆی دیاری دەکات .

ئەگەر بێتوو لەم نێوەندەدا لە سەر خوێنەر و بەرهەمی کوردی بدوێن پێویستە ئەوەی لە بەر چاو بگرین کە خوێنەری کوردی ئاگا و چالاك و متمانەبەخۆی دەقێکی کوردی بە سرنجدان بە وێنەکان و وێناکردنیان لە زەینی خۆیدا و تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ جیهانی ناوەڕۆکە عەینییەکانی هزری خۆی کە جیاوازە لە جیهانی هەر مرۆڤێکی غیری کورد (٢) و کراوەتر بۆ وەرگرتنی زۆربەی هەرە زۆری تیۆر و بیرۆکەکان" کەوایە دەکرێ بڵێین دەتوانێ بە شێوەیەك هەموو ڕەهەندە گونجاو و تەنانەت خاڵە بێ هێزەکانیش بدۆزێتەوە و لە ئاوێنەی زەینی خۆیدا رووتیان بکاتەوە و بە لێکدانەوەی تایبەتی خوێنەرێك، خۆی بگات .

بەڵام ئایا کۆمەڵگای ئێمە هیچ بەرەوڕووی ئەو مۆدێرنبوونەی بووە کە بتوانێ خوێنەرێکی ئەورۆیی و دواتر بەرهەمێکی مۆدێرن بخوڵقێنێ؟ ئایا گەشەی هزری ژیانی ئێمە توانیوییەتی خۆی لەو مۆدێرن بوونەی نزیك بکاتەوە؟ یا خۆد چ بابەتگەلێك دەبنە هۆی ئەوەیکە هزر لە کۆمەڵگایەکدا بەپێی سەردەمی تایبەتی خۆی مۆدێرن بێتەوە؟تاکوو چەن پیویستە ئەم تایبەتمەندییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆ بەدەستەوە بدات و تاکوو چەن دەستنیشانکردنی نەما و هێماکانی مۆدێرنیزاسیۆن ڕێنموێنیمان دەکەن بۆ هەست پێکردنی ئەم ژانرە سەرەکییە لە ناو چوارچێوەی ژیانی ئێمەدا؟

ئەمانە و زۆر پرسیار گەلی تر هەن کە زەینی مرۆڤی بۆ دۆزینەوەی پێوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر و کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بەو توانا ئەقڵانییەی کە لە بەدیکردنی کۆمەڵگای مۆدێرن و لە ڕاستیدا دەستنیشانکردنی خاڵە بەقەوەتەکان و ڕووەو مۆدێرنی زەینی هەر مرۆڤێکی ئاگا یارمەتی دەکەن. بە ڕای من دەسپێکی مۆدێرنبوونەوەی بیر و هزری مرۆڤ ئەو کاتەیە کە مرۆڤ خۆی ئەو مەیل و خۆازە و ویستەی لە ژیان و گەشەی بیری خۆیدا هەست پێبکا. بەڵکوو سیستەمی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر هزری ئێمەدا ئەو هەلەی نەڕەخسێنێ کە لە بواری ئابووری و ڕامیاری و... بەو گەشە و پێشکەوتنە جێی سرنجە بگات" بەڵام لانیکەم گەشەی کۆمەڵایەتی گشتی کۆمەڵگا ئەو تواناییەی

هەبوو کە بابەتگەلێکی هۆنەری و ئەدەبی بەقەوەت بەرهەم بێنێ کە لە کۆمەڵگای جیهانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و خوێنەری پڕ لە وزەو توانایی پێشکەش بکات . ئەو سەرکەوتنە رووی داوە و پێویستە هەوڵ بدەین خوێندنەوەیەکی باشی بۆ بکەین .ئەم دەسکەوتەش دەرئەنجامی هەلومەرجێکە کە لەلایەن هیچ دەسەڵاتێکی دیاریکراوەوە تاکوو رادەی پێویست پیشتگیری لێنەکراوە و بێگومان ژانرێکی تایبەتیش کە بەرهەمی ئەم کەش و هەوایە بێ بێبەری نابێ لە تەنگەژە و قەیران و لە راستیدا ئەوە رەوتێکە بە سەر هەموو ئەدەبیاتە گەورەکانی دنیاشدا زاڵ بووە و زۆر جار ئەدەبە دەست رۆیشتووەکانی جیهان تووشی قەیرانی جۆر بەجۆر بووە کەئەگەر نووسەر یان دەقەکان لایەنێکی پێکهێنەری قەیران بووبن خوێنەریش لایەنێکی تری بووە.

پێویستە سرنج بدرێتە ئەو ئاستەی کە بۆچی لە زانکۆکانی ئێراندا، تەنیا لە خوێی کارناسی ئەدەبیاتدا ( حافز ) یەکێ لە وانە هەرە گرینگ و چەتوونەکانی ئەدەبیاتی فارسییە و چوار واحیدی بۆ تەرخان کراوە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەر ئێرانییەك یان لانیکەم هەر پەرتووکخانەیەکی بنەماڵەیی ئێرانی کتێبی حافزی لە ناو کتێبەکانیدا جێ کردۆتەوە و بەڕای خوێنەری حافز بە بێ هیچ گرفتێك دەیخوێنێتەوە و شیدەکاتەوە ؟ ! ! کەوایە لێرەدا کۆمەڵگا تووشی قەیرانێکی هزری لە بابەت شێعر بووە و وەك خوێنەرێکی ئاسایی یان مام ناوەندی تێگەیشتن و پێگەیشتن لە دەقێکی شێعری بە جۆرێکی تر وەردەگرێ و لە روانگەی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ شێعر دەکا .

ئەگەر بێتوو مێتۆدێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکست یان بەرهەمێکی هۆنەری نەبێ و تەنیا نرخێك کە تێکستی پێبەند بکرێ بۆ وێنە نرخی سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت ئەوە ئەو پاژە لە خوێنەر دەگرێتەوە کە لە پۆلێنکردنی خوێنەردا لە بەشی خوێنەری کۆشندە۳ جێگر دەبێ ، واتا ئەو خوێنەرەی هەوڵدەدات بۆ بەستنەوەی نووسەر بە قالبێکی دیاریکراوی نووسین و تێگەیشتنێکی دیاریکراوەوە لە ئەدەبیات و ئەو هێزەیە کە تەنیا باشی و خراپی تێکست دەستنیشان دەکات، ئەو بابەتە ئایدۆلۆژیکەیە کە دەقەکان یان تێکستەکان دەبێت هەوڵبدەن تەعبیری لێبکەن و ئەو هێزە مۆقەدەسەیە کە نووسین دەبێ لە خزمەتی دابێ و ئەدەب و رەخنەش دەبێ تەعبیر لە دەنگی ئەو و بریاری پێوەرەکانی ئەو بکەن. ئەوەش رێگرە لە کارێکی



داهێنەرانەی فردی و کاراکتەری ئازاد و سەر بەخۆی نووسەر لە حاستی هاتنە زمانیدا و بریتیە لە دەنگی چین یان توێژێك کە هۆشیاری نووسەر دەکاتە نێوەندێك بۆ خۆی و لە رێگای ئەو نێوەندەوە دەدوێت. بەڵام خوێنەر ئەماژیە بۆ هۆشیارییەك کە هێزی تەفسیرکردن و روانینی لە هێزی تەفسیر کردن و روانینی نووسەر تێدەپەرێت. خوێنەر ئاماژەیە بۆ هەر کەسێکی کە ئازادانە بیر دەکاتەوە

لە سەردەمی ئەمرۆدا هەموو ژانرەکان یاخۆد با بڵێین ئەوانەی پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە لە پێشکەوتن و گەشەسەندن دان و ئێمە ناتوانین بۆ وێنە بڵێین ئامارریازی لە گەشەکردن بوەستێ تاکوو کۆی خەڵك بڕۆن و رەوشتەکانی ئاماری بخوێنن و تا ئەوکات ئامارریازی مافی پێشکەوتنی نییە( ئایا ئەوە راستەو دەکرێ ) ئەلێرەدا ئەرکێکی دیاریکراوی تر بەرەورووی خوێنەر دەبێتەوە .

بابەتێکی دیکەی جێی سرنج هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەیکە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا شێعر هۆنەری یەکەم نییە و موسیقا و تارادەیەکیش سینەما زۆر دەست رۆیشتووتر و جێگرتر بوون و بەو شێوەیەی کە پێشتر شێعر دەخوێندرایەوە ئێستا وانییە“ هەر بۆیەش کە کەمتر بەرەورووی کۆمەڵگا دەبێتەوە کەمتر هەستی پێدەکرێ و چاوەڕوانیش ناکرێ بە بێ چەرمەسەری وەربگیردرێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە شێعری نوێ دەرەتانێکی زیاتری لە بەرانبەر شێعری بەرەکانی پێشوودا، بۆ ئاڵوگۆڕ و جرپاندنی فۆرم و ناوەرۆکگەلی جۆراوجۆر و لە ئاکامدا گۆڕان و پێکگۆڕینەوەی خواستە شێعرییەکان هەبووە، ئەوە سەیر نیێ کە خوێنەر لەو تیژڕەوی و پێشکەوتنە جێ بمێنێ یا دوابکەوێ .

ئەمە دەگەرێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکی هەرە گرینگ و جێی رامانی شێعری نوێ و سەردەم کە هەڵگری وزەکانی تاك گەراییە“ ئەو تایبەتمەندییەیە کە وایکردووە سەرهەڵدانی شێعری نوێ تا ئەمرۆکە لانیکەم پانزدە رەوەندی شێعری لە خۆ بگرێ وەك شێعری شێت، داستانە شێعر،ڕۆمانە شێعر، شێعری ئاڵۆز و چرکانە... و هتد. کە تارادەیەکی هەموو رێوشوێنی خۆیان دیتۆتەوە و کاری بەکەلکیان بۆ کراوە .

تاك گەرایی دەبێتە هۆی ئەوەیکە نەتوانرێ فیلدە وێکچووەکانی نێوان رەهەندە جۆراوجۆرەکان بدۆزینەوە و ئەم نەدۆزینەوەیەی وێکچوونانە خوێنەری تووشی وەستانێکی زێدەتر بکات. بۆ وێنە

ئەگەر ئێمە بروانینە ژانرە ئەدەبییەکانی کوردی دەیەی شەستەکان کە خواستی سەرەکی رۆشنبیرانی ئەو کات دوان لە مەڕ شۆڕش و خەباتی چەکداری بووە و لە راستیدا هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمەی بووە و کە ئەو دەرگایانەی کۆمەلگای بۆ ئەم نەوە نوییە ئاوەلا کردووە" بێگومان شێعریش وەکوو هەموو ژانرێکی هونەری تر منالّی سەردەمی خۆیەتی و سەردەم لە ناویدا رەنگی داوەتەوە کەوایە خولقانی حەماسە و بەهێزکردنی رووحێکی بەرگریکەر وەك ئەرکێکی گرینگ بۆیان دیاری کراوە، بەچەشنێ کە دەکرێ تێگەیشتنێکی سەرجەم وەدەست بێنین، چونکە بەگشتی ستراتیژییەکی دیاریان هەبووە و خوێنەریان بەرەورووی هەلوێستێکی دیاریکراو کردووە. بەلام لە شێعری سەردەمدا کە لەراستیدا بەرهەمی هەلومەرجی سەردەمی خۆیەتی ئەم گوتارە روانینێکی زۆر جیاوازتری لە سەر دەکرێ و خوێنەری راستەقینەی ئەم گوتارە نوێەش پێویستە هێزی پشکنینی فرەتر بێ .

لەو جوولەی نوێخوازەی شێعری کە لە رەوتی شێعری کوردی و لە چەرخەی شێعری جیهاندا دەرکەوتووە شێعر بۆتە بە دەنگی شاعیر، واتا دەنگێك کە لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێ" لەو چوارچێوەیەدا ئامانجی شێعر کەشفکردنی خۆد و تاکی خۆدە کە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە ناوەرۆك لە دەقدا شاراوە بێ و ئەوە تەنیا تەئویل و تەفسیرە کە ناوەرۆك بۆ دەق دیاری دەکات. هەر خوێنەرەش تەئویلی تایبەتی خۆی هەیە و بۆی هەیە بە جۆرەها تەئویلی لە سەر بکرێ و ئەوە بایەخێکە کە لە شێعرە نوێی سەردەمدا بە هیچ جۆرێکی حاشا هەلناگرێ .

شێعری سەردەم لەوە دەرچووە کە وشەی جوان و رازاوەی زمانەکەی کۆ بکاتەوە و رێکوەندی لبار تەیار بکات و لە رستەدا بیگونجێنێ و چێژێك بە خوێنەر بدا، بەلکوو ئەو چێژەش بەتایبەتی نابێ و تەنیا تێگەیشتنێك هەبێ. پێویستی شێعری ئەمڕۆ ئەوەیە خوازەی کۆمەلگایەك کە بەرواڵەت ناگوترێ بلێتەوە، واتا ئەوە بلێت کە ناگوترێ کە ئەمەش پێویستی بە کەرەستەیەکی زمانی تایبەت هەیە کە لە قەوارەی نۆرم و یاساکانی زمانی ناگونجێ.

شێعری سەردەم هەلگری ئەوە نیە کە وەك رستە جاری لێبکرێ و لە ژێر باری دوو یاسای سەرەکی رستەدابێ کە یەکەمیان یاسای رێزمانییە و دووهەمیشیان ئەوەیکە لە بواری لۆژیکەوە وەربگیردرێ . زمانی





شێعری بەگشتی ئەم دوو یاسایە دەبەزێنێ ئەگەر بێتوو باس لە زمانی شێعری سەردەم بکرێ ئەوە بە تەواوەتی لەم دوو یاسایە دوور دەکەوێتەوە و هیچ سنوورێکی دیاریکراو وەك پێوەر ناناسێندرێ و لادان لە یاسا و نۆرمەکانی زمانی وەك پێوانەیەکی ئیستاتیکی لێی دەڕوانرێ و خالێکی بەقەوەتە بۆ هەلسەنگاندنی شێعرییەت.

شێعری سەردەم شانازی بەوە ناکا کە واتا و مانایەك دیاری بکات بەلکوو ئەوە واتا سازبوون و پتانسیل و حجم داربوونی بۆ پێکهێنانی واتا و تەئویلگەلی جۆراوجورە کە دەبێتە هۆی شانازی دەق . دەق تا چەن تەئویلی نوێ بە خوێنەر بدات خوێنەر ئەوەندە مەودای تازە بۆ دەقەکە بەرهەم دێنێ کە بۆی هەیە هەندێ لە ئەو مەودایانە لە دەقدا هەر نەشبن و ئەمە ئەو حاستەیە کە خوێنەر لە باری دەروونییەوە تێر دەبێ و لە دەقیش نزیك دەبێتەوە و هەر چەن خوێنەر شارەزایانە بۆ دەق بچێت و دەقیش درووست بێ ئەو کاریگەری و کارلێکی دوو لایەنە بەقەوت تر دەبێ.

واتاسازبوون لە دەقە کلاسیکەکانیشدا تارادەیەکی هەبوو و کاتێك نووسەری دەقێکی کلاسیك مەبەستی بووە کە لە تەکمانایی بێتە دەرێ کەم تا کورت دەستکاری زمانی کردووە و لە نۆرم و یاساکانی زمانی لایداوە و بۆ وێنە لە ئاستی لادانی گەیاندن لە جۆری دابران، وەها کە چەن بیرێك کە لە رووی لۆژیکییەوە پێکەوە نابەسترێنەوە بە یەکەوە لکێندراون .

هەروەکی پێشتر ئاماژەی پێکرا زۆربەی هەرەزۆری دەقەکانی سەردەم هەلگری لێکدانەوەی جۆراوجۆر و جیاوازە و هیچ قەتعییەتێك بۆ واتای دەق دەستنیشان ناکرێ و چوارچێوەیەکی تایبەت لە بواری مانایی، دەقی لە ناو خۆیدا حەشار نادا.

ئەوە لە راستیدا واتای نەمانی دەسەلاتی هزری نووسەر دەگەیێنێ" ئەو دەسەلاتەی کە وابکا لە دەقێکی داخراوەدا بە یەقین و حەقیقەتێکی موتلەق کە نووسەر بە رای خۆی ئاگاداری ئەم حەقیقەتەیە و بە تەمایە دەقی پێ برازێنێتەوە و بە جەبر هزری خۆی بە سەر خوێنەردا بسەپێنێ. بە پێچەوانە پیویستی دنیای نوێخوازی ئەمڕۆ ئاراستە کردنی دەقێکی کراوە لە لایەن نووسەرە کە تا ئەو رادەیەی دەرەتانخواز و هەلگری تەئویل بێ کە خوێنەر بتوانێ چالاکانە لە پرۆسەی تەفسیرەوە بەشداری لە نووسینی دەقەکەدا بکات بەو مانایەی کە سنوورداری و تاك لایەنی دەلالەتی دەق لە چوارچێوەی دەسەلاتی هزری نووسەر لە

دەقدا وەلانرێ و لە ئاکامدا دەوڵەمەندی و فرەلایەنی دەلالەتی دەق جێگری بێ و فرەلایەنی خوێندنەوە بەرهەم بێنێ وەها کە هەر خوێندنەوەیەک ئەویتر هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەم هەڵوەشاندنەوە نەک بە مانای سڕینەوە و نەهێشتنی خوێندنەوەکانی بەدوای یەکدا، بەڵکوو بە مانای کەڵەکەبوونی خوێندنەوەیە و دەق دەوڵەمەند دەکات و لە راستیدا هیچ کام لەم تەئویل و لێکدانەوانە ناتوانێ بە سەر ئەویتردا زاڵ بێ و بەگشتی خۆی بە سەر روانگەکانی تردا بسەپێنێ، ئەمە نوێترین روانگەیە سەبارەت بە لێکدانەوەی دەق کە بیرمەندی گەورە هانز گێۆرگ گادامێر لە سەرچاوەیەکی بە نرخ واتا مامۆستای خۆی هایدیگەر شوێنی وەرگرتووە و بە ناوی هێرمنۆتیکی بۆنزایی(فەلسەفە) گادامێر ناوی دەبات ئەمە تایبەتمەندییەکە کە لە ژانرەکانی هۆنەری ئەم سەردەمەدا بەگشتی چاوەڕوانی دەکرێ.

روانگەیەکی هەرە گرینگ کە لەم زانستەدا بەرەورووی خوێنەر و دەق دەبێتەوە، تێکەلاوی و پەیوەندی ئاسۆکانە٤، واتا تێکەلاوی ئاسۆی خوێنەرە سەرکەوتووەکان دەگەڵ ئاسۆی دەق. کەواتا ئەم ئەزموونە گۆڕەپانێکی بەرفراوانە بۆ پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر.

لە بواری لێکدانەوەی شێعریشدا گادامێر تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئاسۆی راستەقینەی شاعیر واتا خواست و مەبەستی سەرەکی شاعیر و دووبارە بناکردنی بە ئەمرێکی خەیاڵاوی دەزانێ چونکە کارێکی وەها جەغزی کاری خۆدی شاعیر واتا شێعرنووسین دەگرێتەوە و ئەمە ئیشێکی دوور لە واقعییەتە و ئەگەر ساکار بووایە(( هەموومان دەبووین بە شاعیر )). لە ئاکامدا هەموو کات بۆشاییەکی بەرتەسک لە نێوان نووسەری دەق و خوێنەردا دەمێنێتەوە وا باشە بڵێین هیچ کات بە تەواوەتی پڕ ناکرێتەوە. بەگشتی تەوەرەی سەرەکی و بەرباسی ئەم زانستە بریتییە لە تێگەیشتن و ناسینی دەلالەتی دەق و دەربڕینەوەی ئەو تێگەیشتن و دەلالەتە بە زمانێکی تر و تایبەت بە خۆ( نەک نووسەری دەق )"٥".





سەرچاوە:

١- بحران مخاطب در شعر امروز، گفتگو با بهزاد خواجات .

٢- کتاب کوردستان.ئاوزمەندێتی کوردی لە نێوان ... رەهبەر مەحموودزادە

٣ - خوێنەری کۆشندە، کۆمەڵە وتار بەختیار عەلی .

٤ـ هێرمێنۆتیک و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین، دارا مەحموود .

٥- اصتلاح شناسی_هرمنوتیک و قرائت های آن ، عبد الرسول بیات



# چارلس دیکێنز*

## بە بۆنەی تێپەڕبوونی دووسەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونیدا

دکتۆر سەڵاح بابان

### بەشی یەکەم

چارلس دیکێنز، ئاڵایەکی ئەوندە بەرزە لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، هەر مەگەر شێکسپیر، ئاڵایەکی بەرزتر بێت. هەروەها یەکێکە لە ئاڵا هەرە بەرزەکانی ئەدەبی جیهانیدا. منالێتی دیکێنز، زۆر خۆش نەبووە“ چارلس هێشتا دوانزە ساڵ بووە کە باوکی، لەبەر ئەوەی "وام"ی لەسەربووە و نەیداوەتەوە، خراوەتە بەندی خانەوە و ئەو منداڵە داماوە ناچار کراوە واز لە خوێندن بهێنێت و بچێت لە کارگەیەکدا ئیش بکات. ئەو کارگەیە دەبێت بە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا، پەیدا بکات و بە چاوەکانی خۆی، ژیانی سەختی ئەو هەژارانە ببینێت. هەرچەندە بە گەورەیی، بە هۆی نووسینەکانییەوە، دەوڵەمەند دەبێت و لە نێوان خانەدانەکاندا ڕێزی دەگیرێت و زۆر دۆست و برادەری پایە بەرز و دەوڵەمەندی دەبێت، بەڵام هەموو ژیانی، ئەو کاتە سەختانەی منالێتی خۆی لەبەر چاو



دەمێنێتەوە و هەمیشە، بە تایبەتی بە نووسینەکانی، هەوڵیدەدا یارمەتی بەدبەختە بێ بەشەکانی گەلەکەی بدات.

*****

ئێلیزابێپ، نەنکی چارلس، کارەکەر دەبێت لە ماڵی خانەدانێکدا. بە ٣٦ ساڵی شوو دەکات بە "ولیام دیکێنز"، باپیری چارلس. ئەویش وەکو خۆی، خزمەتچی دەبێت. بەڵام لە ماڵی خانەدانێکی تردا، بە ناوی "جۆن کروو". ولیام، کاتی ژنهێنانی، پیربوو“ شەست ساڵیی تێپەڕ کردبوو. دوای گوێزانەوە، "ئێلیزابێپ"یش لە هەمان ماڵدا، لە ماڵی "جۆن کروو"دا، کارەکەری دەکات. لە داوی ساڵێك، ساڵی ١٧٨٢، کوڕیکیان دەبێت. بە ناوی باوکییەوە، ناوی دەنێن "ولیام". ساڵی ١٨٨٥، ولیام دیکێنز، دوای ئەوەی پایەی بڵنددەکرێتەوە ودەکرێت بە بەڕێوەبەری کۆشکەکە، دەمرێت. لەو کاتەدا "ئێلیزابێپ"ی ژنی، بە "جۆن"ەوە، بە "باوکی چارلس"ەوە، سکی پڕدەبێت. لەبەر ئەوەی ئێلیزابێپ، کارەکەرێکی باش و زیرەك و دڵسۆز دەبیت، لە دوای مردنی مێردەکەی، لە کۆشکەکەدا، جێگەکەی دەگرێت.

جۆن کروو، خانەدانێکی زۆر دەوڵەمەند دەبێت“ لە کۆشکەکەیدا ژمارەیەکی زۆر لە کارەکەر و پاسەوان و باخەوان، کاریان دەکرد. جۆن و "ولیام"ی برای، بە منداڵی لەگەڵ دایکیاندا، لەو کۆشکە گەورەیەدا دەژیان. خاوەن ماڵەکە خۆشیدەویستن و لەگەڵیاندا باش دەبێت.

ولیام، برا گەورەکەی جۆن، هەر زوو، بە گەنجی، دەکەوێتە کاسبی کردنەوە و قاوەخانەیەك بۆ خۆی، لەسەر شەقامی ئۆکسفۆرد، لە لەندەن، دەکاتەوە. بەڵام جۆن، دەخرێتە خوێندگایەکی باش و بە بیست ساڵی ئیشێکی بۆ دابین دەکرێت لە دائیرەی مووچە دان بە ئەندامانی هێزی دەریایی بەریتانیا، لە شاری پۆرتسموپ.

ئێلیزابێت، ژنێکی جوان دەبێت. مێردەکەی، سی ساڵێك لە خۆی گەورەتر دەبێت. زۆر کەس لەو باوەڕەدایە کە پەیوەندی سێکسی هەبووە لەگەڵ جۆن کروو خۆی و چەند کەسێکی تریشدا. یەکێك لەوانە "شێریدەن"بووە.١ هەندێك لە مێژوو نووسەکان، لەو باوەڕەدان، کە جۆن، باوکی چارلس، کوڕی "جۆن کروو" بووە، نەك ولیام دیکێنز. وە لەبەر ئەوەش بووە کە هەر لە منداڵییەوە نازداربووە و نێرراوە بۆ خوێندنگای باش.

جۆن، هەموو ژیانی، لە جلی جوان و گەڕان

---

* زۆربەی ئەم زانیارییانەم لەم دوو کیێبەوە وەرگرتووە“

– ژیانی چارلس دیکێنز. نووسینی کلێر تۆمالین( Charles Dickens, by Claire Tomalin, Penguin Press 2011 )

– ژیانی چارلس دیکێنز. نووسینی کاپرین پیتێرس( Charles Dickens, by Catherin Peters, History Press 2009)

و رابواردن بەولاوە، بیری لە کەم شتی تر دەکردەوە. کە لە  پۆرتسمۆپ دادەمەزێت، هاوڕێیەتی لەگەڵ گەنجێکدا پەیدا دەکات ناوی تۆماس دەبێت. تۆماس خوشکێکی جوانی دەبێت ناوی ئێلیزابێپ دەبێت. ئەو کچە، وەکو جۆن خۆی، زۆر حەزی لە گەڕان و رابواردن دەکرد. جۆن، حەزی لێدەکات و دەیهێنێت. یەکەم منداڵیان، کچ دەبێت. ناوی دەنێن (فانی). دوای ئەو بە ساڵ و نیوێك ٧ ی ٢ ی ١٨١٢، کوڕێکیان دەبێت. ناوی دەنێن چارڵس. چارڵس، ئەو منداڵەیە، کە لە دواییدا، ئەم نووسەرە بلیمەتەی لێ دەردەچێت.

وەکو باسمان کرد، ئێلیزابێپ، زۆر حەزی لە گەڕان و رابواردن دەکرد“ تاکو دەڵێن، پێش ئەوەی "چارڵس"ی ببێت بە چەند سەئاتێك، لە ئاهەنگێکدا دانسی کردووە.

*****

چارڵس، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بوو، کە لەبەر ئیشەکەی باوکی،ماڵیان گوێزایەوە بۆ شارۆچکەی "چەتهام Chatham"، لە ناوچەی کێنت، نزیك بە لەندەن. لەو کاتەدا باوکی مووچەیەکی باشی وەرەدەگرت“ ساڵانەکەی، دەگەیشتە سێسەد و پەنجا پاوەند. لەبەر ئەوە ژیانێکی باشیان لە ماڵێکی خۆش و گەورەدا، رادەبوارد. دیکێنز، هەمیشە، تاکو مردنی، هەر بیری ئەو چەند ساڵەی ژیانی "کێنت"ی خۆی دەکرد. بەشێکی زۆر لەو رۆمانانەی کە بە گەورەیی دەینووسین، بە جۆرێك پەیوەندییان بەو ناوچانەوە هەیە.

باوك و دایکی دیکێنز، لەو جۆرە کەسانە بوون کە مووچەکەیان هەر چەندێك بوایە، بەشی نەدەکردن“ دەیانخوارد و لە خزم و هاوڕێکانی خۆیان "وام"یان وەردەگرت. تا چەند جارێك، لەبەر کرێ نەدان، لەو خانووانەی تێیدا دەژیان، دەرکراون.

چارڵس، بە منداڵی، هەندێك لاواز بوو، زوو زوو تا، دەیگرت و نەخۆش دەکەوت. زۆر جاریش لەناکاودا، لایەکی لەشی دەئێشا و ژانەکەی پەرێشانی دەکرد. تا بەگەورەییش، هەرچەندە پیاوێکی بەهێز و گەلێك چالاکی لێ دەردەچێت، جاربەجار، ئەو ئێشەی بۆ دەگەڕایەوە.

پێش ئەوەی بچێت بۆ خوێندگا، لە ماڵەوە دایکی فێری خوێندن و نووسینی دەکرد. لەبەر ئەوەی باوکی، حەزی لە شیعر و ئەدەب و خوێندنەوە دەکرد، لە ماڵەوە ژمارەیەك کتێبی باشی هەبوو“ وەکو "رۆبینسۆن کروسۆ"، "دەن کیخۆد" و "هەزار شەو و شەوێك". چارڵس، هێشتا منداڵ بوو کە دەستی کرد بە خوێندنەوەیان. هەر لە منداڵییەوە حەزی لە خوێندنەوە و هەموو جۆرە هونەرێك

(١) شەریدەن( Sheridan1751-1816 Richard)“ شاعیر و نووسەر و رامیارێکی بەناوبانگی ئیرلەندییە.

دەکرد. وە بە تایبەتی حەزی لە گۆرانی و شانۆگەری دەکرد. خۆی و "فانی"ی خوشکی، کە ئاوازژەنێکی






تەواو باشبوو، پێکەوە، لە ماڵەوە بۆ میوانەکانیان، یان لە خوێندنگاکەیاندا، گۆرانی کۆمێدییان دەبێژا و هەوموو گوێگرەکانیان دەخستە پێکەنین. جاربەجار دەیانبردن بۆ شانۆ. کە دەگەڕانەوە ماڵێ، پێکەوە بە شێوازێکی جوان لاسایی کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکانیان دەکردەوە.

*****

ساڵی ١٨٢١، لەبەر بێ پارەیی، لەو خانووە خۆشە دەردەچن و خانوویەکی پچووکتر لە گەڕەکێکی هەرزاندا دەگرن. لە تەنیشتیانەوە خوێندنگایەکی پچووك هەبوو. قەشەیەك، ناوی "گیلز" بوو، وانەی تێدا دەگوتەوە. چارڵس، دەبێت بە یەکێك لە تەلەبەکانی. گیلز، مامۆستایەکی هەندێك شێواو و ناڕێك و پێك دەبێت. بەڵام، پیاوێکی زۆر باش دەبێت. چارڵس، هەموو ژیانی، بە دڵێکی پڕ خۆشەویستییەوە ئەو قەشەیەی دەهاتەوە بیر.

دوای ساڵێك کەمتر، چارڵس، دەبوایە کێنت بەجێبهێڵێت و ماڵئاوایی لەو ژیانە خۆشەی خۆی بکات“ ئیشەکەی باوکی، دەگوێزرێتەوە بۆ لەندەن.

بۆ ئەوەی چارڵس، خوێندنی ئەو ساڵەی لەکیس نەچێت، گیلز، بۆ ماوەیەك لە ماڵەکەی خۆیدا گلیدەداتەوە. لەدوای چەند مانگێك، ئەو تۆزە جلوبەرگەی چارڵس، کۆدەکاتەوە و دەیانخاتە بووخچەیەك و چەند پارووییەك خواردنی بۆ دەکات بۆ رێگاکەی و دەستی دەگرێت و دەیبات سواری واگۆنێکی گشتی٢ دەکات و دەینێریت بۆ لای دایك و باوکی بۆ لەندەن. لە بیریشی ناچێت، بۆ یادگاری، کتێبێکی بداتێ بە دیاری. ئەوە یەکەم جاری دەبێت کە بە تەنیا گەشت بکات. واش رێکدەکەوێت کە هەر خۆی بەتەنیا لە واگۆنەکەدا بێت. چارڵس، زۆری پێ ناخۆش دەبێت کێنت بەجێبهێڵێت. هەموو ژیانی، ئەو رۆژە هاوینەی، وەك رۆژێکی باران و شێدار و سوێدار، دەهاتەوە بیر.

*****

کە دەگاتە لەندەن، لە نزیك دائیرەکەی باوکییەوە، لە ناو جەرگی لەندەندا، لە واگۆنەکە دادەبەزێت. باوکی دەستی دەگرێت و پێکەوە دەڕۆنەوە ماڵێ. لە رێگادا، لەسەر جادە و کۆڵانە تەسکە پیسەکانی لەندەن، بازاڕ و هەرا و جەنجاڵێکی زۆر دەبینێت. خەڵکەکە هەر یەکەی بە شتێکەوە خەریك دەبێت“ کێ شت دەفرۆشێت، کێ دەیکڕێت، کێ بۆ ئیش دەچێت. لەناو خەڵکەکاندا زۆر منداڵە وردکەی لاواز و جل پیس و دڕاویش دەبینێت. کە دەگاتە ماڵەوە و دەبینێت باوکی خانوویەکی چەند پچووك و ناخۆشی لەو گەڕەکە هەژارەدا گرتووە، تێدەگات کە

(١) واگۆنی گشتی“ ئەوساکە مرۆڤی ساکار، بە واگۆنی گشتی لە نێوان شارەکاندا گەشتی دەکرد. واگۆنی گشتی بریتی بوو لە واگۆنێکی تۆزێك گەورە، ئاوا دە پانزە کەسێکی دەگرت، دوو یان چوار ئەسپ رایان



ده‌كێشا.

ژیانێكی گران و ناخۆش، چاوه‌ڕوانی ده‌كات.

خێزانه‌كه‌ی جۆن دیكێنز، له‌و كاته‌دا بریتی بو له‌ خۆی و ژنه‌كه‌ی و شه‌ش منداڵ. ئه‌و هه‌مووه‌، خۆیان خزاندبووه‌ ئه‌و خانووه‌ پچووكه‌وه‌. ژوورێكیشیان دابوو به‌ كرێچییه‌ك ناوی "جێمس لارمێت" ده‌بێت. كرێچییه‌كه‌، زۆر له‌گه‌ڵیاندا نامێنێته‌وه‌“ جێگه‌یه‌كی تر بۆ خۆی ده‌دۆزێته‌وه‌ و له‌وێ ده‌رده‌چێت.

چارڵس، هه‌ر به‌ سروشت، زۆر حه‌زی له‌ فێربوون ده‌كرد. به‌ هه‌موو دڵییه‌وه‌ چاوه‌ڕوانی كۆتایی هاوینی ده‌كرد، بۆ ئه‌وه‌ی بچێت بۆ خوێندنگا. كه‌چی كه‌ هاوین تێپه‌ڕ ده‌بێت، بۆ هیچ كوێ نایینێرن. له‌ پێشاندا نه‌یده‌زانی هۆیه‌كه‌ی چییه‌. به‌ڵام له‌ دواییدا، بۆی ده‌ركه‌وت كه‌ باوكی پاره‌ی خوێندنگای نییه‌. به‌ ناچاری له‌ ماڵه‌وه‌ ده‌مێنێته‌وه‌. هه‌موو به‌یانییه‌ك پێش ئه‌وه‌ی باوكی بۆ ئیش بچێت، پێڵاوه‌كانی بۆ پاكده‌كرده‌وه‌ و له‌ ماڵیشه‌وه‌ یارمه‌تیی دایكی ده‌دا و ئاگای له‌ چوار خوشك و برا ورده‌كانی خۆی ده‌بوو. جاربه‌جاریش باوكی ده‌ینارد نامه‌ و په‌یامه‌كانی به‌ دوست و براده‌ره‌كانی بگه‌یێنێت. چارڵس، پێی خۆشبوو كه‌ باوكی ده‌ینارد“ هه‌رچه‌ند ده‌چوو، بۆ ماوه‌یه‌كی زۆر و به‌ ئاره‌زوویه‌كی زۆره‌وه‌، له‌ سه‌ر جاده‌ و كۆڵانه‌كانی له‌نده‌ن ده‌سووڕایه‌وه‌. تاكو وای لێهات ته‌واو شاره‌زای ئه‌و ناوچانه‌ ببێت. هه‌ر له‌وساوه‌، سووڕانه‌وه‌ له‌ له‌نده‌ن، ده‌بێت به‌ پیشه‌ی چاڵس دیكێنز“ تاكو مردنی، هه‌رچه‌ند كاتی هه‌بوایه‌، ده‌چوو له‌ جاده‌ و كۆڵانه‌كانیدا ده‌سووڕایه‌وه‌“ منداڵی خۆیی ده‌هاته‌وه‌ بیر و بیری له‌ چیرۆك و رۆمانی تازه‌ ده‌كرده‌وه‌.

له‌ دوای ماوه‌یه‌ك جارڵس، تێبینی ئه‌وه‌ ده‌كات كه‌ باوكی له‌ هه‌ندێك كه‌س خۆی ده‌شارێته‌وه‌“

كه‌ ده‌هاتن بۆماڵه‌وه‌ بۆ لای، یان ده‌رگای لێ نه‌ده‌كردنه‌وه‌، یان ده‌چوو له‌ ژووری سه‌ره‌وه‌ خۆی ده‌شارده‌وه‌ و به‌







"چارلس"ی ده‌گوت“ "پێیان بڵێ باوكم له‌ماڵه‌وه‌ نییه‌". تومه‌ز ئه‌وانه‌، وامده‌ره‌كانی بوون“ ده‌هاتن پاره‌كانی خۆیانیان ده‌ویسته‌وه‌. زۆر جاریش، كه‌ ده‌رگای لێ نه‌ده‌كرنه‌وه‌، له‌ ده‌ره‌وه‌ به‌ ده‌نگی به‌رز، هه‌ڕه‌شه‌یان لێ ده‌كرد و وته‌ی ناشیرینیان به‌كار ده‌هێنا. چارڵس، ئه‌وه‌ی گه‌لێك پێ ناخۆس و گران ده‌بێت و به‌زه‌یی به‌ باوكی خۆیدا ده‌هاته‌وه‌.

وه‌كو له‌سه‌ره‌وه‌ باسی كرا، فانی، خوشكه‌ گه‌وره‌كه‌ی چارڵس، له‌ هونه‌ری ئاواز و ئاوازژه‌نیدا، بلیمه‌تێكی ته‌واو بوو. به‌ دووانزه‌ ساڵی، له‌ به‌هاری ١٨٢٣، داخوازییه‌كی پێشكه‌ش كرد بۆ ئه‌كادێمیه‌ی مۆسیقا، كه‌ تازه‌ له‌ له‌نده‌ن كرابووه‌وه‌. یه‌كێك له‌ مامۆستاكانیان ناوی "ئیگناز مۆسشێل" ده‌بێت. ئه‌مه‌، یه‌كێك بووه‌ له‌ ته‌له‌به‌ باشه‌كانی "بێتهۆڤن".١. ماموستایه‌كی زۆر به‌ناوبانگ ده‌بێت. یه‌كسه‌ر دوای تاقی كردنه‌وه‌ی فانی، وه‌رده‌گرێت ببێت به‌ یه‌كێك له‌ ته‌له‌به‌كانی خۆی. هه‌رچه‌نده‌ كرێی خوێندن و ژیان له‌ به‌شی داخلی ئه‌كادێمییه‌كه‌دا، زۆر گران ده‌بێت“ ساڵی نزیكه‌ی چل پاوه‌ندێك ده‌بێت، به‌ڵام، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ باشه‌یان له‌ كیس نه‌چێت، به‌ هه‌رجۆنێك بێت، ئه‌و پاره‌یه‌ی بۆ په‌یدا ده‌كه‌ن و ده‌ینێرن بخوێنێت. چارڵس، ئه‌وه‌ی پێ ناخوش نابێت، به‌ڵام به‌زه‌یی به‌ باری خۆیدا دێته‌وه‌“ دایك و باوكی، توانیان خوشكه‌كه‌ی بنێرن بو خوێندنگایه‌كی ئه‌وه‌نده‌ گران، كه‌چی هه‌وڵیان نه‌دا خۆی بنێرن بۆ یه‌كێكی زۆر له‌وه‌ هه‌رزانتر.

نه‌بوونی، "ئێلیزابێپ"ی دایكیان ناچار ده‌كات، به‌بێ هیچ پسپۆرییه‌ك، بیر له‌ كاسبییه‌ك بكاته‌وه‌“ خوێندنگایه‌ك ده‌كاته‌وه‌، به‌ پاره‌ منداڵان فێری خوێندن و نووسین بكات. له‌و كاته‌دا، "جێمس لامێرت"، كرێچییه‌ كۆنه‌كه‌یان، دێت بۆلای وپێی ده‌ڵێت كه‌ ئێستا ئه‌و به‌ڕێوه‌به‌ری كارگه‌یه‌كه‌ بۆ دروستكردنی بۆیه‌ی پێڵاو. ده‌توانێت چارڵس، به‌ حه‌فتانه‌یه‌كی كه‌م، له‌وێ دابمه‌زرێنێت. ئێلیزابێپ، سوپاسی ده‌كات و یه‌كسه‌ر رازی ده‌بێت. بۆ رۆژی دوایی چارڵس، ده‌چێت بۆ ئیش. حه‌فتانه‌كه‌ی شه‌ش شلنگ ده‌بێت. واته‌ ساڵانه‌كه‌ی ده‌یكرده‌ پانزه‌ پاوه‌ند.١

دوای ئه‌وه‌ به‌ ده‌ رۆژێك، باوكی ده‌گیرێت و ده‌خرێته‌ به‌ندیخانه‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ په‌یمانه‌كانی خۆیان ده‌شكێنن و له‌ كاتی خۆیدا وامه‌كانیان ناده‌نه‌وه‌.٢ له‌و كاته‌ی كه‌ پۆلیسه‌كان ده‌ستیان گرتبوو و ده‌یانبرد بۆ به‌ندیخانه‌، به‌ كوڕه‌كه‌ی ده‌ڵێت“ ئه‌گه‌ر ساڵه‌نه‌كه‌ت بیست پاون بێت و ساڵی نۆزده‌ پاوه‌ن و نیو خه‌رج

(١) بێتهۆڤن ( Ludwig Beethoven 1770-1827)“ یه‌كێكه‌ له‌ ئاوازدانه‌ره‌ هه‌ره‌ به‌ ناوبانگه‌كانی المانیا و هه‌موو جیهان.

بکـەیت، واتـە شـادمانیت. ئەگـەر بیـست پاوەند و نیو خەرج بکەیت، واتە داماویت. جا هەناسەیەکی سارد دەردەکات و دەڵێت“ ڕۆژی من، دیارە بە هەمیشەیی، ئاوا بوو و ئیتر سەر هەڵناداتەوە. چارڵس، منداڵ دەبێت“ لە مەبەستی باوکی بەتەواوی تێناگات، بەڵام ئەو وتەیە، چاوەکانی پڕدەکات لە فرمێسک و دەستدەکات بە گریان.

کاسبییەکەی دایکی سەر ناگرێت. بڕیار دەدات دایبخات و خۆی و منداڵە وردەکانی بچن لە بەندیخانە، لەگەڵ مێردەکەیدا بژین. چارڵس، لە ماڵی پیرێژنێکی هەرزانجاندا دادەمەزرێنێت. چارڵس و دوو کوڕی تر پێکەوە لە ژوورێکدا دەنوستن. پیرێژنەکە، هەندێك ڕژد و پیسکەڵە دەردەچێت“ بە پێی ئەو پارەیەی وەریدەگرت، مامەڵەی ئەو منداڵانەی دەکرد“ چارڵس، خۆشی نەدەویست.

حەفتانەکەی چارڵس، ئەوەندە کەم بوو، بەشی خواردنەکەی نەدەکرد“ زۆر شەو بە سکی برسییەوە دەچووە جێگا. لە دواییدا بڕیار دەدات“ دەستبەجێ لەدوای وەرگرتنی حەفتانەکەی، دابەشی بکات بەسەر حەوتدا. هەر بەشی بۆ ڕۆژێکی حەفتەکە و لەوە زیاتر خەرج نەکات.

لە کارگەکەدا، ئەو لەهەموویان منداڵتر دەبێت. جگە لەوەش، لەشی پچووک و لاواز دەبێت، لە منداڵی دوانزە ساڵی پچووکتر دیار دەبێت. لەبەر ئەوە، هاوڕێیەکانی، بە جۆرێکی گشتی

---

(١) بیست شلنگ دەکاتە پاوەندێك.

(٢) ئەوەی لە بەندیخانەی ئاوادا بوایە، بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵەکانی، بێ نان وئاو، لە کۆڵان نەمێننەوە، دەیانتوایی ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا بهێننە بەندیخانەوە.

بەزەییان پێدا دەهاتەوە و یارمەتییان دەدا. یەکێکیان، زۆر لە خۆی گەورەتر دەبێت، ناوی "بۆب فێگن" دەبێت. ئەم کوڕە، بە تایبەتی لەو کاتانەدا ئاگاداری چارڵس دەبوو، کە ژانەکەی جارانی بۆ دەگەڕایەوە و پێی پەرێشان دەبوو. لە دواییدا، بە گەورەیی، چارڵس دیکێنز، کە ڕۆمانی "ئۆلیڤەر تویست Oliver Twist"ی دەنووسی ئەو دۆستە باشەی خۆی دێتەوە بیر و ناوەکەی ئەو، دەدات بە یەکێك لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە.

ڕۆژی یەکشەموان، دەچوو بە شوێن خوشکەکەیدا، لە ئەکادیمییەی مۆسیقا، و پێکەوە دەچوون بۆ بەندیخانە بۆ لای ماڵەوەیان. ڕۆژێکیان، باسی ژیانی خۆی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە و پێی دەڵێت کە بیریان دەکات و پێی ناخۆشە کە بەجیا دەژی و زۆر هەست بە تەنیایی دەکات، بە تایبەتی کاتی ئێواران، کە لە ئیش دەگەڕێتەوە. کە ئەوە دەڵێت، چاوەکانی پڕدەبن لە فرمێسک و دەستدەکات بە گریان١. دوای ئەوە، باوکی جێگەیەکی تری، لە نزیك بەندیخانەکەوە، بۆ





دەدۆزێتەوە. ئەوە، سوودێکی باشی بۆ دەبێت“ هەموو ڕۆژێك ماڵەوەی دەبینی و لەگەڵیاندا نانی بەیانی لەسەر حسابی دەوڵەت دەخوارد.

لە بەهاری ئەو ساڵەدا، کە جۆن، هێشتا لە بەندیخانەدا دەبێت، دایکی دەمرێت. "ولیەم"ی برای، دایکیان دەنێژێت. دوای ئەوە، لەبەر خاتری دایکیان، ولیام چل پاوەند لە وامەکانی براکەی دەداتەوە. ئەوە دەبێت بە هۆی ئەوەی کە جۆن بەرەڵا بکرێت. جۆن، دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی خۆی. لە دوای ماوەیەك، نەخۆشییەك دەکات بە بیانو و لە دائیرەکەی دەخوازێت تەقاوێت بکرێت. بە مووچەیەکی باش، ساڵی سەد و چل و پێنج پاوەند، کە تەقاوێت دەکرێت، تەمەنی هێشتا نەگەیشتبووە چل ساڵ. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، "ولیەم"ی برای بە چل و سێ ساڵی دەمرێت.

لەو کاتەدا، کارگەکەی چارڵس، دەگوێزرێتەوە بۆ بینایەکی تۆزێك تازەتر. چارڵس و "بۆب فێگن"ی دۆستی، لەبەر ئەوەی کە خێراترین کارکەری کارگەکە بوون، بۆ پڕوپەگاندە، جێی ئیشەکەیان، لە پێشەوە، لەبەر جامخانەی کارگەکەدا دادەنێن. بۆ ئەوەی لە دەرەوە ببینرێن. بە ڕێککەوت، جۆن دیکێنز لەگەڵ هاوڕێیەکیدا، چارڵس دیلك،٢ بەوێدا تێپەڕ دەبن و دەیان بینن. کە جۆن بە هاوڕێیەکەی دەڵێت“ ئەوە "چارڵس"ی کوڕمە، پێکەوە دێنە ژوورەوە بۆلای. دیلك، پیاوێکی دڵناسك دەبێت“ بە چاوێکی پڕبەسۆزەوە سەیری چارڵس دەکات و لەگەڵیدا دەدوێت. پێش ئەوەی بڕوات، نیو کرۆنی دەداتێ٣. چارڵس، لێرەدا دەڵێت“ لێم وەرگرت و برامبەر ئەوە، سوپاسم کرد و لەبەریدا، نزم خۆم بۆ چەمانەوە. کە سەرم هەڵبڕی، خەنینێکی شەرمەزاری ساردم، بە رووی

---

(١) دیکێنز، بەگەورەیش، هەر دڵناسك بوو و زوو چاوەکانی ئاویان دەکرد و دەکەوتە گریان.

(٢) چارڵس دیلك، پیاوێکی ڕۆشنبیر دەبێت. لە دواییدا دەبێت بە خاوەن ڕۆژنامەیەك.

(٣) کرۆن، پارەیەکی ئینگلیزیی کۆنە، لە نیو شلنگ کەمترە.

باوکمەوە بینی.

چارڵس، کە باوکی لە بەندیخانەدا دەبێت، پێی شەرم دەبێت خەڵکی پێی بزانێت. لەبەر ئەوە نە خۆی، نە دایك و باوکی، تاکو مابوون، قەت ڕۆژێك باسی ئەو ماوە پەستەی ژیانی خۆیان نەکرد. چەند ساڵێك بەر لە مردنی دیکێنز، جۆن فۆرستێر، دۆستە هەرە نزیکەکەی، ئەوەی لە دواییدا ژیاننامەکەی دەنووسێت، بە ڕێککەوت لەبارەی ئەوەوە، لە "دیلك" دەبیستێت. کە ئەوە بۆ دیکێنز، دەگێڕێتەوە و لێی دەپرسێت“ ئایا ڕاستە کە تۆ لە کارگەی دروستکردنی بۆیەی پێڵاودا، بە منداڵی، ئیشت کردوە؟ یەکسەر ئاماژەی پەستی و شەرمەزاری بە رووی دیکێنزەوە

دەردەکەوێت“ پێی ناخۆش دەبێت کە دۆستەکەی لەبارەی ئەوەوە دەزانێت. هەندێك مات دەبێت و لە دواییدا هەمووی بۆ دەگێڕێتەوە. کە دەیگێڕایەوە، فۆرستێر، بە سەرسووڕماییەوە سەیری دەکرد و بڕوای بە گوێچکەکانی خۆی نەدەکرد.

*****

لەو کاتە سەختەدا، "فانی"ی خوشکی، سەری نەواوی ماڵەکەی، سەرلەنوێ بەرزدەکردەوە“ بە سیانزە ساڵی، لە مۆسیقادا، مەدالیایەکی گرنگ دەباتەوە. پرینسێس ئۆگەستەس، خوشکی شاهانشای بەریتانیا، بە دەستەکانی خۆی مەدالیایەکەی دەداتێ. بۆ ئەو ئاهەنگە کەشخەیە، باوانی فانی، جۆن و ئێلیزابێت، بانگ کرابوون. ئەوانیش چارڵس لەگەڵ خۆیاندا دەبەن. چارڵس کە ئەو هۆڵە کەشخەیە و ئەو هەموو خانەدانانە بە جلی جوانەوە دەبینێت و دەبینێت خوشکەکەی چەند لەوێدا ڕێزی دەگیرێت، هەر دەحەپەسێت. هەمدیسانەوە، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسك و دەستدەکات بە گریان.

ئینجا لێرەدا، دیکێنز دەڵێت“ من، پێم ناخۆش نەبوو و ڕەشکم بە خۆشکەکەی خۆم نەدەبرد، بەڵام بەزەییم بە خۆمدا دەهاتەوە و خەفەت دڵمی دەگووشی کە من، لەم هەموو ڕێز و شانازییە، بێ بەش کراوم. ئەو شەوە، کە چووم بۆ جێگا، نوێژم کرد و لە خوا پاڕامەوە کە زوو لەم ریسواییەی تێیدام، دەرم بهێنێت و ڕزگارم بکات.

دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێك، جۆن، بە دەست کوڕەکەیدا، نامەیەك بۆ "جێمس لامێرت"، دەنێرێت. کە جێمس، لەبەر چاوی "چارڵس"دا، دەیخوێنێتەوە، پێی تووڕە دەبێت. بەبێ ئەوەی دڵی چارڵس بشکێنێت، پێی دەڵێت“ باوکت، لێم تووڕە بووە. بڕۆ بۆ ماڵەوە و ئیتر مەیەرەوە.

چارڵس، دەڕوات.

ئێلیزابێپ، ئەوەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت“ ئومێدی بەوە دەبێت کە کوڕەکەی، بەڵکو وەکو "تۆم"ی برای، کە بە یانزە ساڵی دەستی کرد بە ئیشکردن، لە دواییدا بازرگانێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێت. بۆ ڕۆژی دوایی دەچێت بۆ لای جێمس. ئاشتی دەکاتەوە و لێی دەخوازێت کە کوڕەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی خۆی. جێمس، ڕازی دەبێت. کە ئێلیزابێپ، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ، بە کوڕەکەی دەڵێت بچێتەوە بۆ سەر ئیشەکەی خۆی. چارڵس، ئەوەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت. بەڵام باش بوو باوکی، هەر وەکو تازە هۆشی هاتبێتەوە سەر خۆی، گوتی نا، با نەچێتەوە“ ئەویش پێویستی بە خوێندن هەیە. ئیتر دوای ئەوە چارڵس، دەنێرنەوە بۆ خۆێندنگا.

*****

جۆن دیکێنز، دوای ئەوەی تەقاویت دەکرێت، لە ژۆنامەیەکدا کار دەکات“





وتاری بۆ دەنووسین. بەوە، هەندێك پارەی دەست دەکەوت. لە کۆتایی سالی ١٨٢٦ دا، ڕۆژناماکە دادەخرێت. ئیتر ناتوانێت پارەی خوێندنگای کوڕەکەی بدات. چارڵس، ناچار دەبێت بە پانزە ساڵی، واز لە خوێندنگا بهێنێت. دایکی، لە نوسینگەی پارێزەرێکدا کارێکی بۆ دەدۆزێتەوە. ئیشێکی ساکار دەبێت، پێویستی بە خوێندەوار، نابێت“ بەردەستەیی دەکرد. حەفتەی دە شلنگ و نیویان دەدایە.

"فانی"یش لەبەر هەمان هۆ، واز لە ئەکادێمییەی مۆسیقا دەهێنێت. بەڵام، خۆشبەختانە، کارێکی دەستدەکەوێت“ دەست دەکات بە گوتنەوەی مۆسیقا. بەوە، ئەوەندە پارە پەیدا دەکات کە بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەکەی.

بەر لە کۆتایی ساڵی ١٨٢٨، چارڵس، بە هۆی هاوڕێیەکییەوە ئیشێکی باشتر لەلای پارێزگەرێکی تر دەدۆزێتەوە. بە هۆی ئەم ئیشەیەوە، هەندێك ئاشنایەتی لەگەڵ کاروباری دادگادا پەیدا دەکات. هەر لەو کاتەدا، لە باوکییەوە فێری کورتەنووسین دەبێت.١ کە فێری ئەو هونەرە بەباشی دەبێت، واز لە ئیشەکەی دەهێنێت و دەچێت لە دادگاکاندا، ئەو هونەرەی خۆی بەکار دەهێنێت“ ڕاپۆرتی لەبارەی کاروباری دادگا دەنووسی و دەینارد بۆ ڕۆژنامەکان. ڕاپۆرتەکانی، جگە لەوەی کە ڕاست و بێ هەڵە دەبن، بە شێوازێکی جوان و زۆر ڕوون و ڕەوان دەینووسین. بەو جۆرە، لە پیشەی ڕۆژنامەگەریدا، ناوێکی باش بۆ خۆی پەیدا دەکات. ئەم کارەی نەنگێکی هەبوو، ئەوەش ئەوە بوو کە هەموو ڕۆژێك ئیشی دەست نەدەکەوت. ئەو ڕۆژەی ئیشی نەبووایە، دەچوو بۆ مووزەخانەی بەریتانی لە لەندەن. لەوێدا جۆرەها کتێبی دەخوێندەوە“ نووسینەکانی شێکسپیر، مێژووی بەریتانیا، مێژووی ئیمراتۆرییەی ڕۆمانی و زۆر شتی تر.

*****

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا پەیوەندی لەگەڵ کچێکی جواندا پەیدا دەکات. کچەکە ناوی "مارییا بێدنێڵ" دەبێت. دوو ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. خوشکێکی دەبێت لە خۆی گەرەتر ناوی "ئانی"دەبێت. ئانی " کوڕەیار"ێکی٢ دەبێت، ناوی "هێنری کۆل" دەبێت. هێنری، وەکو چارڵس، زۆر حەزی لە گۆرانی بێژی دەکرد. مارییا بلوێرژەنێکی باش بوو و "ئانی"یش گیتاری لێدەدا. زۆر جار کۆدەبوونەوە، بە گۆرانی و ئاوازەوە، کاتی خۆشیان ڕادەبوارد. بۆ ماوەی سێ ساڵێك بەو جۆرە پێکەوە ژیانێکی خۆشیان ڕادەبوارد.

---

(١) کورتەنووسین“ نووسین بە شێوازێکی خێرا و کورت. بەبێ ئەوەی هیچ ڕستەیەك یان وشەیەك بپەڕێنێت. پەیامنێری ڕۆژنامەکان ئەم جۆرە نووسینەیان بەکار نەهێنایە، فریای ڕاپۆرت نووسین نەدەکەوتن.

(٢) کوڕەیار“ یارێکی کوڕ، خۆشەویستێکی کوڕ.

چارڵس، مارییای زۆر خۆشدەویت و حەزی دەکرد بیهێنێت. بەڵام دەیزانی کە پێش ئەوەی مارییا بخوازێت، دەبێت ئیشێکی باشتری هەبێت. خاڵێکی هەبوو ناوی "جۆن بارۆ" دەبێت. ئەو خاڵەی رۆژنامەیەکی دەردەکرد بە ناوی "ئاوێنەی پەرلەمان" لەو کاتەدا، جۆن دیکێنز، باوکی چارڵس، لەوێدا کاری دەکرد. چارڵس، بڕیار دەدات بچێت بۆ لایان بەڵکو لەگەڵیاندا کارێکی باشتری دەستبکەوێت. چارڵس، دەکەن بە پەیامنێری رۆژنامەکەیان لە پەرلەمان. ئەم ئیشەی، لەبەر ئەوەی وتووێژ لە نێوان ئەندامەکانی پەرلەمان زۆر جار تا دوای نیوەشەوی دەکێشا، "چارڵس"ی ناچار دەکرد تاکو شەوێکی زۆر درەنگ لە پەرلەمان بمێنێتەوە. لەو کاتانەدا، ئەوەندە "مارییا"ی خۆشدەویست، بەو شەوە درەنگە، کە لە ئیش دەگەڕایەوە، هەر چەندە ماڵی مارییا لەسەر رێگەیدا نەبوو، بەڵام حەزی دەکرد بەبەر ئەو ماڵەدا تێپەڕببێت، کە خۆشەویستەکەیی تێیدا نوستووە. زۆر جار لە دەوروبەری سەئات سێی بەیانی دەگەیشتە ماڵەوە.

باوانی مارییا، دژی ئەو پەیوەندییە دەبن“ حەزیان نەدەکرد کچەکەیان شوو بە چارڵس بکات. لەبەر ئەوە بڕیار دەدەن کە کچەکەیان بۆ ماوەیەك بنێرن بۆ فرەنسا. کە دەگەڕێتەوە، چارڵس هەست دەکات پەیوەندی مارییا لەگەڵیدا، ئەو گەرمابییەی جارانی نەماوە. لە دوای ماوەیەك ئەو دیارییانەی کە کاتی خۆی بەکتریان دابوو، لەگەڵ نامەکانیاندا، بۆ یەکتری دەگەڕێننەوە و بەوە دۆستایەتییەکەیان کۆتایی پێ دێت.

چارڵس، ئەو کچەی زۆر خۆشدەویست. ئەو جیابوونەوەیە، جێ برینێکی ئەوەندە قووڵی لەناو دلی ئەو گەنجەدا هێشتەوە، ماوەی ژیانی هەستی بە ئازارەکەی دەکرد. بۆ دواهەمین جار لە شاییەکەی "ئانی و هێنری"دا یەکتری دەبینن. لە دواییدا، بە سیوپێنج ساڵی، کە مارییا شوودەکات، چارڵس، لەگەڵ ژن و پێنج منالەکانیاندا، لە ئیتالیا دەبێت.

*****

چارڵس، پەیامنێرێکی زۆر باش و بەناوبانگی لێ دەردەچێت. راپۆرتەکانی ئەوندە راست و راستەوخۆ روون و رەوان دەبن، سەرنجی گەلێك رامیاری گرنگ رادەکێشێن. لەدواییدا هەندێکیان دەبن بە دۆستی“ جۆن ستانلی، ئەوەی لە دواییدا دەبێت بە سەرۆك وەزیران، هەردەم راپۆرتەکانی "چارڵس دیکێنز"ی دەخۆێندەوە و ستایشێکی زۆری دەکردن. کە بۆ یەکەمین جار چارڵس دەبینێت، سەیری لێدێت کە چارڵس کوڕێکی ئەوەندە گەنجە. دیکێنز، بەهۆی راپۆرت و نووسینەکانییەوە، دۆستایەتی، لەگەڵ زۆر کەسی گرنگی تردا، پەیدا دەکات. لەوانەی دەبن بە دۆستی نزیکی و لەدواییدا دەبن بە سەرۆك وەزیران، ئەمانە بوون“







– لۆرد جۆن رەسێڵ (( Lord John Russell 1792-1878“ ساڵی ١٨٤٦ هەڵدەبژێررێت بە سەرۆك وەزیران. نوێکردنەوەی یاساکانی بەریتانیا بۆ بەرژەوەندیی چینی کارکەر و هەژارەکانی بەریتانیا لە کاتی ئەودا دەستپێدەکات.

– ئێدوارد ستانلی ( Edward Stanley 1799-1869)“ سێ جار هەڵدەبژێررێت بە سەرۆك وەزیران“

ساڵی ١٨٥٢ و ١٨٥٨ و ١٨٦٦. لە کاتی ئەودا، زۆر لە یاسا کۆنەکان، لادەبرێن و یاسای رەوانتر، کە مافی کارکەر و هەژاران بپارێزێت، جێگەیان دەگرێت. بە پێی یاسایەك، کە بە هاندانی ئەو دەردەکرێت“ ریژیمی بەندەگی١ لە هەموو ئیپراتۆرییەی بەریتانیدا مەنع دەکرێت.

– بنجامین دیزراییلی Benjamin Disraeli 1804-1881))“ دوو جار هەڵدەبژێرریت بە سەرۆك وەزیران“ ساڵی ١٨٦٨ و ١٨٧٤. ئەویش وەکو رەسێڵ و ستانلی بەردەوام دەبێت لە نوێکردنەوەی یاساکانی بەریتانیا، بە جۆرێك کە مافی هەژار و کارکەران بە جۆرێك بپارێزن.

– ولیام گلادستۆن ( William Gladstone 1809-1898)“ ساڵی ١٨٦٨، دوای ئەوەی دیزراییلی واز لە سەرۆکایەتی وەزیران دەهێنێت، ئەم جێگەی دەگرێت. بۆ دووەم جار ساڵی ١٨٨٠، دەبێت بە سەرۆك وەزیران. ئەمجا ساڵی ١٨٨٦ و ١٨٩٢. ساڵی ١٨٦٨ کە سەرۆك وەزیران دەبێت، دیکێنز بانگ دەکات بۆ شێوکردن. بەڵام لەو کاتەدا، لەبەر نەخۆشی " گاوت Gout" پەنجەی پێی دەئێشا و پێی ناکرا بچێت.

*****

چارڵس، حەزی لە هەموو جۆرە ئەدەب و هونەرێك دەکرد. وە لە هەموویاندا سەری دەردەکرد“ سەردەمێك، وەکو لەسەرەوە باسی کرا، لەگەڵ خوشکەکەیدا، گۆرانی کۆمێدیان دەگوت و گۆێگەرەکانی خۆیانیان دەخستە پێکەنین. لە دواییدا خووی دایە شانۆگەری و ئارەزووی دەکرد ببێت بە ئەکتەر. ئەمجا یاسا و پارێزگەری. لە دوای ئەوە دەبێت بە پەیامنێری رۆژنامە لە پەرلەماندا. جا وردە وردە دەست دەکات بە چیرۆك نووسین. بەشی زۆری چیرۆکەکانی بە جۆرێکی راستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی منداڵیی خۆیەوە هەبوو.

ساڵی ١٨٣٣ چیرۆکێکی کورت دەنووسێت و دەینێرێت بۆ گۆڤارێکی مانگانە، بەڵکو بۆی بڵاو بکەنەوە. گۆڤارەکە، خۆیشی هەر ناوی "مانگانە Monthly " دەبێت. چیرۆکەکە، هەمووی نۆ لاپەڕە دەبێت، بە ناوی یەکێکی ترەوە دەینێرت. چیرۆکەکە، پەسەند دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە. ئەوە یەکەم چیرۆك دەبێت کە چارڵس بینووسێت و بڵاو بکرێتەوە. چارڵس، لە پیاوێکی گۆڤارفرۆش، دانەیەك لە گۆڤارەکە دەکڕێت و لەگەڵ خۆیدا دەیبات

بۆ پەڕلەمان. لەوێدا گۆڤارەکە دەکاتەوە و چیرۆکەکەی خۆی دەخوێنێتەوە. هەموو ژیانی داهاتووی، ئیتر ئەو خولکە خۆشەی لەبیر ناچێتەوە. لە دوای دوو ساڵێك، ئەو پیاوەی کە گۆڤارەکەی لێ کڕی، دێت بۆ لای. دیکێنز، دەیناسێتەوە. پیاوەکە ناوی "ولیەم هۆڵ" دەبێت. تومەز یەکێك دەبێت لە خاوەنەکانی کۆمپانیای "چاپمان و هۆڵ Chapman & Hall ". ولیام هۆڵ، بەو مەبەستەوە دێت بۆ لای دیکێنز، تا لێی بخوازێت، نووسینەکانی بە هۆی کۆمپانیاکەی ئەوانەوە بڵاوبکاتەوە. هەر زوو لەسەر پاداشت و پارە و هەموو شتێك ڕێکەوتن و دەستدەکەن بە هاوکاری کردن. لەوساوە، نەختە بە نەختە،

---

(١) ڕیژمی بەندەگی" ڕیژمی کۆیلەیی.

دیکێنز، لەناو نووسەراندا ناو پەیدا دەکات. تاکو دەبێت بە یەکێك لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی هەموو جیهان.

*****

ساڵی ١٨٣٥، جۆرج هۆگارپ، یەکێك لە خاوەنەکانی ڕۆژنامەی "کرۆنیکل Chronicle"، بەو مەبەستەی کە بەڵکو دیکێنز، ببێت بە پەیامنێری ڕۆژنامەکەیان، بۆ شێوکردن بانگی دەکات بۆ ماڵی خۆی. دیکێنز، لەوێدا، لە ماڵەکەیدا، بۆ یەکەمین جار کاپرین دەبینێت. کاپرین کچە گەرەی "جۆرج هۆگارپ" دەبێت. کچێکی نۆزدە ساڵی جوانی ئێسك سووك دەبێت. دیکێنز، حەزی لێدەکات و لە دوای ساڵێك دەیهێنێت.

*****

لە هاوینی ئەو ساڵەدا، ١٨٣٦، دادگەرییەکی گرنگ لە " لەندەن"دا ڕوو دەدات" مێردی " کارۆلاین نۆرتۆن"، کە ژنێکی زۆر جوان دەبێت، شکاتی لە سەرۆك وەزیران، لۆرد مێڵبۆرن، کردبوو. تاوانباری دەکرد کە گوایە لەگەڵ ژنەکەیدا، پەیوەندی سێکسی هەبووە. ڕۆژنامەی کرۆنیکل، دیکێنز، دەنێرێت کە لەبارەی ئەو دادگەرییەوە ڕاپۆرتیان بۆ بنێرێت. لە دواییدا، لەبەر ئەوەی نۆرتن، هیچ بەڵگەیەکی نابێت کە ئەو تاوانە دابچەسپێنێت، لۆرد مێڵبۆرن، بێ تاوان دەردەچێت.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە" کارۆڵاین، کچەزای شێریدان دەبێت. "شێریدان"یش، ئەو شاعیرە ئیرلەندییە بەناوباگەیە، کە لەسەرەوە باسی کراوە. ئەوەی نەنکی چارلس دیکێنز، کاتی خۆی بانوویاری دەبێت. واتە نەنکی دیکێنز، بانوویاری باپیری کارۆلاین دەبێت.

*****

کاپرین، هەر زوو سکی پڕ دەبێت و لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٧ دا، کوڕێکیان دەبێت ناوی دەنێن شارلی. مێری، خوشکە ناونجییەکەی کاپرین، بۆ ئەوەی یارمەتی خوشکەکەی بدات، دێت بۆ لایان و ئەو مانگە لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە.







مێری، هەمیشە زوو زوو دەهات بۆ لای خوشکەکەی. چارڵس، خۆشیدەویست و هاتنی ئەوی پێی خۆشدەبێت. ڕۆژێکیان، لە مانگی "مایس"دا، هەرسێکیان، خۆی و ژنەکەی و مێری، پێکەوە دەچن بۆ شانۆ. بۆ ئێوارەکەی کە دەگەڕێنەوە ماڵێ، شێو دەکەن و کەمێك دەخۆنەوە و بە وتەی خۆش ڕادەبوێرن. لە دەوروبەری سەئات یەکی شەو دەچنە جێگا. کەمێك لە دوای ئەوە، گویان لەناڵەی مێری دەبێت. کە دەچن بۆ ژوورەکەی دەیبینن زۆر نەخۆشە. دوو پزیشك دێن و "ویٚ"ی١ دەکەن، تێناگەن چییەتی. هەر ئەو ڕۆژە، بۆ پاش نیوەڕۆکەی، لە باوەشی "دیکێنز"دا دەمرێت. تەمەنی حەڤە ساڵ دەبێت.

لە دوای مردنی، چارڵس ئەنگوستیلەیەك لە پەنجەی مێری دەردەهێت و دەیکاتە پەنجەیەکی خۆیەوە. ئەو ئەنگوستیلەیە، تاکو مردنی لەو پەنجەیە داناکەنێت.

---

(١) ویٚ" فەحس. وێکردن" فەحس کردن.

بە مردنی مێری، ئەوندە سوێدار دەبێت" بۆ ماوەیەك واز لە نووسین دەهێنێت و کەس نابینێت. تا هەندێك کەس وایان دازانی، شێت بووە. کاتی ناشتنی مێری، دیکێنز وەسییەت دەکات" کەی خۆی مرد، لە هەمان گۆڕدا بینێژن. کەس سەری لەو وەسییەتە نە دەسووڕما، تا ژنەکەی خۆیشی.

دیکێنز، لە سەر کێلی گۆڕەکەیدا دەنووسێت: ئەی کچە گەنجە جوانە باشەکە، ئارەزووی خوا ئاوابوو، کە تۆ، بە حەڤە ساڵی بباتەوە بۆلای خۆی، بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرییەکانیدا بژیت.

لە کاتی ماتەمێنی "مێری"دا، دیکێنز، ناسیاوێتی لەگەڵ "جۆن فۆرستێر"دا پەیدا دەکات. هەر یەکسەر فۆرستێری خۆشیدەوێت و دەبێت بە نزیکترین دۆستی. لە دواییشدا ئەو دەبێت بە نووسەری ژیاننامەکەی.

*****

بەشی زۆری نووسینەکانی دیکێنز، لەبارەی ژیانی هەژار و داماوەکانی گەلەکە بوون. لە کاتی نووسیندا، کەسایەتی ئەو هەژارانەی، کە خۆی بە خەیاڵی خۆی دروستی دەکردن، ئەوەندە ڕاست و زیندوو دەهاتنە بەر چاوەکانی، بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە و زۆر جار بۆیان دەگریا.

پاڵەوانی یەکێك لە ڕۆمانەکەنی، کچێکی سیانزە ساڵییە. دایك و باوکی مردوون و بەتەنیا لەگەڵ باپیریدا، دەژیا. کچەکە ناوی "نێل ترێنت Nell Trent" دەبێت. کچێکی زۆر باش و جوان و دڵنەرم و ئێسك سووك دەبێت. باپیری زۆری خۆشدەویت. بانگی دەکرد "نێل"ە گچکۆلەکەم. دوکانێکی پچووکی دەبێت. خۆی و نێل ئیشیان تێدا دەکرد. ئەم پیرە مێردە، زۆر لەوە دەترسا کە ڕۆژێك بمرێت و کچەزاکەی بێ کەسوکار و بێ پارە، لەم دنیا سەختەدا، هەر خۆی بە تەنیا بمێنێتەوە. هەرچەند بیریدەکردەوە،

نەیدەزانی چۆن لەو تەمەنەیدا دەتوانێت شتێك بۆ نێل دابین بكات، كە لە دوای خۆی، ئەو پێی بژی. لەدوای ئەوەی ئومێدی بە توانای خۆی نامێنێت، بیر لە قومارکردن دەكاتەوە. جاریەجار، بە شەوان بەدزی كچەزایەكەیەوە دەچوو، قوماری دەكرد. بەو جۆرە دوكانەكەشی دەدۆڕێنێت. ئیتر خۆی و نێل بێ ماڵ و بێ پارە دەبەدەر دەبن.

نەبوونی، ناچاریان دەكات، پەنا ببەنە بەر كڵێسەیەك. لە كڵێسەیەدا نێل، نەخۆشدەكەوێت و دەمرێت. دیكێنز، لێرەدا دەڵێت" لەگەڵ مردنیدا، پەژارەكانی دڵیشی دەمرن" سرەوت١ و شادی هەتاهەتایی جێگەیان دەگرن.

بە مردنی كچەزاكەی، پیاوەكە شێت دەبێت" بڕوا ناكات كە "نێل"ە گچكۆلەكەی مردبێت" هەموو ڕۆژێك لەسەر گۆڕەكەی دادەنیشت و چاوەڕوانی ئەو كاتە دەكات كە لە گۆڕەكەی، بێتەوە دەرێ. تاكو ڕۆژێك بەسەر گۆڕی "نێل"دا دەكەوێت و دەمرێت.

كاتی نووسینی ئەم چیرۆكە، زوو زوو چاوەكانی دیكێنز، فرمێسكیان دەكرد و دەگریا. تا بە شەوانیش، خەوی بە "نێل"ەوە دەبینی و لە خەو رادەپەڕی.

یەكێك لە وەسییەتەكانی دیكێنز، ئەوەبوو كە لەدوای مردنی پەیكەری بۆ نەكرێت. خاوەنی ڕۆژنامەی "واشنگتۆن پۆست Washington Post"، لەبارەی ئەو وەسیەت هیچی نەدەزانی.

---

(١) سرەوت" حەسانەوە، راحەت.

لە هونەرمەندێك دەخوازێت پەیكەرێكی بۆ دروست بكات، بۆ ئەوەی پێشكەشی بكات بە شاری لەندەن. كە پەیكەرەكە دەهێنرێت بۆ لەندەن و هێنری كۆری دیكێنز پێی دەزانێت، رازی نابێت وسییەتی باوكی بشكێنن و شكات دەكات. ئیتر ناچار دەبن پەیكەرەكە بنێرنەوە بۆ ئەمەریكا بۆ هونەرمەندەكە خۆی. ئەو پەیكەرە ئێستا لە " كلارك پارك Clark Park"دایە لە شاری فیلادێلفیا لە ئەمەریكا.

پەیكەری دیكێنز لە شاری فیلادێلفیا لە ئەمەریكا.

ئەو كچەی لەبەر دەم دیكێنزدا وەستاوە، ئەوە "نێل"ە هاتووە بۆلای

*****

دیكێنز، هێشتا تەمەنی نەگەیشبووە سی ساڵ، كە بوو بە یەكێك لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەكانی هەموو جیهان. لەبەر ئەوەی لە نووسینەكانیدا، لایەنگریی بەدبەختە بێ بەشەكانی بوو و كێشەكانی ئەوانی دەهێنایە بەر چاو، هەموو كەسێك خۆشیدەویست. بەتایبەتی لە ئەمەریكا. خۆیشی، لەبەر ئەوەی ئازادی و دیموكراتییەت و ڕیژیمی كۆماری لەوێدا هەبوو، ئەمەریكای خۆشدەویست.

ساڵی ١٨٤٢ بریار دەدات بچێت بۆ ئەمەریكا. ئەو پێشوازییە گەرمەی كە







لەوێ بۆی كرا، لە لایەن گەل و كاربەدەستانەوە، كەس پێش ئەو، پێشوازیی ئاوای بۆ نەكرابوو. ڕۆژنامەی " نیویۆرك هیراڵد New York Herald" لەبارەی دیكێنز، دەنووسێت" بیركردنەوەكەی ئەمەریكییە، گیانی كۆمارییە و دڵی دیموكراتییە. هەندێك دەیانگوت" دیكێنز، یەكەم نووسەرە كە بە راستی ڕێزی پیاوی ساكاری هەژار بگرێت و لەلای ئەو، نرخی بەرزتر بێت لە پیاوی دەوڵەمەند.

لە ئەمەریكا، جگە لە سەرۆكی كۆمار، هاریسۆن خۆی، زۆر كەسی گرنگ، بۆ شێوكردن بانگیان دەكرد بۆ ماڵی خۆیان. یاخود خۆیان دەهاتن بۆ سەرلێدانی .

هەرچەندە بە جۆرێكی گشتی، دیكێنز، ئەمەریكای بەدڵ بوو، بەڵام زۆر سەرزەنشتیشی دەكرد، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی كە هێشتا لە ئەمەریكا، ڕژیمی بەندەگی١ مابوو.

---

(1)بەندەگی" كۆیلەیی، بەندایەتی. ئەوسا، لە ئەمەریكا، كڕین و فرۆشتنی مرۆڤی بەندە، شتێكی ئاسایی بوو. "ئەبراهام لینكۆلن Abraham Lincoln 1809-1865 " ئەوەی كە لە دواییدا هەڵدەبژێررێت بە سەرۆك كۆمار، دەستێكی باڵای هەبوو لە كۆتایی پێهێنانی ڕژیمی بەندەگی.



کاوە مستەفا

# کەژاڵێک پیتەکانی پایز دەنوسێتەوە

## ئەزمونی ئافات و..تراژیدیای بەشەریی لە بەهاری تەمەنی ژنێکدا

((پیتـەکانی پـایز)) دیوانـە شـعرێکی ئـەم دواییەی قۆنـاغی شـیعری شـاعیر ((کـەژاڵ ئیـــبراهیم خـــدر))ە و ئاتـــاجی بەهەڵوێـستەیەکی قـوو ڵـی خوێنــەری شیعرەکانێتی، یان ڕوونتر بڵێم ئاتـاجی بـە سـەرنج دان لـە ڕیزبەنـدیی پیتـەکان و تەنانەت سەرنج لەسەرانسەری مەملەکـەتی دڵ و هۆش و قـەوارەی گیـان و جەسـتەی ئـەم شـاعیرە هەسـت ناسـکەیە، هـەر لـە یەکەم بەرگی دیوانەکەیەوە لـەو وێنەیـەی کـە لـە خـودی شـاعیریش کەلـە گۆشـەی باشـوری خـۆر ئـاوای بـەرگی یەکـەمی دیوانەکـەدا بـۆ خۆرهـەڵاتی تەمـەنی ڕابردووی دەڕوانێـت ......مـن هـەر چـەندە ڕێی ئەوە بەخۆم نادەم نوسـینێکی ڕەخنـە ئـامێز، یـان لێکۆڵینەوەیەکی سـەر پـێ یی لـەم چـەند دێـڕەدا بۆسـەرجەم پیتـە خـاڵ لەسـەر دانراوەکانی پایزی ئەم شـاعیرە ((خـاوەن کێـشەیە))پێـشکەش بکـەم ، بـەڵام هـەوڵ دەدەم هێندەی بتوانم لە کلاّو ڕۆژنەیـەکی ((سۆسـیۆ-ئەنـسرۆپۆلۆژی))و ، لەڕوانگەیـەکی مرۆڤدۆسـتانەی خۆمـەوە خوێندنەوەیـەکی دی و جـودا لـەڕوانینی خوێنەرانی شیعرەکانی کەژاڵ خان بخەمـە ڕوو.







وەك هـەمووومان دەزانـین ئـەم دیوانـەی دوایـی هـەرگیز لەخۆیـەوە و لەئـەنجامی پیشەگەریتیی جارانی شیعر نوسیینەوە لـەدایك نـەبووە بـەڵکو لـە ئاکامی ژانێکی قووڵ و درێژ خایـەنی موعانـاتی تەمەنـەوە لەدایك بووە بەڕاستی دەڵێم کـەم شاعیر هەیە ژان و ئازاری وەها ڕووی تێ بکەن کـە بتوانێت ((کـەژاڵ ئاسا ))لەبـەردەمیا خۆڕاگر بن یان بتوانن ((کەژاڵ ئاسا ))دیوانێکی ئاوای لەخەرمانی تەمەنی پڕلە ناسۆریەوە لێ بدۆزنـەوە هـەر بۆیـەش دەشـێت بگوترێـت دروێنـە و خـەرمانی ئـەم پێدەشـتە پـڕ بیـت و بەرەکەتـەی کـەژاڵ سـونبولی گوڵـە گەنمەکانی پـایزی وەك هێمای تابلۆیـەکی گـەورەی تراژیـدیای بەشـەری بـۆ نەخشاندووین.

**"کە پیر بوون دێت,**

**هەموومان پیتەکانی چرکە و,**

**وشەکانی خولەک و ،**

**ڕستەکانی کاتژمێر ون دەکەین"**

پیتەکانی پایز /ل-٧-

پیربـوون لـە دەلاقـەی یەکـەم پیتـی ((کـەژاڵ)) کەلەسـەرەتای دیوانەکەدا((جاڕی پیربوون)) بە گوێمان دا دەدات سـەرەتای ئـەو هاوارەیـەتی کەزەنگی ون بوونی ڕستەکانی کات ژمێر لێدەدات .ئـەو ڕسـتە پێـچاو پێـچانەی کـە بەشـەمەندەفەری وشـە پایزیـەکان سـەرگەرمی پیـادەی نێـو کۆمەڵگەیـەکی ((یان دارستانێکی)) جـەنجاڵی بـێ ئاکـامی خۆمان دەکات......

لای کەژاڵ پیربوون ئاوا دێت-:

**"کەدێت زەمەن لە نێو خۆڵی کەنارەکان**

**بزر دەبێ و**

**ئێمە سەرگەرمی پیاسەی جەنگەڵەکەی**

**خۆمانین**

**پیربوون دێ و,**

**ئێمە حیکایەتەکانی جەستەو ،**

**هێزی بیر و ،**

**چرای چاومان لێ ون دەبێ**

**تاڵی ڕەش و**

**سنەوبەری ڕۆحی گەنجی بزر دەبێ و**

**نایەتەوە"**

پ.پ/ل-٨

بێگومان ((نایەتەوە)) بـەڵام لەئاست ئـەم هەوالـەدا و لـە دەلاقـەی پیتـەکانی تـری پایزەکەی کەژاڵ خانەوە گوتـاری نەبـەزین و خـۆڕاگریش لەبـەردەم کارەسـاتەکانی ژیان دا حزوریان هەیە

"پەنجەرە کانتان دامەخەن

**دەرگاکانتان لەسەر کاوەلای پشت**

**بکەنەوە،**

**هاکا خۆیان و ،((...........))گەیشت**

**سەربازەکان دەستێکیان پڕە لە بەفر**

**.........................................**

**دەستەکەی تریشیان پڕە لە مەرگ**

**........................هەردوو دڵ نەگەن**



## کەژاڵ ئیبراهیم

**تۆزیٚ بەفرت پیٚ ئەبەخشن"**

پیتەکانی پایز /ل–١٢

هەر لە پیتی یەکەمدا شاعیر ململانێیـەکی سەختی پڕ لەتەحەدای لەگەڵ دێوە زمـەی پیربووندا ڕاگەیاندووە ولـە کۆتـا چرکەی گوتـاری نەبـەزینی داڕێگـە نـادات سـنوری مەملەکەتەکەی ببەزێنێت،بۆیە بەم هەستی تەحـەدا و بەربەرەکانیـەوە بـەر پەرچـی هوروژمی پیربوون دەداتەوە..

**"ئیتر منیش ئەی پیر بوون،ڕێگە نادەم**
**تۆ بگەی،**
**لەوە زیاتر پەنجەرەکان بۆتۆ ناکرێنەوە,**
**دەرگاکان ناخرێنە سەر کازەڵای پشت,**
**ئیدی لەتۆ نە حوزنم دەویٚ و نە خەون,**
**برۆ پیر بوون جارێکی تر**
**سەر نەکەی بە کۆڵانەکانی جەستەمدا**
**........"**

پیتەکانی پاییز/ل–١٥-

دیـارە (پێدەچـێت) پیربـوون لای کـەژاڵ تـەنها پـیر بـوونی جەسـتەو سـست بـونی ئەندامـەکانی جەسـتە نـەبێت ،هـەروەك پێدەچێت پیربوون لە دیدگای ئـەم جۆرە شاعیرانەوە کاڵ بوونەوەی ڕەمز و بنـەمای چـەق لەسـەر بەسـتوەکانیش نـەبێت،وەلیٚ دەشیٚ پێشبینی ئەوەش بکریٚ کە هەندێك ((شـاعیرانی هـەقخوازی وەك کـەژاڵ خـان خوێندنەوەیـەکی دی و پێداچـونەوەیەکی نویٚ یان بۆ ئەو ڕەمز و هێماو بنەمایانـەش هـەبێت کـە پێشتر لـە بیابـانی تەمەنیانـدا جگە لەسەرابی نا ئومێدی،هـیچ کانیـاوێکی شیرین و سازگاریان بۆ وێنـا نـەکردبن هـەر بۆیـەش لـە نوسـینەوەی پیتـی دووەمـی دیوانەکەیـدا ((کەلـە فەرهـەنگی تایبـەتی خودی شاعیردا–پیتـی–أ–ە))چـاوێك بـەو هێماو ڕەمزە ئاڵۆزانەدا دەخشێنیتەوە وبە ئافاتیان ناو دەبات,

**"ئافات تێپەڕی و نایاتەوە,**
**لەگەڵ گەڵاکانی ئەم وەرزەدا**
**بە قووڵایی رەشەبادا ڕۆ چوو..**
**ئافات نەیهێشت,**
**ئاو،ئەم وەرزە،دەرەخت بنوسێتەوە**
**ڕێگەی نەدا ،باران بە دەستە**
**میهرەبانەکانی خۆی**
**تەوقەیەکی تەڕ لەگەڵ زەوی بکات"...**

پیتەکانی .پاییز/ل–١٧

بەڕاستی باران لەم دیوانەیـدا ((کـە شـاعیر پیٚـی ناوەتـە قۆنـاغێکی نـوێی بـە کـەش و هــەوای بەرائــەت و پــاکیزەیی تەمــەنی





شـیعریەوە کـە ئـەم داسـتانە خەمناکـەی تەمەنیش هێندەی تـر بـەهرەو تـان و پـۆو مۆرکی شاعیرێتیان پیٚ بەخـشیوە (بـاران) وجـودێکی دیـارو گـەورەی ((لــە فــەزای شیعرەکانی پەیدا کردووە,

**-نەمزانی ئەوەی ون دەبیٚ منم یان باران**
**-ئاسمان گریاو، ئاو لە ئاسمانەوە بە**
**هەناسە بڕکیٚ هات...**
**-لە خەونیش دا ڕەنگ و ڕوخساری بارین**
**و قیژەی دورو**
**زریکەی ئاسمانم نە بینیوەو نە بیستووە..**
**-وەرین ناتوانیٚ بارین یاساغ بکات**
**-یاران بارانی من درەنگ هات**
**-لەوەتەی باران هەیە هەروایە**
**-ئەگەر باران گەیشتە ئێرە من پێی دەڵێم**
**(جارێکی تر خۆت ون مەکە)**
**-لە نێو ئاودا،لەسەر نیشتمانی پشت**
**باران بۆت دەگەڕام**
**-سەفەری گەڕان نی یە بەدوای کلاّ و**
**ڕۆژنەیەکی بابردوو،بەڵکو**
**ڕەوانەکردنی بارانە......**

جگـە لـە دەیـان ڕسـتەی دی کـە تێیانـدا دیمەنەکانی باران و هاتن و ڕۆیشتنی بـاران و ئەرکە ئەفسوناویەکانی تری بـارانی تێـدا خوێندوونـەوە...هـەر لـەم ڕوانگەیەشـەوە شـیعرەکان ڕسـتەو کـێش و مۆسـیقایەکی تریان دەستە بەرکردووە و هاوسـەنگیەکی جــوداش بــە تــەرازووی دڵــە پڕلــە ئەسرینەکەی شـاعیر لـە نێـوان تراژیـدیای ژیان و مەرگدا وەبەرنراوە..

**"من دەزانم**
**ژنە بەفرێکی وەک تۆ و،**
**کچە بارانێکی وەک ئاو**
**دەچنە سەر یەک خێڵی پاکیزەیی...**
**بگەڕێوە..دەنک بە دەنکی مرواری**
**وشەکانت**
**کۆبکەوە ،لەنێو جوملەی شیعرەکانتا بۆ**
**ئاو**
**بگەڕیٚ**
**ئا لەو ساتەدا خواوەند زویر بوو"**

پیتەکانی پاییز/ل٢٠

شـاعیر لــە جوگرافیــای تێکـستەکانی دا بگۆیەکە و تایبەتمەندیەکی تازەی لە زمـان و بەرائەتی دەربڕین (لەم دیوانـەدا)بـۆ دەر خستوین. لە لایەکەوە بە ئاشکرا گومـان و دوو دلیـی لــە خـودو ڕەنـگ و کەسـێتی دەوروبــەر دەردەبڕێــت و لــە لایــەکی تریــشەوە بــە ئاشــکرا گوزارشــت لــە هەڵدانــەوەی لاپەڕەیــەکی نـویٚ و دەرگـا خستنە سەر پشتی ڕابردوو دەکات ،وێـڕای تایبەتمەندی وێستگەی بـەخۆدا چـونەوە و گرنگی بـە پـیرۆزی ڕاگرتنـی ڕەمـز و وشـە بـەهادارەکانی نێـو کۆمەڵگـەی بـاوەڕداری مرۆڤایەتی کە لە لایەکەوە بـاوەڕدارە بـەو ڕەمزە بەهادارانەو لە لایەکی تریشەوە لـە سـەرابی کـردەوە نامۆکانیانـدا هـەتکی هەموو بەهایەکی پیرۆز دەکەن.

بـەڵیٚ وەك لەسـەرەتای ئـەم نوسـینەم دا

ئاماژەم بۆکرد شاعیر خاوەن کێشەیەکەو وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی کارەساتێکی کت و پڕی وەك تەقینەوەی بورکانێکی دەرونی لە ئاکامی باوەشێن کردنی ئاگردانی خەونەکانیدا بەسەردا هاتووە،بەڵام وەك مرۆڤێکی شاعیر هەواڵی ئەم کارەساتەی بە گوێی خوێنەرانیا داوە و نکوولی لێ نەکردوە

**وەرزێکە ئاگردانی خەون**

**حیکایەتەکانی فریشتەش**

**پەلکێشی خەونیان کردم**

**لێرە نەبووم**

**ئەگینا چۆن دەمهێشت**

**گوڵەکان سێبەری خۆیان بزر بکەن**

پیتەکانی پایز ل–٣٦

کەژاڵ لە درێژەی هەواڵی بزربوونی سێبەری گوڵ دا ڕاشکاوانە بێ گرێ و گۆڵ ڕازی نێو دڵی گەلا لەبەردەم کانی دا

**هەڵدەڕێژێت و بێ باکیشە لەوەی وا گومان**

**ببەن کوایە ڕێگای وەرینیان گوم کردبێت**

**لێرە نەبووم**

**دەمزانی لە نێوان من و تۆدا**

**یەکێک وون بووە**

**کەچی بەدوای تۆدا دەگەڕام**

**دەترسام هەناسە تورەکانی خواوەند**

**خولگەی پیاسەکانی گۆڕینی**

**ئەهریمەنە موسافیرەکانی ڕەشەبا**

**ڕیچکەی سەوز و ڕێگای وەرینیان گوم**

**کردبێ**

**بمبەخشە هەندێک جار گەمژەیی**

**درەختێک وا دەکات**

**گەلا لەبەردەم کانیەک دا**

**بەدوای سێبەری خۆیدا بگەڕێ**

پیتەکانی پاییز –ل–٣٧

هەرخودی ئەم کارەساتەشە کە زیاتر شاعیرانی ڕاستەقینە و ڕاستگۆ و هەقبێژ لـوول دەدات،کەژاڵیش وا لێ دەکات بەهەتاوی هەقیقەت ئاشنا بێت و چرای ڕووناکی ژیان وەك مرۆڤێکی عاشق هەڵگات نەك هەتا ماوە لە دۆزەخی ئەفسانەدا بتلێتەوە .هەربۆیەش لە خوێندنەوەی پیتەکانی دواتری پایزدا زیاتر بەم ڕاستییە دروەشاوەیە دەگات و بە هونەرێکی باڵای شیعری و بە فۆرمێکی پرتەکنیك و فەنتازیای ئەم وێنەی دەربڕینەوە ڕەهەندەکانی نێوان مرۆڤ و ئەفسانە و چرا و پەروانەی عاشق دادەڕێژێتەوە

**پێویستە مرۆڤ حیکمەتەکانی ئەفسانە تێ**

**بگا و**

**لەچراوە هەرچی پەروانەی عاشق هەیە**

**بیانخەینە نێو مۆزەخانەی چاومانەوە**

**لە هەتاویشەوە ئاشنا بین**

**هەرچی پەنجەرەی دونیا هەیە**

**بیکەینە مەعشوقی ڕووناکی خۆمان**

**لەژنیشەوە تێ بگەین**

**منداڵ لە باڵەخانەکانی دڵدایە و**

**لەو دڵە بچکۆلەی ژندا دەژی و**







**لەوێدا بۆ ئەبەد دەمێنێتەوە**

پیتەکانی پاییز –ل–٥٠

شاعیر لەسەر خوێندنەوەی ئەفسانە بەردەوامە کە چ ڕۆڵێکی نێگەتیفانەی لەژیانیدا هەبوە و ئادەمیزادی نەخۆش خستووە و بەهۆی ئەم داستانی نەخۆشی و ناساغیەوەش بانگێشتی مرۆڤ دەکات کە سەردانی چیرۆکی هەتاو بکەن ..سەردانی هەتاوی حەقیقەت بکەن و سەرێك لە پەرستگای نوری چرا بدەن و پیاسەیەکی ڕامان و تیفکرین لەگەڵ پەروانەی عاشقی ڕاستیدا بکەن..

**ئەی ئادەمی یە نەخۆشەکە**

**وەرە ناو حیکایەتەکانی هەتاو**

**ئەی ژنە شاعیرەی دڵشکاو**

**سەرێک بدە لەپەرستگای چراو**

**پیاسەیەک لەگەڵ پەروانەدا بکەن**

پیتەکانی پاییز–ل/٥١

لەکۆتایی ئەم چەند دێڕەمدا کەوەك خوێنەرێکی شیعرەکانی کەژاڵ خان هەوڵم داوە خوێندنەوەیەکی تایبەتی مرۆڤ دۆستانەی خۆم بۆ ئەو دیوانەی پیتەکانی پایز بە ئەنجام بدەم، هیوا خوازیشم خوێنەرانی دی لە هەر چین و توێژێکی بوارە هەمە جۆرەکاندا بەتایبەتیش بواری دیراساتی ئینسانی و وێڕای دیراساتی ئەدەبیش ئاوڕێکی پڕ لە هەست و سۆزی ئینسانیانە لەخەم و ژانەکانی ئەم جۆرە شاعیرە بەهرەمەندە بدەنەوە بەهەر شێوازێکی گوزارشت و دەربڕین لە ناخ و ویژدانی خۆیاندا ئەو تیکستە شیعرییانە بخوێننەوە. ئەمە لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە حەز دەکەم هەر لەکۆتایی ئەم بابەتەم دا خۆیشم جارێکی دی لەیەکەم بەرگی دیوانەکەداو لەڕوانگەی تاوتوێ کردنی بەهرە و کەسێتی و ویژدان و ژیانی خودی ئەم شاعیرەوە ڕووی ئاخاوتنێکی نوێ ی تێ بکەم و لەڕوانگەی کۆپلەیەکی تری شیعرەکانیەوە و هەر لەسەرزاری خۆیشی پێی بڵێم

**ئەی ژنە ڕەنگ زەردەکەی پایز**

**تۆ و ئەفسانە لەیەک ناچن**

**تۆ پەرەسێلکەکانی مەرگ**

**هێلانە لە ماڵی ڕۆحتدا جێ دەکەن**

**ئەفسانەش جێگایەکی نیە بۆ هێلانە**

پتەکانی پاییز–ل/٥١



ڕەزا شوان / نەرویج

# منداڵی شەرمن و گۆشەگیر

منداڵ یەکەمین خشتی بنیاتنانی مرۆڤی پێشکەوتووی داهاتووە.. هەر ئەم منداڵە روحسووك و دڵپاك و چاوگەشانەی ئەمڕۆمانن.. کە لە داهاتوودا دەبنە رابەر و بەڕێوەبەر و سەرکردەکانی گەلەکەمان.. ئەگەر بە شێوەیەکی راست و دروست پەروەردە و رێنمایی و ئاراستەیان بکەین.. ئەگەر پێداویستییەکانی پێشکەوتنیان بۆ دابین بکەین.. زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی بەهرە و توانا و، بۆ حەز و ئارەزووەکانیان برەخسێنن.. ئەگەر پاڵپشت و هاندەریان بین.. ئەگەر دوور لە کولتووری زەبر و توندوتیژی و چاوسوورکردنەوە، بە هێمنی و بە زمانێکی نەرم و شیرین لەگەڵیاندا بدوێین و.. بە شێوەیەکی راست و دروستی پەروەردەیی و زانستی رەفتار و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.. بێگومان نەوەیەکی بەهێز و دروستیان لێدێتە کایەوە.. کە متمانە و باوەڕیان بە خۆیان دەبێت و، لە ئاستی بەرپرسێتی و بەڕیوەبردن و سەرکردایەتیدا دەبن.. دەبنە نەوەیەکی هۆشیار و زرنگ و پێشکەوتووخواز.. کە توانای داهێنان و بەرهەمهێنان و، وەرگرتن و بەخشینیان دەبێت.

پسپۆرانی بواری پەروەردە، هەموو هاوڕان لە بارەی گرنگی و هەستیاریی قۆناخی منداڵی.. لە دروست کردنی کەسایەتی مرۆڤی داهاتوودا.

ئەگەر بە نابەڵەدی و نادروستی و سەقەتی، منداڵەکانمان گۆش و پەروەردە بکەین و، ئاوڕیان لێ نەدەینەوە و، بیان دەینە دەستی قەدەر و چارەنووسێکی نادیارەوە.. هەڵبەت ئەنجامێکی خراپ و، داهاتوویەکی تاریك و، کەسایەتی سەقەت و بێ کەڵك و بەدبەختیان لێ دێتە کایەوە.. رەنگدانەوەیەکی خراپیشیان لەسەر ژیانی تاك و گۆمەڵگای کوردیمان دەبێت.. ئۆباڵ و گوناحی ئەم ئاکامە خراپە نەخوازراوەش لە ئەستۆی هەموومان دایە.. چونکە کورد وتەنی : (چی بچێنین.. ئەوە دەدوورینەوە..) وتراویشە : (شانازیی باخچەی گوڵ گەش و جوان.. بۆ دڵسۆزی و ماندووبوونی باخچەوانەکەی دەگەڕێتەوە..)

ئەگەر ئێمەی باوکان و دایکان و مامۆستاکان.. نەبینە نموونەی باشی و دروستی و راستی بۆ منداڵەکانمان.. کەواتە نابێ چاوەڕێی ئەوەش لە منداڵەکانمان بکەین کە بە باشی و دروستی پەروەردە ببن.. چونکە منداڵان تا رادەیەك چاولێکەرین و لاسایی گەورەکان دەکەنەوە.. وەکو کورد دەڵێ : " گەورە ئاو دەڕێژێ و.. بچووکیش پێی تێ دەنێ.. "

دێینە سەر سەرباسی بابەتی ئەمجارەمان.. منداڵی شەرمن و گۆشەگیر.

شەرم چییە.. ؟ بەپێی قسەکانی شارەزایان و توێژێنەرانی شەرم کردنی مرۆڤ.. بەم شێوەیە راڤەی شەرم دەکەن : شەرم جورێکە لە راڕایی و ترس و دوودڵیی کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەستێکی نێگەتیڤانە لە نێوان دوو دڵی و پەشۆکاندا.. کەسی شەرمن خۆی تەنگ بە خۆی هەڵدەچنێ و تێکەڵ بە خەڵکی نابێ و گۆشەگیر دەبێ.

هەندێکی تر لە شارەزایان، شەرم بە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەزانن، کە بەسەر کەسایەتی کەسێکدا زاڵ دەبێ و، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر بیر و هۆش و توانای داهێنانی دەبێ.. ناشتوانێ بە باشی مامەڵە و رەفتار لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی لێی دەژی بکا.

کەسانی زۆر شەرمن، کە بەجاری خۆیان پەراوێزدەکەن و تێکەڵ بە خەڵکی و کۆمەڵگا نابن.. بە تایبەتیش سڵ لە کەسانێکی نامۆ دەکەنەوە.. ئەم کەسانە بە (گۆشەگیر) ناودەبرێن.

کۆمەڵێکی تری توێژێنەران، شەرم بە

هەستێکی جیهانی دەزانن.. کە پێویستە هەموو مرۆڤێك، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت.. لە هەڵوێستێکدا تاقی بکاتەوە.
زۆرترین شەرم و، مەترسیدارترین شەرم.. ئەو شەرمانەن کە تووشی منداڵان دەبن.. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە، کە دایکان و باوکان هەست بەم کێشەیە نەکەن، یا بە هەندی نەزانن و گوێی پێ نەدەن.

## شەرمی منداڵان

منداڵان لە قۆناخەکانی گەشەکردندا، بە تایبەتیش لە ساڵی یەکەمدا، بە سروشتی شەرم دەکەن، بە زۆریش لە کەسانێکی نامۆ.. لە ساڵەکانی دواتریشدا.. بە رێژەیەکی جیاواز شەرم دەکەن.. تا زیاتریش ئاشنای ژیانی کۆمەڵایەتی ببن.. زیاتر دەگونجێن و کەیی دەبنەوە و روویان دەکرێتەوە و شەرمیان نامێنێت.
هەندێ لە منداڵان بە سروشتی زۆر هەستیارن و پتر تووشی شەرم دەبن.. کەچی هەندێ لە منداڵانی تر هەر لە قۆناخی منداڵیدا، کراوەن و کۆمەڵایەتین.. دەتوانین بە ئاسانی ئەم جیاوازییە بەدی بکەین.. منداڵی کۆمەڵایەتی، کە کەسانێکی نامۆ دەبینێ زەردەخەنە دەکا و، رووی خۆی خۆش دەکا و، هەندێ جموجووڵی سەیر دەکا، بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو کەسانە بە لای خۆیدا رابکێشێ.. کەچی منداڵی شەرمن، کە میوانێکی نەناسراو، یا کەسانێکی نامۆ دەبینێ.. دەترسێ و رادەکا بۆ باوەشی دایکی و، لە سەر سنگی دایکیدا، دەموچاوی خۆی دەشارێتەوە، تا ئەو کەسانە نەیبینن یا نەیان بینێ.
بێگومان منداڵی شەرمن، دەبێتە کێشە بۆ خۆی و، بۆ خێزانەکەی و بۆ کەسوکاریشی.. چونکە ناتوانێ بە باشی رەفتار بکا و، ناشتوانێ بە ئاسانی تێکەڵ بە هاورێ و کۆمەڵ ببێت.. لەوانەشە تووشی گۆشەگیری خەمۆکی ببێت.. گەلێ لە هەل و دەرفەتەکانی ژیانیشی لەدەست دەدا، کە دەکرێ بیان قۆزێتەوە.. لەوانەشە شەرم ببێتە کێشە و گرێیەکی دەروونی و، بە درێژایی ژیانی ئەو کەسە لێی نەبێتەوە.. دەبێ ئەوەش بزانین، کە شەرم کردن سیمایەکی کەسایەتییە و، خەوشێکی رەوشتی نییە.. ئەگەر چارەسەری پێویست بۆ هۆیەکانی بکەین.. نابێتە پاشکۆی هەمیشەی مرۆڤ و لێی دەبێتەوە.. چەندین منداڵ کە منداڵی شەرمن بوون.. بەڵام دوایی بەرەبەرە روویان کراوەتەوە و شەرمیان نەماوە.

## نیشانەکانی شەرمی منداڵان

نیشانەکانی شەرم زۆرن.. ئەمانە هەندێ لە نیشانەکانی شەرمی منداڵانن :





١ـ منداڵی شەرمن، کە رووبەڕووی کەسانێکی نامۆ، یان مامۆستاکانی دەبێتەوە شەرم دەکا و دەشەڵەژێ و.. دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕێ.
٢ ـ لەگەڵ کەسانی نامۆ و میوانی نەناسراودا تەوقە ناکا.. لەوانەیە لە رووشی نەیا بێت بەخێرهاتنیان بکا.. لە شەرما دەچێتە ژوورێکەوە و نایەتە دەرەوە.
٣ ـ ئەو توانا و ئازایەتییەی نییە.. کە بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا ببەستێ.. بە تایبەتیش لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆیدا.
٤ ـ دوودڵە و دەترسێ.. هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی و دڵنیایی ناکا.
٥ ـ منداڵی شەرمن، کە قسە لەگەڵ یەکێکدا دەکات بە تایبەتیش لەگەڵ کەسێکی نامۆدا یان لەگەڵ مامۆستاکانیدا.. شەرم دەکا و بە باشی قسەکانی بۆ نایەن.. یا دەمی تێك دەئاڵی و، لێدانی دڵی زیاد دەکا و، دەستەکانی دەلەرزن.. هەندێ جار ئارەقیش دەکا و، تفی خۆی قووت دەدا.. لە کاتی قسەکردنیشدا چاو نابڕێتە چاوی بەرانبەرەکەی.
٦ ـ حەز بە کۆگردی ناکا و.. لە ماڵ ناچێتە دەرەوە بۆ یاری کردن لەگەڵ منداڵانی تردا.. حەزی بە تەریکی و گۆشەگیرییە.
٧ ـ هۆگری وەرزش و چالاکییە هەمەجورەکانی قوتابخانەکەی نییە و بەشداریش لە (تیپی سروود، شانۆ، تۆپێن، موزیك... هتد) ناکا.. ئەگەر بەشداریش بکات خاوە و شەرم دەکا و، بە هەموو حەز و توانایەکییەوە بەشداری ناکا.
٨ ـ لە قوتابخانەدا، لە کاتی پشووی نێوان وانەکاندا.. یا لە پۆلدا دەمێنێتەوە.. یا دەچێتە گۆشە و پەنایەکی قوتابخانەکەی و.. تێکەڵ بە قوتابییەکان نابێ.
٩ ـ لە تاقی کردنەوەکانی خوێندندا.. حەز دەکات بە نووسین تاقی کردنەوەکان بکات.. شەرم دەکا و دەترسێ لەوەی، کە راستەوخۆ و رووبەڕوو لەگەڵ مامۆستکانیدا دابنیشێ یا راوەستی و، وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.. بۆیە حەزی لە تاقی کردنەوەکانی زاری نییە.
١٠ـ ئەو ئازایەتییە ئەدەبییەشی نییە، کە ئەوانەی نایانزانێ.. لە پۆلدا لە مامۆستاکانی بپرسێ.. بە دەگمەنیش بەشداری لە دیالۆك و گفتوگۆکان دەکا.. حەزیش ناکا مامۆستا پرسیای لێ بکا.. یا بۆ سەر تەختەڕەش هەڵی بستێنێ.. یا لە بەردەم قوتابییەکانی پۆلەکەیدا رای بگرێ.
١١ـ زۆر جار کە میوانی نامۆیان دێ.. بە هەردوو دەستی چاوی خۆی دەگرێ.. یا گوێیەکانی دەگرێ.. بۆ ئەوەی نەیان بێنی و گوێی لە دەنگیان نەبێ.. چونکە وا



هەست دەکا کە سەرنجی دەدەن و رەخنەی لێ دەگرن.

١٢ـ کە یەکێك پرسیارێکی لێ بکا.. بە کورتی و بە دەنگێکی نزم وەڵامی دەداتەوە.. زۆر جار تەنها بە " بەڵێ " یان " نا " وەڵام دەداتەوە.. لەوە دەترسێ، کە بەهەڵە وەڵام بداتەوە و شەرمەزار بێ.

١٣ـ کە جلوبەرگێکی تازە لەبەر بکا.. یا سەری بتاشێ، قژی ببڕێ.. شەرم دەکا.. واهەست دەکا کە جلە تازەکەی لێ نایە، یا جوان تەراش نەکراوە و.. خەڵکی سەرنجی دەدەن و گاڵتەی پێ دەکەن.

١٤ـ بەشداری لە زۆربەی چالاکی و خۆشییە کۆمەڵایەتییەکان ناکا وەکو (شایی و هەڵپەرکێ، چەپڵەلێدان، ئاهەنگی جەژنی لە دایك بوون، سروود و گۆرانی، و سەیرا ن و گەڕان، بەزم و ڕەزم و...).

١٥ـ شێوازی بە هەڵە پەروەردەکردنی، لە لایەن دایك و باوکییەوە، کە زۆر وشەی (شوورەییە) لە رووی دەدەن، بۆ نموونە ئەگەر کیژۆڵەیەك لەگەڵ کوڕێکدا ببینن، کە پێکەوە قسە یا یاری دەکەن.. یەکسەر سەرزەنشتی دەکەن کە ئەمە (شوورەییە) و نابێ دووبارەی بکاتەوە و.. دەبێ لەگەڵ کچاندا یاری بکا.

١٦ـ دەتوانین لە میانەی ئەو وێنانەی کە دەیانکێشێ.. منداڵی شەرمن بناسین. بۆ نموونە : ئەگەر وێنەی خانوویەك بکێشێ.. لە گۆشەیەکی لاپەڕەی دەفتەری وێنەکێشانەکەیدا بە بچووکی دەیکێشێ.. دەرگا و پەنجەرە بۆ خانووەکە ناکا.. رەنگاوڕەنگیشی ناکا، یا رەنگی کەم بە کار دەهێنێ.. ئەم نیشانەیەش هەموو منداڵێکی شەرمن ناگرێتەوە.. منداڵی واهەیە شەرمنە و وێنەکێشێکی باشە.

١٧ـ کە گوزارشت لە خۆشیش بکا.. زەدەخەنە دەکا و.. زۆر کەم پێ دەکەنێ

### هۆیەکانی شەرمی منداڵان

زۆر بە کورتی و بە چڕی، لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا، باس لە گرنگترین هۆیەکانی شەرمی منداڵان دەکەین :

١ـ شەرمی زگماکی، یەکێکە لە هۆیە







سەرەکییەکانی شەرمی منداڵان، منداڵ هەر لەدایك دەبێت شەرمنە.. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دایکی یا باوکی یا هەردووکیان شەرمنن.. ئەم خەسڵەتەشیان دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانیان.. پزیشکە دەروونناسییەکانیش بە شێوەیەکی زانستی و بە بەڵگە و بەراوردکردنەوە ئەم راستییە دەسەلمێنن.

٢ـ ئەو منداڵانەی بە هۆی کەم دەرامەتی خێزانییەوە، رووبەڕووی نەبوونی دەبنەوە.. وەکو منداڵانی هەبووەکان، پۆشتە و تێر و تەسەل و نازدار نازێن و.. وەکو ئەوان پێداویستییەکانیان بۆ دابین نەکراوە.. وەکو ئەوانیش دڵخۆش و.. بەختەوەر نین.. کە خۆیان بەراورد بەو منداڵانە دەکەن.. لە رووی جلوبەرگ و خۆراك و جێی نووستن و چارەسەری پزیشکی و، خەرجی و خەرجکردنیان..

دڵیان بە خۆیان دەسووتێ و، هەست بەوە دەکەن کە لەو هاوڕێیانەیان کەمترن.. شەرم دەکەن کە لێیان نێزگ ببنەوە و تێکەڵیان ببن.

٣ـ نابەڵەدیی دایکان و باوکان و، شێوازی نادروستییان لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا کە رێزێکی ئەوتۆ لە کەسایەتی منداڵەکانیان ناگرن.. دەیانەوێ بە توندوتیژی و، بە چاوسوورکردنەوە هەموو شتێك بەسەر منداڵەکانیاندا بسەپێنن.. بیر لەوە ناکەنەوە کە سەردەمی ئەمڕۆ ئەو سەردەمە نییە کە ئەوان تیا ژیاون.. بە قسەی زەق و رەق و ناشیرین و رەخنە و لۆمە رووشکێنیان دەکەن.. بێگومان ئەم قسە ناشایستانە کار لە منداڵان دەکەن.. بە تایبەتیش ئەگەر لە بەردەم هاوڕێکانیاندا پێیان بوترێ.

٤ ـ پاراستن و چاودێری پتر لە پێویستی منداڵان لە لایەن دایك و باوکیانەوە، لە ترسی ئەوەی تووشی هاوڕێی خراپ نەبن و، گوێیان لە قسەی سوك و چرووك نەبێ و، خووی ناشیرین و قێزەوەن فێرنەبن.. راستە کە چاودێری و ئاگاداریی منداڵان پێویستە.. بەڵام زیادەڕۆیی.. وا لە منداڵان دەکا کە باوەڕیان بە خۆیان نەبێ و.. شەرم دەکەن و گۆشەگیر دەبن و، بە گومان و دوودڵییەوە لە منداڵانی تر دەڕوانن.. شوێنی دڵنیاییش بۆ ئەوان تەنها ماڵەوە و پەنای دایك و باوکیانە.

٥ ـ بەناز بەخێوکردنی منداڵ و، نازپێدانی زیاد لە پێویست لە لایەن دایك و باوکییەوە.. بۆ نموونە هەموو شتێکی لێ دەکەن بە (بڤەیە).. نایەڵن خۆی ماندوو بکا و، ئەو کارانە بکا کە دەتوانێ بیان کا، یا خۆی تاقی بکاتەوە لە کردنیاندا.. هەموو داخوزییەکانیشی بۆ دابین دەکەن.. ئەم زیاد ناز پێدانە، وا لە منداڵ دەکا کە پشت بە خۆی نەبەستێ.. کاتێ کە

هاوڕێکانی دەبینێ زۆر کاریان لە دەست دێ.. لە بەردەمیاندا رادەمێنێ و شەرم لە خۆی دەکا و تەریق دەبێتەوە کە ئەم دەستەوستانە و، تەنها سەیریان دەکا.

لە لایەکی کەشەوە، گوایە ئەم دایك و باوکانە منداڵەکانی خۆیان زۆر خۆش دەوێ، چاوپۆشی لە هەڵەکانیان دەکەن.. سەرزەنشتیان ناکەن و.. سزاشیان نادەن.. هەموو ئەم هەڵوێستانە بە زیانی ئەو منداڵە شەرمنانە دەشکێنەوە.

بۆ نموونە منداڵێکی بەناز بە خێوکراو.. ئەگەر لە شوێنێکی تردا، داوی شتێ بکا و بۆی نەکەن.. شەرم دەکا و تەریق دەبێتەوە.. چونکە هەموو شوێنێ ماڵێ خۆیان نییە و.. هەموو کەسێکیش وکو دایکی و باوکی نازی راناگرن.

٦ ـ بایەخ نەدان و پشتگوێ خستنی منداڵ و لێ نەپرسینەوەی، کە ئەمەیان بە پێچەوانەی خاڵی پێنجەمەوەیە.. ئەم منداڵە وا هەست دەکا، بێ کەسە و کەس خۆشی ناوێ و، کەسیش بایەخی پێ نادا و شایانی رێزگرتن نییە.. ئەم هەست کردنەش وا لە منداڵ دەکا، بڕوا و متمانەی بە خۆی نەبێ و.. گۆشەگیر دەبێ و شەرم دەکا کە تێکەڵی منداڵانی تر ببێ.

٧ ـ گاڵتە پێ کردن و توانج لێ گرتن و تەریق کردنەوە و شەرمەزارکردنی منداڵ. کە قسەیەك بکا و قسەکانی بە دڵی گەورەکان نەبێ.. لێی تووڕە دەبن و قسەکەی پێ دەبڕن و، گاڵتەشی پێ دەکەن و پێی پێ دەکەنن.. بۆ نموونە پێی دەڵێن :

(فلتەفلت مەکە، لەوچە لەوچ مەکە، چەنەبازی مەکە. یا دەمت داخە،...)

بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاوبگرن، کە منداڵە و، زمانێکی منداڵانەی هەیە..

راڵف بۆس دەڵێ : " تا تەمەنی سیانزە ساڵیم وام دەزانی کە ناوم دەمت داخەیە "

٨ ـ ئەو منداڵانەی لە سۆز و خۆشەویستی دایك و باوکیان بێ بەشن (مردوون، یا لە یەکتری جیابوونەتەوە).. کزۆڵە و مات و مەلوول و هەناسەساردن.. بە زۆری شەرمن و گۆشەگیرن.

٩ ـ زیاد نازدان بە منداڵی تاقانە.. یا کوڕێك لە نێوان چەند خوشکێکدا.. یا خوشکێك لە نێوان چەند برایەکدا.. زیادەڕۆیی لە نازپێدان و خۆشەویستی.. منداڵ شەرمن و گۆشەگیر و خۆپەرست دەکات.

١٠ـ هەست نەکردنی منداڵ بە ئاسوودەیی و دڵنیایی.. وا لە منداڵ دەکا کە متمانەی بە خۆی نەبێ و، ئازایەتی ئەنجامدانی کاری سەرکێشی نەبێ.

١١ـ ڕێبازی سەقەتی سستەمی فێرکردن.. تا ئەمڕۆش لە زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستاندا، پەیڕەویی سستەمی سەد ساڵ پێش ئێستا دەکەن.. بە تەڵقین کردن و تووتی فێرکردن منداڵان فێردەکەن.. وا لە منداڵان دەکەن تەنها گوێ بگرن و وەربگرن و، قسەکانی مامۆستاکانیان دووبارە بکەنەوە.. ڕێك دابنیشن و نەجووڵێنەوە.. ئەم سستەم و ڕێبازە کۆنە، زۆر لە رۆڵ و تواناکانی منداڵان کەم دەکاتەوە.. بە درێژایی وانەکان، هەر مامۆستاکانن تەوەرەی سەرکین و.. هیچ بوارێك بۆ گفتوگۆ و دەمەتەقێ و پرسیار و وەڵام و دیالۆگ ناهێڵنەوە.. منداڵان وەرست و بێزار دەبن.. بواریان بۆ نامێنێتەوە کە لە ڕێی گفتوگۆ و پرسیارکردن و وەڵامدانەوە گوزارشت لە توانا و بۆچوونەکانی خویان بکەن و.. ترس و شەرمی خۆیان بشکێنن.. زۆربەی مامۆستاکان گوێ بە رەچاوکردنی جیاوازی تاکیش لە رووی زیرەکی و زەین و هۆش و کەمئەندامیی جەستەییەوە نادەن.. وەك یەك لە ئاستی توانای منداڵان دەڕوانن.. بە داخەوە یارمەتییەکی ئەوتۆ بە منداڵی پێویست بە یارمەتی نادەن.

١٢ـ مامەڵە نەکردنی دروستی دەق گرتووی مامناوەندی لەگەڵ منداڵدا، لە لایەن دایك و باوکییەوە.. یا زۆر خۆشیان دەوێ و زۆر بە دەوریا دێن و، زیاد لە پێویست نازی پێ دەبەخشن و.. زۆر نەرم و رووخۆش دەبن لەگەڵیدا و.. رۆژی سەد جار بە ساقەی دەبن.. کەچی جاری واش هەیە بە پێچەوانەوە، زۆر بە توندوتیژی و بە رەقی و بە زەقی رەفتار و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و ڕوویان لێی گرژدەکەن.. یا بە جاری پشتگوێی دەخەن.. ئەم شیوازە مامەڵەکردنە ناگیرە.. منداڵ تووشی شۆك و دڵەڕاوکی و بێ باوەڕی و شەرم دەکا.

١٣ـ لە ڕوودانی هەندێ دەستەواژەی زەقی نەگونجاو بە منداڵان.. بۆ نموونە :

(ژنت بۆ دەهێنم، دەتدەم بە شوو،...)

ئەو منداڵانەی کە ئەم جۆرە قسانەیان لە ڕوودەدرێ شەرم دەکەن و تەریق دەبنەوە، لەوانەیە ئەو جێیە بەجێ بهێڵن.

١٤ـ کەمئەندامی، وەکو : (شەل و گۆجی، کەڕی، لاڵی، نابینایی، کورتەباڵایی، لاوازی و قەڵەوی، یا هەست کردنی بەوەی کە جوان نییە، لووتی ناشیرینە، یا چاوی یا گوێی یا لێوەکانی وان، یا گەنم رەنگە، رەش پێستە،... هتد) هەموو ئەو هەستانە ئەوەی لا دروست دەکەن.. کە ناتەوە و خۆێ لە هاوڕێکانی بە کەمتر دەزانێ.. بۆیە شەرم دەکا و گۆشەگیر دەبێ.. هێندەش تێکەڵ بە منداڵان نابێ.. لەوە دەترسێ و شەرم دەکا، کە بە سووکەوە لێی بڕوانن و بە ناوی کەمئەندامییەکەیەوە ناوی بەرن.. بۆ نموونە : (فلانە کوێر، فلانە شەل، فلانە درێژ، فلانە لووتە، فلانە رەش، فلانە قەڵەو،... هتد)

١٥ـ ناکۆکی و شەڕی نێوان دایك و باوك و، ئاژاوەی خێزانی.. منداڵێك لە سایەی

خێزانێکی ناتەبای وادا گەورەبێ.. هەست بە ژینگەیەکی ئاسوودە و بە ئارامی و شادی و بە بەختەوەری ناکا و.. دووچاری شەرم و ترس دەبێ و.. کاریگەری و رەنگدانەوەیەکی خراپی لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووشیدا دەبێت.

١٦ـ زیادەڕۆیی لە چاودێری و تیشك خستنەسەر منداڵ، لەلایەن مامۆستاکان و گەورەکانەوە.. منداڵ تووشی شەرم و ترس و نا ئارامی و نا ئازادی دەکا.

١٧ـ شەرم کردن، منداڵ تووشی تەنگەژە و پاڵەپەستۆی دەروونی و، کێشەی فسیۆلۆژی دەکا.. وەکو : سەر ئێشە، سك ئێشە، هەناسە سواری، نەرمەکۆکە، دڵەخورپێ، بێزاری، کەم خواردن.

١٨ـ منداڵی شەرمن، هەر بە هۆی شەرمکردنەوە، رقی لە قوتابخانەیە، چونکە بۆ ئەو شوێنی ترس و نائارامی و شەرمەزارییە.

١٩ـ بەراوردکردنی منداڵ، لە لایەن دایك و باوکی و مامۆستاکانییەوە، بە منداڵانی لەو زیرەکتر و پشکەوتووتر و بەختەوەرتر هەڵەیە و.. کار دەکاتە سەر دەروونی منداڵ و، تووشی شەرم و خۆبەکەمترزانین لەو منداڵانە دەکا.

٢٠ ـ زۆر رەخنە لێ گرتن و، زۆر لێپێچینەوە و، زۆر لۆمەکردن و، زۆر تەریق کردنەوە و، زۆر تووڕەبوون لێی بە تایبەتیش لە بەردەمی هاوڕێکانیدا.. منداڵ تووشی شەرم دەبێ و.. ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە ناتوانێت کارێکی راست و باش بکا.. هەمیشە لەوە شەرم دەکا و دوودڵە، کە کارێکی هەڵە بکا و رەخنەی لێ بگرن، یا پێی پێ بکەنن و توانجی لێ بدەن و شەرمەزاری بکەن.

٢١ـ ئەو منداڵانەی، کە زۆر شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەگۆڕێ و.. تێکەڵ بە کۆمەڵێك منداڵی نامۆ و نەسراو و، رووبەڕووی مامۆستایانی تازە دەبنەوە.. شەرم دەکەن و دەترسن.. رەنگە ئەمەیان شەرمێکی کاتی بێ و نەمێنێ.

چارەسەرکردنی شەرمی منداڵان

ئەو چارەسەر و پێویستییانە چین.. بۆ ئەوەی منداڵی شەرمن و گۆشەگیر بکەن بە منداڵێکی ئاسایی و کۆمەڵایەتی.. زۆر بە کورتی لەم خاڵانەدا باسی چۆنییەتی چارەسەرکردنی منداڵانی شەرمن دەکەین :

١ـ پێویستە جۆری ئەو شەرم کردنە بزانن کە توشی منداڵەکەتان بووە.. شەرمی تێکەڵبوونە لەگەڵ کەسانی نامۆدا، شەرمی بەشداری کردنە لە چالاکییەکانی پۆل و قوتابخانەکەیدا، شەرمی ترسی بەشداربوونە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، شەرمی پۆشینی جلوبەرگی تازەیە، شەرمی ترسی قسە بە هەڵەکردنە بە تەلەفۆن، شەرمی





خوێندنەوەیە لە پۆلدا، شەرمی خۆبەکەمزانینە،... هتد.

٢ ـ بە هیچ کلۆجێك نابێت دایك و باوك و مامۆستاکان، بە منداڵی شەرمن بڵێن تۆ (شەرمن) ی، لای خەڵکیش باسی شەرمکردنی مەکەن.

تۆژینەوەکانی تۆژێنەران، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن.. خستنە پاڵی ئەم جۆرە وشانە : (شەرمنۆك، گەمژە، لاسار، بێ دەسەڵات، ترسنۆك، بێ کەڵك، تەمەڵ، دەمردوو، گەلحۆ، خوێڕی،... هتد) کاردانەوەیەکی خراپیان لەسەر هەست و دەروونی منداڵی شەرمن دەبێت و، شەرمنتر و گۆشەگیرتر دەبێت.

٣ ـ پێویستە دایکان و باوکان و مامۆستایان، ببنە پێشەنگ و نموونەی باشی کۆمەڵایەتی و، خووجوانی و رەوشت بەرزی.. چونکە منداڵان چاولێکەر و لاساییکەرەوەن، لە ئەمانەوە گەلێ شت وەردەگرن و فێردەبن.. لەم رووەشەوە پسپۆرانی پەروەدە، ئامۆژگاریی دایکان و باوکان دەکەن، کە پەیڕەوی و بەرجەستەی ئەو جۆرە رەوشتە کۆمەڵایەتییانە بکەن.. کە منداڵەکانیان بەرەو کرانەوەی کۆمەڵایەتی وشەرم نەکردن و تێکەڵبوون دەبەن.. بۆ نموونە : با لە ئێوەوە فێربن و چاوتان لێ بکەن، کە بە کەسانێك دەگەن، دەست پێشکەربن لە (رۆژتان باش) یا (ئەم کاتەتان باش).. وا رابهێنرێن کە بە روویەکی گەش و خۆشەوە، بە زمانێکی نەرم و شیرینەوە پێشوازی لە میوانان بکەن و بە گەرمی بەخێرهاتنیان بکەن.. بەشداری لە گفتوگۆ بکەن و.. قسە بەکەس نەبڕن و، بە هێمنی و بە دروستی، داکۆکی لە را و لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن.. ئەم جۆرە هەنگاوانە باشانە.. گیانی بەشداری کردن و لەیەك نێزگبوونەوە و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی، لە بیر وهەستی منداڵانی شەرمن و گۆشەگیردا دەڕوێنێ.

٤ ـ پێویست دایك و باوك یارمەتیی منداڵەکەیان بدەن، بۆ ئەوەی بە باشی لە خۆی بڕوانێ و خۆی بەکەم نەزانێ، چونکە منداڵی شەرمن، متمانە و باوەڕی بە توانی خۆی نییە.. لەوە دەترسێ کە لە هەوڵە کۆمەڵایەتییەکانیدا شکستی بهێنێ و رەتی بکەنەوە.

رۆڵی دایك و باوك و مامۆستاکان لەم رووەوە، ئەوەیە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەن، کە شکستهێنانی جارێ یا دوو جار، کۆتایی ژیان و جیهان نییە.. بەڵکو رێگەیەکە بۆ باوەڕ بەخۆبوون و درێژەدان بە تێکۆشان و سەرکەوتن، پێویستە مرۆڤ لە هەڵە و لە شکستییەکانی خۆی وانە و پەند وەربگرێ و، راستیان بکاتەوە.. دەتوانن نموونەی زیندووی مێژووی چەندین گەورە و کەڵەناودارنی جیهانیان

بۆ بگێڕنەوە.. کە هەردەم بێ هیوا نەبوونە و، لە سایەی بڕوایەکی بەهێز و ئیرادەیەکی پۆڵایین و کۆڵنەداندا، دوای چەندین شکستی و.. لە دوای چەندین کەوتن و هەڵسانەوە.. توانیویانە سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

٥ ـ نابێ دایك و باوك، لە بەردەم هاوڕێکانی و خەڵکی تردا، لە منداڵەکەیان گرژ و تووڕە بن و، رەخنەی لێ بگرن و سەرزەنشت و لۆمەی بکەن و، قسەی زەق و رەقی پێ بڵێن و هەستی ئازاربدەن.. بەڵکو دەکرێ بە شێوەیەکی راست و دروست وای لێ بکەن کەخۆی هەست بە هەڵەکانی بکا و، لێیان پەشیمان بێتەوە و داوای لێبووردن بکا و، راستیان بکاتەوە.

٦ ـ یارمەتیی منداڵەکەتان بدەن، بۆ ئەوەی جار لە دوای جار باشتر بە لای باشیدا بگۆڕێت.. فشاریش مخەنە سەری بۆ ئەوەی کارێك بکا، کە لە توانای ئەودا نییە، یا حەزی لەو کارە نییە و، نە توانین و ئەنجام نەدانی ئەو کارە، ببێتە هۆی شەرمەزاری و تەریق بوونەوەی .

لەگەڵیدا بەو هەنگاوانەش دەست پێ بکەن، کە کەمتر رامان و دامانی دەکەن.. بۆ نموونە : هانی بدەن بە زەدەخەنە و بە رووخۆشییەوە پێشوازی و بەخێرهاتنی میوانان بکا.. ئەگەر لە جاری یەکەمدا شەرم بکا و، ئارەزووی قسەکردن و، دانیشتنی لەگەڵیاندا نەبێ، زۆری لێ مەکەن..

بابمێنێت بۆ جاری دووەم و جاری سێیەم.. بەم شێوەیە هێدی هێدی شەرمی دەشکێ و رووی دەکرێتەوە و، تێکەڵ دەبێت و، لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیدا رادێ و ئاسایی دەبێتەوە.

٧ ـ منداڵەکەتان هان بدەن، بۆ ئەوەی گەشە بە بەهرە و توانا و بە حەز و بە ئارەزووەکانی بکا.. ئارەزووەکانی خۆتان مەسەپێنن بە سەریدا.. یارمەتیی ئەوەی بدەن، کە بەسەر هەستی خۆبەکەمزانین و بێ دەسەڵاتیدا زاڵ بێت.

٨ ـ منداڵەکەتان سەرپشك بکەن، با بە سەربەستی و ئازادی هاوڕێکانی خۆی هەڵبژێرێ.. با جۆر و رەنگی جلوبەرگەکانیشی بە دڵی خۆی بن.. نەك ئێوە چیتان بە دڵە دەبێ ئەوەی بوێ و ئەوە لەبەربکا.. ئەوش نالێم نابێ شارەزایی و را و تاقی کردنەوەکانی خۆتان بۆی باس نەکەن.

٩ ـ منداڵەکەتان لەسەر وەرگرتن و بەخشین رابهێنن.. هانی بدەن کە پەیوەندی لەگەڵ منداڵانی تردا ببەستێ.. کۆمەڵایەتی بێ و رووحی یارمەتیدان و هاوکاری هەبێ.. بە کۆمەڵ ژیان و پێکەوە کارکردنی هەنگ و مێرووله‌ی بە نموونە بۆ بهێننەوە.. هانی بدەن هەردەم گەشبین بێ و رەشبین نەبێ.. هەموو ئەم جۆرە بیرۆکانە، دەبنە هاندەرەی و، دەبنە هۆی







متمانە و باوەڕبەخۆبوونی.

١٠ ـ کە منداڵەکەتان کار و سەرکەوتنێکی باشی بە دەست هێنا.. ستایش و ئافەرین و دەستخۆشیی لێ بکەن و پێخۆشحاڵیی خۆتانی بۆ دەربڕن و.. خەڵاتی بکەن.. بەڵام خەڵاتەکەتان لە هەمان کاتدا بێ.. چونکە منداڵ لە کات تێ ناگا و ئارامی نییە و، ناتوانێت بۆ ماوەیەك چاوڕێ بکات.

١١ ـ منداڵەکەتان هان بدەن، کە باوەڕی بە شەرم نەبێ.. با تێکەڵی کەسانێکی نامۆ ببێ.. تا کەسانی نامۆ بناسێ و بدوێنێ ترسی دەشکێ و شەرمی نامێنێت.

١٢ ـ با دایك یا باوك، سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بۆ منداڵەکەی باس بکا.. کە چۆن بە منداڵی شەرمی دەکرد و.. دواتر شەرمی شکاوە و، بووە بە کەسێکی ئاسایی و کۆمەڵایەتی.. بە هۆی بەشداری کردنیشی لە چالاکییە وەرزشی و هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی قوتابخانەکەیان و لە دەرەوەدا.. چەندین دەسکەوت و سوودی لە سایەی کرانەوە و شەرم شکاندنەکەیدا بە دەست هێناون.

١٣ ـ لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکەتاندا، شانۆگەریی (میوان و خانەخوێ) ساز بکەن.. با منداڵە شەرمنەکەتان، رۆڵی خاوەن ماڵ وەربگرێ.. ئێوەی دایك و باوکیشی رۆڵی میوانتان هەبێ.. با شەرمی بشکێ و فێری ئەوەبێ، کە بە زەردەخەنە و

بە رووییەکی گەش و خۆشەوە.. پێشوازی و بەخێرهاتنی میوانەکان بکا.. ئەگەر هەمان شانۆگەریتان دووبارە کردەوە.. رۆڵەکان بگۆڕن.. با ئەم جارەیان منداڵەکەتان رۆڵی میوانێك بنوێنێت.. ئەمە رێگایەکی زۆر باش و ئاسانە بۆ کرانەوە و چارەسەرکردنی شەرم و ترس و گۆشەگیریی منداڵەکەتان.

١٤ ـ هانی منداڵەکەتان بدەن، ئەو ئازایەتە ئەدەبییەی هەبێ، کە بەبێ ترس و شەرم بە راشکاوی گوزارشت لە هەست و نەست و، لە را و بۆچوونەکانی خۆی بکا، توانای خۆشی بسەلمێنێ و.. ئەو هەلانەش لە دەستی خۆی نەدات کە بۆ پێشکەوتنی بۆی رەخساون یا دەرەخسێن.. لەوەش دڵنیابێ کە دایك و باوکی و مامۆستاکانی.. گوێی لێ دەگرن و رێز لە را و بۆچوونەکانی دەگرن.

١٥ ـ منداڵەکەتان، بە شێوەیەکی خراپ لەگەڵ منداڵانی لەو باشتر و زیرەکتر و بە تواناتر و بەختەوەرتر بەراورد مەکەن.. بۆ نموونە لە رووی مەدەن کە :

(دیلان لە تۆ باشترە، جوان لە تۆ زیرەکترە، نمرەکانی شڤان لە نمرەکانی تو بەرزترن، تۆش چاو لە گەشبین ی خوشکت بکە،... هتد) ئەم بەراوردکردنانە دەبنە هۆی شەرمکردن و خۆبەکەمزانی و هەست کردنی کەمتوانیی منداڵەکەتان.

١٦ ـ خۆشەویستی و سۆزبەخشین و ڕێزگرتن لە کەسایەتیی منداڵەکەتان.. زۆر گرنگ و بەسوودن.. ڕێخۆشکەرن بۆ زانینی هۆکارەکانی شەرم و گۆشەگیریی منداڵەکەتان و.. ڕێگاکانی چارەسەرکردنیشیان ئاسانتر و کورتر دەکەنەوە.

١٧ ـ پێویستە دایك و باوك، لایەنە بەهێز و بێ هێزەکانی منداڵەکەیان بزانن.. پاڵپشت و هاندەری خاڵە بەهێزەکانی بن و بەردەوام بێ لێیان و زیاتریش گەشیان پێ بکا.. چارەسەری پێویست و دروستیش بۆ خاڵە لاوازەکانی بدۆزنەوە.

١٨ ـ منداڵەکەتان هان بدەن، بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکەی و، لە دەرەوەی قوتابخانەکەشیدا لە چالاکییە وەرزشی و هونەری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکات.. واش بکەن کە لە چالاکییە تەنیاییەکانی دووری بخەنەوە، وەکو دانیشت بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەردەم تەلەفزیۆندا، یاری کردن بۆ ماوەیەکی درێژ بە ڤیدیۆ و ئەتاری و پلەیستێشن.. ئەگەر کرا لە ماڵەوە فێری هەڵپەڕکێ یا گۆرانی یا هەر چالاکییەکی تری کۆمەڵایەتی بکەن.. بە مەبەستی ڕووکرانەوە و شەرم شکاندن و، هاوکاری و ئەنجامدانی کاری بە کۆمەڵ.

١٩ ـ هێندە لە پارێزی منداڵەکەتان مەبن و، زیادەڕۆیی لە وریابوونیدا مەکەن و هەموو کاتێکتان بە ئەوەوە بەسەر مەبەن.. وریاش بن کە لە منداڵانی خەڵکی بە جیاوازتر و بە زیاتری مەزانن.. مەڵێن لە دڵمان نایەت و تاقانەیە و نابێ هیچ بکات.. ئەگینا لە دابین کردنی هەموو پێداویستییەکانیدا پشت بە ئێوە دەبەستێ..

پێویستە وا ڕای بهێنن کە ئەو کارانەی بۆی دەکرێ با بیکا.. بۆ نموونە خۆی جلوبەرگەکانی لەبەربکا و خۆی خۆی برازێنێتەوە و خۆی جلەکانی هەڵواسێ.. پارەی بدەنێ با بچێ لە فرۆشگاکەی نێزگ ماڵتان کیلۆیەك پەتاتە یا تری بکڕێ.. با خۆشی ڕەنگی جلوبەرگەکانی هەڵبژێرێ.. ئەم کارە بچووکانە، بڕوای بە توانای خۆی پێ دەبەخشن و.. سەربەست دەبێ لە بنیاتنانی کەسایەتی خۆیدا.

٢٠ ـ پێویستە بە چاوی یەکسانییەوە، مامەڵە لەگەڵ کچەکەتان و کوڕەکەتاندا بکەن و.. جیاوازی مەکەن لە نێوانیاندا.. وشەی (شوورەیی) ش، مەکەن بە کۆسپ و بەربەست لە ڕێی خواست و ئارەزووەکانی کچەکەتان.. یا هەر لەبەر ئەوەی کە مێینەیە، هەموو شتێکی لێ بکەن بە نابێ و بە (بڤە) یە.

٢١ ـ بە تەنیای و بە پەنهانی، منداڵەکەتان لە هەڵەکانی ئاگادار بکەنەوە.. بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە ڕووشکێنی مەکەن و،







ئازاری هەست و دەروونی مەدەن.

٢٢ ـ ناکۆکی و کێشەکانی نێوان دایك و باوك و، مشومڕ و هاوارییان لە بەردەم منداڵەکەیاندا.. کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەروونی منداڵەکەیان دەبێت و لە ژیانی داهاتوویدا بە خراپی ڕەنگ دەدەنەوە

٢٣ ـ هانی منداڵەکەتان بدەن کە بەشداری لە (ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوون)ی هاوڕێکانیدا بکات و دیارییان پێشکەش بکات.. ساڵانەش لە یادی جەژنی ساڵڕۆژی لە دایکبوونی خۆیدا.. ئاهەنگ سازبکات و بانگی هاوڕێکانی بکات..

بەشداری کردنی لەم بۆنانەدا زۆر بەسوودن و، دەبنە هۆی ترس ڕەوانەوە و کرانەوە سارێژکردنی شەرم وگۆشەگیریی و. تێکەڵ بوونی بە منداڵانی تر.

٢٤ ـ کە دایك و باوك بۆ میوانی دەچن، پێویستە منداڵەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بەبێ ئەوەی کە پێش وەخت هەڕەشەی لێ بکەن و، کۆمەڵێك مەرجی بۆ دابنێن.. وەکو (لە شوێنێك دابنیشە و هەڵمەستە، دەست بۆ هیچ مەبە، قسە نەکەیت،...).. لە جیاتیی ئەم هەڕەشانە.. با دایك و باوکی بە زەردەخەنەوە چەند ئامۆژگارییەکی بکەن، مەبەستیان لە سەردانەکەیان بۆ ڕوون بکەنەوە.. ئەم سەردانانە شەرمی منداڵ دەشکێنێ و، تێکەڵ بە خزم و ئاشنا و هاوڕێکانی دایك و باوکی دەبێت و، تێکەڵی منداڵەکانیان دەبێت.

٢٥ ـ پێویستە ژینگەی ماڵەوەی منداڵ، زەمینەیەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و خۆشی و ئاشتی و تەبایی و نەرم و نیانی و ڕێزگرتن و لێبووردەیی بێ لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەیدا.. منداڵی شەرمن لە ماڵێکی وەهادا گەورە ببێ.. هەست بە دڵنیای و ئاسوودەیی دەکا و، شانازی بە خێزانەکەیانەوە دەکا.

٢٦ ـ هانی منداڵەکەتان بدەن، لە ئاهەنگێکی قوتابخانەکەیدا، یا لە بۆنەیەکدا وتەیەك پێشکەش بکات، بۆ نموونە : لە ڕۆژی دایکدا، لە ڕۆژی مامۆستادا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، لە ڕۆژی جیهانی منداڵاندا، لە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا، یا لە هەر بۆنەیەکی تردا بێت..

دەستخۆشی و ئافەرینی لێ بکەن و.. دیارییەکشی پێشکەش بکەن.

٢٧ ـ هانی منداڵەکەتان بدەن، لە کاتی قسەکردن لەگەڵ یەکێکدا، ئاسایی بێت و شەرم نەکات و، چاوی بڕێتە چاوی.. بەم شێوەیە ڕووی دەکرێتەوە و ترس و شەرمی نامێنێ.

٢٨ ـ کاتێ کە منداڵە شەرمنەکەتان، لەگەڵ خوشك و براکەیدا، گرژی دەکەوێتە

نێوانیانەوە.. لێی گەڕێ و، بزانە خۆی چی دەکا و، چۆن چارەسەری دەکا.

٢٩ ـ پێویستە دایك و باوکی منداڵی شەرمن و گۆشەگیر، پەیوەندییەکی باش و راگۆڕینەوەی بەردەوامیان لەگەڵ گەڵ پسپۆری دەروونی و لەگەڵ قوتابخانەکەی و مامۆستای رابەری پۆلەکەیدا هەبێت.. تا پێکەوە و بە هاوکاری لە هۆکارەکانی شەرم کردنی منداڵەکەیان بزانن و.. چارەسەری پێویستی بۆ دابنێن.

٣٠ ـ بێگومان رۆڵی قوتابخانە و مامۆستاکان.. لە رۆڵی ماڵەوە و دایك و باوکی منداڵ کەمتر نین و، هەردووکیان تەواکەری یەکترین.. پێویستە مامۆستاکان بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان قوتابییەکاندا، بە دڵێکی گەورەوە و، بە هەست کردن بەو پەیام و ئەرکە گرنگ و پیرۆزەی لە ئەستۆیاندایە.. بە خۆشەویستی و سۆزێکی دایك و باوکانەوە بیان لاوێنن، بە زەردەخەنەی ناسك و بە زمانێکی شیرین و بە روویەکی گەش و خۆشەوە، مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانیاندا بکەن.. بە منداڵی خۆیان، یا بە خوشك و برا بچووکی خۆیانیان بزانن.. ئەم منداڵانە ئامانەتن لە بەردەست مامۆستاکاندا.

پێویستە هەموو ساڵێك رۆژی یەکەمی دەست پێ کردنی خوێندن.. وەکو رۆژێکی جەژن بێت.. چەند چالاکییەکی هەمەڕەنگەی کۆمەلایەتیی خۆش پشکەش بکرێن.. منداڵە تازەکانی پۆلی یەکەمینیش، کە یەکەمین رۆژی هاتنیانە بۆ قوتابخانە.. یەك یەك خۆیان بناسێنن وچەپڵەیان بۆ لێ بدەن.. شیرینیشیان پێ بدەن.. تا ئەوەی قوتابییە تازانە، قوتابخانە بەشوێنی ترس و بێزاری نەزانن

نابێ مامۆستاکان منداڵانی شەرمن پشتگوێ بخەن و پەراوێزیان بکەن.. بەڵکو پێویستە زیاتر لێیان نێزگ ببنەوە و زیاتر هانیان بدەن و یارمەتیان بدەن.. وایان لێبکەن کە ترس و شەرمیان نەمێنێ و.. بەشداری لە چالاکییە هەمەجۆرەکان و لە تیپ وگرووپەکانی پۆلەکەیان و قوتابخانەکەیان بکەن و.. رۆڵیان هەبێت.. تا ئەو هەستەیان لا دروست بێت کە مامۆستاکان خۆشیان دەوێ و بایەخیان پێ دەدەن.. گۆشەگیرییان نامێنێ و لەتیپ و گرووپەکان و لە ناو پۆلەکەشیاندا، ئازایەتی و حەزی خۆدەرخستن و خۆبردنەپێشەوەیان لادروست دەبێت، پەیوەندی هاوڕێتی دروست دەکەن و.. بناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی بنیات دەنێن.

پێویستە ئاماژەی ئەوەش بکەین، کە ئەو هەنگاوانەی سەرەوە.. تەنها چارەسەرن.. مەرج نییە هەموو منداڵێکی شەرمن، پێویستی بە هەموو ئەو چارەسەرانە





هەبێت.. چونکە هەر منداڵێك تایبەتی مەندیی خۆی هەیە.. لەوانەیە شەرم کردن لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازی هەبێت.. بۆ نموونە لەوانەیە منداڵێك لە خوێندنەوەدا شەرم بکا.. بەڵام لە قسەکردن و لە گفتوگۆدا ئاسایی بێ و شەرم نەکا.. شەرم بکا هەڵپەڕێ.. بەڵام لە یاری دا شەرم نەکا.

**باشییەکانی شەرمی منداڵان :**

سەرەڕای لایەنە نێگەتیڤەکانی شەرمی منداڵان.. هەندێ لایەنی بەسوود و باشیشی هەیە :

١ ـ منداڵی شەرمن، لە قوتابخانەدا، لە کاتی وتنەوەی وانەکانەکان لە پۆلدا.. گوێگرێکی باشە و بە وردی سەرنج دەدا و هۆش و بیری لای مامۆستاکەیەتی.

٢ ـ منداڵی شەرمن، زۆر بە کەمی تووشی کێشە و گرفت و ئاریشە دەبێ.

٣ ـ منداڵی شەرمن، لە لای گەورەکان خۆشەویستە.. چونکە مامەڵەکردن لە گەڵیدا ئاسانترە.

٤ ـ منداڵی شەرمن، لەلای هاوڕێکانیشی خۆشەویستە.. چونکە بێ وەیە و شەڕانی نییە.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە.. کە هاوکاری کردن لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا، لە نێوان دایکان و باوکان و مامۆستاکاندا زۆر گرنگە و پێویستە.. بۆ ئەوەی پێکەوە پلانێکی یەکگرتوو دابنێن و نەخشەڕێگایەکی باشی کارکردنیان هەبێ.. بۆ چارەسەرکردنی شەرم و گۆشەگیریی منداڵەکانیان.

نەرویج : (٣ / ١١ / ٢٠١٢)



د.هاوژین صلیوە

# جەلی و پرسیاری شیعر؟

هەڵبەتە بنەماڵەی جەلی زادە بنەماڵەیەکی دیاری شاری کۆیەن، هەر لەباب و باپیرانیانەوە کەسی هەڵکەوتوویان هەبووە لەبواری ئاینی و زانست و ئەدەب و هونەر، چونکە باوکی جەلیش مەلابووە، دواتر کورەکەشی(جەلی) بوەتە مەلا، ئەوکاتیش مەلا لەچەندین شوێن خوێندوویەتی و خۆی پەروەردەکردووەو شارەزای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە، ئەم بنەماڵیە مەلای گەورەو مەسعود محەمەدی بیرمەندو چەندانی تری تیا هەڵکەوتووە.

کەش و هەوای کۆیە باری ڕۆشنبیری هەردەم لەپێش بووە، ئەوکاتیش حاجی قادرو ئەختەرو...چەندانی تر بووین بەپشکۆی ئەم ئاگردانەو گەشاندویانەتەوە، سەبارەت بەناوی (جەلی)یش د. مارف خەزنەدار دەڵێت: ناوی ((عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلی زادەیە لە ساڵی ١٨٨٤ لەکۆیە لەدایك





بووە، سەرەتا لەلای باوکی خوێندوویەتی لە قۆناغی فەقێیاتی دا هاوڕێی حاجی قادری کۆیی بووە، پێکەوە ڕوویان کردۆتە ناوچەی باڵەکیان و لەگوندی شێخ وەتمان لە حوجرەی مەلا محەمەدی کاك عەبدوڵلاخوێندوویانە، عەبدەڵڵای جەلی زادە لەوماوەیەدا دڵی دەچێتە حەلیمەی کیژی مەلا محەمەدی مامۆستای، ئەو کچە جوان بووە و گۆیا دەستی شیعریشی هەبووە، بەڵام هیچ شیعرێکی نەماوەتەوە، لەوانەیە هەردووکیان شیعریان بۆ دڵدارەکەیان هۆنیبێتەوە))(١)،دواتر باوکی شاعیر کە بەم دڵدارییەی زانیوە بەوە ڕازی نەبووە کە عەبدوڵڵای کوڕی ئەم کچە بخوازێ، ئەم مەسەلەیە کارەساتی لێکەوتۆتەوە، (حەلیمە)ش بەنەخۆشی سیل کۆچی دوایی کردووەو(جەلی)ش بەکامی دڵی خۆی نەگەیوە(٢)((جەلی لەگەڵ باوکی دا حەجی کردووە، لەماوەی جێ بەجێ کردنی شەعاعیری حەج مەلا ئەسعەدی باوکی کۆچی دوایی کردووەو لە وڵاتی حیجاز بەخاك سپێردراوە، ئیتر خۆی گەڕاوەتەوە کۆیەو بووە بە جێنشینی باوکی))(٣)د.مارف خەزنەدار دەڵێت: ((جەلی شیعری نەکردووە بەپیشە، لە بەر ئەوە شیعری کەمە، شیعری لە موناسەبە وتووە، لەگەڵ ئەوەشدا گومان لەوەدا نییە ئەوبەرهەمەی لەبەر دەست دایە هەمووی شیعری ئەوشاعیرەمان نییەو بەشێکی لەناو چووە))(٤)شاعیر لە شیعرێکی دڵداریدا دەڵێت:

کەبێری هاتە ناو مێگەل سەراسەر قرمزی پۆشی
مەلا ئیدراکی چوو، شێخ تەریق، عارف نەما هۆشی
حەبیب دیتی ڕەقیب وەستاوە چارۆگەی بە ڕوو دادا
گوتم هەوری سیا هات و شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی(٥)

شاعیر زۆر جوانی وێنەیەکی وەسفی خستۆتە ڕوو کە لەشێوەی کورتیللە چیرۆك و گرتەیەکی ڤیدیۆیی دەچێت، بە شێوەیەکی جوان و لە ئاستێکی هونەری بەرز دەریبڕیوە، ئەویش وەسفی یارە کەبینیویەتی، بەڵام لە ترسی ڕەقیب چارۆگەی بە ڕووی خۆی داداوەو خۆی لە شاعیر شاردۆتەوە، وەك ئەوەبووە هەور بەری خۆرەتاوی گرتبێت ئەوا ڕوناکی یارەکەی لە بەرچاو بزر بووە.

شاعیر وەکو نالی وەکو شاعیرە بەرزەکان ئاستی هونەری شیعری خۆی ناسیوەو دەڵێت:

دەفتەری ئەهلی هونەر ئەگەر بگرن لەم عەسرەدا

مالّی بێ ئیقبال نەبێ وەلّا جەلی سەر دەفتەرە([٦])

شاعیر شانازی بەشیعری خۆی دەکات و ئاستی هونەری خۆی دەخاتە ڕوو کە بەتوانایە، بێگومان دەبێ شاعیر کۆمەڵێ شیعری جوانی هەبێ، تاوەکو ئەم ڕەئییە دەربڕێ، چونکە بەو چەند شیعرە ئەم لاف و شانازییە لێ نادات.

((پەیدابوونی بیری کوردەواری بەشێوەیەکی تازە لە دواساڵانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم کاری کردبووە سەر خوێندەوارانی ئەو سەردەمانە کە زۆربەیان مەلا بوون، جەلی یەکێك بوو لەو مەلایانەی هەستی کوردایەتییان لە لا درووست بووە))([٧])

جەلی لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بابکەم تەبدیلی نەزم و قافیەو ڕەویەو عەرووز
بەم زمانە هیچی تر شیعرم لە بۆ هەڵناستێ
بیکەمە کوردی زمانی خۆمە چاکی تێدەگەم
خودایە تۆفیقم بدەی من بەندەو تۆ مەولاستی ([٨])

شاعیر گلەیی لەم بارە وەستاوەی شیعری کوردی دەکات و داوا دەکات کە ڕەوییەو عەروز بگۆڕێت، واتە ئەم قتفییە بە زۆرە ملێیانە بگۆڕێت و بەزمانی کوردی شیعر بنووسرێت، بێگومان هەموو شتێك سەرەتا بەقسە دەربڕین و ناڕەزایی دەربڕین دەبێت، ئینجا بەرەو جێبەجێ کردن دەچێت، بێگومان نالی لەسەردەمی خۆی ڕەخنەی لەوانە گرتووە کە گوتوویانە بە زمانی کوردی شیعر نانووسرێ لەم شیعرە دا نالی دەڵێت:

...کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کوردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی گالیبی مەعنا دەکا...([٩])

بەڵام ئەوەی جەلی جگە لەوە داوادەکات کێش و ڕەوییەو عەروزیش بگۆڕێت، ئەمە لەڕووی مێژووییەوە حیسابی بۆدەکرێ، چونکە لەچارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و پیرەمێردو... ئەم هەوڵەیان جێ بەجێ کرد، بەڵام ناڕەزایی دەربڕینەکانی(جەلی) جێی باس و پرسیارە، واتە سەرەتا ناڕەزاییەکە لەناو خودی شیعرەکاندا بەرپا بووە، شاعیران ناڕەزاییان لەم هەموو کۆت و بەندە لا درووست بووە، دواتر پەیتاپەیتا ئەم هەوڵە دراوەو جێ بەجی کراوە،دەربڕینی ئەم بیرە لەناو چەرگەی شیعری کلاسیکی ئەوکات جیێچی هەڵوەستە لەسەرکردنە.





خێزانی (جەلی)یش شاعیر بووە، ناویشی (حەزینە)بووە، بەڵام ناوی خۆی (زەینەب) بووە، کچی شێ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەدە، چوار ساڵ دوای مردنی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە، مردنی مێردەکەی کارێکی زۆری کردۆتە سەر هەست و سۆزی و بەم شێوەیە دەڵێت:

ئەی ڕەفیقانی شەریعەت بێن گریان و شین
حەیفە بۆ ئەو قوتبی کامل کۆچی کرد بۆ ژێرزەمین
حەیفە بۆ ئەو کۆهی عرفان و دەلیلی ڕاهی حەق
پێشەوای ئەهلی مجەت ئەو ڕەئیسی المعاشقین([١٠])

سەرچاوەکان:

١

[1] – د.مارف خەزنە دار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٤، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٤٩

[٢] – س.پ.ل٤٩

[٣] – س.پ.ل٤٩

[٤] – س.پ.ل٥٠

[٥] – س.پ.ل٤٩

[٦] – س.پ.ل٥٢

[٧] – س.پ.ل٥٢

[٨] – س.پ.ل٥٣

[٩] – مەلا عەبدالکریمی مدریس و فاتح عبدالکریم،دیوانی نالی،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٦

[١٠] – کەریم شارەزا، کۆیەو شاعیرانی، ل٤٨



ئا: هاشم جەباری

# ئەو ١٠٠ کەسایەتییەی ڕێبازی مێژوویان گۆڕی .. یەکەمینیان پێغەمبەری مەزنمانە (د.خ)

(ئەو سەد کەسایەتییەی ڕێبازی مێژوویان گۆڕی) بەناوبانگترین کتێبە کە لە ئەمەریکادا دەرچوە و نوسەری ئەمەریکی (مایکل هارت) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هەزاران کەسایەتی کە لە مێژوی کۆن و نوێی جیهاندا باسکراون و ڕۆڵی کاریگەریان هەبوە لە گۆڕینی ڕێبازی مێژودا نوسیویەتی و لەم بارەیەوە تیمێکی بالاترین زانکۆکانی ئەمریکا یاریدەیان داوە و چەندین ساڵی خایاندوە.

کتێبەکە کە ناوی (سەد کەسایەتی کە ڕێبازی مێژوویان گۆڕیوە) لە خۆگرتووە، بەپێی پێوەرێکی بابەتییانە و زانستییانە ریزی کردوون و ئەو کەسایەتییانە ڕاستن و بونیان هەبووە و کاتی خۆی ژیاون و ئەفسانە نین و لای خەلک ناسراون، چونکە پێی وایە هەندێ زانای لێهاتو داهێنانی گرنگیان هەبووە بەڵام نەزانـدراوە کێن، وەکو ئەو کەسەی نوسینی داهێناوە هەرچەندە لەم بوارەوە پەنجە بۆ







شارستانێتی (بابل) درێژەکرێ کە مرۆڤایەتی فێری نوسین کرد، هەروەها لە کتێبەکەدا پێوەری گرینگی کردارەکەی ئەو کەسە ڕچاو کراوە، جا ئەگەر باشبێ یان خراپ، کاریگەری ئەو کردارەش جیهانی بێت نەك ناوچەیی، باسی ئەو کەسانەشی نەکردوە کە لەکاتی ئامادەکردنی کتێبەکەدا لە ژیان بون.

ئەو کتێبە (ئەنیس مەنسور) کردویەتی بە عەرەبی و ساڵی 1978 بەچاپی گەیاندوە و تاکو ساڵی 1986 حەوت جار چاپ کراوەتەوە و منیش لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە لە گۆڤاری (گاردینیا) کە بەڕێز (جلال چەرمەگا) سەرنوسەریەتی وەرمگێراوەتە سەر زمانی کوردی.

پێغەمبەری مەزنمان (محەمەد) درودی خوای لەسەر بێ لەو کتێبەدا و لە نێو ئەو سەد کەسە جیهانییەدا ژمارە (1)ی بۆ دانراوە و خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب)یش خوالێی ڕازی بێ ژمارە (51)ە، ئەو نوسەرە ئەمریکییە و لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیش نییە، کەواتە بۆ پێغەمبەر (محەمەد)ی (د.خ) بەیەکەم کەسایەتی داناوە ؟

لەم بارەیەوە نوسەر (مایکل هارت) دەڵێ: (محەمەد)م لەسەروی ئەم لیستەدا داناوە و لەوانەیە زۆر کەس سەرسام بن و بڵێن بۆ؟ لە وەڵامدا پێیان دەڵێم : (محەمەد) تاکە ئادەمیزادە لە مێژودا کە لەهەردو ئاستی (دین و دنیا)دا سەرکەوتنێکی بالاّ و ڕەهای بەدەست هێناوە و ئیسلامەتی وەك مەزنترین ئایینەکان بلاوکردەوە و بووە سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی و ئایینی، پاش تێپەربوونی 13 سەدە بەسەر کۆچی دواییدا،ئەوە کاریگەریی ( محەمەد)هێشتا بەهێزە و نوێ دەبێتەوە.

زۆربەی ئەوانەی لەم کتێبەدا ناوم هێناون لە مەڵبەندەکانی شارستانێتی لە نێو گەلانی سیاسی و بیرمەند لە دایکبون و پێگەیشتوون تەنیا (محەمەد) نەبێ کە ساڵی (570)ی زایینی لەشاری مەکەی باشوری خۆرئاوای شێوە دورگەی عەرەبی لەناوچەیەکی دواکەوتوی دور لە مەڵبەندی بازرگانی و شارستانێتی و هونەر و ڕۆشنبیریی لە دایك بوو، هێشتا لەدایك نەبوبو باوکی مرد و لە تەمەنی شەش ساڵیشدا دایکی کۆچی دوایی کرد، لە بارێکی کەم دەرامەتدا پێگەیشت و گەورە بو، نەخوێندەواریش بو.

لەتەمەنی 25 ساڵیدا بێوەژنێکی دەوڵەمەندی هێناو باری ژیانی باشتر بو، کە تەمەنی لە 40 ساڵی نزیك بووەوە، بەڵگەی کەسایەتییەکی بێ وێنەی لەناو خەڵکدا سەری هەڵدابو و زۆربەی

عەرەبەکانیش ئەو کات (بت) پەرستبون و هەندێکی کەمیش جولەکە و عیسایی لە مەکەدا هەبون و (محەمەد) زانیاریی لەسەر هەردو ئاینەکەیان هەبو.

لەتەمەنی 40 ساڵیدا دڵ و دەرونی پڕ بڕواو ئیمان بو کە خوا (یەکە) و لە ئاسمانەوە وەحی بۆ هات و خوا بۆ گەیاندنی پەیامێکی پیرۆز هەڵیبژارد، (محەمەد) ماوەی 3 ساڵی بەسەر برد لە بانگهێشتکردنی کەس وکاری خۆی و هەندێ کەسی تر بۆ ئایینە نوێیەکەی، ساڵی 613ی زایینی خوا داوای لە (محەمەد) کرد بەئاشکرا ئایینی نوێ رابگەیەنێ و کەسانێکی کەم بونە موسڵمان، لە ساڵی 622ی زاینیدا پێغەمبەر (د.خ) بەرەو شاری مەدینە کە 200 کیلۆمەتر لە مەکەوە دورە کۆچی کرد، لەوێدا ئیسلام پەرەی سەند و بەهێزتر بو و پێغەمبەر پیشتگیریی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی (مەدینە)ی بەدەست هێنا، کۆچکردن بەرەو (مەدینە) خاڵی وەرچەرخان بو لە ژیانی پێغەمبەردا، پێغەمبەر و موسڵمانان بونە خاوەنی هێز و توانا و (محەمەد) جێگەیەکی پتەو وکاریگەری لە دەڵ و دەرونی خەڵکدا گرتەوە، لە ساڵانی دواییدا ژمارەی موسڵمانان زۆر بو و بەشداریان لە چەندین شەڕی دژ بە بتپەرستەکانی مەکەدا کرد، ئەو شەڕ و شۆرە ساڵی 630 کە پێغەمبەر بە سەرکەوتویی گەڕایەوە بۆ شاری مەکە، دواییان پێهات.

پێغەمبەر دوساڵ ونیو بەر لە کۆچی دوایی بەچاوی خۆی بینی خەڵك کۆمەڵ کۆمەڵ دەبنە موسڵمان، کاتێکیش کۆچی دوایی کرد، ئیسلامەتی لە باشوری شێوەدورگەی عەرەبی بڵاو بووەوە و کۆچەر و دەوارنشینە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە دڕ و شەڕکەر و کەمیش بون و توانای عەرەبەکانی باکوریان نەبو کە لە زەوی و زارێکی کشتوکاڵیدا دەژیان، بەڵام پێغەمبەر بۆ یەکەمین جار لە مێژودا توانی یەکیان بخات و بیانکاتە موسڵمان و لە بریتی (بت) پەرستن بە ئیمانەوە خوا بەپەرستن، بۆیە سوپای ئیسلام جگە لە باکوری شێوە دورگەی عەرەبی توانی شاهنشایەتی فارسی لە سەردەمی ساسانییەکان و بیزەنتە و ئیمبراتۆرییەتی رۆمەکان بگرێ.

ساڵی 642 وڵاتی میسر لە چنگ ئیمبراتۆرییەتی بیزەنتییەکان رزگار کرا و عەرەبە ئیسلامەکان بەسەرکردایەتی (عومەری کوی‌ي خەتاب) ساڵی 637 هێزی فارسەکانیان لەشەڕی قادسیە بەچۆکا هێنا و ساڵی (642)ش لە شەڕی (نەینەوا) شکستیان بە بیزەنتییەکان هێنا.

سەرکەوتنەکانی سەردەمی هەردو خەلیفە (ئەبو بەکری سدیق و عومەری کوری خەتاب) دوا سەرکەوتنی موسڵمانەکان نەبون، بەڵکو ساڵی 711 هێزی موسڵمانان گەیشتە باکوری ئەفریقا تاکو زەریای ئەتڵەسی و لەوێوە بەرەو دەربەندی (جەبەل تاریق) و پەڕینەوە بەرە و ئیسپانیا.. ئەوروپا ترسی ئەوەی لێنیشت موسڵمانەکان هەمو جیهانی مەسیحی داگیر بکەن، بەڵام ساڵی 732 هێزی ئیسلام کە بەرەو ناوجەرگەی (فرەنسا) بەڕێوە بون لە شەڕی (تور) شکستی هێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەوارنشینانە کە بڕوایان بەخوا و بە قورئان و پێغەمبەر هەبو، توانیان وڵاتێکی فراوان لە سنوری هیندستانەوە تاکو زەریای ئەتڵەسی دابمەزرێنن کە مەزنترین ئیمبراتۆرییەت بو لە مێژودا تاکو ڕۆژی ئەمڕۆمان، بەڵام زۆری پێنەچو وڵاتی فارس لێی جیا بووەوە هەرچەندە بە موسڵمانیش مایەوە، دوای حەوت سەدەش لە دەسەڵاتی عەرەب بەسەر ئیسپانیا لەشەڕی نێوان ئیسلام و مەسیحییەکان، سوپای ئیسلام شکا، بەڵام میسر و عێراق کەلانکەی کۆنترین شارستانییەتی مرۆڤایەتین و باکوری ئەفریقا جیابونەوە، بەڵام هەر موسڵمانن، ئایینی ئیسلام هەر باوە و سەدەها ملیۆن موسڵمان لە ناوەڕاستی ئەفریقا و پاکستان و ئەندونیسیا هەن و ئیسلام توانی دورگە و ئایین و شێوەزارەکانی ئەندونیسیا یەکبخات لە شێوە ئۆقیانوسی هیندستانیشدا ئیسلام بڵاوەی هەیە.

نوسەری کتێبەکە و یاریدەرانی دەڵێن: لەوانەیە شتێکی نامۆ بێ چۆن پێغەمبەر (محەمەد) لەسەروی ئەم لیستەوە بێ سەرەڕای ئەوەی ژمارەی مەسیحییەکانی جیهان دوجای ژمارەی موسڵمانەکانە و بۆ دەبێ (محەمەد) ژمارە یەکی ئەم لیستە بێ و (عیسا) سلاوی خوای لێبێ ژمارە 3 و (موسا) سلاوی خوای لێبێ ژمارە 16بێ ؟ .. ئەمە چەند هۆیەکی هەیە ، لەوانە : ڕۆڵی (محەمەد) لە بلاوکردنەوەی موسڵمانێتی و پتەوکردنی کۆڵەگەی شەریعەت زۆر لە ڕۆڵی (عیسا) لە بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی ترسناکتر و مەزنتر بو، هەرچەندە (عیسا) بەرپرسی خو رەوشتی مەسیحییەکانە بەڵام قەدیس (پۆلی) بو کە شەریعەتی مەسیحی داڕشت و هەر ئەویش لێپرسراوی نوسینی زۆر لە ناوەڕۆکی کتێبی (العهد الجديد)بو، بەڵام (محەمەد) تاکە لێپرسراوی یەکەمی دانانی بناغەی ئیسلام و شەریعەت و رەوشتی

کۆمەڵایەتی و ژیان و سەودای دین و دنیای خەڵك بو، هەروەها قورئان بەتەنیا بۆ (محەمەد) هات و هەمو پێداویستییەکانی ئەم دنیا و ئەو دنیای بۆ موسڵمانان دەستنیشان کرد و قورئان بە تەواوەتی بۆ پێغەمبەر دابەزی و هەر لە ژیاندا بو کە ئایەتەکانی بۆ دەهات و زۆر بەراستی و بێ زیادو کەم تۆمار دەکران، کەچی لە مەسیحییەتدا کتێبی ئاوها سەبارەت بە راسپاردەکانی ئایینی مەسیحی نەهاتووە .

قورئان کاریگەرییەکی گرینکی لەسەر خەڵك هەبو بۆیە کاریگەری (محەمەد) لە ئیسلام لە کاریگەری (عیسا) سەبارەت بە ئایینی مەسیحی قوڵتر بو، لە ئاستی ئایینیشدا کاریگەریی(محەمەد) لە مێژوی مرۆڤایەتیدا زۆر گرنگبو، هەروەها (عیسا)ش، بەڵام (محەمەد) بە پێچەوانەی (عیسا) پیاوێکی دنیایی بو، چونکە مێرد و باوك و بازرگان و شوان و جەنگاوەر بو لە جەنگدا بریندار دەبو و نەخۆشیش دەکەوت، دوایی کۆچی دواییشی کرد.

لەبەر ئەوەی (محەمەد) هێزێکی مەزن بو، دەتوانین بڵێین: مەزنترین پێشەوای سیاسی بو لە مێژودا، ئەگەر بە مێژودا بچینەوە دەبینین زۆر روداو هەیە لەوانەیە رویان بدابوایە بێ پاڵەوانە ناسراوەکان، بۆ نمونە: لەوانەبو ناوچەکانی باشوری ئەمریکا لە ئیسپانیا جیا ببنەوە بێ ئەوەی پیاوێکی وەکو (سیمۆن پۆلیڤار) سەرکردایەتی بزوتنەوەکانی سەربەخۆیی بکردبوایە، چونکە لەوانە بو کەسی دیکە بهاتبوایە و ئەو کارەی ئەنجام بدابوایە، بەڵام هەرگیز بەبێ (محەمەد) ئەمە بە دەوارنشین و عەرەب و ئیمپراتۆرییەتی بەربڵاویان نەدەکرا، جیهان پیاوێکی ئاوها مەزنی بەخۆیەوە نەدیوە و بەبێ سەرکردایەتی و رێنمایی (محەمەد) و بڕوای هەموان بەو پێغەمبەرە مەزنە، ئیسلام ئەو سەرکەوتنە باڵایەی بەدی نەدەهێنا، لەوانەیە هەندێ مێژونوس نمونەی سەرکەوتنی باڵای وەکو مەغولییەکان لەسەدەی سیانزەهەمدا بۆ جەنگیزخان بگێڕنەوە، بەڵام هەرچەندە داگیرکاری جەنگیزخان لە غەزای ئیسلام فراوانتر بوبێ، زۆری نەخایاند و کاریگەریشی کەمتر بو و مەغولەکان بەرەو هەمان ئەو شوێنانە پاشەکشەیان کرد کە بەر لە جەنگیزخان داگیریان کردبون، بەڵام غەزای موسڵمانان وای بەسەر نەهات و لە عێراقەوە تاکو مەغریب چەندین وڵاتی عەرەب لەخۆ دەگرێ و تەنیا ئیسلام یەکیانی نەخستووە، بەڵکو زمان و مێژو و شارستانییەت یەکی خستون، بێگومان هەر بڕوای تەواو بە قورئان زمانەکانی







پاراستوە، ناکۆکی لە نێوان وڵاتانی عەرەب دا هەیە، ئەمە شتێکی سروشتیە، بەڵام نابێ ئەم ناکۆکییە یەکێتی پتەوی نصوانیانمان لة بیر بباتةوة .

ئینجا ئەو نوسەرە ئەمریکییە دەڵی: ئەم ئاوێتەیەی نێوان دین و دنیا وای لێکردم بڵێم: محەمەد مەزنترین کەسایەتی کاریگەری مێژوی هەمو مرۆڤایەتییە چونکە توانی نەتەوەیەك دروست بکات...

ئەمەش لیستێکە بەناوی کاریگەرترین ئەو سەد کەسایەتییەی ناو کتێبەکەی (مایکل هارت)ی ئەمەریکی:

١/ محەمەد کوڕی عەبدولاّ

٢/ ئیسحاق نیوتن_ زانای فیزیك و بیرکاری و دۆزەرەوەی یاسای جوڵە و کێش

٣/ عیسای پێغەمبەری ئایینی مەسیحی کە ئیسلامیش بڕوای پێ هەیە و قورئان و ئینجیل باسی دەکەن

٤/ (بوزا)ی دامەزرێنەری ئایینی بوزی

٥/ کۆنفۆشیۆس_ دامەزرێنەری کۆنفۆشیۆسی

٦/ پۆڵس_ گەورەترین مژدەبەخشی مەسیحییەت

٧/ نسی ئایلۆن_ داهێنەری کاغەز

٨/ یۆهان گۆتەنبێرگ_ داهێنەری چاپەمەنی

٩/ کریستۆف کۆڵۆمبس_ دۆزەرەوەی ئەمریکا

١٠/ ئەلبێرت ئەنیشتاین_ دانەری تێوری نیسبی

١١/ کارل مارکس_ دامەزرێنەری سۆشیالیزمی زانستییانە

١٢/ لویس باستۆر_ دۆزەرەوەی میکرۆب

١٣/ گالیلی گالیلۆ_ ئەو گەردون ناسەی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆر راگەیاند

١٤/ ئەرستۆ_ فەیلەسوف و زانای بنچینەکانی مەنتیق

١٥/ لینین_ دامەزرێنەری کۆمۆنستی لە روسیا و قوتابی وەفاداری کارل مارکس

١٦/ موسا_ پێغەمبەری ئایینی جولەکە و ئیسلام باوەڕی پێ هەیە و تەورات و ئینجل و قورئان موعجیزەکانی پشت ڕاست دەکەنەوە

١٧/ داروین_ ئەو زانا ئینگلیزەی کە دەڵێ: ڕەگەزی ئینسان لە مەیمونە

١٨/ شی وانج تی_ ئیمپراتۆری چاکسازی چین کە چینییەکانی یەکخست و شورەی مەزنی چینی دروست کرد

١٩/ ئۆگۆستۆس قەیسەر_ دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی و برازای قەیسەر

٢٠/ ماوتسی تۆنگ_ پێشەوای پارتی کۆمۆنیستی چین کە مارکسییەکی دەمارگیر بو و چینی لە سەرمادارییەوە

بەرەو سۆشیالیستی برد

٢١/ جەنگیزخان_ ئەو سەرکردە مەغولییە بو کەباکوری چین و ولاتی فارسی داگیر کرد

٢٢/ ئەقلیدیس_ ئەو زانایەی بیرکاری کە کتێبی سەرەتای ئەندازەی دانا

٢٣/ مارتن لۆسەر_ ئەو پیاوەی روبەرووی کلێسەی کاسۆلیکی رۆمانی بوەوە

٢٤/ نیکۆلای کۆپەر نیکۆس_ ئەو گەردونناسە پۆڵەندییەی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دوپاتکردەوە

٢٥/ جێیمس وات_ دۆزەرەوەی ئامێری هەڵم و پێشەوای شۆرشی پیشەسازی

٢٦/ قوستەنتینی گەورە_ یەکەم ئیمپراتۆری مەسیحی رۆمان

٢٧/ جۆرج واشنتۆن_ یەکەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

٢٨/ مایکل فرادای_ دۆزەرەوەی یەکەم ماتۆری کارەبایی

٢٩/ جێیمس کلارك ماکسوێل_ زانای فیزیکی بەریتانی

٣٠/ هەردو برا_ ئۆرفیل و ویلبۆر_ داهێنەرانی فرۆکە

٣١/ لافازێە_ گرنگترین زانای پەرەپێدانی کیمیا

٣٢/ فرۆید_ زانای شیکردنەوەی دەرونی

٣٣/ ئەسکەندەری مەقدۆنی_ بەناوبانگترین داگیرکار لە سەردەمی کۆندا

٣٤ /ناپلیۆن بۆناپارت_ ئەو ئیمپراتۆرەی فرەنسا کە بانك و زانکۆی فرەنسای دامەزراند و سەرکردایەتی جەنگەکانی دژ بە ئینگلتەرا و ئیسپانیای کرد و میسری داگیرکرد و لەبەردەم روسیادا دۆڕا

٣٥/ ئەدۆلف هیتلەر_ مایك هارت دەڵێ :ناچاربوم ناوی هیتلەر بخەمە ناو کتێبەکەمەوە و ئارەزوم نەبو ناوی ئەو کەسە بهێنم کە بوەتە هۆی کوشتنی ٣٥ ملیۆن کەس

٣٦/ ولیەم شەکسپیر_ ئەو شاعیرەی‌کە شانۆگەری یۆلیۆس قەیسەر و شالیر و هاملێت و ماکبیسی نوسیبو

٣٧/ سمیس_ مامۆستای فەلسەفە کە تیوری ئابوری پەرەپێدا

٣٨/ ئەدیسۆن_ داهێنەری گڵۆپی کارەبایی و فۆتگراف و تەلگراف و پاتری وشك و مایکرۆفۆن.. ئەدیسۆن هەزار داهێنانی بەناو تۆمار کراوە

٣٩/ لیڤنهێك_ دۆزەرەوەی میکرۆب

٤٠/ ئەفلاتون_ فەیلەسوفی گریکی و خاوەنی کتێبی کۆماری

٤١/ مارکۆنی_ داهێنەری رادیۆ

٤٢/ بیتهۆڤن_ مەزنترین مۆسیقاژەنی هەمو سەردەمێك

٤٣/ فرنر هێزنبێرگ_ خاوەنی خەڵاتی





نۆبڵ لە فیزیا

٤٤/ گراهام بێڵ_ داهێنەری تەلەفۆن

٤٥/ فلیمنج_ دۆزەرەوەی پەنسلین

٤٦/ سیمۆن پۆلیڤار_ رزگارکاری ئەمەریکا لە چنگی ئیسپانیا

٤٧/ گرۆمۆیل_ ئەو فەرماندەیەی بەسەر سوپای شاهانەی ئینگلترا سەرکەوت و دیموکراتی پەرلەمانی لە ئینگلترا دابین کرد

٤٨/ جۆن لۆك_ ئەو فەیلەسوفە ئینگلیزەی سەرەتای دیموکراتی دەستوری دابین کرد

٤٩/ مایکل ئەنجیلۆ_ وێنەکێش و پەیکەرتاش و ئەندازیاری بیناسازی

٥٠/ پاپا ئۆربانی دووەم_ ئەو پاپایەی داوای لە مەسیحییەکان کرد جەنگی خاچپەرستان بەرپا بکەن

٥١/ عومەری کوری خەتاب_ لە سەردەمی ئەودا سوریا و فەلەستین و میسر و ولاتی فارس گیران و هاوبەشی لە بلاوکردنەوەی ئیسلامدا کرد

٥٢/ ئاشوکا_ ئەو پادشایەی هیندستان کە لە شەرەکانی سەربازی بێزار بو و چووە سەر ئایینی بوزییەکان

٥٣/ قەدیس ئۆگستن_ گرنگترین پیاوی لاهوت و خاوەنی کتێبی شاری خودا دانپیانان

٥٤/ ماکس پلانك_ زانای فیزیك

٥٥/ جۆن کالڤن_پیاوی لاهوت و بلاوکەرەوەی پرۆتستانی

٥٦/ ولیەم مۆرتۆن_ ئەو زانایەی سرکردنی لەنەشتەرگەریدا بەکار هێنا

٥٧/ ولیەم هارڤی_دۆزەرەوەی خولانەوەی خوێن و ئیش و کاری دڵ

٥٨/ ئەنتۆنی هنری بیکریل_ دۆزەرەوەی تیشك

٥٩/ مەندەل_ ئەو قەشە نەمساییەی یاسای ویراسەی دۆزییەوە

٦٠/ لیستەر_ ئەو نەشتەرگەرە بەریتانییەی خاوێنکردنەوەی لە نەشتەرگەریدا دۆزییەوە

٦١/ نیکۆلاس ئوتو_ دۆزەرەوەی سوتانی ناوەوە لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبیل و فرۆکە

٦٢/ لویس داگیر_ پەرەپێدەری وێنەی فۆتۆگرافی

٦٣/ ستالین_ دکتاتۆرەکەی یەکێتی سۆڤیەت کە توانی روسیا بکاتە ولاتێکی مەزن

٦٤/ دیکارت_ فەیلەسوف و بیرکاری فرەنسی

٦٥/ یۆلیۆس قەیسەر_ قەیسەری رۆما و سەرکردەی سەرکەوتن بەسەر ئیسپانیا

٦٦/ فرانسیسکۆ بیسارۆ_ ئەو فەرماندە

نەخوێندەوارەی ئیسطانیا کە ئیمبراتۆرییەتی ئەنکاسای لە پیرۆدا شکاند و زۆر خوێن ڕێژ بوو

٦٧/ هرنان کۆرتیز_ داگیرکاری مەکسیك

٦٨/ شاژن ئێزابیلای یەکەم_ پادشای قشتالە کە حوکمی ئسیپانیا و ئەمریکای لاتینی دەکرد و یارمەتی کۆلۆمبسی دا ئەمریکا بدۆزێتەوە

٦٩/ ولیام_ خاوەنی شەڕی نۆرماندی لە ئینگلترا

٧٠/ تۆماس جیفرسۆن_ سێیەمین سەرۆکی ئەمریکا و کڕیاری لویزیانا کە بوە هۆی زیادکردنی ڕوبەری ئەمریکا و لەخۆگرتنی ١٣ ویلایەتی دیکە

٧١/ جان جاك رۆسۆ_ ئەو فەیلەسوفەی فڕەنسا کە ڕێگەی بۆ شۆڕشی فڕەنسا خۆشکرد

٧٢/ ئەدواردجن_ ئەو پزیشکەی ئینگلیز کە کوتانی دژی ئاولەی پێشخست

٧٣/ رۆنتگن_ مامۆستای فیزیا و فەلسەفە

٧٤/ یۆهان سباستیان باخ_ رەخنەگران پاش مردنی بەپەنجا ساڵ بەمەزنترین مۆسیقاژەنیان ناوزەند کرد

٧٥/ لاوتسۆ_ خاوەنی ئایینی تاوی و کتێبێکی هەیە کە بەناوبانگترین کتێبی چینییە

٧٦/ ئەنریکۆفێرمی_ نەخشەکێشی ئەتۆم

٧٧/ تۆماس مالتۆس_ خاوەنی لێکۆڵینەوەی زیادبونی ئادەمیزادو کارکردنی لە دواڕۆژی کۆمەڵگا

٧٨/ فرانسیس بیکۆن_ یەکەمین فەیلەسوفی مژدەدەر بەزانست و تەکەنەلۆژیا

٧٩/ فۆلتێر _شاعیر و رۆماننوس و فەیلەسوف لە فڕەنسا

٨٠/ جۆن کەنەدی_ سەرۆکی ئەمریکا لە سەردەمی ئەودا ئەپۆلۆ بەرەو ئاسمان هەڵدرا

٨١/ بنکۆس_ ئەو زانایەی ئەمریکا کە پەرەی بەحەبی قەدەغەکردنی منداڵ بون دا

٨٢/ سوی ون تی_ ئەو ئیمبراتۆرەی ضيني یەکخست

٨٣/ مانی_ دامەزرێنەری ئایینی مانی کە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لە ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستەوە تاکو زەریای ئەتڵەسی لە ئارادا بو

٨٤/ فاسکۆدی گاما_ ڕێگەی راستەوخۆی لە ئەوروپاوە بەرەو هیندستان دۆزییەوە

٨٥/ شارلمان_ ئیمبراتۆری فڕەنسا و دامەزرێنەری ئیمبراتۆرییەتی رۆمانی

٨٦/ کۆرشی مەزن_ دامەزرێنەری ئیمبراتۆرییەتی فارسی

٨٧/ لیون هارد ئۆیلەر_ بیرکار و فیزیاناسی سویسرایی و دۆزەرەوەی یاسای جولانەوەی خۆر و مانگ و زەوی

٨٨/ میکاڤیللی_ ئەو فەیلەسوف و سیاسییەی ئیتاڵیا کە کتێبی میری نوسیوە و بڕوای بەسیاسەتی بێڕەوشتی و بێ ئایینی وفێڵبازی و درۆ هەبو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی

٨٩/ زەردەشت_ دامەزرێنەری ئایینی زەردەشتی کە ٢٥ سەدە ژیاو تا ئەمڕۆش موریدی هەیە و خاوەنی کتێبی ئاوێستایە

٩٠/ مینا_ یەکەمین پادشای میسر بو و میسری یەکخست

٩١/ بتروسی گەورە_ مەزنترین قەیسەری روسیا بو

٩٢/ منشیۆس_ گرنگترین فەیلەسوفی چینیی دوای کۆنفۆشیۆس

٩٣/ دالتۆن_ ئەو زانا بەریتانییە بو کە بە هۆی ظةرديلـةي ئـةتؤم پەرەی بە زانستی کیمیا دا

٩٤/ هۆمیرۆس_ نوسەرێك بو کە تاوی لە ئەدەبی جیهانی کرد و دەڵێن هەر ئەویش داستانەکانی ئۆدیسە و ئەلیازەی نوسیوە

٩٥/ ئەلیزابێسی یەکەم_ مەزنترین پادشای ئینگلتەرا بو

٩٦/ جستنیان_ ئەو ئیمبراتۆرەی رۆمان بو کە بنچینەی یاساگەریی لە ولأتانی ئەوروپا دانا

٩٧/ یۆهانس کیلەر_ دۆزەرەوەی یاساکانی جولأنەوەی ئەستێرەکان

٩٨/ بابلۆ بیکاسۆ_ یەکێك بو لە شێوەکارە بەناوبانگەکان

٩٩/ مەهافیرا_ واتە پاڵەوانی مەزن، ئەو پیاوەی پەرەی بە ئایینی جینزەکان دا

١٠٠/ نیلس بۆر_ خاوەنی تیوری پێکهێنانی گەردیلە

---

سـەرضـاوة :ظؤثـاري (ظاردينيـا)كـة بةیـصز ـجـةلال ضـةرمةظالـة ولآتـي سويـسراوة دةريـدةكات و لـة ئةنتةرنصتةوة وةرمظرتوة .



ستار ئەحمەدعەبدولڕەحمان

# بۆنی بزربوونم ڕۆژەڕێیەک دەڕوات

باڵی پەپوولە هەڵگری بۆنی ئەو نزارانەیە کە بەهرەمەندی جوانییەکانی تێدا بەدیدەکرێ،لەگەڵ خەونی شاعیرانا ڕەنگین دەبێت،قەشەنگی شیعریش لەوەدایە قووڵبیتەوە بۆ نێو جەرگی غوربەت وتەنیایی،لە چاوەڕوانیدا کزەی ئالوودەیی بەئەشکی نسرمە ساردەکان داڕێژی.

دانا عەسکەری شاعیر لەمەیدانی پەیڤی ئاڵووالآو ترۆپکی وشەو ڕووباری شیعرو توولەڕێگای ڕستەدا..ئاوەژوو بەگژ ڕۆژگارەکاندا دەچێتەوە،لە خوناوی وشە ڕووی هۆنراوە دەشواتەوە.

من لەقەد تاشەبەردێك نووسرابووم
چەند زەمین بەدایکایەتی فریودرا

ئەوەندەش لەو ڕووناهیە بەگومانی
کەلەسەر شانی تاریکی دەڕسکێ

شاعیر چەتری دڵنیایی فڕێداوەو لەبەر دڵۆپەی بارانە شیعرو لەژێر ڕەهێڵەی تەنیایی و چاوەڕوانیدا تێناگات و چێوەی گەواڵەی گومان ڕوانگەی لێڵدەکەن،وەلێ ناخی ڕووگەی لالەزاری خاکەکەیەتی و تارای کۆچکردن دەسووتێنێ و ڕەشماڵی بەرخورداری هەڵدەداو ..لەهۆبەی گومانا ،لە دڵسۆزی شاعیران و بەرداشی جەرگەی هەڵوێستەکانی وردەبێتەوە.

دڵنیایە بەزامی شیعر ئاڵای نەبەردی سووردەکا،بەڵام بەسەر ڕۆحی وشەیەکا دەدرێت لەگەڕووی نەهەنگی ستەما دەخنکێنرێ.



شاعیر دەروونی ناخی دایکێکە لەسەر ڕایەخی فریودان نوقمی دورگەی ئەفسانەو دونیای ئەفسوون دەکرێت .بەگومانە لەو ئەستێرەیەی بەگەواڵە نیگاکانی دادەپۆشن و ئەو تروسکانەش بەجادوو دەزانێت کەنزای سەر شانی لوتکەکان بەتیشکی دڵنیایی هەڵدەواسن.

هەموو گەڕانەوە ماڵی خۆیان
تەنها من و ونبوونی خۆم نەبێ
بەیانیان سەبرمان لەچاوەڕوانیدا
بەتاڵدەکرایەوە
ئێوارانیش پڕ بەدەنگی بزربوون
تێکەڵ بەو ڕۆژانە دەبووین
کەمردن لەحەساری ئێمەدا

سەرقاڵی سڕینەوەی ئەو تەڵە تەباییە بوو ونبوونی شاعیر لەگەڵ جەستەی هەزاران گلێنەی تەواوەی نێو گەرداوا .. کەلەبیابانەکانی خواروو کوێرکرانەوە، ئاماژەیە بۆ دڵفراوانی و ئەو سەبرە توولانییەی کەعەودالی دەرکەوتنی پرشنگی ئازادی بەها ئینسانییەکانە، عومرێك دیاری دەستی خۆزگەی شرینەو کۆچکردنی گەلأی بینایی خەزانە.قەوانی بەتاڵی ژینی دووبارەکردنەوەی بەیانیانی بەنیاز نەگەیشتن و ئێوارانی ئەندێشەو تەنیایی و بیرەوەریی هەڵوەرینە.

لەحەشارگەی دوودڵی و گومان و گەڕانیشی مژینی هەلاڵەی یەکسانی و تەبایی..ئەفسوس ئاسەواری ژوانگەی بێداری هەڵوەشان و سڕینەوەی جڵەوبەردانی ئەسپی کەحێلی ڕاستیە..

لەنەبوون دەچم
ئیتر چۆن لەهەواری بیرەوەریدا
لێوی ئەو ماچانە گەرمبکەمەوە
کەبەسەر ڕوومەتی
وێنە ڕەش و سپیەکەی باوکمەوە
ڕەق هەلأتوون
هەموو گەڕانەوە ماڵی خۆیان

شاعیر مۆڵگەی ئازارەکانی پەروانەی ڕۆحی دەسمن و ناتوانێت تینی هەلأوی حەسرەتەکانی لێوی هاوخەمەکەی گەرمکاتەوەٍ. لەدەریاچەی دووربینیا کەشتی مەزارەکانی لەنگەر ناگرێ،سەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی ،گورزی باوکسالارییەو ڕەهایی دڵنەوایی بەر شەپۆلی دونیای زەبرو لەبیرچوون کەوتووە.

هەموو گەڕانەوە ماڵی خۆیان
تەنها من و چاوەڕوانی نەبێ
بۆ بزربوونی خۆمان ماینەوە

چەند خۆشە بەدوای خودی خۆتدا وێڵبیت،بتوانیت خودی خۆت بناسیت و ناسنامەی بوونت لەترۆپکی دیرۆکداتۆماربکەیت، سنوورەکان ببەزێنی، لەهەوارگەو لانەی خۆتا بێباکانە بەگژ ناهەموارییەکانا بچیت.

سەرچاوە/لەمیحرابی سێشەممە
ڕۆمانسییەکاندا

# یک بسته سیگار در تبعید

ئەرسەلان چەلەبی_ بوکان

"یك بسته سیگار در تبعید" نێوی کۆمەڵە شـیعری شـاعیری فـارس"غوڵـام ڕەزا بروسان"کە بۆ جاری دووهەم لە لایەن ئینتشاراتی شاملوو لە ساڵی ۱۳۸۷ بە سێ زمانی فارسی و ئاڵمانی و ئینگلیسی چاپ بووە، ئەم کۆ شێعرە لە٦٤ لاپەڕە دا و بە ۳۲ شێعر کە زۆربەیان کورتە شێعرن، خـۆی خـستۆتە پـاڵ کتێبخانـەی فارسەکانەوە.

کۆمەڵەشـێعری "یـك بـسته سـیگار در تبعیـد" لـە لایـەن شەمسی لـەنگرودی پێناسـەیەکی کـورتی لـە پـشت رووجلـدی کتێبەکە بۆ نووسراوە و خـەڵاتی یەکـەمی دەورەی شـێعری هـەواڵنێری ئێرانـی پـێ بەخـشراوە، هـەروەها جێـی ئاماژەیـە کـە خەڵاتی بەخشراو بەو کۆمەڵە شـێعرە لـە لایـەن ئینتـشاراتی نگـاه،امتیس،امرود، پشتگیری ماڵی کراوە.





کۆمەڵـە شـێعری "یـك بـسته سـیگار در تبعید" لە روانگەی زۆر یەك لە نووسـەران و شـاعیرانی فارسـەوە بـە کۆمەڵـە شـێعرێکی سەرکەوتوو و تا رادەیەك جیهانی ناسراوە و منیش لەو سۆنگەیەوە بە پێویستم زانی بـە خوێنـەرانی شـێعری بناسـێنم و چـەند شێعرێکی وەربگێڕمەوە سەر زمانی کوردی.

لە خوارەوە شێعرەکان بخوێننەوە:

تەنیایی

تەنیایی لە ئوتووبووسدا چلوچوار کەسە
تەنیایی لە شەمەندەفەڕدا
هەزار کەسە.
بیر لە تۆ دەکەمەوە
لە چاوی قونجاودا خۆر زۆرتر بەدی دەکرێ
بیر لە تۆ دەکەمەوە و
هەموو رۆژ
بە ژمارەی هەموو ددانەکانم سیگار دەکێشم
ئێمە وەك بارانێکین
کە یەکتر دەخووسێنین.

پرد

وەك بیابانێك
دوور دەکەومەوە لە خۆم و
دەڕژێم
وەك ئەستونی پردێك
لە ئاودا.
(...)
خۆزگە لە کاتی شەڕدا
سێوێکمان بە دوژمن پێشکەش کردبا.
(...)
دوگمەکانت ببەستە
با، با سەرەخەوێك بشکێنێ.

سەرچاوە:
یك بسته سیگار در تبعید
غوڵام ڕەزا بروسان
ئینتشاراتی شاملوو
چاپی دووهەم۱۳۸۷
ئەژمار:۱۱۰۰دانە



# ١٥ چامەی بورهان شاوی

پاچڤەو پێشەکی: جەلال زەنگابادی

* **بورهان شاوی :** هۆزانڤان ، ڕۆمانڤان ، پاچڤەوان ، ڕاگەیاندکار، شانۆڤان و سینەماڤانە. لە ساڵی (١٩٦٩) وە دەستی بە نڤیسین کردووەو لە ساڵی (١٩٧١) وە لە ڕۆژنامەو گۆڤارێن عیراقی و عەرەبیدا بەرهەمی پەخشدەبێتەوە.
* کوردی فەیلی و ڕۆشنهزرێکی چەپڕەوە.
* (١٩٥٥) لە شاری (کووت) زاوە.
* (١٩٧٨) پاش دەبەسراگرتن و ئەشکەنجەی هۆڤانە بۆ هەندەران هەڵاتووە...
* (١٩٧٩– ١٩٨٠) لە شاری بەیرووت لە بیاڤ ڕۆژنامەڤانیی عەرەبیدا کاریکردووە.
* (١٩٨٠– ١٩٨٦) لە شاری مۆسکۆ هونەری سینەمای خوێندووە و بەڵگەنامەی ماجستێری وەرگرتووە و سەرناڤی ماستەرنامەکەی (کورد لە سینەماداو سینەمای کوردی لە تورکیاو ئێران و عیراقدا) بووە.
* (٢٠٠٦) بابەتی ڕاگەیاندنی لە ئەڵمانیا خوێندووەو تێزی دکتۆرای بە سەرناڤی (ڕاگەیاندنی کوردی لە نێوان پڕۆپاگەندەی ڕامیاری و پرسی نوێگەریدا) ئامادەکردووە.
* (٢٠١٠) بەڵگەنامەی دکتۆرای لە زانستە مێژوویەکاندا وەرگرتووە.
* چەند ساڵێك لە ئەڵمانیا ژیاوەو، لە شاری (دیسبۆرگ) دا تیپێکی شانۆیی بە ناوی (زاگڕۆس) پێکهێناوە لە ئەکتەرانی کوردو تورك و عەرەب و ئەڵمان و، چەندین نمایشنامەی بە ئەڵمانی و کوردی و تورکی بۆ دەرهێناون ، لەوانە:

(بێژەری **ئا** و بێژەری **نە**) و (پیاوە چاکەکەی سیشوان) ی برێخت / (ئەندرۆماك) ی جان ڕاسین / ئادەم و خەڵکانێکی تر) کە لە تراژیدیای (شا لیر) ی شەکسپیرەوە ئامادەکراوە.

**هەروەها لەو ساڵانەدا چەن کورتە فیلمێکی سینەمایی دەرهێناوە ، لەوانە:**

(کەفتن بۆ بانەوە) و (ئێڤارانێك) کە لە ڕۆمانی (دۆسیێکەی ڕووداوی٦٧) ی ئیسماعیل فەهەد ئیسماعیل ئامادەکراوە.

**سەرباری ئەوانەش لە تەلەڤیزیۆنی ئەڵمانیادا کاریکردووە.**

* (١٩٩٧– ٢٠٠٢) لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی میرستانە عەرەبییە یەکگرتووەکاندا سەرپەرشتیاری ڕۆشنهزیی بووە.
* (دوادوایی ٢٠٠٢ تا نیمەی ٢٠٠٣) لە(کەناڵی ئاسمانیی **ئەبوزەبی**) دا کاریکردووە.
* (٢٠٠٢) لە کۆلیجی زانست و زانیاری و پەیوەندییە گشتییەکان ، لە زانستگەی **عەجمان** بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا– لقی **ئەبو زەبی** ، مامۆستای میوان بووە.
* (٢٠٠٥ تا نیوەی ٢٠٠٩) ڕێڤەبەری گشتیی کەناڵی ئاسمانی (الحریە) لە بەغدا بووە.
* (ناڤینی ٢٠٠٩ تا پاییزی ٢٠١١) ڕێڤەبەری ڕاپەڕاندنی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بووە.
* لە دوادوایی ٢٠١١ وە بە خۆی خێزانیەوە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە و خۆی بۆ نڤیسین تەرخانگردووەو، پژگاڵی ڕاپەڕاندنی پڕۆژە هەمە جۆرەکانیەتی .
* **ئەم کۆچامەیانەی پەخشکردۆتەوە:**

(لۆرینەیلی تەوتەم) **١٩٨٣**/ (ژیلەمۆی مەجووسی) **١٩٨٧**/ (ڕۆناهییەکی ڕەش) **١٩٩٧**/ (خاکی هەتاو) **١٩٩٨**/ (خۆڵەمێشی هەیڤ) **١٩٩٩**/ (مۆمەیلێك ئەڕای خانمە سۆمەرییەکە) **٢٠٠١**/ (پێنگاڤێن گیان)

٢٠٠٢ و (كۆ هۆزانی تەواو) ٢٠١٢

*** ئەم ڕۆمانانەی بڵاوكردۆتەوە:**

(دۆزەخی پیرۆز) ٢٠٠٨/ (توێكاریخانەی بەغدا) ٢٠١٢/ (وێڵگەی ئادەم) ٢٠١٢ و (وێڵگەی حەووا) ٢٠١٢ و (دۆزەخی پیرۆز) وەرگێڕانی بۆ كوردی : حەمە كەریم عارف ، ٢٠١٢

*** لە بواری ڕۆشنبیریی گشتییانە ، ئەم پەڕتووكانەی بڵاوكردۆتەوە:**

(روخسارەیلی ڕۆشنبیریی لە میرنشینە عەرەبییەكاندا) ٢٠٠٠/ (تیورێن راگەیاندن و پەیوەستیی جەماوەری) ٢٠٠٣/ (تەلەزگەی ڕۆشنهزریی فاشی لە عیراقدا) ٢٠٠٨/ (وەهمی ئازادی) ٢٠١٢/ (مێژووی ژیارییەكانی ڕۆژهەڵاتی دێرین) ٢٠١٢ كە بەرگی یەكەمی ئینسكلۆپیدیای (پرۆپاگەندەو پەیوەستیی جەماوەری بەدرێژایی مێژوو) ە.

*** ئەم بەرهەمە هۆزانییانەی لە زمانی ڕووسییەوە وەرگێڕاوەو بڵاوكردۆتەوە:**

(چامەكانی كەڤر) ئۆسێپ ماندەلشتام ، ١٩٨٩/ (چامەو دەقێن پەخشانی هەڵبژاردە) ی یووسف برۆدیسكی، ١٩٩٨ و (تەرمە قودداسێك و چامەگەلێكی تر) ی ئانا ئەخماتۆڤا، ٢٠٠٢

*** كۆمەڵە پاچڤەیەكی دیكەشی بڵاوكردۆتەوە:**

(زمانی هونەری شێوەكاری) ی یۆماتۆڤ / (مەشقەیلی هەژێتیی جەستەیی ئەكتەر) لە زمانی ئەڵمانییەوە / یەزدان و زانست) ی جایتۆن وبرایەلی بۆگدانۆڤ ، لە ڕووسییەوە ، ٢٠٠٠ و (ئینسیلۆپیدیای هاماج) لە ئەڵمانییەوە ٢٠٠٣

*** چەندین دەسنووس (چ نووسین و چ پاچڤە) ئامادەی پەخشكردنن :**

(شەوی پەیڤین) كۆ وتار/ (لە گۆڕەپانی فراوانی سینەمادا) كۆ وتار/ (هەڤپەیڤینێن لە ڕۆشنبیریی و هزردا)/ (چامەگەلێكی هەڵبژاردە) ی ڤلادیمیر ڤیسۆتسكی ، پاچڤە لە ڕووسییەوە/ (چامەگەلێكی هەڵبژاردە) ی ڕۆزا ئوسلندەر، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە/ (هەڤپەیڤینێن سینەمایی) ئەكیر كورساوا، پاچڤە لە ڕووسییەوە/ ( ژیان لەبان مەڕیخ) ی یۆهانس فۆن بۆتلار، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە/ (ئەوانەی لە ئاسمانەوە دابەزین) ی یۆهانس فۆن بۆتلار، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە/ (هەسارەی ئادەم) ی یۆهانس فۆن بۆتلار، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە.

*** (مەینەتی زەرادەشت و چامەگەلێكی تر/ ٥٧ چامەی هەڵبژێردراوە) پاچڤەو پێشەكی : جەلال زەنگابادی)**

لۆرینی كۆڵهەڵگری پیر(ڕەزی)

(**ڕەزی**) كۆڵهەڵگر لەهویری نیە







چەند ساڵی تێپەڕاندووەو

تێناگا سوودی ژین چییە

ژمارەی ڕەنگەكانیش نازانێ !

جگە لە پەیڤێن لێبووردن

هیچ لە زمانی عارەبەیل نازانێ.

لە (**چیا سوور**)ەوە

هەنگاوەكانی بەرەو ڕێگاكانی خوا

هێناویانە

دەریایەكی نەبینیوە

شیراعێكی سپی لەبەر (با) دا نەبینیوە

بە خەونانیش شەكەت نەبووە

(چ لە دەپدا نووسراوە مرۆڤ دەیبینێ)

*

وا دەیان ساڵە دەیەوێ سەر لە گۆڕی

باوكی بدا

كە لە (**زەڕین ئاباد**) ە...

(**ڕەزی**) كە ڕۆژێكیان لە بازاڕی (شۆریجە)

دەرنەچووە

جگە لە خانە شێدارەكان نیشتگەی

نەبووە.

(**ڕەزی فەیلی**) هەمیشە تاسەداری (**چیای**

**سوور**) ە

هەنیسك دەیخنكێنێ

گاڤا پەنا بۆ دەروونی خۆی دەباو

بە وشەگەلێكی هەڕەمە پرتەوبۆڵەدەكا:

" **باوكم...دایكم..جانم...نەرگس** " *

وەلێ چریكەی پۆلیسێ

(**ڕەزی**) رادەچەڵەكێنێ

بۆ ڕۆژێكی تر بێداردەبێتەوە

شەوێكی تر

شەوێكی تاریك

شەوێكی تەنیایی زنۆقبەر

شەوێك كە مرۆڤ پێشێل و رسوادەكا

**١٩٨٥/٨/٢٥ مۆسكۆ**

*** "........" لە دەقە عەرەبییەكەدا بە زمانی كوردییە.**

*** مرثيّة الحمّال العجوز (رزي)**

**لۆرینی (حەسنە) ی پیرەكچ**

ئەم ڕۆژەیلە چەند قورسن !

لە كێڵگەدا ئەسپێك كەشوفشێتی...

ئەگەر من...ئەگەر...

ئەرێ چیمە وا نوقمی خەونەیل دەبم...؟!

ئەی (**حەسنە**) هەڵسە

كۆڤانێن ماڵ خڕكەوە

ئاگر بخە تەندوورەوە...

ئەم ڕۆژەیلە چەند قورسن !

وا تەمەن دەڕوا...

(حەسنە) ش هەر خەوندەبینێ...

بە ئەسپی كێڵگەو ئاگرەوە !

**بەغدا ١٩٧٥**

---

*** مرثيّة العانس (حسنة)**

**لۆرینی كلۆخ**

شەوێكیان

بەسەر گۆڕێکا لە چۆڵەوانییا
(با) تێپەڕی
کلۆختێکی بینی
لە تەنهاییەکی ترسبارا دەگریا،
دەیروانییە مەودا دوورەکانا
بەڵکو هاوڕێیەك ببینێتەوە.
ئەی ئەو کلۆخەی
کە نها غەمگین
لەژێر گیای نازکا ناشتراوی
پێمان بڵێ
راستی.. کوانێ ؟

بەغدا ١٩٧٥

---

* مرثيّة الجمجمة

## لۆرینی هۆزانڤانەیل

ئێمە دەمرین و سترانەیل دەمێننەوە...
ئەڤیندارێك چامەکانمان دەخوێنێتەوەو
ترسەکانمان دەلۆرێنێ ودەگوزەرێ ،
شەوگار دەمانهێنێتەوەویاد:
(هیدمانەیلێك بوون...
کانیلەیەك لە قومدا تروسکایەوەو گومبوو
وا ئەوانیش رەتدەبن...
جگە لە کۆڤانیان
ئالاو شیراعێك لێیان نەماوەتەوە)
ئێمە دەمرین و سترانەیل دەمێننەوە...
ئێوارانێکیان (با) دەمانخوێنێتەوە و
لەسەر گۆڕەیلمان کەمێك دەوەستێ و
تێدەپەڕێ....

بغدا ١٩٧٥

---

* مرثيّة الشعراء

## گۆرانییەك دەربارەی مردن

مرۆڤـ میناك درەخت پیردەبێ
پاشرا وەل شەقاما لە شەقاما
بەرەو گۆڕستان رەواندەروا..
ئەمەش بنەتای کژە
جا ئەی بیرەوەری بەهاری درەختانی
هەڵەشە
ئەی بیرەوەری روخسارانی نیان
لە سترانەکەما شبتییەکی مەرگ هەیە
شبتییەکی جریوەی کلاونە هەیە
لە سترانەکەما مەرگی وەرزان هەیە
ئەمەش کۆتایی بازییەکەیە
بەڵام ئاخۆ چۆن دەمرم ؟!

١٩٧٣ /١٠/٣٠
رێگای دەربەندیخان – سلێمانی

---

* أغنية عن الموت

## جەربەزەییەك

تیشکێکی رۆناهی
بەبان لێوانما
تێپەڕی
کرۆژام
وا ئەوەتام
لە رۆشناییا





نوقمم... !

مارل – ئەڵمانیا
١٩٨٨

---

* مغامره

## پیرە مار

لەژێر گاکەڤرە دەرپەڕیوەکەدا
خۆی مەلاسداوە
لە گۆشەیلی مالا
لە نێوانی میچەکانا
لە نامەخانەدا
خۆی مەلاسداوە
لە نوشتانەوەی رۆژنامە درۆزنەکانا
خۆی مەلاسداوە
رەنگە
بۆ چایخانە بچێ
لەوەیە
پیاڵەیە چای بخواتەوە
لەوەیشە بەس بە نیگای سارد
تەماشای دانیشتووەکان بکا
هەر کاتێکیش بخوازێ
دەچێتە نێو حیزبەکانەوە !
قەلایەلێ بینادەکا
کە چاوەیل نایانبینن
رەنگیشە
حوکمی ئەو ولاتە بکا
کە گەشتیاران بۆی دەچن..!
جا زینهار
ئەی ئەوەی
ئەم چامەیە دەخوێنیتەوە
نەوەکا نها
پیرە مارەکە هەڵمەتت بدا!

دانسك – مۆسكۆ
١٩٨٠

---

* الأفعى

## کلیل و وازکەرەیل

خودی خۆمم راپێچکرد
تامنەی وازکەرەیلی چامەکەم بکا
راپێچیمکرد
تا بحەوێتەوە
بەلام
لە پشکنینی گومانبارما
دەرگام بەسەر خۆما کلۆمکردو
وازکەرە قورسەکانم
بە چامەکەم سپارد !

بەغدا
١٩٧٨/١٠/٢٨

---

* القفل والمفاتيح

## ترومبێلی ژمارە ١٣٧٦٠

سپییە
مینا کفنەیلی مردووەکان
قێزەونە

* **بورهان شاوی : هۆزانڤان ، ڕۆمانڤان ،** پاچــڤەوان ، ڕاگەیانــدکار، شــانۆڤان و سینەماڤانە. لە ساڵی (١٩٦٩) وە دەستی بە نڤیسین کردووەو لـە سـاڵی (١٩٧١) وە لە ڕۆژنامـەو گۆڤـارێن عیراقـی و عەرەبیـدا بەرهەمی پەخشدەبێتەوە.
* کوردی فەیلی و ڕۆشنهزرێکی چەپڕەوە.
* (١٩٥٥) لە شاری (کوت) زاوە.
* (١٩٧٨) پـــاش دەبەســـراگرتن و ئەشــکەنجەی هۆڤانــە بــۆ هەنــدەران هەڵاتووە...
* (١٩٧٩- ١٩٨٠) لە شاری بـەیرووت لـە بیاڤ ڕۆژنامەڤانیی عەرەبیدا کاریکردووە.
* (١٩٨٠- ١٩٨٦) لــە شــاری مۆســکۆ هونەری سینەمای خوێندووە و بەڵگەنامەی ماجـــستێری وەرگرتـــووە و ســـەرناڤی ماســتەرنامەکەی (کــورد لــە ســینەماداو ســینەمای کــوردی لــە تورکیــاو ئێــران و عیراقدا) بووە.
* (٢٠٠٦) بابەتی ڕاگەیانـدنی لـە ئـەڵمانیا خوێنـدووەو تێـزی دکتـۆرای بـە سـەرناڤی (ڕاگەیاندنی کوردی لە نێوان پرۆپاگەندەی رامیـــــاری و پرســـــی نوێگەریـــــدا) ئامادەکردووە.
* (٢٠١٠) بەڵگەنامەی دکتۆرای لە زانسته مێژووییەکاندا وەرگرتووە.
* چـەند سـاڵێك لـە ئـەڵمانیا ژیـاوەو، لـە شاری (دیسبۆرگ) دا تیپێکی شـانۆیی بـە ناوی (زاگرۆس) پێکهێنـاوە لـە ئەکتـەرانی کوردو تورك و عەرەب و ئەڵمان و، چەندین نمایشنامەی بە ئەڵمانی و کوردی و تـورکی بۆ دەرهێناون ، لەوانە:

(بێــژەری ئــا و بێــژەری نــە) و (پیــاوە چـــاکەکەی ســیـــشوان) ی برێخـــت / (ئەنـدرۆماك) ی جـان راسـین / ئـادەم و خەڵکانێکی تر) کە لە تراژیدیای (شا لیر) ی شەکسپیرەوە ئامادەکراوە.

**هەروەها لەو ساڵانەدا چەن کورتە فیلمێکی سینەمایی دەرهێناوە ، لەوانە:**

(کـەفتن بـۆ بانـەوە) و (ئێڤارانێـك) کـە لـە ڕۆمــــانی (دۆســــێکەی ڕووداوی٦٧) ی ئیسماعیل فەهەد ئیسماعیل ئامادەکراوە.

**ســەرباری ئەوانــەش لــە تەلــەڤیزیۆنی ئەڵمانیادا کاریکردووە.**

* (١٩٩٧- ٢٠٠٢) لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) ی میرسـتانە عەرەبییـە یەکگرتووەکانـدا سەرپەرشتیاری ڕۆشنهزیی بووە.
* (دوادوایـــی ٢٠٠٢ تـــا نیمـــەی ٢٠٠٣) لــە(کــەناڵی ئاسمــانیی **ئــەبوزەبی**) دا کاریکردووە.
* (٢٠٠٢) لە کۆلیجی زانست و زانیـاری و پەیوەندییـە گـشتییەکان ، لـە زانـستگەی **عەجمان** بـۆ زانـست و تـەکنۆلۆجیا- لقی **ئەبو زەبی** ، مامۆستای میوان بووە.





* (٢٠٠٥ تـــا نیـــوەی ٢٠٠٩) ڕێڤەبـــەری گشتیی کەناڵی ئاسمانی (الحریە) لە بەغدا بووە.
* (نـــاڤینی ٢٠٠٩ تـــا پـــاییزی ٢٠١١) ڕێڤەبەری ڕاپەڕاندنی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان بووە.
* لـــە دوادوایـــی ٢٠١١ وە بـــە خـــۆی خێزانییەوە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە و خـۆی بـــۆ نڤیـــسین تـــەرخانگردووەو، پـــڕگاڵی ڕاپەڕاندنی پرۆژە هەمە جۆرەکانیەتی .

*** ئەم کۆچامەیانەی پەخشکردۆتەوە:**

(لۆرینـــەیلی تەوتـــەم) ١٩٨٣/ (ژیلـــەمۆی مەجووســی) ١٩٨٧/ (ڕۆناهییــەکی رەش) ١٩٩٧/ (خاکی هەتاو) ١٩٩٨/ (خۆڵەمێشی هــەیڤ) ١٩٩٩/ (مۆمــەیلێك ئــەڕای خانمــە ســۆمەرییەکە) ٢٠٠١/ (پێنگــاڤێن گیــان) ٢٠٠٢ و (کۆ هۆزانی تەواو) ٢٠١٢

*** ئەم ڕۆمانانەی بڵاوکردۆتەوە:**

(دۆزەخــی پــیرۆز) ٢٠٠٨/ (تۆێکاریخانــەی بەغــدا) ٢٠١٢/ (وێڵگــەی ئــادەم) ٢٠١٢ و (وێڵگەی حەووا) ٢٠١٢ و (دۆزەخی پیرۆز) وەرگێڕانی بۆ کوردی : حەمە کەریم عـارف ، ٢٠١٢

*** لە بواری ڕۆشنبیریی گشتییانە ، ئەم پەرتووکانەی بڵاوکردۆتەوە:**

(روخـسارەیلی ڕۆشـنبیریی لـە میرنـشینە عەرەبییەکاندا) ٢٠٠٠/ (تیورێن ڕاگەیاندن و پەیوەستیی جەماوەری) ٢٠٠٣/ (تەلەزگەی ڕۆشـنهزریی فاشـی لـە عیراقـدا) ٢٠٠٨/ (وەهمـــی ئـــازادی) ٢٠١٢/ (مێـــژووی ژیارییـەکانی ڕۆژهـەڵاتی دێـرین) ٢٠١٢ کـە بـــەرگی یەکـــەمی ئینـــسکلۆپیدیای (پرۆپاگەنـدەو پەیوەسـتیی جـەماوەری بەدرێژایی مێژوو) ە.

*** ئەم بەرهەمە هۆزانییانەی لە زمانی ڕووسییەوە وەرگێڕاوەو بڵاوکردۆتەوە:**

(چامەکانی کـەڤر) ئۆسێپ ماندەلـشتام ، ١٩٨٩/ (چـامەو دەقـــێن پەخـــشانی هەڵبژاردە) ی یووسف برۆدیسکی، ١٩٩٨ و (تەرمە قوودداسێك و چامەگەلێکی تـر) ی ئانا ئەخماتۆڤا، ٢٠٠٢

*** کۆمەڵـــە پاچـــڤەیەکی دیکەشـــی بڵاوکردۆتەوە:**

(زمانی هونەری شێوەکاری) ی یۆماتۆڤـــ / (مەشقەیلی هەژێتیی جەستەیی ئەکتەر) لە زمانی ئەڵمانییـەوە / یـەزدان و زانـست) ی جـــایتۆن وبرایـــەلی بۆگدانۆڤـــ ، لـــە ڕووســـییەوە ، ٢٠٠٠ و (ئینـــسیلۆپیدیای هاماج) لە ئەڵمانییەوە ٢٠٠٣

*** چەندین دەسنووس (چ نووسـین و چ پاچڤە) ئامادەی پەخشکردنن :**

(شەوی پەیڤین) کـۆ وتـار/ (لـە گۆڕەپـانی فراوانی سینەمادا) کۆ وتار/ (هەڤپـەیڤینێن لــە ڕۆشــنبیریی و هــزردا)/ (چــامەگەلێکی

هەڵبـــژاردە) ی ڤلادیمـــیر ڤیسۆتـــسکی ، پاچـــڤە لـــە رووسـیـیەوە/ (چـــامەگەلێکی هەڵبـژاردە) ی رۆزا ئوسـلندەر، پاچـڤە لـە ئەڵمانییـەوە/ (هەڤپـەیڤینێن سـینەمایی) ئەکیر کورساوا، پاچـڤە لـە رووسـییەوە/ ( ژیان لەبان مەڕیخ) ی یۆهانس فۆن بۆتلار، پاچـڤە لـــە ئەڵمانییـــەوە/ (ئەوانـــەی لـــە ئاسمانـــەوە دابـــەزین) ی یۆهـــانس فـــۆن بۆتلار، پاچڤە لە ئەڵمانییەوە/ (هەسارەی ئادەم) ی یۆهانس فۆن بـۆتلار، پاچـڤە لـە ئەڵمانییەوە.

*** (مەینەتی زەرادەشت و چامەگەلێکی تر/ ٥٧ چامەی هەڵبژێردراوە) پاچڤەو پێشەکی : جەلال زەنگابادی)**

**لۆرینی کۆڵهەڵگری پیر(رەزی)**

**(رەزی)** کۆڵهەڵگر لەهویری نیە

چەند ساڵی تێپەڕاندووەو

تێناگا سوودی ژین چییە

ژمارەی رەنگەکانیش نازانێ !

جگە لە پەیڤێن لێبووردن

هیچ لە زمانی عارەبەیل نازانێ.

لە **(چیا سوور)**ەوە

هەنگاوەکانی بەرەو رێگاکانی خوا

هێناویانە

دەریایەکی نەبینیوە

شیراعێکی سپی لەبەر (با) دا نەبینیوە

بە خەونانیش شەکەت نەبووە

(چ لە دەپدا نووسراوە مرۆڤـ دەیبینێ)

*

وا دەیان ساڵە دەیەوێ سەر لە گۆڕی

باوکی بدا

کە لە **(زەڕین ئاباد)** ە...

**(رەزی)** کە رۆژێکیان لە بازاڕی (شۆریجە)

دەرنەچووە

جگە لە خانە شێدارەکان نیشتگەی

نەبووە.

**(رەزی فەیلی)** هەمیشە تاسەداری **(چیای سوور)** ە

هەنیسك دەیخنکێنێ

گاڤا پەنا بۆ دەروونی خۆی دەباو

بە وشەگەلێکی هەڕەمە پرتەوبۆڵەدەکا:

**" باوکم...دایکم..جانم...نەرگس " ***

وەلێ چریکەی پۆلیسێ

**(رەزی)** رادەچەڵەکێنێ

بۆ رۆژێکی تر بێداردەبێتەوە

شەوێکی تر

شەوێکی تاریك

شەوێکی تەنیایی زنۆقبەر

شەوێك کە مرۆڤـ پێشێل و رسوادەکا

**١٩٨٥/٨/٢٥ مۆسکۆ**

*** "........" لە دەقە عەرەبییەکەدا بە زمانی کوردییە.**

*** مرثيّة الحمّال العجوز (رزي)**





**لۆرینی (حەسنە) ی پیرەکچ**

ئەم رۆژەیلە چەند قورسن !

لە کێڵگەدا ئەسپێك کەشوفشێتی...

ئەگەر من...ئەگەر...

ئەرێ چیمە وا نوقمی خەونەیل دەبم...؟!

ئەی **(حەسنە)** هەڵسە

کۆڤانێن ماڵ خڕکەوە

ئاگر بخە تەندوورەوە...

ئەم رۆژەیلە چەند قورسن !

وا تەمەن دەڕوا...

(حەسنە) ش هەر خەوندەبینێ...

بە ئەسپی کێڵگەو ئاگرەوە !

**بەغدا ١٩٧٥**

---

*** مرثيّة العانس (حسنة)**

**لۆرینی کلۆخ**

شەوێکیان

بەسەر گۆڕێکا لە چۆڵەوانییا

(با) تێپەڕی

کلۆخێکی بینی

لە تەنهاییەکی ترسبارا دەگریا،

دەیروانییە مەودا دوورەکانا

بەڵکو هاوڕێیەك ببینێتەوە.

ئەی ئەو کلۆخەی

کە نها غەمگین

لەژێر گیای نازکا ناشتراوی

پێمان بڵێ

راستی.. کوانێ ؟

**بەغدا ١٩٧٥**

---

*** مرثيّة الجمجمة**

**لۆرینی هۆزانڤانەیل**

ئێمە دەمرین و سترانەیل دەمێننەوە...

ئەڤیندارێك چامەکانمان دەخوێنێتەوەو

ترسەکانمان دەلۆرێنێ ودەگوزەرێ ،

شەوگار دەمانهێنێتەوەیاد:

(هیدمانەیلێك بوون...

کانیلەیەك لە قومدا تروسکایەوەو گومبوو

وا ئەوانیش رەتدەبن...

جگە لە کۆڤانیان

ئالآو شیراعێك لێیان نەماوەتەوە)

ئێمە دەمرین و سترانەیل دەمێننەوە...

ئێوارانێکیان (با) دەمانخوێنێتەوە و

لەسەر گۆڕەیلمان کەمێك دەوەستێ و

تێدەپەڕێ....

**بغدا ١٩٧٥**

---

*** مرثيّة الشعراء**

**گۆرانییەك دەربارەی مردن**

مرۆڤـ میناك درەخت پیردەبێ

پاشڕا وەل شەقامدا لە شەقاما

بەرەو گۆڕستان رەواندەڕوا..

ئەمەش بنەتای کژە

جا ئەی بیرەوەری بەهاری درەختانی

هەڵشە
ئەی بیرەوەری روخسارانی نیان
لە سترانەکەما شبتییەکی مەرگ هەیە
شبتییەکی جریوەی کلاوتە هەیە
لە سترانەکەما مەرگی وەرزان هەیە
ئەمەش کۆتایی بازییەکەیە
بەڵام ئاخۆ چۆن دەمرم ؟!

٣٠/١٠/ ١٩٧٣
**رێگای دەربەندیخان — سلێمانی**

---

*** أغنيه عن الموت**

**جەربەزەییەك**

تیشکێکی رۆناهی
بەبان لێوانما
تێپەڕی
کرۆژام
وا ئەوەتام
لە رۆشناییا
نوقمم...!

**مارل — ئەڵمانیا**
**١٩٨٨**

---

*** مغامره**

**پیرە مار**

لەژێر گاکەڤرە دەرپەڕیوەکەدا
خۆی مەڵاسداوە
لە گۆشەیلی ماڵا
لە نێوانی میچەکانا
لە نامەخانەدا
خۆی مەڵاسداوە
لە نوشتانەوەی رۆژنامە درۆزنەکانا
خۆی مەڵاسداوە
رەنگە
بۆ چایخانە بچێ
لەوەیە
پیاڵەیە چای بخواتەوە
لەوەیشە بەس بە نیگای سارد
تەماشای دانیشتووەکان بکا
هەر کاتێکیش بخوازێ
دەچێتە نێو حیزبەکانەوە !
قەڵایەڵێ بینادەکا
کە چاوەیل نایانبینن
رەنگیشە
حوکمی ئەو وڵاتە بکا
کە گەشتیاران بۆی دەچن..!
جا زینهار
ئەی ئەوەی
ئەم چامەیە دەخوێنیتەوە
نەوەکا تها
پیرە مارەکە هەڵمەتت بدا!!

**دانسك — مۆسکۆ**
**١٩٨٠**

---

*** الأفعى**





**کلیل و وازکەرەیل**

خودی خۆمم راپێچکرد
تامنەی وازکەرەیلی چامەکەم بکا
راپێچیمکرد
تا بحەوێتەوە
بەڵام
لە پشکنینی گومانبارما
دەرگام بەسەر خۆما کلۆمکردو
وازکەرە قورسەکانم
بە چامەکەم سپارد !

**بەغدا**
**٢٨/١٠/١٩٧٨**

---

*** القفل والمفاتيح**

**ترومبێلی ژمارە ١٣٧٦٠**

سپییە
مینا کفنەیلی مردووەکان
قێزەوەنە
وەك تەختەرەوانی لاشەکان
کە دێتە نێو کۆڵانەوە
کەڤۆك دەفڕێ و پەنادەبا بۆ ئاسمان
دڵەیلی چۆلەکە چکۆڵەکان
تەزێ تۆقین دەبن
گاگا
دەچێتە نێو چامەوە
پەیڤگەل دەلەرزێن و
منەی بەهانەیەك بۆ بنەتا دەکەن !

**مۆسکۆ**
**٢/١٠/١٩٨١**

---

*** السيّاره رقم ١٣٧٦٠**

**کوشتنێکی ئاسایی ..هەرە ئاسایی**

پیاوێك
لە پێچی شەقاما دەکوژرێ
خەڵك نزیکناکەونەوە
دەترسێن
بکوژەکانیش
رام و رێکپۆش
میناك هاتن ، دەرۆنەوە
لێمبووره
دەرگاکە داخە
خشپەی پێنگاڤە کوشندەکان دەهەژنەفم

**مۆسکۆ**
**١٩٨١**

---

*** قتل عادي..عادي جداً**

**کووت**

ئەز تێگەیشتووم
کە هەنگاوەکانی گیان گومرابوونە !
ئاخۆ دەیبینی
نیشتەنی ماڵی جاڵجاڵۆکەیە؟!
ئاخۆ دەمبینی
رەنگە بمرم

ئەگەر پەیڕەوی هەوەسبازییەکەی بکەم ؟
ئاخۆ کێ
(**بەندیخانەی کووت**) ڕەها بکا؟
یان (**کووت**) ئەڕای تاراوگە پاڵبنێ ؟
من نەفسم بەجێهێڵا…
ئاه
ئیسە جگە لەو کێ دەربازمدەکا ؟!

١٩٩٠

---

* الكوت

## کەمێك ڕۆناهیم بدەرێ ، گیانم تاریکە

کەمێك ڕۆناهیم بدەرێ
گیانم تاریکە
سەرم لە گۆڕستانا جێهێشتبوو
وا هاتۆتەوە بۆم
تەژی ترس و گچکە خەونە..
ئەی پاییزی کەڤری تەڕبوو
پەیڤەکانم بۆت هاویشتووە
سا کەی لۆزی هێمنیم پێ دەبەخشی
کەی دەریا لێم تێئەگا؟
ئاخۆ لەسەر ئافرەتێك
–کە گیای ئاگرە – بنووم ؟!
درەختان چییان بە (با) وت؟
دەستم
دەبەخشمە شینی سەوزباو
بە گوڵڕەنگ

بەو ڕەنگەی
سەرپێچیدەکا
کە لە گۆڕستانی کەڤاڵدا بەندبکرێ
لە بینینیش یاخیدەبێ
لە سێبەرەیل دەربارەی بپرسن..

ئەوەتانێ پەنجەرەکان بۆ بینین دەکەمەوە
مەینەتی گیان بە ڕەنگێن هلۆڵی
دەپۆشم..
ئەی زمسانی ڕەنگ
ئایا
دووپشك بە گوڵڕەنك دەڕەنگێندرێ؟!
ژیژك بە کەسك؟
سێو بە کەو؟
تاریکی بە زەرد؟
ڕووباران بە سوور؟

بەفرێکی گوڵڕەنگ دەبارێ
ئاخۆ لە گوڵڕەنگ تێگەیشتین؟
سا بگەیە فریام !
نۆمایەکی سەوز
کێڵگەیەك لە بەنەوشە و
هەژانێکم ئاوینەی نیگەرانکرد..
ئاخۆ
گیان لە گرفت تێگەیشت؟!
ئەی زستانی پەیڤەکان
لە خەفتنی بێداری و





تاوسانی بێزاری
بمپارێزە !!
**مۆڵهایم – ئەڵمانیا**
**١٩٧٨**

---

*** أعطني شيئاً من النور فروحي مظلمة**

## خەزانێك

گەڵایەك دەوەرێ
لە (با) دا
جۆلانەدەکا
بۆ زەمین
دادەبەزێ
بۆ بن
بۆ بن
تا
تاریکییەکی تاریکتر
درەختەکەی بە لەرزینەوە
سەیری ئەم پاییزە گومانبارە دەکا !
١٩٨٤/١١/٣
**مۆسکۆ**

---

* خريف

## سەرسوڕمان

وتیان :
ڕێگا بۆ لات هامواره
هەرچەن دووربکەفیتەوە
نزیکدەبمەوە
هەرچەنیش بارانەیل گۆڕستانم
بخوڵمێننەوە
شەوگاریش ماڵم بڕمێنێ
نزیکتر دەتبینم
مینا ترپەی مەچەکم
شبتی ڕۆژەیلم کە تەژی مۆتەکەن !
جا ئاخۆ
چییان وت ڕاستبوو
یان من سەرسام و شەکەتم ؟!
**١٩٨٠ بەیرووت**

---

* تعجب

## پەیڤگەل

ئەم وشانە
چییانە
کە لە دەمما
دەبنە ژیلەمۆ
گەرچی
لە گیانما کۆنەیاندەکەم ؟!
ئەم پەیڤانە چییانە
وەك جاران فەرمانڕوایی گیان ناکەن
هێزی درکاندنیان نەماوەو
نهێنییەکان ڕسواناکەن
چ سوودێك لە چرا غەمگینەکانم هەیە ؟!
دەبا بۆ داهاتووەکان بەجێیانبهێڵم…!
**بەیرووت ١٩٨٠**

---

* الكلمات



عەزیز نەسین

# ئەو پیاوەی هیوایەتی شیعر بوو

لەفارسیەوە : ئازاد نەجم

لە تەمەنێکدا بوم هیوایەتم شیعرو شاعیری بو. وەك زۆربەی لاوەکان کە لە شتێکی وەك خەون و خەیاڵدا دەژین ، شیعرم دەنوسین. تاکە هیوایەتیشم ئەوە بو گوێگرێکی باش پەیدا بکەم و شیعرەکانمی بۆ بخوێنمەوە ... لەبەرئەوەی چەند ڕۆژێکی مابو بۆ سەری مانگ ، نەمدەویست ئەو دو لیرە و نیوەی لەگیرفانمدا مابو هەروا بەئاسانی بەفیڕۆی بدەم ... هەرکە لە فەرمانگە هاتمە دەرێ ، یەکسەر بەرەوماڵێ ، بۆلای ژنە لاو و ماڵداریکارەکەم ، گەڕامەوە ... هەرکە بینیمی ، گووتی: حەسەن گیان زۆر کارێکی باشت کرد زوو گەڕایتەوە ماڵێ ... خواردنێکی زۆر خۆشم بۆ ساز کردوی ... وەڵامم دایەوە: زۆر سوپاس بۆ ئەوەی کەهەمیشە لە خەمی مندایت ... باشبوو بە ووردی سەرنجی ڕوخساری نەدام! ئەگینا هەر زوو هەستی دەکرد چەندە نیگەرانم و هەر زوو دەیزانی لە بەر بێپارەیی نەبا نەدەهاتمەوە ماڵێ و دەچومە لای هاوڕێکانم ...







ئەو سەردەمە کافێی "سیرشتەر" تایبەت بە هونەرمەندان و شاعیران بوو ... ئەوەی لە یەکێك لە بوارە هونەریەکاندا سەری دەرکردبا ، شەوانە حەتمەن دەبو سەرێکی لە کافێی "سیر شتەر" دابا! هەر لەئێوارێڕا هونەرمەندان و شاعیران لەوێ کۆدەبونەوە ... شیعریان دەخوێندەوە ... گفتوگۆیان دەکرد ... دەمەقاڵێیان دەکرد ...پێکیاندادەدا ... لەو نێوەدا زۆر شەڕ و ئاشتی دەهاتنە پێش ، کەدەبونە کەرەستەیەکی باش بۆ بابەتی ڕۆژنامەکان. بێگومان ئێستا دیار ترین و ناسراوترین هونەرمەندان و شاعیرانی ئەم سەردەمە یادگاری خۆشیان لەگەڵ کافێی "سیر شتەر" دا هەیە !

لە نێوماڵێدا هەروا لەخۆڕا و بێ مەبەست دەسوڕامەوە ، لەیەك شوێن ئۆقرەم نەدەگرت ... دەمویست هەرچۆنێك بوە شیعرە تازەکەم بۆکەسێك بخوێنمەوە ، خەریك بو شێت بم. لەدڵەوە گوتم: دەك بە نەفرەت بی بێپارەیی. دەتگوت ژنەکەم گوێی لەقسەکانم بوە ، گووتی: حەسەن گیان ئەگەر حەزت لێیە بڕۆ سەرێك لە هاوڕێکانت بدە بەڵکوو بڕێك سەر و دڵت ئاسودە بێت! لە دڵەوە گوتم: ئەگەر پارەم دەبوو .!

بەڵام هەرچۆنێك بو دانم بە خۆمدا گرت و بەنیگەرانیەوە گوتم: ئەوەندە دێمەوە ماڵێ لێم بێزاری؟ ژنەکەم بەسەرخۆی نەهێنا و لەحاڵێکدا کە لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەگوت ، چەشنی باڵندەیەکی سوکباڵ بەنێو ماڵێدا دەهات و دەچوو. سفرەکەی ڕاخست ... لەناخی دڵەوە لە خوام دەویست لەوکاتەدا یەکێك لە هاوڕێکانم پەیدا بێت و لە گەڵ خۆیدا بمبات بۆ کافێکە ... بەڵام دەزانم هاوڕێکانم ناکەسبەچەن ، هەتا گیرفانم گەرمە بەردەوام بە دوامەوەن ، هەرکە زانیان بێپارەم و لاتم ، ئیدی بەلامدا نایەن. ژنەکەم ئەو خواردنە باشەی کە دروستی کردبوو ، هێنایە سەر سفرەکە ، بۆنی خواردنەکە شێوازی بیرکردنەوەی گۆڕیم و شیعرو شاعیری و کافێ و هاوڕێکانم هەمو لەبیر چونەوە و قاپەکەم ڕاکێشایە بەردەمم ... هێشتا دو سێ پاروom نەخواردبوو لەدەرگایاندا ... بە خۆشیەوە بانگم کرد : کێیە؟ ... ژنەکەم – کە چوبو دەرگا بکاتەوە – گوتی: کاك حەیدەرە ... ئەی گیان! کاك حەیدەر!... کەمال حەیدەر باشترین هاوڕێی من و گەورە ترین شاعیری هاوچەرخە. دەزانم حەتمەن کە منی لەکافێکە بەرچاو نەکەوتوە نیگەران بوە و هاتووە هەواڵم بپرسێ ... !

دو سێ پلیکان بۆ پێشوازی کردنی چومە خوارێ و چەشنی کەسانێك کەچەندین ساڵ یەکتریان نەدیبێ ، یەکترمان ماچ کرد گوتم: حەیدەر گیان فەرموو ... پێشکەوە ...

لەوەڵامدا شانێکی هەڵتەکاند و گوتی: ئەم کاتانە چ دەکەی لە ماڵێ بابە! هەستە بڕۆین سەرێك لە کافێکە بدەین … لەسەرخۆ گوتم: هاورێ گیان برێك لەسەرخۆ قسان بکە! با ژنەکەم گوێی لێنەبێ! پارەم پێنەبو بۆیە ناچار بوم لەماڵێ نان بخۆم . ئێستاکەش ڕونە کە خوا تۆی بۆناردوم

:بابە ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بێپارەیی منی گەیاندۆتە لای تۆ !.

:ڕونە ئیدی! ئەگەر پارەت هەبا منت وەبیر نەدەهاتەوە !

کەمال حەیدەر – کەنیشانەکەی نەپێکابو – گوتی: ئێستا کەوایە ، تۆ لەگەڵ خێزانەکەتدا نانی خۆت بخۆ ، منیش دەچمە ئەوێ و یەکێك هەر پەیدا دەکەم ! … وەرێکەوت بڕوا … دەستیم گرت و گوتم: پەلە مەکە … مەگەر تۆ بەشەر نیت؟ خەجاڵەتی ناکێشی! مـن لێرە جێدێڵی و بۆ خۆت دەڕۆی؟

:ئەدی چیت لێ بکەم ؟! دو کەسی بێپارە دەکرێ بچنە کافێ؟

ئەو سەردەمە ، دوو لیرە پارەیەکی کەم نەبو … پەنجا قرۆشم لەپارەکە بۆ نانی بەیانی لادایە لاوە و بە کەمالم گووت: مـن دوو لیرەم پێیە ، بەسە؟ کەمال بەخۆشحاڵیەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ … بەسە

:بەڵام چۆن لەماڵێ بێینە دەرێ؟ تۆ بەژنەکەم بڵێ یەکێك لەهاورێکانمان زۆر نەخۆشە. کەمال ، کە لە دروستکردنی ئەم جۆرە سیناریۆیانەدا پسپۆڕ بو ، گوتی: تۆ حەقت نەبێ ، ئەوە لێگەڕێ بۆ من. لەپلیکانەکان وەسەرکەوتین ژنەکەم گوتی: کاک حەیدەر سفرە ڕاخراوە … فەرموو .

کەمال حەیدەر ، بەنیگەرانیەوە چەشنی کەسانێك کە خەم و خەفەتێکی زۆریان هەبێ ، گوتی: ئەو نیازیە بەدبەختە زۆر تەندروستی خراپە!… بەدەم ورێنەوە بەردەوام باسی تۆ دەکا … هاتوم بەڵکوو پێکەوە سەرێکی لێبدەین.

:باشە … با نانەکەمان بخۆین ،پاشان دەڕۆین .

:بابە ئەو برادەرە خەریکە دەمرێ! تۆش تەنیا لە بیری ورگی خۆتدایت!

:باشە هێندە حاڵی خراپە؟

:پێم وانیە تا سبەی بژی! ئەگەر تۆ نایەی بۆخۆم بە تەنیا دەرۆم. نیگایەکی ژنەکەمم کرد … گووتی: چ بکەین … بڕۆ ئیدی ، بەڵام هەوڵ بدە زوو بگەڕێیەوە … چاوەڕوانت دەکەم.

:نا خۆشەویستەکەم! چاوەڕوانی من مەکە! تۆ نانەکەت بخۆ ، لەوانەیە … لەوانەیە من

وەدرەنگ کەوم ، مەگەر گوێت لێ نیە دەڵێ حاڵی زۆر شرە.

چاکەتەکەمم لە بەرکردوو خێرا لە ماڵێ





وەدەرکەوتین …

* * *

کاتێك گەیشتینە کافێی "سیر شتەر" هێندە ی خەڵك لێ بوو دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرزێ نەدەکەوت … هونەرمەندان … نیمچە هونەرمەندان … ئەوانەی هەر بەهونەرمەندی لەدایك ببون! هەمویان دانیشتبون و شیعریان دەخوێندەوە و گفتوگۆیان دەکرد!… ئەوەندەی گەڕاین و سوڕاین ، کورسیەکمان نەدۆزیەوە لەسەری دانیشین و شیعرەکانمان بخوێنینەوە. بۆیە ناچار بوم شیعرەکانم بۆکەمال بخوێنمەوە … هەستمکرد ئەویش زۆر نیگەرانە لەوەی کەناتوانێ جگە لەمن ، شیعرەکانی بۆکەسێکی تربخوێنێتەوە. لەگۆشەیەکدا جێگایەکی بچوکمان دۆزیەوە و بەزۆر جێگای خۆمان کردەوە. بەو دوو لیرەیەی لە گیرفانمدا بوو ، دوو پەرداخ شەراب و کەمێك مەزەم کڕی و گووتم: کەمال برێك لەسەرخۆ بیخۆوە با زوو تەواو نەبێت .

کەمال ، ئاماژەی بۆکەسێك – کە لەپشت ئێمەوە دانیشتبوو – کرد و گوتی: ئەو کابرایە دەناسی؟

ئەوکەسەی کە کەمال باسی دەکرد پێدەچو مشتەری ئەم کافێیە نەبێ ، بەکابرایەکی دەوڵەمەند دەچو. وەڵامم دایەوە: نایناسم … مەبەستت چیە؟

:سێ شەوە دێتە ئێرە و بەتەنیا لە گۆشەیەك دادەنیشێ و نان دەخوا و دەخواتەوە .

:جا باشە ئەمە هیچی تێدایە؟

:هیچی تێدا نیە ، بەڵام سەیرێکی سەر مێزەکەی بکە … !

سەیرێکی سەر مێزەکەیم کرد … ئەوەی دڵ حەز کات لە سەری بوو.

کەمال حەیدەر گوتی : پێموابێ پۆلیسی نهێنیە !

:بۆچی پێتوایە؟

:بۆچی ناوێ … پێموانیە کەسێکی ئاسایی هێندە دەسبلاو بێ .

:هەرچیەکە کەیفی خۆیەتی ، چ پەیوەندیەکی بەئێمەوە هەیە؟ …

هەردوکمان بێدەنگ بووین ، بە دوای هەلێکدا دەگەڕاین تا شیعرەکانمان بخوێنینەوە.

کەمال ، لەمن زرینگتر بو ، بە وێنەی جاران ، زوتر لە من دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعرەکانی … کەتەواویشی کرد ، پرسی: شیعرەکەم چۆن بوو؟

لەبەر ئەوەی چەند دەقیقەیەکی تر دەبوایا منیش شیعرەکانی خۆمی بۆ بخوێنمەوە ، گوتم: ناوازەیە !

:جا چت بیستوە با شیعری دوەمت بۆ بخوێنمەوە ، دواتر بێ ئەوەی بوارم بداتێ بڵێم نۆرەی منە ، دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعری دوەمی .

ناچار هەرچۆنێك بوو دانم بەخۆمدا گرت

... خواردن و خواردنەوەمان تەواو ببون. کەچی کەمال هەروا بەردەوام بوو. کاتێ شیعرەکەی تەواو خوێندەوە ، گوتم: دەبینی بەدەست بێپارەییەوە چۆن گیرمان خواردووە؟ باشە پێم نالێی لەم مەملەکەتەی ئێمەدا شاعیران و نوسەران بۆ هێندە لەخۆشگوزەرانیەکانی ژیان بێبەشن؟ تەنانەت ناتوانین تێر بەزگی خۆمان لە ڕیستۆرانت و کافێیەك بخۆین و بخۆینەوە ؟ !.

:تۆشیعرەکەت بخوێنەوە ... برسیەتیمان لەبیر دەچێتەوە !

دەمزانی بەبێ خواردن و خواردنەوە ، نەدەکرا شیعر بخوێنمەوە ، بۆیە گووتم: گوێبگرە کەمال! لەماڵێ پەنجا قرۆشم بۆ نانی بەیانی هەڵگرتبوو ، بۆئەوەی بیر و هزرت بەجوانی کۆبکەیتەوە و بەجوانی گوێ لە شیعرەکەم ڕابگری ، ئامادەم دوو پەرداخ خواردنەوە بکڕم .

کەمال ، زەردەیەکی کرد و گووتی: باشە ، جوان گوێ ڕادەگرم. یەکێك لە گارسۆنەکان ، دو پەرداخ خواردنەوەی بۆهێناین ، من دەستم کرد بە شیعر خوێندنەوە.

کەمال ، هیچ ستایشی شیعرەکەمی نەکرد. دەمزانی هەموو بیرو هۆشی لای خواردنەوەکەیە، پرسیم : چۆن بوو؟

:ها؟ ...ئێه ... خراپ نیە ... هێندێکی تر کاری لە سەر بکە! زۆر باش دەبێ.

لەم قسانەی زۆر تووڕە بوم ، ئەم کەمال حەیدەرە چەند کەسێکی سەیرە؟ هەمیشە ئەم قسە هەڵیت و پەڵیتانە دەکا. تاوانی خۆمە کە بەشیعرەکەی ئەوم گوت ناوازەیە. چەند خولەکی تر بەنیگەرانیەوە سەبارەت بەملا ولا قسەمان کرد و کاتیش تا دەهات درەنگتر دەبو ، دەبوایا بەناچاریش هەتا ماڵێ بەپێیان بیکوتینەوە ، گووتم: کەمال درەنگە هەستە بڕۆین! تا دەگەینەوە ماڵێ دەبێتە نیوە شەو !

کەمال ، بەنیگەرانیەوە تفێکی ڕۆکردە سەر زەوی و گوتی: تۆ ئەو خودایە سەیرکە لەم وڵاتەدا شاعیران و هونەرمەندان چەندە بێ نرخن؟ دەمانەوێ بچینەوە ماڵێ ، کەچی یەك قرۆشمان پێنیە سواری پاس بین ... لە جێگای خۆمان هەستاین و بەرەو دەرگای دەری وەڕێکەوتین ... ئەو پیاوەی کە لەپشتمانەوە سەر مێزەکەی بە خواردن و خواردنەوەی جۆراوجۆر ڕازابۆوە ، پێشی لێگرتین و گوتی: کاکینە تکا دەکەم دەکرێ ئەو شانازیەم بدەنێ؟

وەڵامم دایەوە: بەڵێ فەرموو قوربان ... من لەخوایەکم دەویست ، سەیرێکی کەمالم کرد تا بزانم ئەو ڕای چیە؟

کەمال ، لەسەرخۆ چرپاندیە بناگوێم: کاکە ئەمە پۆلیسی نهێنیە ، دەیەوێ شتمان لێ





دەربێنێ ...!

کابرا ، جارێکی تر داواکەی دوپات کردەوە: تکاتان لێدەکەم گەورەمکەن میوانم بن.

گارسۆنەکان ، خێرا دو دانە کورسییان هێنا ... دانیشتین ...

کەمال ، هێشتا لەسەر قسەی خۆی بوو ، بە ناباوەڕیەوە دەیڕوانیە کابرای خانەخوێ! کابرا تەنیا خۆی ناساند: بەندە موحەرەمی ئاسکۆریی بەڵێندەری کاری ڕێگاوبانم. کەمال بە هەمان ڕوخساری گرژ و مۆن و نامۆوە گوتی: تۆ ئێمە دەناسی؟

:نەخێر هێشتا شانازی ناسینتانم پێنەبڕاوە

کەمال ، نارەحەتتر بوو : چۆن ئێمە ناناسی ؟! من کەمال حەیدەرم ، شاعیری بەناوبانگ

:خۆشحاڵم بەناسینتان ، ببورە کتیبەکەتانم نەدیوە ...

:هێشتا چاپ نەکراوە ، بەم نزیکانە کتێبم چاپ دەبێ. بەڵام شیعرەکانم لە گۆڤارەکاندا بڵاو دەبنەوە.

ئیدی کەمال دڵنیا بو لەوەی کە کابرا پۆلیس نیە ... بۆیە پرسی: باشە ئەدی کاکی بەڕێز ئەگەر ناماننناسیت بۆچی بانگێشتی سەر مێزەکەی خۆتمان دەکەیت؟

کابرا ، بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: بۆ ئەنجامدانی کارەکانم چەند ڕۆژێکە هاتومە ئەنکەرە ... لەبەرئەوەی زۆرم کەیف بە شیعردێت ... پرسیارم کرد و زانیم ئێرە تایبەتە بە توێژی ڕۆشنبیران ... هەر بۆیە شەوانە دێمە ئێرە ... منیش لە تەمەنی لاویەتیدا شیعرم دەنوسین ... دواتر کە هاتمە ناو کۆمەڵگاوە و گرفتاری کاروبارەکانی ژیان بوم ، ناچار لە ئەدەبیات دوور کەوتمەوە ... ئەمشەو کەگوێم دایە قسەکانی ئێوە ، سەردەمی لاویەتی خۆمم بیرکەوتەوە ، یادی بەخێر! سەردەمی لاویەتی زۆر خۆشە .

کابرا ، دەتگوت ئەوکاتەی کە سکاڵامان لە بەختی خۆمان دەکرد ، گوێی لەقسەکانمان بوە و بەزەیی پێماندا هاتۆتەوە بۆیە بانگێشتی کردوین.

کابرای بەڵێندەر ، هەروا قسەی دەکرد: ویستم لە نزیکەوە لەگەڵ دوو شاعیری لاودا ببمە ئاشنا و چێژ لە قسەکانیان وەربگرم.

کەمال حەیدەر بەتەوسەوە گووتی: دەکەوایە باش سەیرکە تا باشتر بمانناسیت .

کابرای بەڵێندەر ، بەسەر خۆیدا نەهێنا و زۆر پێکەنی .

بەڵام کەمال حەیدەر دەسبەردار نەبو و بەڕقەوە گووتی: ئێوەی دەوڵەمەند کە دوو دێڕە شیعرتان لەبەر کردوە بە چ مافێکەوە دەتانەوێ خۆتان لە ڕیزی شاعیران بێننە

ئەژمار ؟ !

کابرای بەڵێندەر ، بەخەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە وەڵامی دایەوە: "حەق بە ئێوەیە. "

ئەگەر هاتبا و کەمال لە تەنیشتمەوە با ، سیخوڕمەیەکم تێدەکوتا بۆوەی چیتر لەم قسە حەلەق و مەلەقانە نەکا ، بەڵام حەیف لێم دوور بوو.

کابرا پرسی: حەزتان لەچیە؟

کەمال حەیدەر وەڵامی دایەوە: ئێمە خواردنەوەی کەسێك ناخۆینەوە سوکایەتی بە شیعر بکات .

کابرا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: کوا بەڕێزان! کوا من قسەی لەو چەشنەم کردووە؟ من لە ناخی دڵەوە ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ شاعیران و ڕوناکبیران.

:کاتێك کەسانی لەوێنەی تۆ بانگەشەی شیعر نوسین بکەن ، ئەمە بۆخۆی گەورەترین سوکایەتی و بێ ڕێزیە بە شیعر و ئەدەبیات .

دیاربوو کابرا هێشتا شتەکەی بە گاڵتە وەرگرتبو هەربۆیە بەپێکەنینەوە گووتی: ڕاست دەکەی حەق بە تۆیە !.

کورسیەکەی خۆم گۆڕی و لە تەنیشت کەمال دانیشتم.

کابرا بانگی گارسۆنەکەی کرد و لەئێمەی پرسی: حەزتان لە چیە؟ خۆتان فەرمان بدەن با بۆتانی بێنن ...

من ، بەئاوازێکی دۆستانەوە وەڵامم دایەوە: سوپاس قوربان ... سەر مێزەکە هەموو شتێکی لێیە ، پێویست ناکا.

بەڵام کەمال بەئاوازێکی توندەوە گوتی: جێگایەك قرژاڵی دەریا ، بڕێك گۆشتی سوێسکە ، وەهێندێك قەرقاوڵ ، بڕێکیش هێلکەی نێریە کێوی .

کابرای میواندارمان گوتی: کوا نێری هێلکە دەکات؟

کەمال وەڵامی داوە: بۆ ئێوەی دەوڵەمەند هەموو شتێك دەشێ و دەبێ .

چرپاندمە بن گوێی: کوڕە بەسە ، ئەم هەموو بێڕێزیە چیە؟

وەڵامی داوە: تۆ نازانی! مرۆڤ لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا کەپێیانوایە دەتوانن شیعر و ئەدەبیاتیش بەپارە بکڕن دەبێ بەم شێوەیە ڕەفتار بکات .

کابرا دەتگوت گوێی لە قسەکانمان بووە ، تۆزێك خۆی کۆکردەوە و ڕەش داگەڕا ، بەڵام قسەی نەکرد .

لەو ماوەیەدا گارسۆنەکان ، ئەو شتانەی کە داوامان کردبوون ، هێنابویان و لەسەر مێزەکە دایاننابوون. کاکی بەڵێندەر ، سەبارەت بە حەز و ئارەزوی خۆی دەربارەی ئەدەبیات و ئەو کێشانەی کە ببونە بەربەست لە بەردەم خوێندنەوەیدا ، زۆری قسە کرد .

لەناکاو کەمال قسەکانی پێبڕی و گوتی:



دەتوخوا بیبڕەوە بەسە کاکە! ئێمە بۆ ئەوە نەهاتوینە ئێرە تا گوێ لەم قسە پوچانەی تۆ ڕاگرین. دواتر ڕوی لە من کرد و درێژەی دایە : شیعرێك بخوێنەوە ... با کاکم لە شیعری باش تێبگات .

من لەو شێوازە قسەکردنەی کەمال زۆر توڕە و لەهەمان کاتیشدا خەجاڵەت ببوم ، شارەزای ئاکار و ڕەفتاری ببووم ... کاتێ دو سێ پێکی دەخواردەوە ئیدی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا و قسەی هەڵیت و پەڵیتی دەکردن. بەتایبەت ئەمشەو لەسنووری خۆی زۆر زیاتری تێپەڕاند ...

ویستم هەرچۆنێك بوە بڕێك بارودۆخەکە ئاسایی بکەمەوە ، گووتم: کاکە ئەم هاوڕێیەم زۆر حەزی لە گاڵتەیە ... تکا دەکەم بەڕێزت نیگەران نەبیت.

کابرای بەڵێندەر بەڕێزەوە وەڵامی داوە و گوتی: نا ... ئاساییە ... تکا دەکەم شیعرەکەت بخوێنەوە ... من زۆر حەز دەکەم گوێم لێبێ .

منیش یەکێك لەباشترین شیعرەکانی خۆم خوێندەوە ...

دواتر کەمالیش شیعرێکی خوێندەوە .

کابرای بەڵێندەریش بەردەوام لێکدا لێکدا دەیگووت: بەه! بەه! بەه! و ئێمەی زیاتر هان دەدا .

ئێمەش ، بێ ئەوەی گوێ بەقسەکانی بدەین و ئاگامان لێبێ ئاخۆ چ دەڵێ؟ دەمانخوارد و دەمانخواردەوە .

هەر کە بێدەنگ بوو ، کەمال بێ پێشەکی لێی پرسی: تۆ ئەراگۆن دەناسی؟

:کێتان فەرمو?

:ئەراگۆن !.

:ئەراگۆن؟ چ کارەیە?

کەمال حەیدەر سەری بە نیشانەی گاڵتە پێکردن ڕاوەشاند و دیسان پرسی: ئەدی ڕامبۆ؟

:نا ... نەخێر

:ئەدی ڤێرلین؟

:کێ؟

:ئەدی داستایڤسکی؟ کتێبەکانیت خوێندۆتەوە؟

: هێشتا نەمدیوە ...

:ئەدی کتێبەکانی ڕاسیل ؟

:نەخێر .

کەمال ، ئەو پاروەی لەدەستیدا بوو ، داینایە سەرمێزەکە و گوتی: کوڕی باش ... کەسێك (ئەراگۆن) نەناسێ و ناوی (ڤێرلین) ی نەبیستبێ و کتێبەکانی (داستایڤسکی) نەخوێندبێتەوە و ئاشنای بۆچونەکانی( ڕاسیل) نەبوبێ و شیعرەکانی (لیرمەنتۆف) ی بەرگوێ نەکەوتبێ! بەچ هەقێکەوە دێتە ئێرە و بانگێشتی سەر مێزەکەی خۆیمان دەکات؟ ڕوخساری کابرا ڕق و توڕەییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرا و کەمالیش هەروا قسەی دەکردن : کاکە! تۆ کە کتێبەکانی (جۆن شتاین بەك) ت نەخوێندۆتەوە و (واڵت

وایتمان) ناناسی و (تۆماس مان ) ت چاو پێنەکەوتوە! بە چ هەقێکەوە دەم لە شیعر و ئەدەبیات دەکوتی؟ ئێوەی گەمژە وادەزانن کەپارەتان هەبو ئیدی هەموو شتێك دەزانن؟

ئیدی کابرای بەڵێندەر چیتر توانای دان بەخۆداگرتنی نەما و هەستا و توند یەخەی کەمالی گرت ، لە سەر کورسیەکەی بەرزی کرد و دو سێ مەتر فڕێی دایە ئەولاتر .

کافێکە ئاڵۆزا.

کابرا ، وەك شێتان هاواری دەکرد و دەیویست پەلاماری کەمال بدا. چەند کەس لە گارسۆنەکان گرتبویان و چەند کەسیش لە شاعیرەکان دەیانویست کەمال لەوێ دورخەنەوە و بیبەنە دەرێ ... بازاڕی جنێو و قسەی سوك ، گەرم ببوو. هەردوکیان تا پێیانکرا بەیەکیانکرد .

کابرا هاواری دەکرد: " بڕۆ ونبە نەخوێندەواری لەخۆ ڕازی ، یەك قرۆشتان لە گیرفاندا نیە ئەم قسە زلانەش دەکەن ! من بەزەیم پێتاندا هاتەوە ... بەمرۆڤتان تێگەیشتم ... تکام لێکردن گەورەم کەن ، تا چەند دەقیقەیەك گوڵ بڵێین و گوڵ ببیستین! کارێکی خراپم کرد؟ ئەی لە سەر مێز دانەنیشتوانە .... "

کەمالیش لەولاوە وەلامی دەداوە : " بێدەنگبە مفتەخۆری نەخوێندەوار! تۆ کە تەنانەت ناوی یەکێك لە شاعیرو نوسەرە مەزنەکان نازانی! بە چ هەقێك دێیتە ئێرە و خۆت لەگەڵ ئێمەدا تێکەڵ دەکەی ، بڕۆ دەرێ هەی گەمژە ... ئێرە جێگای تۆ نیە . "

کابرا کە وردە وردە خەریك بو ئارام دەبۆوە ، بەلام بە بیستنی ئەم قسانە بەدەم هات و هاوارو جنێوەوە شالاوی بۆ کەمال برد: هەی سەگباب چەند دانە شیعرت گوتون پێت وایە (ئەندەلوس) ت فەتح کردوە؟ ... زۆر سوپاس بۆ تۆ خوایە کە زوو وازم لە شیعر هێنا ئەگینا منیش وەك تۆ ئێستا لە برسان دەمردم.

ئەگەر کەمال بێدەنگ بوبا ، کابرا قسەی نەدەکرد. بەلام کەمال وازی نەدەهێنا زۆر جنێوی دا. کابرا ئەمجارەیان ڕق ئەستورتر لەپێشو چوە سەر مێزەکە و لەوێڕا خۆی هەڵدایە سەر کەمال و دایە بەر مستان .

مشتەری و گارسۆنەکانی کافێکە هەرچەندیان دەکرد کەمالی لە بن دەستان بێننە دەرێ ، سودی نەبو. کەمالیش هەر مستێکی کە پێیی دەکەوت ، جنێوێکی دەدا. کابراش هەر مستێك کە دەیوەشاند دەیگوت : ئەمە بۆ ئەراگۆن ... ئەمە بۆ ڤێرلین ... ئەمەبۆ داستایۆڤسکی ... ئەمە بۆ ...

سەرەنجام هەرچۆنێك بو توانیان کابرا بگرن و کەمال ڕزگار بکەن .

کەمالیش لە گەڵ ئەوەی کەهەموو سەروچاوی خوێن بو ، بەلام هەر بێدەنگ نەدەبو: بێ شەرەفینە ئاخر کەسێك پۆشکین نەناسێ! بە چ ئاوەزێك دێت و دەم لە شیعر دەکوتێ؟

ئیدی هەرچۆنیك بو کەمالم هێنایە دەرێ و گەیاندمەوە ماڵێ

* * *

چەند ساڵێك بەسەر ئەم ڕوداوەدا تێپەڕ ببوو. بەلام سەرنج بدەنە سەرەنجامی کارەکە ، شەوێك بەڕێکەوت لەگەڵ هاوڕێیان لەیەکێك لەکافێکان نانمان دەخوارد ، یەکێك هات بۆلام و گووتی: دەمناسی؟ هەندێك لێی وردبومەوە و لە قەد و بالاو ڕوخساریم ڕوانی. بەلام هەرچەندی کردم نەمناسیەوە و ناچار گوتم: " ببورە ... نەخێر ناتناسم "...

بەلام کاتێك باسی ڕوداوەکەی ئەوشەوەی بۆکردم ، زانیم هەمان کابرای بەڵێندەرە ، بەخەجاڵەتیەوە گوتم

:سەردەمی لاوی بوو ئیدی?

:ببورە ناوتم لەبیر نەماوە! ناوت چی بوو؟

:حسن

:ئەدی برادەرەکەت ناوی چی بو؟ ئەوەی ئەو شەوە ئەو هەرایەی نایەوە؟

:کەمال حەیدەر

کابرا ، بەزەردەخەنەیەکی تایبەتەوە گوتی : " دەزانی ئەو شەوە هاوڕێیەکەت لەسەر هەق بوو ... "

نەمدەزانی مەبەستی چیە و دەیەوێ چ بسەلمێنێ ، بێدەنگ بوم ، چاوەڕوان بوم بۆخۆی قسە بکات ...

سەرەنجام دوای ئەوەی ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا ، گوتی: بەڵێ هەقی خۆی بو ... من ئەمڕۆ پیاوێکی دەوڵەمەندم ، هەموو شتێکم هەیە ، لەهیچیشم کەم نیە ... سەرباری ئەمەش ئامادەم هەرچیەکم هەیە بیدەم و جێگاکەم لەگەڵ هاوڕێکەی تۆدا بگۆڕمەوە ... بەلام ئایا ئەمە دەکرێ؟

دوای ماوەیەك بێدەنگی ، دواتر پرسی: ئەدی ئێستا کەمال حەیدەر چ دەکا

:کارمەندە لە وەزارەتی ڕێگاوبان

:کتێبەکانی چاپ کردون

:ئەوساناميلكەيەكی چاپ کرا ... ماوەیەکیش دەبێ ئاگام لێی نیە .

:ئەدی تۆ چ دەکەی؟

:من دەڵێی؟ زۆر کاری جیاوازم کرد ، بەلام هیچیان سودێکی ئەوتۆیان نەبوو ، ماوەیەك دەبێ نوسەری کابرایەکی بەڵێندەرم

:سەیرە

پێکەنینێکی تاڵ ، بەسەر لێوانیەوە دەرکەوت ، بە نیگەرانیەوە گووتی: منیش لە تەمەنی لاویدا ماوەیەك شاعیر بوم

سەرچاوە / خاطرات يك مرده / انتشارات توسن /١٣٦٥

# وەرزی جگەرە و چا

ن : ڕێبوار ژوان

سەرەولێژییەکە بە توندی عەرەبانەکەی بەرەو چۆمەکە هەڵدەلووشی و ئەمیش وەك دارێکی ڕق و وشك کە لە زەوییەکی بێ خێروبێردا شین بووبێتەوە هەردووك قاچی بە جووتە چەقاندبووە نێو خڕوبەردەکاناو لاوەلا وەك بۆ وێنەگرتن وەستابێ، بێ جوڵەو هیچ جۆرە کاردانەوەیەك قنج و قیت وشك هەڵگەڕا بوو، دەستی بەرە بەرە ئەتەزین و خەریك بوو کەوەسە ببنەوە، بەڵام لەترسی ئەوەی کە بچوکترین هەڵوێستی تازە هاوسەنگیەکەی تێك ئەداو عەرەبانەکەی لە دەست دەر ئەکرد، نەیدەوێرا دەستی شل کات و یان هەر بیر لە پشووش بکاتەوە. عارەق بە ڕوومەتە سوورەکەیا چۆڕاوگەی بەست و لە ژێر چەناکە درێژەکەیا بوو بە دڵۆپەیەکی زل و دوای تۆزێك هەڵاجان بەر بووە سەر جلە نارنجیەکانی. هێندێکی تر خۆی ڕاگرت و ژێستەکەی تێك نەدا.هەرکەس لە لاوە هاتبا وای دەزانی ئەمەش چەشنە پەیکەرێکە کە شارەوانە تازەکەی شار بۆ مەرایی دروستی کردووە، ئەویش لە وەها شوێنێکی تەریك و دوورکەوتە دا کە تەنها شەخەڵڕێژگەلێکی وەك " زمنار" خۆی ڕێیان لێ دەکەوت.

شارەوانی تازە بۆ ئەوەی کە وەك ئەوەی پێشوو بە تاوانی دزی و پارەهەڵلووشین سزا نەدرێت سەرانسەر شارەکەی بە پەیکەری باڵندەو کەڵەکێویی جۆراوجۆر ڕازاندبووەوە، بە جۆرێك کە هەر کەس تازە ڕووی لەو شارە کردبا وای دەزانی ڕێی لە دارستانێك کەوتووە بە یاساو ڕێسای تایبەت بە خۆیەوە.ئێستاکە زمناریش چووبووە ڕیزی ئەو پەیکەرانەوە، هەڵبەت دیارە کە ئەم باڵندەوکەڵەکێوی نەبوو، کەسایەتییەکی ناسراو و جێی سەرنجیش نەبوو هەتا وەك هێمای هێزو توانای چین و یان بیروباوەڕێکی تایبەتی پەیکەرێکیان بۆ داتاشی بێت. ئەم تەنیا زمناری شەخەڵڕێژ بوو کە بە هەڵکەوت عەرەبانەکەی لە هەڵدێرێکدا خەریك بوو بەرەو نێو چۆمە دەم کراوەکەی ژێر پێی خشپە بکات و ئەمیش لەگەڵ سروشتی کەللەڕەقا کێشمەنکێشی بوو هەتا نەهێڵێت ئەو کارەساتەی بەسەر بێنێ. ئاخۆ ئەگەر خۆی بۆ جەهری سروشت شل کردبا نەك هەر لە سەر ئیشەکەی دەردەکرا بەڵکو دەبا هەست و نەستیشی فرۆشتبا هەتا زیانی عەرەبانەکەی بۆ شارەوانی ببژێرێت. تازە کێ دەیزانی پاش ئەوەش بە تاوانی کەمتەرخەمی لە پاراستنی سامانی دەوڵەت سزا نادرێت و لەوە خراپتریش دەزگای ئاسایشت خۆی تیادا هەڵناقورتێنێت و وەك هەنگاوێکی سیاسی لە قەڵەمی نادات؟

تەگەرێکی عەرەبانەکەی بە حەواوە دەخولایەوەو ئەوی تریان بەسەر کڵۆ خۆڵێکەوە خۆی گرتبوو. لەناکاو کڵۆ خۆڵەکە تەقییەوەو هاوسەنگیەکەی تێك چوو. هەردووك قاچی زمنار لە جێ هەڵقەندران و بەرەو لێواری سەرەولێژییەکە تویژان. چۆمەکە وەك ئەژدیهایەکی درێژکولە بە ناو دۆڵەکەدا ڕاکشا بوو، چمانی سروشت هەر بۆ هەڵلووشینی ئەم چێژە خۆشە لەوێ دا خولقاندبووی، دەستەکانی زمنار تەواو ڕەنگیان گۆڕی بوو. سەرپەنجەکانی سپی ببوون و هێدی هێدی هازیان لێ دەبڕا. لاقەکانیشی پرژوبڵاو هەرکام بە قرۆڵ و بن بەردێکەوە گیرسا بوونەوە. نیوەو ناتەواو ئاوڕێکی بۆ دوا دایەوە، باڵندەش بەو حاسەدا نەدەفڕی. نەدەبوو دڵ بە هاتنی کەس خۆش کات، لە بەختی ئەم ئالەو وەختەدا "" بلە"" ی پۆلیسیش دیار نەبوو،

کەچی ڕۆژانی تر هەموو جارێك بۆ جگەرەو چاکەی لای دەدایە لای ئـەم و بـە باسـی خۆش و قسەی نەستەق کاتەکەیان دەدایە سەر، بەڵام ئێستا کـە تـەواو پێویـستی بـە یارمەتیی ئەو هـەبوو لـە هـیچ شـوێنێکەوە دەر نەدەکـەوت. قـەڵس بـوو، لـە ژێـر لێویەوە بۆڵاندی:

– ئاخۆ کەی هەتا ئێستا پۆلیس خێری بـۆ کەس هەبووە؟ لـە مێـژووی هـیچ گەلێکدا نەبینراوە پۆلیسەکان هەنگاوێکیان لە گەڵ خـەڵکی ئاسایی دا هـەڵێنا بـێ و دەسـتی یارمـەتییان بـۆ کـەس درێـژ کردبێتـەوە، ئەمانـــە دارەدەســـتن ، دارەدەســـت، دارەدەست و بەس.

بـەم قـسانە تۆزێـك لـە توڕەییەکـەی دامرکایەوە، بەڵام گۆبەندەکەی هەر وەکو خۆی مابووەوە، خۆ بەتـەمای مـوعجیزەو پەرجووش نەبوو، ئەی چـیی کردبا؟ لـەپڕ بلاچەی بیرێك تین و گوڕێکی تێ خستەوەو ڕێگاچارەیەکی نایە بەر پێی، ئەگەر تـوانی بـای تەنەکەیـەکی دەوری عەرەبانەکـەی ترازاندبا شـەخەڵەکەی دەڕژاو بڕێك سوك دەبـوو، ئەوسا بـە ئاسـانی دەیتـوانی بیهێنێتـەوە سـەر، بـەڵام هـەر لـە ڕادەی بیردۆزییەکدا مایەوە، قسە دانان زۆر جار ئاسانترە هەتا جێبەجێ کردنەکەی، ئەگەر ئەم دەستی بەردابا بۆ ترازاندنی تەنەکەکە

خۆ عەرەبانەکـەی خـشپەی دەکـردو هـەتا قـوڕگی چۆمەکە گـتی نـەدەکرد. تۆزێـك کاس بوو، توانای بیر کردنـەوەی نـەمابوو. ئەمجارەش بە توڕەییەوە بۆڵاندی:

– ئەوانـــەی بیرێـــك دادەنـــێن خـــەمی بـەڕێوەبردنیان نییـە چـونکو کەسـانی تـر بۆیان بەڕێوە دەبەن، بـەڵام ئەگـەر بێت و بیردۆزەکان وەکو من ناچار بن بۆ خۆشیان ئەرکی بەڕێوە بردنـی بگرنـە ئەسـتۆ ئیـدی ئەوەندە بیرو باساو ڕێسای قۆڕقۆڕ دانانێن بۆ خەڵکی قوڕبەسەر

.... لەگەڵ ئەم بلتـەو بۆڵەیـەدا چـاوی بـە تەختـــە دارەکـــەی پـــشتی تەنەکەکـــەدا هەڵتەقی، ئەمجارەش هیوای تێکەوتـەوە . ئەگـەر لانیکـەم تەختەکـەی دەرکێـشابایە چـــواردەوری عەرەبانەکـــە وەك بوخـــچە ئەکرایـەوەو ئـەنجامێکی باشـی بەدەسـت دەهێنـا. تـاوێکی تـر بـیری لـێ کـردەوە. ئینجا هـەموو وزەیـەکی خـۆی لـە دەسـتی ڕاسـتی دا چـڕ کـردەوە، تەنانـەت هێـزی دەسـتەکەی تریـشی خـستە سـەری و عەرەبانەکـــەی پـــێ ڕاگـــرت، پاشـــان لەچاوتروکانێکدا ماشاندی و بەدەستەکەی تـری تەختەکـەی ڕاکێـشا، عەرەبانەکـەی یـەکالا بـــووەوەو لـــە ناکـــاو شـــەخەڵە تێکترنجاوەکـەی وەك گرکانێـك تەقیـەوەو بـەو نـاوەدا پـرژو بـڵاو بـووەوە.لـەم




سـەرکەوتنەی بـاغر بـوو. بـەکاوخۆ عەرەبانەکـەی هەڵکێـشاو سـەرلەنوێ هەڵیپێکایـەوە. ئینجـا ڕۆییـشت و وەك هەموو جارێك لـەژێر دارەپـرچ وەریوەکـەدا دانیشت و دەستی کرد بە ساز کردنی چاو پاشـان هـەتا دێم کێشان قاچی ڕاکێشاو پشتی نووساند بە دارەکەوەو بەلای چەپا سەری بۆ لار کردەوەو خـۆی هەڵدایـە نێـو گۆمی بیرکردنـەوەدا. بیرکردنـەوە هـەموو جارێك هاوەڵی تەنیاییەکەی بـوو، کـە لـەو هـەموو هـەراو هوریـاو قەرەباڵغیـەی شـار دوور دەکەوتەوە ئەهات و لـەم ژوانـەدا لـە تـەك خـەیاڵاتی کـۆن و تـازەی دا یـەکیان دەگرتـەوە. ژیـان خـۆ هـەر ڕەوتـی خـۆی دەڕۆییشت، ئەمیش وەك هـەموو مرۆڤێکی تر تەنیا بیرکردنەوەکانی بۆ دەمایەوە. کە لـە بیرەوەرییـەکانی ڕابـردووش ڕزگـاری دەبـوو خـۆی بـە هێنـدێك هیـواو ئـاواتی داهاتووەوە پـژگاڵ دەکـرد کـە دڵنیـا بـوو وەك هەموو مرۆڤێکی تریش پێیـان ناگـات. بــەڵام هــەموو کەســێك دەبــێ هۆکاروهانەیـەکی گونجـاوی هـەبێت بـۆ درێژەپێدانی ژیان.

.........

لـە بـیری بـوو ڕۆژێکیـان لـە پەڕتوکێکـدا کەلـەنێو شـەخەڵەکاندا دۆزی بوویـەوە نووسـرابوو(( ژیـان پاسـێکی سـەر لـێ

شێواوە کە بێ مەبەست بە شەقامێکی بـێ ناوونیـــشاندا دەڕوات، لـــە هـــەر وێـستگەیەکیش دا کـە دەوەسـتێ ڕازی و یان ناڕەزا مرۆڤێك دەبێ بیتاقەکـەی بـدات و دابـەزێت))، ئـەو دێـڕەی پیـشانی بلـەی پۆلیسیش دابوو، بلەش خـۆی ئاسـایی بـە سیمایەکی ساویلکانەوە لێ مۆڕ ببـووەوەو وتبووی:

– لەم کتێبانە مەخوێنەوە زمنار ئەتگرن

– بۆ ؟ ئینجا چیی تێدایە؟

– نازانم، بـەڵام دەسـتەڵات پێـی ناخۆشـە کەس گلەیی لە ژیانی خۆی بکات

ئەمیش گەبورگەیەکی پیتۆلانەی گرتبوو و ڕایگەیاند بوو کە:

– پـۆلیس مانـا هـەر دەسـتەمۆن، ڕای تایبەتی خۆتان نییە

– من و تۆ چیمانە بـەم باسانەوە زمنـار، پارویـە نانمـان هەیـە ئـەبێ بـیر لـەوە بکەینـەوە چـۆن لەگـەڵ خاوخێزانمانـا بیخۆین

– ژیـان هـەر خـواردن و نووسـتن و منـداڵ خستنەوە نییـە بلـە، خـەڵك لـە پێنـاوی بیروباوەڕا گیان بەخت ئەکات

بلـە دۆش دامـا بـوو، پاشـان ملـی لار کردبووەوەو وەك قوتابیـەکی تەمـەڵ کـە سـەری لـە پرسـیارێکی مامۆسـتاکەی دەرنەچووبێ بە ساردی وەڵامی دابووەوە:

– من سەرم لە سیاسەت دەرناچێ، بەڵام ئەڵێن دایك و باوكی نییە، ئێمە نابێ بەم باسە كۆمۆنیستیانە نانی خۆمان ببڕین

– ئاشكرایە كە سەرت لە سیاسەت دەرناچێ، ئەگینا دەتزانی كە كۆمۆنیست و ئیسلام هیچ جیاوازییەكیان پێكەوە نییە

بلە واقی وڕمابوو، چاوی پەڕی بووە تەوقەسەری و ڕواڵەتە ساویلكانەكەی پتر خۆی نواند بوو، ئینجا بە سەرسوڕمانەوە پرسی بووی :

– چۆن؟! خۆ ئەڵێن كۆمۆنیست كافرەو دین و ئیمانی نییە!!!

ئەمیش نەیزانی بوو چۆن، بەڵام لەبەر ئەوەی كە خۆی بە چینی ڕۆشنبیر دادەناو بلەی پۆلیسیش بە دارەدەست و گەمژەو نەخوێندەوار، بە پێی ئەم زاكونە دەبا هەرچیی بلە بیكوتبا ئەم دژایەتیی كردبا، هەر بۆیە ئەو ڕۆژە وەها وەڵامی دابووەوە:

– كۆمۆنیستیش هەر لقێكە لە ئیسلام، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار لێی یاخی بووەوە

بلەش بە كاسی وتبووی:

– كەوا بوو سەرۆكی دایەرەكەمان خراپ تێی گەیاندووم...

پاشان ڕومەتی گەشا بووەوەو وتبووی:

–... دەهەهەی گوێی مەدەیە، خەریكی چاكە بە، پاییز وەرزی جگەرەو چایە

...........

قۆرییەكە دەستی كرد بە قوڵەقوڵ و لە سەرەوە ڕژایە نێو كوانووەكەی ژێری، چزەی لە ناكاوی سكڵەكان زمناری ڕاپەڕاندو خێرا قۆرییەكەی لە سەر سێ كوچكەكە داگرت، پاشان لە تەوشەرەكەیا پەرداخێكی دەرهێناو نیوەی كرد، ملی قنج كردەوەوسەیرێكی ئەو ڕێگایەی كردكە هەمووجارێك بلەی پیادا دەهات، ئەمڕۆ دەنگ و دووی نەبوو، ئینجا بە دڕدۆنگێكەوە هەموو قۆرییەكەی داهێڵایە نێو پەرداخەكەی و دەستی كرد بە خواردنەوە. كە لێ بووەوە شت و مەكەكەی لە تەوشەرەكەیا پێچایەوەو سەر لە نوێ بەبەرزترین لقی دارەكەوە هەڵیواسی و گرێیەكی هەڵافەشی لێ دا. پاشان سەرەڕای ئەوەی كە هێشتاماندوویەتیی كێشمەنكێشەكە لە لەشی دا دەرنەچووبوو ڕۆییشت و عەرەبانەكەی دایەبەرخۆی و بەدەم ڕۆییشتنەوە وتی:

–با بڕۆین هاوڕێ، من بە پێچەوانەی بلە ڕام وایە پاییز وەرزی هەوڵ و تێكۆشانە، ئەبێ بەرلەوەی كە بیتاقەكەمان بدەین و دابەزین ئەركی خۆمان بەرامبەر بەم خەڵكە بەجێ بێنین، ئێمەش لە بواری خۆماندا هەر ئەمەمان لێ دێ، ئاخۆ ئێمە چینی كرێكارین، تێ گەییشتی ؟





***

لە دوورەوە دوكەڵ لە تەپڵی سەری شار هەڵدەستا، بینامل قنجەكان باغرانە خۆیان دەنواند، زمنار بە شەكەتی پاڵی بە عەرەبانەكەیەوە دەناو بە دەم ڕێگاوە سرودێكی كۆنی دووپات دەكردەوە:

(( كارگەرین جەنگاوەرین/ ڕەنجدەرین تێكۆشەرین/ بۆ قەلای سەرمایەدار...))

هەندێك جار دێڕەكانی تێكەڵ پێكەڵ دەكردن و تەنانەت كێش و سەرواكەشی لێ تێك دەچوو. لەگەڵ پەردەی دەنگی دا جاروبار بە تەوژمەوە دەستیشی ڕادەوەشاند. كە گەییشتە ڕوانسەری چاڵە قوڵەكە شەخەڵەكەی تێ بەرداو پاشان خۆشی بە كاوخۆ بە دوای دا دابەزی و لە نێو زبڵەكاندا دەستی كرد بە پشكنین. بۆگەنی ئەو ناوە كەشەكەی داگرتبوو، بەڵام ئەم دوای ئەو هەمووساڵە ئیدی لوتی نەدەبزواو پێی ڕاهاتبوو. لە چەند جێیەكدا یەك و دوو پەڕتوكە شڕەی دۆزییەوە، دوای تۆزێك ئەم دیوو ئەو دیو پێكردن سەرنجیان ڕانەكێشاو توڕی دان. تاوێك وەستا، بۆ ئاسمانی ڕوانی، پۆلێك باڵندە بە قاپی چاوەكانی دا تێپەڕین ، ئەمیش بە ئۆخژنێكەوە هەتا چاوی هەتەری كرد بەدوویاندا كەوت، پاشان هەستی كرد سەرماكە نەختێ شكاندوویەتی، خۆی بۆ شل كردو كڵاوەكەشی بەرەو عەرەبانەكەی هەڵداو سەرلەنوێ بە نێو زبڵە بۆگەنیوەكاندا كەوتەوە مینە كردن. بۆ ئەوەی ئاسودەتربێ دەستكێشەكانیشی دەرهێنان و بەدوای كڵاوەكەی دا هاویشتنی. لە گەرمەی گەڕاندا پێی كەوتە سەر توێكڵە شوتییەك و لەپڕ پان بووەوە سەر زبڵەكاندا، كڵۆكی تەزی، تۆزێك مت بوو، پاشان هاتەوە سەر خۆو بە دەم هەستانەوە بۆڵاندی:

– ئێمە چینایەتیی فڕێی داوینەتە نێو ئەم گۆڕی زبڵەوە تۆ ئیدی پێویست ناكا پاشقولمان بدەی...

كە تەواو ڕاست بووەوە بە خەیاڵ كەوتە دوای گلۆڵەی قسەكانی دا:

((... بە ڕاست ئەم شێوە دابەشكردنە كاری خودایە؟ ئەگەر وابێ ئیتر دادگەریی مانای چییە؟ تۆ بڵێی ئەوانەی وا وەك من بوونەتە هاودەمی ئەم زبڵانە هەر شیاوی ئەمجۆرە ژیانە بن و ئەوانەش كە لەو بینا سپیانەدا ئەژین هەقی خۆیان بێت؟ ئاخۆ بیستوومە ڕۆژێك حەزرەتی موساله خودا ئەپاڕێتەوە كە كوێرێك ساغ كاتەوە، كە ساغی ئەكاتەوە...))

وای بۆ چوو كە ئەم شێوە بیركردنەوەیە شیاوی كەسایەتییەكی ڕوناكبیری وەك ئەو نییە، هەربۆیە وازی لێ هێناو سەری

کردەوە نێو زبڵەکاندا، وەك بە دوای ون بوویەك دا بگەڕێت تویٚ تویٚ هەڵیدەدانەوەو هەر کوتە کاغەزێکیشی کە دەست دەکەوت نەختێك لێی ڕادەماو سەرلەنویٚ دەیخستەوە باوەشی کۆگا زبڵەکانەوە. لە یەك دوو شوێنیش دا چەند پەڕتوکێکی نیوەسووتاو و پەڕوپووتی بینی بەڵام هەمووی شیعرو یان چیرۆکی دڵداری بوون و هەمیسان بەر دڵی نەکەوتن. هەستی کرد تەزوویەك کەوتووەتە پشتیەوە، تاویٚ خۆی بۆ ڕاست کردەوەو هەڵوێستەیەکی بۆ کرد. ئاپۆڕەی دەستەیەك مێشوولە وەك خەرمانەی دەوری سەری قدیسەکان گەمارۆی سەریان دا، دانەیەکیان خۆی کرد بە کوناگوێی دا و ئەمیش بە شەپلاخ هاتە سەروکەپووی خۆی داو بە تەوسەوە وتی:

—خۆ بورژوایەك بوومایە وەها پێت نەدەوێرام

وشەی بورژوا هەمیسان هەڵی دایەوە نێو گۆمە قوڵەکەی بیرکردنەوەدا...

– ئەریٚ باشە زمنار تۆ زۆر ئەخوێنیتەوە بورژوا مانای چییە؟

—بورژوا ؟ بورژوا ئەو کەسەیە کە شێوی حەوتەیەکی ماڵ و منالّی من و تۆ بەرچایی ڕۆژێکی ئەوە

—باشە ئەی چۆن دروست ئەبیٚ؟

– بە من و تۆ دروست ئەبیٚ، بە زمناری شەخەڵڕێژ و بلەی پۆلیس

– خۆزگە بە خۆت زمنار کە سەر لەم دەنگ و باسانە دەرئەکەی، هەندڵ جار پێم وایە پیاو هەموو شتیٚ بزانیٚ خراپ نییە.

زمنار بڕێك باغر ببوو، لەکاتی وادا بۆ ئەوەی وەك زانایەك بنوێنیٚ کە خۆی لە مرۆڤە نەخوێندەوارو ساکارەکانی گردوپەڕی جیا ناکاتەوە هەوڵی ئەدا وەڵامێکی ڕوناکبیرانە بداتەوە، ئەو جارەش دوای تۆزێك ڕامان ژێستێکی پیتۆڵانەی گرتبوو و وەڵامی دابووەوە:

– هەڵە ئەکەی بلە گیان، لەم سەردەمەدا پیاو هەتا گەمژەتربیٚ ئاسودەتر ئەژی، من ساتیٚ ژیانی تۆ نادەم بە ساڵێکی وەك خۆم

بلەش وەك لە بەختەوەرییەکی تەواودا بژیت و بەخۆی نەزانی بێت پێکەنینێکی ساویلکانە زابووە سەر لێوی و برۆکانی قیت ببوونەوە. دوای هەموو دەنگ و باسێکیش وەك وەردەمانی هەموو ڕۆژێکیان بێت ئەو ڕۆژەش چووبوونە سۆراخی قۆری و قوتووەجگەرەکەوەو بلە بەسەردێڕە ڕۆژانەکەیەوە پێی داگرتبوو کە:

– پاییز وەرزی جگەرەو چایە، هەتا





جگەرەیەکت بۆ هەڵئەکەم تۆش چایەکە سازکە

.........

بلەو زمنار هیچ بیروباوەڕێکی هاوبەشیان نەبوو، بەڵام هەستیان دەکرد کە لەو چۆڵەوانیەدا پێویستیان بەیەکترە. ئاخۆ زمنار هەموو ئێوارەیەك دوای ئەوەی کە شەخەڵی گەڕەکەکانی کۆ دەکردەوە دەهات بۆ ئەم شوێنەو لە تەك بلەی پۆلیس دا کە پاراستن و چاودێریی ئەو حاسەیان پیٚ سپارد بوو یەکیان دەگرتەوە. بلە لە ڕوانگەی زمنارەوە مرۆڤێکی گەمژەو گێلۆکە بوو کە قەت زەحمەتی بیرکردنەوەی نەدەخستە بەر مێشکی ، ئینجا لە ڕوانگەی بلەشەوە زمنار پیاوێکی فرەزان و سیاسی بوو کە بە کوێرەسەوادێکەوە شانی لە شانی کەسایەتیە مەترسی دارەکان دەداو دەبا زۆر خۆی لە قەرەی نەدابایە، کەچی هەموو جارێکیش پاش ئەوەی کە لە جگەرەو چاکە دەبوونەوە زمنار دەیکردە سەر بەردە قیت و قنجەکەو بلەش بە دەم و زمانیەوە ئەبڵەق دەبوو. زمنار شێتی وتاردان بوو، هەرجارێکیش کە دەیدی بلە واقی لێی وڕماوە زیاتر گەرم دائەگەڕاو هەمیشەش ئەم دێڕانەی دەکردە چێژی قسەکانی:((... مارکسی مەزن فەرموویەتی شۆڕشگێڕ لە هەموو بوارێکدا ئەتوانیٚ هەر شۆڕشگێڕ بێت، تەنانەت ئەگەر دارەدەست و دەستەمۆش بێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بوداش کە قدیسێکی گەورەی جولەکەکانە ئەم قسانەی بەلاوە جوانەو پەسەندی ئەکات، زۆر شێخ و مشایخیش هەن کەجەخت لەسەرئەم باوەڕە دەکەن و پێیان دروستە، ئاخۆ مارکسی خوا لێخۆشبوو هەتا ئەو ڕۆژەی کە شەهیدیان کرد تەخری قورئان و بەرماڵەکەی نەکرد...)).

بە دەم بیرەوەرییەکانیەوە چاوی بە کۆمەڵێك نامەی نیوەسووتاودا هەڵتەقی، بەم خەیاڵەوە کە لەوانەیە نامەی نهێنیی زیندانییەك بووبێت کە دوای خوێندرانەوە بۆ ئەوەی کە دەستی کەسانێکی وەك بلە نەکەوێت سووتاندوویانە پڕی دایٚ و کردیەوەو لەبەر خۆیەوە کەوتە چپە:

– ئەبینی زمنار؟ هەموو بیروباوەڕێکی بەرز ئا لێرەوە گەشە ئەستێنیٚ، کەوا بوو نابیٚ لە پیشەی خۆت دڵنیگەران بیت...

کە بە کوێرەسەوادەکەی لێکی دایەوە بۆی دەرکەوت کە نامەی کابرایەکی ڕەوشت نزمە کە بۆ ئافرەتێکی سووکی نووسیوە، بەتایبەت ناوەڕۆکی تێکڕای نامەکە لە وێنەی دەستکردی ژنە ڕووت و قووتەکەی دوالاپەڕەکەدا دەر دەکەوت. بە

دڵسارییەکەوە گرمۆچەی کردەوەو تورِی دایەوە سەر زبڵەکان و ئەم دێرِەشی نووساند بە بۆچوونەکانی پێشوویەوە:

—... لێرەوە گەشە ئەستێنیّ و هەر ئەشگەرِێتەوە بۆ ئێرە...

زۆرجار لە گەڵ بابەتی ئاوادا بەرەورِوو دەبووەوە، بەتایبەت لەم دواییەدا، کەچی هەموو جارێکیش وەها دڵی خۆی دەدایەوە کە:((...شەخەڵرِێژیش وەك دکتۆر خۆیی رِازی هەموو کەسێکە...)). بەڵام هێندێك جاریش هەر بە رِاستی شتی سیاسیی وەك بڵاوکراوەی لایەنێك ، یان پەرِتوکێکی قاچاخی دەست دەکەوت کە دیار بوو خاوەنەکەی خۆی لیّ رِزگار کردووە، لە کاتی وادا دادەنیشت و بە ئۆخژنێکەوە لاپەرِە بە لاپەرِەی دەخوێندەوەو کۆمەڵێك وشەو دێرِو زاراوەی تازەشی لە بەر دەکرد هەتا لە وتارەکانی داهاتووی بەکاریان بهێنێت. هەڵبەت خودا هەڵناگرێت جاری واش لە ئەنجامی خوێندنەوەی زۆر مێشکی دەکەوتە کارو هێندێك وتەو بیروباوەرِی خۆماڵیشی بۆ ئەهێنایە کایەوە کە تەنیا تایبەتی خۆی بوون و بەرلەوە لە سوچی هیچ مێشك و یان لاپەرِەیەك دا تۆمار نەکرابوون.

لە کورپە کردن جارِس بوو، هەستاو بە لووتەپیّ وەربووەوە شەخەڵەکان و لەبەرخۆیەوە وتی:

—زیز مەبە زمنار، تۆیەکەم کەس نیت کە رِۆژگار تورِی داویتە نێو ئەم زبڵدانەوەو دواکەسیش نابیت، مێژوو خۆش بیّ هاودەمت زۆر دەبێت.

مشکێك لە ژێر قاچی رِاپسکاو چووە سوچێکەوەو بە چاوە زیتەکانی لێی رِاما.لە گۆشەیەکی تردا تۆپێك کاغەزی هەڵدایەوە، دووپشکێك کلکە گریّ گرێکەی دابووەشاناو خەریك بوو بە دەستی دا سەرکەویّ، خێرا دەستی کێشایەوەو خۆی لیّ دوور خستەوە.لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

— ئەڵێی یاسای سروشتیش تێکچووە، بەم سەرمایە تازە گیاندارەکان گورِ ئەگرنەوە

پاشان جارێکی تر بە لووتەشەق بەر بووەوە شەخەڵەکان، وەها مەترسیی کەمتر هەرِەشەی لیّ دەکرد.لە تەنیشتێکەوە تەپۆڵکەی زبڵێك سەرنجی رِاکێشا، خۆی لیّ نزیك کردەوە، لووتەپێی بە نێو قرِۆڵی ژێرەکەی دا رِۆکردو هەڵیگێرِایەوە، لەئاکامی ئەم ئاوەژوو کردنە پەرِتووکێکی زل سەرکەوت، لە ناوەرِاستدا ببوو بە دوو کوتەوەو هەندێك لە پەرِەکانیشی کەندرا بوونەوە، بەڵام بۆ خوێندنەوە دەشیا، هەڵیگرت و تاوێك تەفەرِنجی دا، لە سەر بەرگەکەی ئەم دێرِە بەرچاو دەکەوت ((ئاشنا بوون لەگەڵ زاراوە رِامیارییەکان))، کردیەوە، بە پێچەوانەی رِووبەرگە جوانەکەی لە ناوەوە وەك بەیازی کۆن زەردو جاری واش هەمە رِەنگ بوو، لە سوچێکی دا وشەی ((ئەمپریالیزم) سەرنجی رِاکێشا، ئەم وشەیەی زۆرجار بیست بوو بەڵام نەیدەزانی لە چ بوارێکدا، بەهەرحاڵ لەوە دەچوو کە تائێستا لە وتارەکانی دا بەکاری نەهێنابێت، بۆ ئەم تازە بوو، هەموو وشەیەکی تازەش بۆ ئەم هەوێنی لێدوانێکی تازەتر دەهاتە ئەژمار، وەك لە بەرامبەر زۆپایەکی دارین دا وەستا بێت کوڵمەکانی سوور هەڵگەرِا بوون و شاگەشکەیەکی تێکەوت، پاشان وەکوو هەموو جارێك چووەوە سەر بەردە قنج و قیتەکەو وەك ئەوەی لە رِۆژی.... دا بۆ ئاپۆرِەیەکی هەرەزۆر بدویّ هاواری لیّ هەستا:

— ئێمە پێویستمان بە شۆرِشێکی ئەمپریالیستییە، تەنیا شۆرِشێکی ئەمپریالیستییە کە ئەمرِۆ دەردی ئێمە چارەسەر دەکات...

***

دوودڵی دوو جەمسەری دژ بەیەکە کە زۆر جار مرۆڤ توشی دوو کەسایەتیی جیاواز دەکات، وەها کە خۆشی نازانێت لە رِاستی دا کەسایەتیە سەرەکیەکەی کامەیەو دەبیّ بچێتە قەواخی کامەیانەوەو رِۆڵی کامیان بگێرِێت، ئەمەش ئاساییەکە کات وجیّ و شوێن ناناسێت و لەوەختی خۆی دا لە قوربانیەکەی تاوین دەبێت چنگ دەنێتە بینەقاقای، ئینجا لە کاتی وادا بە رِاستی برِیاردان سەخڵەتە، تۆ لەسەر دوورِیانەیەکدای و دەبیّ بیّ نووچدان بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەو رِێگایانە دەست بجوێنی، هەڵبەت هەر ئەمەش کە تۆ دەگەیتە سەر دوورِیانەیەك خۆی لە خۆی دا سەرەتییەکەو مانای وایە کە چارەنووس ماوەی هەڵبژاردنی داویتیّ، بەڵام داخۆم ئەوانەی وابە رِێگایەکی سەرقرتاودا هەڵئەتەقێن و رِێگای گەرِانەوەیان بۆ نیەو بەردەمیشیان هەڵدێرێکی هەزارگەزییە دەبیّ چیبکەن؟!!!

زمنار لەو کەسانەیە کە خۆی لە بەرامبەر رِێگایەکی سەرقرتاوو ئەو هەڵدێرە هەزارگەزییەدا دەبینێتەوە، هەستی تیایە، بەڵام توانای دەربرِینی هەڵوێستی نییە، ئەمەش خۆی لە ناخ دا مرۆڤ دەکات بە دوو پارچەوەو هەرکام بە لایەکدا رِایدەکێشن، دوو لایەنی چاکەو خراپە لە مرۆڤێکدا کۆ دەبنەوە کە هەر لە تەك یەکیش دا ناگونجێن و ناهێڵن مرۆڤ کەسایەتیە سەرەکیەکەی خۆی بدۆزێتەوە، وەکوو هەموو زاکونێکی دیکەی

ئەم سروشتە کە هەندێك جار شتە جیاوازەکان تێکەڵ دەبن، وەك ئاگروئاو، وەك گەرماو سەرما، وەك ئەو شەکرەشیرینەی کە بلە هەمیشە بە چایە تاڵەکەوە دەیخوات ، یان ئەو مژانەی کە لەم وەرزە ساردەدا لە جگەرەکەی دەدات. بەڵام ئەمە هەموو جارێکیش مەرج نییە وابێت و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، لە بیریە ڕۆژێك کە خەریك بوو چایە داخەکە داهێڵێتە نێو پەرداخە ساردوسڕەکەوە لە پڕا هەڵینەگرت و تەقییەوە، ئەمە مانای وایە کە زۆرجار شتەجیاوازەکان پێکەوە نایانکرێت و دەبێ یەکێکیان جێ بۆ ئەوی تر چۆڵ کات.یان هێندێك جار ئاودەڕژێ بەمل ئاگرداو دەیکوژێنێتەوە، جگەلەمەش خۆ ئەگەر ئەم تێکەڵاویانە چاك بوونایە خودا هەر لە سەرەتاوە وای دروست دەکردن، بۆ وێنە هەموو وەرزەکانی ئاوێتە دەکردن، ئینجا چیی لێ دەردەچوو؟ وەك بۆچوونەکەی بلەی لێ دەهات کە جاری وا بەگاڵتەوە نان و چاو ئاوگۆشت و شەکرو سەوزەو تەنانەت تەماکۆی جگەرەکەشی تێکەڵ دەکات و وێگرا دەیانخوات، باوەڕیشی وایە کە: (( جا فەرقی چیە خۆ هەر لە زکما تێکەڵ ئەبن)) ، بەڵام ئەمە بلە بوو، خۆ ئەگەر ژیری و حیکمەتی خودای هەبایە

ئێستا ئەم بلەیە نەدەبوو کە بکرێتە دارەدەست و وەك سەگەڕاوی بە دوی ئەم دزەکەو ئەو قاچاخ فرۆشەکەدا بینێرن. ئەم بلەیە بۆ ئەوە کراوە کە چاك و خراپ بە تێکەڵاوی ببینێت و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بڕوانێتە دەوروپشتی خۆی و بە لایەوە گونجاو بێت ئەگەر گەمژە و زاناو خوێڕی و ڕۆشنبیرو سوك و قورس و گەورەو بچوك لە سەر سفرەیەك دانیشن، بەڵام خۆ هەر دەبێ کەسانێکیش هەبن کە ئەم کەشە ساردوسڕەی کۆمەڵگا وەك پەرداخەکە بتەقێننەوە، دەبێ کەسانێك هەڵکەون و بڵێن: (( یان ئێمە، یان ئێوە)) ، دنیایەك بەم بچوکییە چۆن جێگای دوو جەمسەری دژو جیاوازی تیادا دەبێتەوە ؟ هەتا کەی کۆمەڵێك نەیەن و وەك چایە داخەکە بڕژێنە ناو ئەم کەشە ساردوسڕەو کێشەکە یەك لا کەنەوە ؟...بەڵام بۆ نەهاتوون؟...خۆ مەرج نییە ئەو چینە تەنیا لە نێو بینا مل قنج و لەپشت مێزە چوارگۆشەکاندا هەڵکەون، هەموو کەسێك...

عەرەبانەکە بە کۆگا خۆڵێکدا هەڵتەقی و سیچمی کرد، ئەمیش دەستی ترازاو خەریك بوو تەنەکە شەخەڵەکەی بەردەمی قووتی کات هەتا بە زك خۆی گرتەوە، ئازارێکی توند بۆ ماوەیەك ناودڵی







هەڵپێچاندو بەری دا، بەرچاوی ڕێچکەوپێچکەی دەکرد، هاتبووە سەر پەنجەو هێشتا لە بەرزەفتی قاچەکانی دڵنیا نەبوو، کە ترسەکەی ڕەوایەوە بە ئامێژنەوە قورسایی لەشی خستەوە سەرلاقەکانی و بە پاشەلەقە عەرەبانەکەی دایەبەرو خۆی هەڵدایەوە قەمی بیرکردنەوەکانی دا.

..... هەموو کەسێك لە هەر بوارو جێ و شوێنێکدا خەریکی چالاکی بێت هەر دەتوانێ خزمەتی خۆی بکات و بە قەدەر لێهاتن و توانا ئەرکی خۆی بەجێ بێنێت، خۆ زۆرجار لە وتارەکانی دا کە بۆ بلەی دەخوێندەوە بە دەمی مارکسی خوالێخۆشبووەوە هەڵی بەستبوو کە((....شۆڕشگێڕ لە هەموو بوارێکدا ئەتوانێ هەر شۆڕشگێڕ بێت، تەنانەت ئەگەر دارەدەست و دەستەمۆش بێت..))، ئەو ڕۆژانە بە ئەنقەست ئەم دێڕەخۆکردەی دەخستە نێو باسەکەیەوە، کەچی ئێستا هەستی دەکرد خۆی پتر لە بلە پێویستی بەم مۆچیارییە هەیە، با مارکسی بەستەزمانیش لە ژیانی دا پەی بەم بابەتە نەبردبێت، بەڵام مەگەر مێژوو چییە؟ هەر بڕێك قسەو بەسەرهاتن کە دەم بە دەم دەیگێڕنەوە هەتا یەکێك لە ڕێی خوادا هەڵئەکەوێ و بە کۆمەڵێك

کاغەزەوە دەیانگیرسێنێتەوە، ئینجا پاڵەوانەکانی بە پێی حەزی خەڵك جاری وا دەکرێن بە پەن و جاری واش ئەگەر لە ڕاستی دا هەر پەنیش بن دەبن بە خولەپیزەو ئاغەشڕ. کەوابوو با ئێمەش ئەم دەست تێوەردانەمان لەمەڕ کاکەمارکس کردبێ، بەڵێ((... شۆڕشگێڕ لە هەموو بوارێکدا ئەتوانێ هەر شۆڕشگێڕ بێت، تەنانەت ئەگەر ...!!!))، خۆ ئەم نە دارەدەست بوو نە دەستەمۆ هەتا وەك کەسێکی ڕێکخراو ئیش و کاری نهێنیی دەستەوتابوونێکی بەڕێوە بردبا، شوێنی ئیش کردنەکەشی هێندە هەستیاروگرینگ نەبوو کە بۆ وەها بابەتێك بشێت، ئەی ئەپۆڕێ ڕەوتی شۆڕش کەسانێکی وەك ئەمی خستبێتە لاوەو هەر بیری لێ نەکردبنەوە کە ئەرکیان لە ئاستی شۆڕش دا ئەبێ چی بێ؟! خۆ هەر گەورەپیاوو پیاوماقوڵێکیش کە هەڵدەستێ بە باڵای کەسانێکی وەك ئەم دا دەخوێنێ و داوای مافی ئەمان دەکات، جا چۆن دەبێ خۆیان لە ئاستی ئەو پیاوەتیە بێ شۆیەدا بێ دەنگ بن و هێندە تەماحباز و چاوچنۆك بن کە بیانەوێ ئەو کەڵەپیاوە خێرخوازانە برینەکانیان بۆ ساڕێژ کەن و بۆخۆیان فزەیان لێوە نەیەت؟ نا... بە ڕاست جوان نییە و خوداهەڵناگرێ، ئەی چار

چییە...؟!

تارمایی ئەندێشەیەکی کۆن و لە کەلْك کەوتوو لە سوچێکی بیرەوەرییەکانی دا بزەی هیوای خستەسەر لێوەکانی، سەروسیمای گەشایەوەو هەمیسان دەستی کردەوە بە لێخوڕینی عەرەبانەکەی خەیاڵی.

....جێ و شوێن مەرجی سەرەکیی شۆڕشگێڕی نییە، خۆ ئەگەر وابێ کەمتر کەسێك ئەو سەرەتیەی هەیە، لە بیریە شۆڕشی پێشوو کە خەڵکی ئاسایی دەڕژانە نێو شەقام و بازاڕەکان یەکەمجار شاتاڵیان دەبردە سەر دایەرەو فەرمانگەکان و هاڕەیان لە شوشەکانیان هەڵدەستاند، ئەمەش خۆی ڕێبازێکی مەزنە، ئەگەر هەر شۆڕشگێڕێ شوشەیەك بشکێنێ لەماوەی ساڵێکدا وەها قەیرانێکی دارایی هەڵدەستێ کە خاوەن دەستەڵاتەکان ناچار دەبن یان بکەونە سواڵ کردن یان وڵات بەجێ بهێڵن، بەڵێ، ئەمەش خۆی زەبرێکی کاریگەرە لە سامان و دارایی دەستەڵاتدارەکان، بەڵام...

هەڵوێستەیەکی کورتی بۆکرد، لەم خەیاڵە تازەیەی کە وەك میوانێکی بانگ نەکراو خۆی کردبوو بە ژووری بیرکردنەوەکانی دا نەختێك دڵی سارد بووەوە، چاوێکی بۆ ئاسمان هەڵخست، چەند پەڵەهەورێکی ڕەش بەتوندی باوەشیان کردبوو بەیەکتردا، خەیاڵی دایە لای قاچەکانی کە هەمیشە زیاتر لە ئەندامەکانی دیکەی لەشی ماندوو دەبوون، ئێستاش خەریك بوون لە گۆ بکەون و بە سەخڵەت هەنگاوی بۆ دەگوازرایەوە، عەرەبانەکەی جارێکی تر چنگی لە زەویی هەڵپێکاو ناچار بوو ڕەوتەکەی بگۆڕێت و بەڕێگایەکی ساناتردا بیبات، بیری ئاڵۆسکا بوو، ئەمجارەش بە لارەلار هاتەوە سەر ڕاستەڕێگاکەی خەیاڵاتی و جڵەوی بۆ شل کرد.

..... بەڵام خۆ ئەمەش بۆ هەموو کەسێك ناشێت، ئەم بەردەفڕکێیە منداڵێکی چەتوون و بێ مەبەستیش هەر دەیکات، ئەم چەشنە هەڵوێستانە تایبەتی بڕێك مناڵ و مەزمی خوێندکارو قوتابین، ئێمەمانان دەبێ زەبری کاریگەرتر لەجەستەی ئەم دەستەڵاتدارانە بوەشێنین، دەبێ زیانی گەورەتر بخەینە سەردەستیان، دەبێ هەڵوێستی ئێمەمانان وەك تۆپ دەنگ بداتەوە، وەها کە لە تەك بیستنیا گەورەکان واقیان وڕ بمێنێ و هاوبیرەکانیش حەزی پێبکەن و بگەشێنەوە، بەڵێ...، ئەمە ڕێگایەتی، بەڵام...

دیسانەوە سەری بە کونکرێتی بەڵام دا هەڵتەقی و لەگەڵ هەموو بەلامێکی ئاواش





دا پاشگەز دەبووەوە، کەچی هەموو جارێکیش هەوڵی دەدا بە شێوەیەك پاساوی بداتەوەو خۆی لێ دەربازکات، هەڵبەت ئەمجارە بەرلەوەی کە تەوژم بخاتەسەر مێشکی خۆی وتە پیرۆزەکەی مارکسی خوالێخۆشبوو _ کە خودا دەیزانێ لە سەردەمی ژیانی دا هەر بیر لێ کردووەتەوە یان نا_ هات بە هانایەوەو ڕزگاری کرد((... شۆڕشگێڕ لە هەموو بوارێکدا...))، ئەمە تەواوە، منیش بە پێی توانای خۆم هەڵبەت هەتا پێم بکرێ گەورەتر هەولی بۆ ئەدەم، شارەوانیش بۆ خۆی فەرمانگەیەکی گرینگە، ئەرکی ڕازاندنەوەو خاوێن کردنەوەی شاری بە ئەستۆیە، کە شاریش پیس و پۆخڵ بێت خەڵك جاڕس ئەبن و ناڕەزامەندیی دەرئەبڕن، خۆ ڕۆژێك نەچیتە بەرماڵیان و زبڵەکانیان لە کۆڵ نەکەیتەوە ئاسمان و زەوی ئەنیشێتە یەك، ئینجا وەرە دیار شارەکەیان بێ بەزبڵدان و ئەرکی شارەوانییش پەکی بکەوێت، ...چۆن؟!!...ئەرکی شارەوانی پەکی بکەوێت؟!! بەڵام چۆن پەکی ئەکەوێت؟ یاخود چیبکەم کە ڕەوتی ئیش کردنەکانی خاوبێتەوە؟...ئەبێ مشورێکی بۆ بخۆمەوە، ...ئەبێ....

لە سەرەوژوورکەیەکدا عەرەبانەکەی بڕی نەکردو بەرەوڕووی هاتەوە، یەك¯ و دووجار وزەی خۆی کۆکردەوەو بە توندی بە بەرزاییەکەدا هەڵژنا کەچی هەرجارێکیش لەناوقەدیا بەرەو خوار خشپەی دەکردەوە، ئاوڕێکی گردوپەڕی خۆی دایەوە، چما خەیاڵە قوڵەکانی هێندە پژگاڵیان کرد بوو کە بە ڕێگایەکی هەڵەدا بردبوویان، ناچار مەودایەکی دووردرێژی بۆ گەڕایەوەو چووەوەسەر ڕێگا ئاشناکەی ، بەدەم ڕۆییشتنەوە بە عەرەبانەکەی دەستیەوە ئەبڵەق بوو.

.... ئەم هەموو ماوەیە بە هاوڕێیی ئامێرێك عارەقی ڕشتبوو کە دارایی و سامانی فەرمانگەکەی دەهاتە ئەژمار، واتە لەگەڵ ئامێرێکدا بەسەری بردبوو کە هیی خۆی نەبوو کەچی زۆر جاریش وەك گلێنەی چاوی پاراستبووی، شتێك کە لە نەبوونیا زیانێکی– نەك ئەوەندەش – گەورە لە فەرمانگەیەکی دەوڵەتی دەکەوێت و سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە بۆ ماوەیەك هەتا بگەڕێن و جێگرەوەیەکی بۆ بدۆزنەوە ئیشەکانیان سوکە تەگەرەیەکی تێ بکەوێت. بەم خەیاڵانەوە تەزوویەك لەناو پشتیەوە بەرەو باڵاڵەشی هەڵیکرد.لێدانی دڵی گوڕی تێکەوت و بە ئاستەم ئاوی دەمی بۆ قووت دەدرا، سەری هەڵبڕی ، نیگای سەرچڵی

چاوەکانی بەر لە پێی، خۆی تێ کێشاو لە ژوانە هەمیشەییەکەدا لەژێر ئەو دارەی کە هەموو جارێک لەتەک بلەی پۆلیس دا ئاهەنگی جگەرەو چایان تیادا دەگێڕا بە ماندوویی ئۆقرەی گرت.بۆ تاوێک گومان لاقەکانی لە گۆخستن، بەلام خۆ ئەگەر وابێت هەموو ئەو قسانەی کە پێشتر کردبوونی دەبوونە دروشمێکی پوچەڵ و بێ کردەوەو دەبا لەگەڵ زبڵەکاندا هەڵڕشتبانە هەڵدێرەکەی ژێرپێیەوە! ئەی چیی لەتەک ئامۆژگارییە بەنرخەکەی خوالێخۆشبوودا کردبا؟ ئەم شۆڕشگێڕە ئێستاکە لەم بوارەدا ئەمەی لەدەست دێ بۆ کەمتەرخەمی بکات؟گەییشتە لێواری هەڵدێرەکەو چاوی بەسەرەولێژییەکەدا شۆڕ کردەوە، ڕووبارەکە خۆی ئاسایی بەناو دۆڵەکەدا ڕاکشا بوو، ڕەنگە دێزگینەکەی هەتاوی ئێوارەیەکی پڕکارو ماندوو وەک کچۆڵەیەکی سەروچاو چلکن دەینواند. دوودڵیەکەی جاران ڕووی تێکردەوە، لە وەختی وادا بڕیاردان سەخڵەتە، هەر ئەمڕۆ سەرلەبەیانی بوو کە لە گەڵ سروشت دا لە نێوان پێکدادان و چۆک دانەداندا پێی لەسەر پاراستنی ئەم تاکە هاوڕێیەی داگرتبوو، کەچی ئێستە دەیویست وەک پاروەخۆشە بەدەستی خۆی بیئاخنێتە قورگی سروشتی کەللەڕەقەوە، لە حاڵێکدا کە جیاوازیی نێوان ئێستاو بەیانی تەنیا کەللە ڕەقییەکی تر بوو. تۆزێکی تر تەفەڕنجی ژێرپێی داو هەناسەیەکی قوڵی بۆ هەڵکێشا، وەکو ئەوەی دواهەناسەی بێت وئیدی دەرفەتی تری نەردێتێ هەتا سییەکانی لە هەوای ئەم کەشە شێ دارە پڕ کات، تاوێک هەستی ڕاگرت و پاشان وەک تازە لە خواردنەوەی چایەکی داخ لێ بووبێتەوە لەشی گەرم داهات، سەردەمی ڕمبازێنی¬ دروشمەکان کۆتایی پێ هاتبوو، ئیدی کاتی کردەوە بوو، لەچاوتروکاندنێکدا عەرەبانەکەی لە لێوارەکە نزیک کردەوەو پاشان بەرەبەرە دەستی بۆ شل کرد هەتا لەیەک دابڕان و ماوەیەکی تر وەک ئاوبردوویەک خۆی دایە دەم ڕەوتی ئارامی ڕووبارەکەو لەچاو ون بوو. بەرلەوەی کە تەواو چاوی لێ کەلا بکات چرپەی پێیەک لە پشت سەریەوە ڕایچەڵەکاند، کەئاوڕی¬ دایەوە ( بلە) بەجلە پۆلیسیەکانیەوەو لەگەڵ بزەخۆی ئاساییەکەی بەرەوڕووی دەهات، بزەیەک کە هەموو جارێک گێل¬ وگەمژە پیشانی دەدا، کەچی هەر ئەمەش لەم کاتەدا بۆ زمنار هەزار واتاو لق و پۆی لێ جیا دەبووەوە کە گرینگترینیان ئەم باوەڕە نوێیە بوو:(...هەواڵی شۆڕش زوو بلاو





دەبێتەوە...)، لەوە دەچوو کە بلە، بلەکەی جاران نەبێت، بەڵکوو ڕاسپێردراوێکی فەرمانگەی ئاسایشت بێ و بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەی هاتبێت بۆ ئەو شوێنە، کێ بڵێ ئەم هەموو ماوەیەش چاودێریی ئەمی نەکردووە؟

چەند هەنگاوێک مابوو کە تەواو ڕووبەڕووی یەک ببنەوە، بلە بە گەرمی دەمی کردەوە هەتا بە دێڕە هەمیشەییەکەی خۆی دا بچێتەوە:( پاییز وەرزی جگەرەو چایە، هەتا جگەرەیەکت بۆ هەڵئەکەم تۆش چایەکە سازکە...)، کەچی دێڕە نامۆو بەبڕشتانەکەی زمنار شڵەژاندی و بزە ساویلکانەکەی لەسەر لێوی هەڵبرینگاندو واق وڕمانێکی نائاسایی جێگای پڕکردەوە...

– وەرە خۆ فرۆش، ...وەرە، ...چاوەڕێی چیت؟...وەرەبمگرە..!!

***********************

***

پاییزی ١٩٩٢ کرماشان

لێکدانەوەی جەند وشەیەک

تاوین : تووش بوون، بەرەو ڕوو بوونەوە

سیچم: بۆ لەپڕدا وەستانی چوارپێ و گوێدرێژ بەکاردێت

پژگاڵ: خەریک بوون

ماشاندی: لەپڕدا دەست بردن بۆ شتێک، جاری واش لەگەڵ وشەی چنگ دا بەکار دێت وەک چنگەماشە کە ئەمەیان بە واتای گەڕان لە تاریکایی دایە



ئەسعەد عەزیز محەمەد

# ناونیشان.....

بەدوای کەوتبووم، نەمدەزانی بەرەو کوێم دەبات،ئەوەندە پەشۆکابووم ،ئاراستە سەرەکیەکانی چوار دەورم لەباکوورو باشوورو رۆژهەلآت ورۆژئاوا لێتێکچوو بوو،نەمدەزانی بەچ ئاراستەییەك بەڕێکەوتووین بەتەنها ئەوەندەم دەزانی هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێم وڕێدەکەم، هیچ جۆرە پەیوەندییەکم بەو کەسەوە نەبوو وا ئێستا بۆتە ڕێبەرم لەم گەشتە ئەفسوناوییە،کەسێکی نامۆو نەناسراو ڕێبەری گەشتێکی دوورو ترسناکم دەکات، کاغزێکم پێیدابوو کە ئەو ناونیشانەی تیابوو کە نیازم بوو بگەمە ئەویٚ،هەرچەندم دەکرد وشەقاوم دەهاویشت بۆ ئەوەی بگەمە ئاستی ڕۆیشتنەکەی یان هەر نەبێت هەنگاوەکانم ئەگەر تەریبیش نەبێت بەڕۆیشتنەکەی بەلکو تاڕادەییەك نزیك بێت لێیەوە، بەلآم بێسوود بوو ئەو بەشێوەییەك ڕێیدەکرد وەکو ئەوەی لەپێشبڕکێی ماراسۆن بێت





وبیەوێت بە زووترین کات بگاتە جێگە، جاروبار ئاوڕی بەملاو ئەولای خۆیدا دەداوە بەوێنەی کەسێك سلٚ لەشتێکی نامۆ بکاتەوە، بەلآم بەهیچ شێوەییەك سەیری لای منی نەدەکرد وەکو ئەوەی منی بەلاوە گرنگ وبە بەها نەبووبێت ،لەوەتی ئەو کەسە ناسیاوەم منی داوەتە دەستیەوە و مەرامی گەشتەکەمی پێی ڕاگەیاندووە بۆ یەکجاریش قسەی لەگەلٚدا نەکردووم و هیچی پێنەوتووم ،جگە لەوەی کە ئەوەندەی گووت بەدوای بکەوم وڕێبکەم هیچی تری نەووتووە،ڕێکردن لەپەلوپۆی خستبووم، شەکەت وماندوو ببووم ،لەقولەپێمەوە ئازارێك بست بەبستی جەستەمی گرتبووەوە، هەموو لەشم ئاوی لێدەچۆڕا،پێموابوو تەنانەت هەموو دلۆپە خوێنێکی ناو دەمارەکانی لەشم بۆتە ئاوو بەتینی وزەی گەرمی و ڕێکردنەوە دەردەچێتە دەرەوە،نازانم بەچی نیازو مەبەستێك گەشتەکەی خستبووە شەو بەلآم وەکو خۆی دواترگووتی بۆ ئەوەی پارێزگاری لەسەلامەتیم بکات سەفەرەکەی خستبووە تاریکی شەولەکاتی خۆر ئاوابوونەوە ئەو کاتەی دواوێنەی تروسکای زەردەی خۆر وون دەبێت دەستمان بەو سەفەرە کرد تا تاریکی زیاتر جلٚەوی ڕووناکی لەباوەش دەگرت زیاتر ڕێماندەکرد بەگەرووی تاریکیدا نگرۆ دەبووین، بۆ یەکەم سات کە تاریکی هەمووشتێکی شاردبووەوە،منالٚی خۆم بە یاددا هاتەوە لەبازاڕێکی قەرەبالٚەغدا دەستی باوکم گرتبوو ڕێمدەکرد لەگوشارو پالٚەپەستۆی هاتووچۆکەران دەستم لەدەستی ترازا ئەویش ئاگادار نەبوو بەتەنها سەعاتەکەی مەچەکی دوا دیمەنی ئەوبوو لەناو ئەو قەرەبالٚەغیە هەرچەندە هاوارم کرد بیٚ سوود بوو چونکە دەنگەکان تێکەلٚ بەژاوە ژاوی قەرەبالٚەغیەکە دەبوو دەنگم لەناو دەنگە سامناکەکان لەناو دەچوون و وون دەبوون،بەلآم پێشتر باوکم هەموو کاتێك پێی دەگووتم لەهەرکویٚ بزربوویت ئەگەر نەتوانی لەوجێگەیە بمێنیتەوە هەولٚبدە مزگەوتێکی نزیك بدۆزیتەوە ئەگەر مزگەوتیشی لێنەبوو،ئەوا ڕوو بکە لای بالٚندە فرۆشێکی نزیك هیچ گومانت لەوەدا نەبێت کەمن دەتدۆزمەوە، دوای تێپەڕبوونی چەند سەعاتێك بەسەر وونبوونم ، زۆر خەمبارو نیگەران بەدیار قەفەزێکی بولبولێکەوە لەلای دوکانی بالٚندە فرۆشێك ڕاوەستابووم ڕازی دلٚی خۆم بۆ بولبولە بەندکراوەکە دەگێڕایەوە،بەبولبولەکەم دەگووت" ئەگەر ئێستا تۆ لەناو قەفەزێکدا دیل



نەبوایـــەیت، ڕەنگـــە بتوانایـــە بـــاوکم بدۆزیتەوە" ئەوەنـدە لـەبارێکی دەروونـی شـــڵەژاو بـــووم چـــەندین جـــار بـــیرم لەوەکردەوە ئـەو بولبولـە ئـازاد بکـەم بۆ ئەوەی بفڕێت وباوکم بدۆزێتـەوە، مـن لـەم بیرە جەنجاڵ وتێکشکاوە بووم لەپڕ بـاوکم دەستی ناوە سەر شانم وگووتی" دەمزانی دێیـت بـۆلای باڵنـدەکان بۆیـە زوو خـۆم گەیاندە ئێرە" بیرەوەرییـەکان لەتاریکیـدا سـەریان دەردەهێنـا وچـاویان دەتروکانـد بیرەوەرییەکی ترلەتاریکی سەری هەڵهێناو چـاوی تروکانـد بـیرەوەری ڕۆژگارێـك بـوو لەترســـی گـــرتن وزینـــدانیکردن خـــۆم لەژوورێکـدا زیندانیکردبوو،لـەپانتایی ئـەو ژوورەدا لەتەنهاییـەکی بێزارکـەر لـەو دیـو دەرگا کلۆمدراوەکانەوە، ژوورە چۆڵەکەم





پڕببـوو لـە دەنـگ و وێنـەو تـەزووی وزە وجوڵـەی شـتە مـات بووەکـان، تادەهـات ژوورەکـەم دەئـاخنی بـە حەشـامەتی ئـەو دەنگانـەی نایدەناسـم وبـە تارمـایی ئـەو دیمەنانـەی نەمـدەبینی، ژوورەچـۆڵەکەم جمەی دەهات لە دەنگ ورەنگ وتارمایی و خـەیاڵ و .....سەرئێـشەییەکی سـامناك ئـازارێکی ترسـناکی گەیانـدە مـۆخی نـاو سەرم، دەمویست هەرچی زووترە لەئازاری ئەو ژانەسەرە ڕزگـارم بێـت و لەبـەر ئـەوە لـەو زیندانـە دەسـتکردە خـۆم قوتـارکردو هاتمـە دەرەوە دوای چـەند ڕۆژێکـی کـەم گرتمیـان وفرێمیانـداوە نـاو ژوورە تاریـك وتنۆکـــەکانی زیندان،لـــەژوورێکی زۆر بچووکدا زیندانی کرام بـەڵام لەفـەزای ئـەو ژوورەتاکـــە کەســـێیەی زیندانـــدا بیرەوەرییـەکانمیان سـڕییەوە، لەتـەنهایی ژوورە چۆڵەکەی زیندان بەدوایی دەنگێکی ناسـیاو یـان دەسـتێکی پـڕ بەبـەزەیی دەگەڕام هیچ شـتێکم شـك نـەدەبرد جگـە لەچاوەڕوانی داهاتوویەکی تەماوی بەدەم ڕۆیـشتنەوە پـێم چـەماوە کەوتمـە سـەر زەوی وئازار بەپەنجەی پێی کەڵەی چـەپم گەیشت بەڵام ئـەو وێـڕای ئـەوەی دیمـەنی کەوتنمی بینی تـەنها یـەك وشـەش چییە لـەدەمی نەهاتـە دەرەوە، ئاگـام لێبـوو بەلاچـاوێکەوە سـەیرێکی کـردم، دوای کەوتنەکـەم هەوڵمـدەدا خێراتـر ڕێبکـەم وبگەمـە لای ئـەو لـە کوچـەییەکی دوور وتاریکـدا دوای ئـەوەی چـەند کۆڵانێـك گەڕاین دەرگاییەکی دوولای حەوشەییەکی گـەورەی کردەوە،دوای کـەمێك بێـدەنگی وتی"دەتوانی بۆ مـاوەی کاتـژمێرێك لێـرە پشوو بدەیت دواتر دەڕۆین"

وتم " هێشتا زۆرمان ماوە بگەین"

لەوە دڵنیا نەبووم ئـەو وشـەیەی لـەدەمی دەرچـوو چـی بـوو، بـەڵام بـۆ خـۆم وبەبیرکردنـەوەی خـۆم وامـدانابوو کـە دەڵێت " بەڵێ"

ئـازاری زۆر ڕێکـردن وپاڵەپەسـتۆی زۆر بیرکردنـەوە قورساییەکی بـێ ئەنـدازەی خـستبووە سـەرم،بۆ خۆیـشی چـووە دەرەوە لەحەوشـەکەدا بـۆ ماوەییـەك ئـۆقرەی گـرت ومایـەوە، نـازانم هـیچ لـەو کەسـە تێناگەیـشتم بۆچـی خـۆی لـەمن بەدوور دەگرت ونەیدەویست قسەم لەگەڵ بکات،کاتێکی زۆر بەسەر ئـەو دانیـشتنمان تێپەڕی بەمەزەنـدەی خـۆم سـێ چارەکە سەعات زیاتر تێپـەڕی بـوو، منـیش لـەناو گێـــــژاوی بیرکردنـــــــەوەدا گیرمخواردبوو،بـەپرتاو خـۆیکرد بـەژووورداو گوتی" هەستا بابڕۆین"بەبێ ئەوەی تـەنها وتەیـەکم لـەدەم دەربـچێت یەکـسەر بەدوایکـەوتم.....بـەکۆڵانێکی زۆر تەسـکدا

دەڕۆیشتین ئەوکاتە تریفەی مانگەشەو ڕووناکی پەخش دەکرد،لەگورزەی ڕووناکی مانگەوە بیرەوەرییەکی زۆر دوور دوورتر لەو جێگەیەی بۆیدەچم لەناخم پشکۆی ئاگرێکی کۆنی جۆشدەدا ،تینوویەتی ئاوی لەجەستەم هەڵدەمژی،برسێتی بیرەوەرییەکانمی هەڵدەلووشی،پەستانی بیرکردنەوە ئاراممی پساندبوو،سەرەڕای ئەم ماندووبوونە هەر دەڕۆم وپێم لەبەردو چەوی سەر ڕێگاکە هەڵدەکەوت، بەدەم ڕۆیشتنەوە گەیشتینە هەورازێکی بەرزو زۆر سەخت، بەرەو پێشەوە تەکانمدەدا دەمویست وەکو ئەوئاسا بەسەر هەورازەکەدا سەربکەوم بەلاّم پێشتریش لەوە گەیشتم ودڵنیابووم کە وەکو ئەوم پێناکرێت، چ لەبەرئەوەی ئەو لەتەمەندا زۆر لەمن بچوکتربوو یاخود لەبەر ئەوەی ئەو بەسەرکەوتنی ئەو هەورازو نشێوە فێر ببوو،لەسەر لوتکەی شاخەکە کۆشکێکی زۆر قەشەنگ وجوان بنیاتنرابوو،هێشتا زۆر لێیەوە دوور بووین یادەوەری زەمەنی لاوێتیم بووە وێنەو بەبەرچاوم هێنرا،ئەو کچە نەشمیلەم بەبیردا هاتەوە لە ڕۆژێکی گەلاّوەریندا ئەوکاتەی دارو دەون شین و واوەیلە دەگێڕن ،ئەو کاتانەی باڵندەکان نیشتمانەکەیان بەجێدەهێڵن ،منیش بەفیکروتێگەیشتنی خۆم لەپێناوی ئەوەی خۆم تەرخان بکەم بۆ نیشتمانەکەم بەجێمهێشت وشوشەی دڵی کچێکی نازدارم شکاند وبەخواستی خۆم لێیدوورکەوتمەوە. چەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە کۆشکەکە ڕێبەرەکەم هەڵوێستەییەکی کرد وڕاوەستا وتی" تا ئێرە کاری من تەواوبوو، ئەمە ئەو شوێنەیە کە تۆ مەبەستتە"

هەندێ سەیری چوار دەوری خۆمکرد وبە نەبرەی کەسێکی توڕە وتم " هەرگیز ئەم ناونیشانەم بە تۆ نەداوە، نازانم ئێرە کوێیە،منت بۆ کوێ هێناوە؟"

ئەویش بەهێمنی وبەگفتی کەسێکی خاوەن ئەزموون وسەلیقەییەوە گوتی" ئەمە ئەو جێگەیە کەپێویستە تۆی لێ بێت، دەیەها ساڵە هەموو چرکەییەك بیر لەسەردانی ئێرە دەکەیتەوە بەلاّم دواتر پەشیمان دەبیتەوە، دەبوایە کەسێك ڕێنوینیتی بکردایە وتۆی بۆ ئێرە بهێنایە"

بێ ئەوەی بزانم مەبەستی چیەو چی دەڵێت بەجێمهێشت وبەرەو کۆشکەکە ڕۆیشتمٍ دەرگاکەی لەزیو دروستکرابوو، دارو دیواری بەدوڕو گەوهەر ڕازێنرابووەوە،ڕەنگی جۆراوجۆر لەنەخشکردنی بەکارهێنرابوو،فەرشی زەوییەکەی بەجۆرە کرستاڵێکی شوشەیی





ڕاخرابوو زۆر دیمەنێکی ناوازەو سەرنجڕاکێشی هەبوو، لەلێواری حەوزێك ونافورەییەکی ئاو شاژنێکی ئەفسانەی لەسەر کورسییەکی زێڕ دانیشتبوو، چاوی بەمن کەوت هەڵسا وهەمان ئەو کچە بوو کەبیرم لێدەکردەوەو پێش چەندین ساڵ بەر لەئێستا بەجێمهێشت بە زەردەخەنەکەی جارانی وتی " ئەوەی ویستت هێناتە دی بەلاّم باجێکی زۆر گەورەت لەجیاتی دا، ئەوە چی بەهاییەکی دەبێت ئەگەر هەموو جیهان بەویستی ئێمە ببێت بەلاّم حەزوژیانی خۆمان بکەینە قوربانی ئەو ویستە" پێکەوە دانیشتین وڕازو گللەیی خۆمان بۆ یەکتر باسکرد،سەرگوزشتەی ژیانی بەسەرچوومان بۆ یەکتر گێڕایەوە، هەرچەندە حەزمدەکرد بۆ تەنها ساتێك بەجێی نەهێڵم بەلاّم بەهیچ کلۆجێ پەشیمان نەبووم لەوەی کەپێشتر کردوومە،کات بەخێرایی تێدەپەڕی، درکم بەوە نەدەکرد تەمەن بەسەر دەچێت وشیلەی جوانیەکان دەمژێت، ڕێبەرەکەم هاتە کۆشکەکەوە وبەدەستی ئاماژەی بەوەکرد کە هەستم وبڕۆم، پێیمگووت" دەمەوێت ماوەییەکی زیاتر لێرە بمێنمەوە، لەلای ئەم شاژنە پشووییەك بدەم"

هەر نەیدەویست سەیرم بکات وتەماشای لاییەکی تری دەکرد وتی" مۆڵەتی مانەوەت لێرە تەواو بووە، پێویستە بەزووترین کات ئەم کۆشکەکە بەجێ بهێڵیت"

لەچرکە ساتی تێڕامانی شاژن و فرمانی ڕێبەرەکەم کۆشکەکەم بەجێ هێشت وبەدوای ڕێبەرەکە گەڕامەوە،نازانم چۆن وازوو گەڕامەوە و هەموو ئەو ڕێیە دوورەم بەخێرایی بڕی و گەڕامەوە بەر دەرگای ماڵەکەم لەوێ دیقەتی زۆر وردی دەمو چاوی ڕێبەرەکەمدا بینیم شێوەو ڕووخساری خۆمە، جگە لەخۆم کەسێکی تر نەبوو، بەڵێ هەر خۆم بووم ڕێبەری ئەو سەفەرەم بۆ خودی خۆمکرد بۆلای ئەو کەسەی پڕ بەدڵ خۆشمدەویست ولەگەڵ ئەوەشدا نەمتوانی لەپێناو ئەرکی سەرشانم لەگەڵیدا ژیان بگوزەرێنم.....

کەرکوك/ ٢٠١٣

# هەر تۆم خۆشدەوێ

فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج

درەختێك بەر لە بیست ساڵ دەبوو لەسەر شۆستەی نزیك شەقامەکە ڕووا بوو، لق و چڵەپۆپی پڕ لە گەڵا بوو، باوەشی بە چواردەوری واڵابوو، ئۆتۆمبێلێك کە گەنجێکی تەمەن هەژدە ساڵانی تیابوو، لە خێراییەکی تیژڕەودا لەناکاو و لە پڕدا خۆی کێشا بە درەختەکەدا و لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵیتەکاند و خستی بەلادا.. خەڵکێك کە لەو ناوەدا بوون بەپەلە بەهانایەوە چوون، کاتێ کە لێی نزیکبوونەوە گوێیان لە دەنگی ڕیکۆردەکەبوو، بە بەرزییەوە گۆرانی "هەر تۆم خۆشدەوێ" لەسەر بوو، هەر چۆنێ بوو خەریکی ڕزگارکردنی گەنجەکە بوون و لە ئۆتۆمبێلەکە دەریان هاویشت، کە هەموو سەروگوێلاکی لە خوێنا شەلال بوو، هاواری دەکرد "ئای مردم" ئۆتۆمبێلەکەش تەواو تێکشکابوو جام شکاو تێکوپێك قوپاو و لەکارکردن کەوتبوو...

یەکێك هەڵی دایە. ئەم گەنجە کامیانی خۆشدەوێ

– خۆی .. درەختەکە .. ئۆتۆمبێلەکە !؟

یەکێکی کە یان بۆی سەنەوە

– تەنیا خۆی دەزانێ !!







# خەو

لەبەر دەرگایماڵەوەیان ڕاوەستابوو، ئەو بەرەو لای هات بەپەلە هەنگاوەکانی دەهاویشت.. تا نزیکی بووەوە بەر لە سڵاو بەهەناسەبڕکێیەوە وتی:

– باشبوو بینیمی!؟

کەمێ بەخۆیدا هات و هەڵوێستی وەرگرت.

– لەبەرچی .. خێر بوو.. شتێ ڕوویداوە؟!

– نا .. نا.. لەبەر ئەوەی "خەو"م پێوە بینیوی.

– ترسام .. ئێ دەباشە بیگێڕەوە..

ساتێ ڕاما تریقەك دەم و چاو و جەستەی گرتووە و لەنگەری لەدەستداوە بە نووزەیەکی ترسنۆکانەوە وتی: (ئاخر ناتوانم !)

– ئێ کەواتە بۆچی بەم شپرزەییە هاتووی، ئەی بۆچی پێی دەڵێی؟!

بەشەرم و شڵەژانێکەوە لەگەڵیشا سەرتاپای دەلەرزی

– دەبوو.. دەبوو پێت بڵێم.. شەرع .. شەرع.. ئەو بە پێ داگرتن تووڕەبوونێکی بێ ئەندازەوە..

– دە کەواتە لێت ناگەڕێم.. (شەرع .. شەرع)ی چیتە !

دەبێ لێمی نەشاریتەوە، (خەو) ئەمەی دەوێ ؟!

نەیگێڕیتەوە، ئەگینا خۆم دەزانم چیت پێدەکەم !!

هەنووکە چاری نەماو هەردوو دەستی خستە سەر دەم و چاوی و پەنجەکانی وەکو شیشی بەر پەنجەرە کردەوە و لێوەکانی بەترس و لەرزێکەوە کەوتە هەلەکەسەما و وردە وردە دوور دەکەوتەوە بە پچڕ پچڕ دەمی دەکردەوە..

– ئاخر.. ئاخر دەبێ هەردووکمان خۆمان بشۆین.. خۆمان بشۆین.

# مامه خورشید وئەڤینی!

عەلی شێخۆ

زەماوەندەکـە ئێـدی بـاش شـێن بووبـوو، تۆزێـك لـە دوورەوە دیـلان لـە کۆشـی شـاخەکانی گوندەکـە وەکـو کولیلکـەکانی بـــەهار رەنگـــا وڕەنگـــاو دەبینــرا. بانگهێشتکراوەکان کۆمەڵ بە کۆمەل لەگەل خـەڵکی لادێ خـەریکی قسەکردن و یـەکتر ناسین بوون. من بە مەبەسـتەوە لـەناو ئـەو کەسانەدا بووم کە مامە خورشید لە ناویاندا بـوو، بـۆ ئـەوەی بـاش بیناسـم، کـە وەکـو نووســـەر و شـــاعیرێکی بـــەناوبانگ ناسرواە،بەڵام رفتار و قسەکانی لە ئاسـتی ناوبانگیـدا نـەبوون و لـە هەڵـسوکەوتی هەرزەکارێکی نەفامی هەبوو، ئـەوەش وای لێم کرد زیاتر لێی بکۆڵمەوە.

گـوێم لێبـوو، مامـە خورشـید بـە کەسـانی دەرووبەری خۆی دەوت:

لەبواری خۆشەویستیدابەخت یاوەرمـە، بـۆ کوێ دەرۆمچەندین کچ عاشـقم دەبـن، بـێ گومان جانەکممنیش عاشـقیان دەبم، نـەك تەنیا کاتێ زگورتبووم، ئێـستاش، کـە مـن خاوەنی ژن و منالٚ ونەوەم، هەر ئەوە حـالٚ وئەحوالی من.

حالی حازریش ئەگەر ئێوە کچێك لەم کچانە چەند شەوێك بدەن بـە مـن، خـۆ دنیـا تێـك ناچێت و خراپ نابێت!

کەسێك بە توورەیییەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی کـە لـە رێـزداری خـەڵکی لادێ بـۆ میوانـان دەرکەوێ، پێی گوت:

بەشێکی زۆر لە هەڵبەسـت و نووسـینەکانت لەســـــەر دڵـــــسۆزی و خۆشەویـــــستی راستەقینەن، بـەڵام خـۆت زۆر لـەو شـتەوە دووری!

کەسـێکی تـریش بەگاڵتـەوە، و بـە مـەرامی خۆشکردنی دۆخەکە، وای پێ گوت:

ئاینمان جیاوازە، ئێمـە نـاتوانن هـیچ کـچێك بدەین بە تۆ!

بـەڵام مامـە خورشـید دۆخەکـەی زیـاتر ناشیرین کرد، کاتێ گوتی:

جانەکەم: کچێك بدەن بە من رۆژانە لە شەو تا بەیانی دێمە سەر ئاینتان، دواتر حـەقتان لەسەر من نییە!

گەنجێکی خوێندەوار ئەوها وەڵامی دایەوە:

تەمەنت لە حەفتا سالٚ زیـاترە، بـە حـساب تۆ شاعر و نووسـەری، بڕوانامـەی دکتـوارت هەیـە، لـە زۆر وڵاتـانی دونیـا گـەڕاوی، ناوبانگێکی جوانت هەیە، بـەڵام بەداخـەوە، هـیچ لـە ئاسـتی ئـەو نـاوەدا نیـی، تـۆ لـە شەقاوەیێکی بێ سەروبەر دەچی!

ئینجـامنیش لەچوارچـێوەی رێـزداری بـۆ کەسێکی بەتەمەن پێم گوت:

مامە خورشید! ئەوە چـی خۆشەویـستی و ئەڤینێکـە تـۆ بـاس لێـوە دەکـەی، هـەر بڵێبەختەکەمبەختی نێرییە، لەبەر ئەوەیبۆ کـوێ دەڕوابزنێـك یـان چەندێکـشوێنی دەکەون!

ئەی ماڵخراب، کەسێکی وەکـو تـۆ خـاوەن ژن و منـال و نـەوە بێت،چـۆن دەبـێ ئـەو قسانە بکـات؟ ئەمـە خۆشەویـستی نییـە، خیانەتە لەگەڵ ژن و منالٚ و نـەوەکانت، و پێش هەمووشیان خیانەتکردنە لە خۆت.

دڵێکـــــ لەکەســـێك زیـــاتری تێـــدا بێ،نەئەویندارە، بەڵکو چاولەدەرە!

ئینجا مامە خورشید، تـۆ لـەکوێ و ئـەوین لەکوێ!



عوسمان دەروێش شکور

# چوار کورتیلە چیرۆک

## 1ـ لە ڤالانتایندا ••

شەوی ١٤/١٣ ی مانگی دوو بەوپەڕی خۆشیەوە سێوێکی مێخەك ڕێژکرد ، هەربیریشی لەو قسەیەی دوا ژوانیان دەکردەوە کە هەفتەیەکی بەسەردا تێپەڕیبوو ٠

ــ ناهێڵم بگاتە جەژنی نەورۆز دەبێ زەماوەندەکەمان بکەین ، ئەم بەهارە کوێمان بوێ بۆی دەچین ، دەبێت گەشتی هەموو هاوێنە هەوارەکان بکەین پێکەوە ٠

سێوەکەی لەژوور سەرینەکەی دانا ٠٠ تۆ بڵێی ڕاستم لەگەڵدا بکات پێش جەژنی نەورۆز بێتە داوام و بەڵێنەکەی بەرێتە سەر ٠

بەدەم کۆڵێ خەیاڵی هاوسەرگیرییەوە خەو بوو بە میوانی چاوەکانی ٠

لەگەڵ گزنگی بەیانیدا بۆ ڕۆژباش و پێدانی سێوە مێخەك ڕێژەکە ڕێگەی ماڵیانی گرتەبەر ، ویستی بدات لەدەرگا ،









هەڵوەستەیەکی کرد ٠٠ دەترسم خەوتبێت بۆچی لەخەوی بکەم ، دەڕۆم پاش کەمێکی تر دێمەوە ، ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت و هەنگاوێك بەرەو دوا کشایەوە ٠

دەنگی پێیەك لەودیوی دەرگاکەوە ئیستێکی پێکرد ٠

بەخوا چاکە ٠٠ دڵ ئاوێنەی دڵە ، کێ دەڵێ ئەویش گوڵی سوری بۆ ئامادە نەکردووم بەنیازی لای من بێت ٠!١

لەپێش دەرکەکە وەستا و چاوەڕێی ئەوە بوو ئەو بیکاتەوە بەڵکو ئەمیش یەکسەر باوەشی پیابکات و ئەوڕۆژەی لێ پیرۆزبکات ٠

سەبری نەما ٠٠ پاڵێکی بەدەرگاکەوە نا ٠٠ دڵخواز ٠٠ یەکێکی تری بەرێ دەخست بۆ ماڵئاوایی لێوەکانیان جوتکردبوو وەك




نەمامی لاولاو ئاڵابوون بەیەکدا ٠
سێوە مێخەك ڕێژەکەی توڕدا و بەدڵ شکاوی گەڕایەوە ٠

## 2ـ لە ئیش نەبوو

دەمێ بوو پیاوەکەی جێخەوەکەی بەجێهێڵابوو ، ئەو وای دەزانی چووەتە سەر کارەکەی ٠
دەرگای حەوشەکەیان لە دیوی ناوەوە شیش درابوو ، گومانێکی تەڵخ سەر دڵی تەنی ٠
ــ ئەی گوایە لەکوێیە خۆ دەرگاکە نەکراوەتەوە ؟؟
هەستێکی ڕاگرت ٠٠ خوایە تۆبەبێ چۆن کاری وادەکات ، شەیتان بەنەفرەت بیت کەی ئەوەندە دڵ پیس بوومە ؟
بێئەوەی هەست بەخۆی بکات لەبەر دەرکەی بێوەژنە کرێچیەکەیان گیرسایەوە ،بە دەنگی نوزانەوەو مشەمش و هەناسە بڕکێ دڵی دەستی بەخورپە کرد ، زیاتر گوێی بەدەرکەوە نا لەچپەکانیان نەگەیشت ٠
لەپاینی دەرکەی حەوشەوە گۆشەیەکی چاوی ئاراستەی دەرکەی بێوەژنەکە کرد ، لەپاش کەمێ مێردەکەی هاتە دەرەوە ٠
بێئەوەی هیچی پێ بڵێ ، جل و جانتاکەی پێچایەوە ٠
لەپاش دوو ڕۆژ لەلایەن دادگاوە نووسراوێك گەیشتە دەستی پیاوەکەی ٠

## 3ـ شووشە بۆنێکم دەوێت

تا گەیشتە بەردەمی دوکانی بۆن فرۆشەکە بەدوایەوە بوو ، سەرنجی سمت و ڕانەکانی دەدا ، لەگەڵ بزواندنی سمتی لەژێر تەنورەی تەنگدا، ئەم زیاتر چاوی تێدەبڕی و هەناسەی بۆ هەڵدەکێشا ،بێئەوەی چاوی لەسەر لابات بەئەنگوستی تەڵ تەڵ سمێڵەکەی لەنێو زاری دەناو دەیکروشتن ٠
پێیەکی خستە سەر شۆستەکە بۆ ئەوەی کەمێك گۆرەویەکانی بۆ سەرەوە هەڵکێشێ ، پوزی سپی بێ تووکی بەئاستەم بەدەرکەوت ٠
ئەی بەقوربانی ئەو خوایە بم ، دەستڕەنگینی شایستەی خۆیەتی ، ئەم پەریەی چۆن خولقاندووە ، بریا ڕووشیم دەبینی دەبێ چ مانگێ بێت ؟؟
لە دوکانی بۆن فرۆشەکە بەرەو ڕووی یەکەوە بوون ٠
ـ هەی کاکە تۆش بۆ ئێرە هاتی ؟
لەشەرما ڕشەنگی هەڵپڕوکا ٠٠ وتی شووشە بۆنێکم دەوێ ٠

4ـ هاوکاری
برادەرە دەوڵەمەندەکەی پێی وت : دەمەوێ هاوکاری چەن هەژار و دەستکورتێك بکەم ، تۆ کەسی وا دەناسیت ؟
ژن و مێردێکی بە تەمەن لە کۆڵانی پشتیانەوە بێکەس و کارو هەژار بوون ، هیچ داهاتێکیان نەبوو ، ئەم لەناخەوە بۆیان دەسووتا بەڵام دەسەڵاتی هیچی نەبوو ، بۆیە زوو ئەوانی بە بیردا هاتەوە ..
بەڵێ ، بەڵێ خەڵکی وا دەناسم ، با پێکەوە بڕۆین بە چاوی خۆت گوزەرانیان ببینە و هەرچیت لەدەستدێ بۆیانی بکە ٠
پێکەوە ڕۆیشتن لەدەرگایماڵە هەژارەکەیان دا ، پیرەمێردەکە بۆی کردنەوە ٠
پێش ئەوەی برادەرەکەی بەیەکیان بناسێنێ ٠٠ دەوڵەمەندەکە نەویەوە دەستی باوکی ماچ کرد ٠٠ بڕوابکە باوکە گیان نەمزانیوە ماڵەکەت لێرەدایە!
هاوڕێکەی بێدەنگی هەڵبژارد ٠

# پشیلەکان

بەنگین پیرۆت نوری

زەمەن و ساتی چیرۆکەکەمان ئەو کاتەیە جەنگ هەموو شوێن و شتێکی سوتاندوە و وێرانی کردوە کورەکە لەترسی گوللەی سەربازانی دوژمن ناوێرێت بچێتە دەر و لەپەنجەرە شکاوەکەی ژوری بەیتونی سەربانی ماڵەوە سەیری دەورو بەری خۆی دەکات و لە ماڵەکەی بەرامبەریان دەروانێت.

جارێکیان ویستی بچێتە دەر هەر لە حەوشەکە بوو بە شەلەشەل خێرا گەڕایەوە ژوور، ئەی خوایە ئەم جەنگە کەی کۆتای پێ دێت .

دایە گیان و باوکم و خوشەکەکانم سەربازەکان دەبێ بۆ کوێیان بردبن. ئەو ڕۆژە هەر وەك ڕۆژەکانی تر بەو خەیاڵ و بیرکردنەوەیە کاتی بەسەر برد جار جاریش دەنگە دەنگی سەربازی پیادە و ئۆتۆمبێلی سەربازی و تەقینی تۆپ و ویزە ویزی گوللە بەئاگای دێنایەوە.

جەنگ بەردەوامە کات وەك گوللە تێدەپەڕێت و بەخۆی نەزانیوە چەندی زەمەن بەڕێ کردوە،لاوازی جەستە و





ئاگری برسیەتی و تینوێتی و سمێڵ و ڕیشی درێژ و چڵکن و بۆری روخسار و شڕی جل و بەرگی،دەیان سەلماند بەساڵ لەو ژوورە تاریکە ڕۆژ و شەوە بەسامەکانی ڕۆژگاری جەنگی بە سەختی بەرێ کردوە.

شەوێك لە ژماردنی تەقینی گوللەکان وازی هێنا،بیری کردوە خۆشەویستی ئەو لەمەرگ و گوللەی دوژمن بەهێز ترە،لەئاگری برسیەتی و ئاو بۆ زامی رۆحی پێویست ترە.فرمێسکی دەڕشت و لەدڵی خۆیدا دەیگووت:خوایە خۆزگە هەر ئەو کاتی بوایە و هەر جەنگی دەرونی و جەنگی عەشق بوایە، هەر چەند لەجەنگی شەڕی تۆپ و گوللەی ئێستا سەخت تر بوو،بەلاّم هەر هیچ نەبو ئومێدێکم بە عەشقی ئەو هەبوو،ئەگەر چی بەبێ ئەوەی ئەو بەشداری جەنگی ئەوین بکات من دۆڕاو بووم،بەبێ ئەوەی ئەو یەك نیگاش لەنیگام بکات،بەنیگای ئەو مەست ببووم.ئای خویە دەبێ ئێستا ئەو لەکوێ بێت،ئای لە عەشق وای لەئەوین وای لە بێ ئاگای ئەو بن دیوار بن دیوار بەژێر سێبەری تاریکی مانگە شەو خۆی گەیاندە ئەو ماڵەی بەدرێژای کاتەکانی جەنگ و پێش جەنگ لەحەوشەکەیانی دەڕوانی.چونی ئەو بۆ بۆن کردنی ڕابردوی ئەو خۆشەویستیە بوو کە تاك لایەنە خۆشی دەویست و کچە ئەمی خۆش نەدەویست.

خانوە وێرانەکەی ئەو ماڵە وەك دڵی ئەو وێران ببوو.گەڕایەوە ژووری ماڵە تاریکەکەی خۆی.بیری ڕابردوی خۆی دەکرد،کە ڕۆژانە کردبوویە پیشە لەو پەنجەرەوە سەیری حەوشەی ئەو ماڵە و کچەکەی کردوە،کاتێك حەوشەی دەششت و لاقە سپیەکانی لەژێر تیشکی خۆر لەناو ئاوەکەدا دەتگوت زیوە دەبریسکێتەوە.

ڕۆژێك نسێیەکی بەدی کرد و وەك داری بی دەجولاّ،بەلایەوە سەیر بو،بەدرێژای ڕۆژگاری جەنگ لەو ماڵە شتێکی بەدی نەکردبو.دوای سێ هەفتە هەمان سێبەر لەهەمان شوێن دەرکەوتەوە،بۆی ڕوون نەبوو چیە،بڕیاریدا بەدیاریەوە دابنیشێت،پاش دوو ڕۆژی تر دەرکەوت سێبەری پشیلەیە، پشیلەکە لەکونێکی داروخاوی ماڵەکە هاتو و چۆی دەکرد، بەلایەوە جێگەی پرسیار و گومان بو پشیلەیەکی جوان و خرپن لەکاتێکی وەك ئێستا؟! بەڕاستی پرسیار و گومان لای مرۆڤی برسی دروست دەکات.چونکە جەنگ هەر جەنگی شەڕی چەك و کوشتار نەبو،جەنگی سەر بڕینی رۆحی عەشق و جەنگی قات و قڕی و نەبوونی ئاو و نان و جەنگی بڕینەوەی مرۆڤ بوو،برسیەتی مرۆڤەکانی هاڕی بو چۆن پشیلەیەك وا بە قەڵەوی و خرپنی ماوە؟!

پشیلەکە لەوە بێ ئاگا بوو چاودێری دەکرێت.

جارێکیان پشیله وەك جارانی پێشو هاتەدەر،ئەو بەکونی پشیلەکەدا بۆ ناو ژووری خانوە وێرانەکە،ڕۆیشتە ژوور،ژوورەکە بە ڕووناکی مانگە شەوی مانگی ئاب دەتوانرا شتەکان بەدی بکرێن،جگە لەشەش بێچوە پشیلە و پشیلەیەکی تری قاچ شکاو کە چاوەکانیان لەتاریکی شەودا وەك فسفۆر دەبریسکایەوە. خواردنی سەربازی،وەك قوتوی هەڵنەپچڕاو و هەڵپچڕاو لەتەماتە و فاسۆلیا و گۆشت،پۆستاڵ و جل و بەتانی خوێناوی سەربازی شتێکی تر بەدی نەدەکرا.ئەو دوو قوتوی لە قوتوە هەڵنەپچڕاوەکان دەست دایە،پشیلە قاچ شکاوەکە بەشێوەیەك میاواندی وەك ئەوە وابو پێی بڵێ ئەو قوتوانە مەبە هی کەسێکی ترە.

ڕۆژان ڕۆیشتن و ڕۆژانێکی تر هاتن جەنگ هەر بەردەوام بوو ئەمیش لەچاوەڕوانی پشیلەکەدا شەو و ڕۆژ لەبەردەم پەنجەرەکە ڕا دەوەستا. شەوێك لە شەوە گەرمەکانی مانگی ئاب مانگە شەو بوو سێبەرێکی بەدی کرد لە سێبەری پشیلەی نەدەکرد بۆیە گومان ختوکەی ناخی دا و چاوەڕوان بوو و چاوی لەسەر شوێنی تارمای سێبەرەکە نەدەتروکاند.هەفتەیەك پاشتر لەجیاتی تارمای ،سێبەرێکی بینی،سەرەتا نەیزانی سێبەری چیە. لاشەیەکی تێك شکاو و سەرو سیما و پرچێکی ئاڵۆز و ناشیرین،بەباڵای نەبوایە نەدزانرا مرۆڤە.کورەکە خۆی لێ ئاشکرا کرد ئەم ڕای کرد بەکونێکی تر جیاواز لەکونی هاتوو چۆی پشیلەکە،چۆوە ژوورەوە،ئەو بەدیار کونەکەوە ماوەی هەفتەیەکی تر دانیشت.

وردە وردە،ڕۆژنا ڕۆژێك شەو نا شەوێك جار نا جارێك،سامیان لەیەکتری شکا،لەدوورەوە لەروخساری یەکتریان دەڕوانی.

هەر کە بێچوە پشیلەکان لەکونەکە بەدەردەکەوتن ئەویش بەکونەکەی خۆیدا لەژێر خانوە ڕوخاوەکەدا دەهاتە دەر و پشیلەکانی لەئامێزی خۆی توند دەیگرتن و بە باوەشیەوە دەیگوشین،بەڵام ئەم جارە وەك مرۆڤێك نەك تارمای و سێبەر.

جارێکیان بەرامبەر کونەکە ڕاوەستا ویستی بچێتە ژوور کچەکە هاتەدەر بەدوای ئەودا بێچوە پشیلەکان هاتنە دەر،کوڕەکە گرتی و توند لەئامێزی گرت کچەکە خۆی ڕاوەشاند و ویستی لەدەستی ڕا بکات نەیتوانی و لە کوڕەکەلاواز تر بوو،پرچی لەسەر ڕووخساری لابرد،ئەوەندە پیرو لاواز و چڵکن و بێ هێز ببو لە کچەی حەوشە شۆرەکەی جاران نەدەچو.بەڵام ئەو بو.ڕۆژگار وەك خۆی وونی کردبو و ژیان دڵ ڕەقانە مامەڵەی لەگەڵ کردبوو.کچەکە بیری نەبوو لەپەنجەرەی ماڵەکەی بەرامبەریان ڕۆژێك لەڕۆژان کوڕێك سەیری کردبێ،بەڵام کوڕەکە لەبیری مابو چەند بەئاگری جەنگی خۆشەویستی ئەو سوتابوو.

هەریەك لەشوێنی خۆی لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی پشیلەکەدا بوون.

پشیلەکە پاش دوو ڕۆژی تر هاتەوە،گونیەکی بە ڕاکێش ڕاکێش لەگەڵ خۆی هێنابوو پڕ بوو لەجل و بەرگی سەربازی،لەگیرفانی چاکەتێکدا دوو وێنەی تێدا بوو یەکێکیان ژن و پیاوێك و منداڵێك بوو ئەوی تریان وێنەی کۆمەڵێك سەرباز بەیەکەوە بەپێکەنینەوە ڕا وەستا بوون.

ئەوان"کچ و کوڕەکە" هاوزەمەنی یەك زەمەن و یەك ساڵی لەدایك بوون و یەك شوێن و یەك ڕوداو بوون،بەڵام بەشێوەیەك باسی ڕابردوی خۆیان بۆ یەك تری دەگێڕایەوە هەریەکەیان بەجۆرێك.وەك ئەوەی هەر یەکەیان کارەکتەری فیلمێکی جەنگی جیاواز بوبێت،لە دوو جەنگ و لەدوو شوێنی جیاواز ژیابن.

دوای بۆردومانی فڕۆکە و تۆپ،کچەکە دەکەوێتە ژێر دار و پەردوی خانوە ڕوخاوەکە ماوەی شەش مانگ بەکردنەوەی کونێك بەرەو دەرەوە سەرقاڵ دەبێت و لەجیهانی دەرەوە دادەبڕێت و لەو خۆراکە دەخوات کە پشیلە مێیەکە بۆ شەش پشیلە کە و پشیلە قاچ شکاوەکە لە دەرەوە دی هێنا.

کچەکە لێوەکانی کە وشەکانی لەبیر چبۆوە،بەزەحمەت قسەی بۆ دەکرا،باسی ئەوەی کرد کونێکی بچوك ژووری ئەو و پشیلەکانی بەیەکەوە دەبەستەوە جگە لەپشیلەکان ئەو نەیدەتوانی هاتوچۆی پێدا بکات و بچێتە ژووری پشیلەکان و بەکونی هاتوچۆی پشیلەکان بێتەدەر، بەڵام پشیلە مێیەکە هەر خۆراکێکی بۆ پشیلەکان هێنابوایە بەشی ئەویشیان داوە و لەبەردەم ئەو کونەیان داناوە کە لەنێوان ژوورەکەیاندا ئێستا هەر هەیە.

ئەوان لەو قسانەدا بوون پشیلە مێیەکە لەکونەکە هاتەدەر و پشیلە قاچ شکاوەکەو هەر شەش بێچوەکەشی لەگەڵ بوو، بەمیاواندن خۆشەویستیان بۆ یەکتری دەردەبڕی. ئەوان ڕۆیشتن و ئەو ناوەیان بەجێهێشت.

ئەوانیش"کچ و کورەکە" شتێك نەبو باسی بکەن، هەروەك جگە لەتەقینی گوللەکان شتێکی تریان نەبیستبوو، لەڕابردوشدا هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نەبووە تا ببێتە پردێك و ڕابردویەك لەنێوانیاندا،جگە لەو سەیر کردنە کە کوڕەکە لەپەنجەرەی ماڵەوە لە کچەی ڕوانی بوو و کچەش نەك هەر بایەخی پێنەدابوو بگرە هەر ئاگاشی لێ ی نەبووە .

# مەمكێك و ماتۆڕێك

كوردستان گولابیئازەر

بەڵام ئەتۆ هەر چەند جاران پێت گوتبووم سینگم دەهێشێ ،سینگت، نە مەمكت؟
پەتۆكەی لادابوو. سیغارەكەی وەك هەمیشە كە بیری لەو شتە دەكردەوە دەردەهێنا. دایدەگیرسێنێ. نا... نا، هەڵدەستێتە سەرپێ. سیغارەكەی جێهێشتۆ. چۆتە دەرێ. دەست لە سینگم دەدەم. هەر یك دانەیە. مەمكێك. هیچی دیكە. هاتۆتەوە ژوورێ. سیغارەكەی داگیرساندۆ، پەنجەرەكەی كردۆتەوە. دووكەڵەكەی دەرناداتەوە دەرێ.
پێی دەڵێم: بۆ دووكەڵەكەی دەرنادەیەوە؟ ئەو شتە ئەوندەت ئازار دەدا؟
چاویی لە دەرێ بڕیوە. ماتۆڕەكەی درووست لە پەنا تانكێرەكەی راگرتۆ. ئاوڕی نەداوەتەوە. پێم دەڵێ: ماتۆڕەكەم درووست لە سەری چوارڕاكە ڕاگرتبوو، چراكە سوور ببوو، لە نێوان دوو ماشێنان ڕام گرتبوو، هۆشم هەر لە تەختی ٩ لە تەبەقەی چواری بیمارستان بوو. باوڕكە. دەمزانی ئاسنسۆرەكەی خراب ببوو. ئاخە هاتبووموم گەڕابوومەوە. دەبا بەستەكانم بڵاو كردباوە، پوولەكەیم ورگرتبوو. چراكە سوور بوو. جێم هێشتبوو. چرا سوورەكەم جێهێشتبوو. پەتۆكەم بەسەر خۆم داداوە. دەزانم دەڵێ چی. ئاوڕی







داوەتەوە: هێشتاش قسەكانی ئەو دوكتورە ئازارم دەدا. ئاوڕی دەپەنجەرەكە بڕیبوو. دەتكوت باسی پتە گۆشتێكی بۆگەنیو دەكا، سەگبابی پوولخۆر....
هەمیشە كە باسی ئەو قسەی دەكرد، مستێكی لە كومۆدەكەی پەنا دەستی دەدا. چاوەڕێ بووم دەنگی مستەكەی بێ. بەڵام ئەو شەو زۆر شت وەك جاران نەمابوو. دەنگی هێچ شتێك نەهات.
پەتۆكەی لادەدا. هاتوتەوە نێو جێگاكەی. ئاوڕ نادەمەوە. لە هەستەكانی دەترسام درووست ئەو كاتانەی دە باوەشی دادەبوم. دەمزانی ئەو شتە ئازاری دەدا.
-دەبایە ئەو سێ بەستەم تەواو كردبایە. پوولەكەییم وەرگرتبوو. لە مەركەزەوە دەستم پێكردبوو. زۆربەی دووكانەكانم كردبوو. ماتۆڕەكەم لە پەنا دووكانی رەحیم راگرتبوو. دەمزانی بێهۆشیان كردبووی. پێیان كوتبووم. دەبایە لە پەنات بام بەڵام پوولی ئەو بەستانەم وەرگرتبوو. دەبا بڵاوم كردبانەوە. ئەوانیش پوولیان لێدابوو. دەمزانی كە دەرك دەكەی؟ كەمێك رادەمێنێ. چاوم لێنێ. بەڵام دەمزانی دەستی راستی وەبن سەری داوە، ئەوەشم دەزانی وەك جاران نییە هیچ چێژێكی لێنابات، بۆخۆی نەیدەكوت بەڵام ئەمن ئەوەم هەست
پێدەكرد دروست ئەوكاتانەی كە لە باوەشی دەبووم و لە ژێر شۆقی شەوخابەكە چاوم لە چاوی دەبڕی، هیچ چێژێكی نەدەبرد بۆخۆم هەستم پێكردبوو هەر یەك دانە بوو مەمكێك!
دەستی لە بن سەری دەرهێنابوو دەمزانی چیشم لێ دەپرسێ هەر بۆیەش پێش ئەوەی شتێك بڵێ پێی دەڵێم ئا، هەر چەن جاران سینگم هێشابوو. هەر ئەوەندە.
كەمێك بێدەنگ دەبم ئاوڕی وێدەدەمەوە و پێی دەڵێم:
-ئەو نەخۆشێیە هەر وایە، هیچ هێشێكی نێ، غودەكە بۆخۆی بە بێدەنگی هەڵدەدا، هەر ئەوەندە. ئەوەش دوكتور پێی گوتبووم. چاوێك لە ساعاتی گوشییەكەی دەكا و پێم دەڵێ هیچ رێگایەكی نەمابوو.
هەمیشە كە ئەو قسەی دەكا یەك جوابی دەدەمەوە:
-بۆ هەر شەوانە دەبێ ئەوەت وەبیر بێتەوە؟!
كەمێكی دیكە بێدەنگ دەبم، بەڵام دەبوایە ئەوەم هەر پێگوتبایە.
-بە رۆژیش هەر مەمكێكە! هەر یەك دانە. بێدەنگ دەبێ، هەمیشە هەر وایە، باڵنجەكەی لە بن سەری دەرهێناوە. وەبەر مستانی دەدا هەر بە یەكجاری لە بن سەری دەرهێناوە



سوارە نەجمەدین

# كوژرانی مەلیك بەر لە كردنەوەی بەفرەكە

له بەردەم پەنجەرەكەوە دیمەنی دەرەوە دیارە، ئاگردانەكە ژوورەوەی گەرم كردۆتەوە، چۆلەكەیەك لە بنمیچی پەنجەرەكەدا خۆی گرمۆڵەكردووە، وایەری كارەباكان دوو پەنجە بەفر لەسەریان كەڵەك بووە، ئێرە خانوویەكی شێوە كوخیە، ماڵی ئەو پیرەمێردەیە، كە دەكرێ بە پاڵەوانی ئەم چیرۆكە ناوی ببەین، تەواوی كەرەستەكان دارن، جگە لەو قەوانە نەبێت، كە نزیك بە ئاگردانەكە داینـاوە، بەردەم پەنجەرەكە دوو كورسی و مێزێكی دار گوێزی لێیە، كە گۆڕەپانێكی شەترەنج لەسەری دانراوە، ئەمەش لە ئێستاوە دەبێت بە شوێنی ئەو چیرۆكەی، كە دەیگێڕینەوە، راستە من نووسەری ئەم چیرۆكەم، بەڵام من نایگێڕمەوە، بەڵكو ئەوانەی پارێزگاری لەمەلیك دەكەن باشتر ئاگاداری وردەكارییەكانن، ئەوان دەزانن ئەو جەنگە چۆنە؟ و كێ براوەیە؟ من تەنها ئەوانم خولقاندووە و رێگەم داون







قسە بكەن، دەنا مردنی ئەو مەلیكەی ئەوان شەڕی لە سەر دەكەن، هیچ لە چارەنووسی من ناگۆڕێت.

من پیرەمێردەكەم

من پیرەمێردەكەم، كە بەرانبەر گەنجێك دانیشتووم، لە یاری شەڕكردندا بەرگری لە مەلیكەكەم دەكەم، ئەو مەلیكەی كە چارەنووسی بردنەوە و دۆڕاندنی منی بە دەستە، ئەو مەلیكەی كە جەستەی لە تەختەیە و رووحلەبەرەكان بەرگری لێ دەكەن، من تا دوا هەناسە بەرگری لێ دەكەم، ئامادەم تەواوی سەربازەكان و شەڕكەرەكانی دیكەی لە پێناو بدەم بە كوشت، هیچ پێویستم بە قەڵا و ئەسپەكان نییە، بۆ بەرگری كردن نەبێت لە مەلیكەكەم، چ كارێكم بە وەزیر و فیلەكان نییە، گەر نەبنە هەڕەشە بۆ مەرگی مەلیكی بەرانبەر، ئێستا كە من بە دیار ئەم تەختەی شەترەنجەوە دانیشتووم، هەموو هەوڵێكم بۆ مانەوەی مەلیكە، تا دوا خولەكیش بەرگری لێدەكەم.

من مەلیكم

من شای گۆڕەپانەكەم، لە سەر ئەم زەوییە رەش و سپییە لە من گەورەتر كەسی تیا نییە، هەموو شتێك بۆ منە، ماندووبوون و شەهیدبوونی هەموو شەڕكەرەكان بە خاتری سەلامەتی منە، تاجەكان بۆ سەری منن، بەڵام بردنەوەكان هەموومانین، من و وەزیر و سەربازێك وەك یەك دەیبەینەوە، وەك یەكیش دەیدۆڕێنین، سەركەوتنی من سەركەوتنی هەمووانە، لە بردنەوەدا من و سەربازێك وەك یەك شادین، لە دۆڕاندنیشدا هەمان خەممان هەیە.

من سەربازم

من ئێستا لە دەرەوەی گۆڕەپانەكەم، هێندە نابێت ئەسپی بەرانبەر منی كوشت، نازانم بردنەوە چی لە چارەنووسی من دەگۆڕێت، بردنەوە مانەوەی مەلیكەكەمان و كوژرانی ئێمەیە؟ ئەم قسانەی ئەم مەلیكە دەیكات، هیچی لە قسەی سەركردەیەكی درۆزن كەمتر نییە، كە دەیەوێت ئینتیمای بردنەوە لای شەڕكەرەكانی دروست بكات و دواجار خۆی لە باوەشی سۆزانییەكدا شەراب بنۆشێت، ئێمە بچوكترین بەشداربووی جەنگین و یەكەمین قوربانی بەرگریكردنین، هەمیشە ئەوانەی سەرەوە ئێمەیان بۆ بە كوشتدان دەوێت، ئەو پیرەمێردە من و هەموو هاوڕێكانم دەكات بە قوربانی چركەیەكی خۆی، دواتر ئەوەی ئەو شەڕی لەسەر دەكات تەنها نەكوژرانی مەلیكە، چ شتێی دیكە لای ئەو بەهایەكی نییە، ئەو شەترەنج تەنها لە پێناوی كات بەسەربردن دەكات، دەنا شەڕی شەترەنج هەروا بە



ئاسانی ناکرێت، هەروا بێ مەترسی نییە، ئەویش حەزەر و ترس و دوو دڵی دەوێت، ئێمە دەزانین هونەری شەڕکردن لە چیدایە، تەنها شەڕکەر تێدەگات تەکنیکی شەڕکردن چۆنە، هەموو نهێنییەك لای ئێمەیە، ئێمە دەزانین بەرەکانی جەنگ چی تیابووە و چی تیاکراوە، دەزانین کام لا براوەیە، حیکایەتی شەڕەکەی لا ئێمەیە و دەیگێڕینەوە، سەرکردەکان تەنها نەخشەی نێوان قاچی ئافرەت شارەزان، ئەو پیرەمێردە زۆر بە سانای لە واتای جەنگ گەیشتووە، شەڕی شەترەنج هێندەی شەڕی عەشق قورسە، پێناچێت ئەو خوایەی من(پیرەمێردەکە) هیچ لە عەشق بزانێت...

پیرەمێردەکە

ئێوەی سەرباز کێشەیەکتان هەیە، هەمووتان دەتانەوێ ببن بە شا، ببن بە سەرکردە و سەرۆك، بەڵام هەرگیز نەتانپرسیوە کە ئێوە سەرۆکبن، کێ؟ لە بەردەمتان پۆلیس بێت، من دەزانم شەڕ جیاوازە، دەزانم دۆڕاند لە هەرشتێك قورسترە، بەڵام دۆڕاندن لە شەترەنجدا جیاوازی هەیە، لە شەترەجدا دەتوانی هەموو جەیشەکەت بدەی بە کوشت لە پێناو مانەوەی مەلیکدا، ئاساییە گەر بشدۆڕێیت و مەلیکەکەت گەمارۆبدرێت، دۆڕاندن لە شەترەنجدا کارەسات نییە، بۆ سبەی دەتوانی یارییەکی دیکە بکەیتەوە، بەڵام شەڕکردن لە ناو خوێندا بە هەموو کەسێك ناکرێت، تەنها خاڵیش کە شەترەنج لە عەشق جیادەکاتەوە دۆڕاندنە، دەنا لە هەموو شتێکدا هاوبەشن، ئێوەی سەرباز هێشتا لە هونەری سیاسەت نەگەیشتوون، وا دەزانن خەوتن لە باخەڵی سۆزانیەکدا سیاسەت نییە، ئەوەی کە هیچ خەیاڵێکیش پەی پێنابات، بۆ پیاوی سیاسی ئاسانە، ئەوان هەمیشە بوتڵی شەرابەکەیان لە سەر سنگی بەرماڵی ئێوارە خاڵی دەکەنەوە، نیشتیمان هەرگیز ئەوپیرۆزیە نییە، کە ئێمە بە قیبلەیە سەرکردەکانی تێدەگەین، رەنگە بە هۆی تەمەنمەوە کەمێك لە







بێمانای سیاسەت گەیشتبم، بەڵام تۆ راست دەکەی هیچی وا لە عەشق نازانم، ڕەنگە تەمەنی من منداڵ بێت بۆ دۆزینەوەی هونەری عەشق،...

من ئەسپم

ئێستا من لە دەرەوەی گۆڕەپانەکەم، لە سەر مێزەکەوە تەماشای دەرەوە دەکەم، بەفرەکە لە کەمبوونەوەدایە، ئێستا کاریگەریم لە یارییەکەدا نەماوە، ئەوەندە نەبێت کوژرانی من زەنگی نزیکبوونەوەی کوژرانی مەلیکە، من یەکێك بووم لە پێنج سەرکردەی شەڕەکە، زۆربەمان کوژراوین، ئێستا مەلیکەکە تەنها وەزیر و قەڵایەك لە دەوری ماون، پێدەچێت بەر لە کردنەوەی بەفرکە کۆتایی بە ژیانی بێت.

دۆڕاندن منم

من دۆڕاندنم، لە ژیانی هەموو کەسێکدا هەم، هەموو کەسێك بە من ئاشنایە، لەگەڵ هەموو بردنەوەیەکدا کەسێك دەدۆڕێت، ئەگەر کەسی دۆڕاو نەبێت، بردنەوە کوا بوونی هەیە، براوە لە کێی بردۆتەوە؟ منیش جیاوازم، لای هەرکەسە و بە شێوەیەك دەردەکەوم، ئەوانەی لە شەترەنج و یارییەکانی تردا دەدۆڕێن، کەمترین سزای منیان وەرگرتووە، ئەوانەی نیشتیمان دەدۆڕێن، لە هەموو کەس بارقورسترن، چونکە تا مردن نمیشی خەفەتباری دەکەن، بەڵام عەشق تەنها یارییە کە بردنەوەی تیانییە و هەموویان دەدۆڕێن، کوژرانی ئەو مەلیکەش دۆڕاندنی کابرایەکی ریش سپییە، کە ئەمڕۆ منی هێناوەتە قسە، چ شێتیەکە بە دۆڕاندنێکی وەها مرۆڤ خەمبار بێت، من سەرکردە دەناسم، هەموو گەلەکەی لەگەڵیا دۆڕاوە و بەخەیاڵیدا نەهاتووە، سەرکردە دەناسم دوای رووخانی داگیرکەری وڵاتەکەی، دەرکەووتووە سیخوڕبووە و هەر خۆی بە براوە زانیوە، هەموو دۆڕاوەکان دێنەوە لای من، من هەموویان دەناسم، کەس نییە بە دۆڕاندن خەفەتبار بێت، تەنها نمایشکردنە.

من چیرۆکنووسەکەم

من چیرۆکنووسەکەم، دواتر ناوم دەچێتە سەر ئەم چیرۆکەی وا دەیخوێنیتەوە، کوژرانی ئەو مەلیکە هیچ پەیوەندی بە منەوە نییە، بەڵکو قەدەر وای کردووە ئەو مەلیکە ماتبکرێت و پیرەمێردەکە بدۆڕێت، گرنگیش نییە با بدۆڕێت، لە هەموو دوو مرۆڤێکدا دەبێت یەکێکیان بدۆڕێت، لە جەنگی خودا و شەیتانیشدا یەکێکیان هەر دەدۆڕێن.



سیروان کەریم

# تەرمەکە سیگار دەکێشێ

تەرمەکەی خوێنێکی سووری مەیلەوڕەشی لێ دەتکا و بەسەر شانی چوارکەسەوە بوو لە خەڵکی ئاوایی و بە جەوەڵە سەختەکەی تەنیشت گۆڕستانەکەیا هێنایەنە خوارێ، گەردی خۆڵەکەی ژێر پێیان تۆزێکی مەیلەوبۆری دەهێنایە سەر گوندەکە. خەڵکێکی بێشوماریش شەلاڵی عارەقە و ترسێکی گەورە بووبوون و بە دوای تەرمەکەدا هەنگاویان دەنا و هەناسەی ساردیان هەڵدەکێشا، هەرچی پیرە ڕدین سپیەکان و پیرەژنە سیاڕەنگەکان بوو مژۆڵی هاوارکردن بوون و منداڵە ڕیسکەکانیش بەسەر گوێسەبانەی خانووە عاجزەکانەوە چاویان بڕیبووە ئەو تەرمەی، کەخوێنەکەی دەکەوتە سەر بەردە مەڕمەڕەکانی لاپاڵی ڕێگا پێچاوپێچەکەوە. هەردوو گوێ و چاوی لای ڕاستی و پەنجەکانی دەستیان بڕیبۆوە و کرابوونە ناو خامێکەوە جیا لە لەشی و عەولاّ ڕەش دابووی بە شانە باریکەکانیدا و







لە پێش قافڵەکەوە بە ڕێگاکەدا دەڕۆشت. ئەوەی ئێمەی تووشی ترس کرد، دەرهێنانی چاوی لای ڕاستی تەرمەکە و ئەو چەقۆ مشتڕەشە بوو، کە چەقێنرابووە سەر هە نیەیی و بۆنی ئەو خوێنە تیژەش، کە داڵەکانی دەهێنایە نزیك تەرمەکە، بۆنی تەرمەکە هەندێك جار ڕێرەوی بە قافڵەکە دەگۆڕی و لە کۆڵانەکانی ناو گوندەکەیا دەیانبرد. ئەو بەشەی جەستەی کە بە گەلای وشك داپۆشرابوو، زیاتر ئەو لاشە بێڕوحەی دەخستە ناو کەڵەکەی چیرۆکێکی خەماوییەکانەوە. لەوێدا هەستم کرد، کە مرۆڤ گەر بیەوێ بمرێ پێویستی بە ئازارێکی گەورەیە، چەند ئازار خۆی ناشرین بکا لە مردندا، ئەوەندە مردن رق دەداتە ئینسان. قافڵەکە لەناو دەنگی وەڕینی سەگەکان و خوێندنی باڵندە کێوییەکان و قیژەی کچە جاحێڵەکاندا گەیشتە کۆتا کۆلانی گوندەکە، تەرمەکە بێ شۆردن و بێ نوێژی مردوو لەسەر تەپۆڵکەیەکی کێڵدراو ئەسپەردەی خاك کرا، ئێنجا پرسەیەکی یەکڕۆژەیان بۆ دانا. ئەمە حیکایەتی کوشتنی باوکمە، کە باپیرم لە شەوە باراناوییەکانی وەرزی زستاندا لە پاڵ پەنجەرە ساردەکەدا بۆمانی دەگێڕایەوە، ئێمەش ئەو شەوانە لە بن پێخەفە ساردەکاندا دەگرییان و دەتلاینە یەکترییەوە.

باپیرم دەیگوت:(ئەگەر بهاتباو باوکت کەمێکی تر دوا بکەوتایە چەتەکان بەو ئەندازەیە لاشەیان نەدەشێواند.)

باوکم عەتارێکی گەڕۆك بوو، فەرسەخە ڕێگاکانی زۆر بە زوویی دەبڕی و لە تەتەرێکی کۆن دەچوو بیەوێت دونیا تەی بکات، بۆیە پێیان دەوت(شکوری گەڕۆك) باوکم لە کاتی کوشتنەکەیدا ویستبووی بە پاڕانەوە خۆی لەژێر چنگە بێ ڕەحمەکانی ئەم چەتانەدا ڕزگار بکات، پێیانی وتبوو ئەم جارە ئەڵماستان لە بابل و تووتنی بۆندار لە خوراسان و پێلاوی چەرمتان لە شامەوە بۆ دێنمەوە، تەنیا مەمکوژن، بەلاّم هەموو ئەم پاڕانەوانە بێسوود دەچووە گوێکانیانەوە، ئەوکات باوکم چەند جارێك تفی لە ڕێگاکە کردبوو و وتبووی تۆ لە کلکی شەیتان دەچی. چەتەکان ڕۆژگارێکی ئێجگار زۆریان لە بۆسەدانانەوە سەرفکردبوو، تا باوکم بخەنە ناو بۆسەکەیانەوە، باوکم لێزانێکی کارامە بوو لەوەی نەکەوێتە ناو داڵان و ئەو دۆڵ و ڕێگایانەی، کە شوێنی گومانی چەتەکان بوو، بۆیە هەمیشە دەیگوت: (ڕێگا بڕین نەخشەی خۆی هەیە، هەندێك لە ڕێگاکان دەچنەوە سەر مەرگ) دوای ئەوەی چەتەکان هەموو شتێکیان تالاّن

کردبوو، کەوتبوونە وێزەیەوە بە تەورێکی تیژ، جەستەیان خەڵتانی عەزاب کردبوو، بە ڕەحمەت بێت هەمیشە دەیگوت: (عەزابی گەورە ئەوەیە، کە لە ڕێگاکاندا بە تەنیا بمری.) ئیدی باوکم دواین عەتاری گەڕۆکی گوندەکە بوو.

ئەمێستاکە ساڵانێك بەسەر ئەو کوشتنەی باوکمدا تێپەڕیوە و لە پەنجەرەی زیندانەکەوە دەڕوانمە ئەو سارا پڕ لمەی دەرەوەی زیندانەکە، عەزێتی تەنیایی خۆم دەدەمە دەست کوشتنە نادیارەکەی باوکم. کەڵکەڵەی ئازارەکانم شەرم لە لمی ئەودیو زیندانەکە دە کات، کە شوێنپێی ئینسانەکان و گیاندار و باڵندەکانی تێدا نابینرێت، تەنیا ئەو دوورییەی مابەینی خۆم و لمەکەیە ڕقم لە دیواری زیندانەکە دەبێتەوە. ئەگەرچی تیشکی خۆرەکە زۆرجار پەنجەرەکە دەبڕێ و ناگاتە ڕۆحم، بەڵام بەسەر دیواری زیندانەکەوە دەیبینم و زمانمی پێدا دەسووم.

بەیانیان گوێم بە دیواری زیندانەکەوە دەنێم و هەناسە لە خۆم دەبڕم و خۆم دەخەمە حاڵەتی مردنێکی بێدەنگەوە، تا مێروچە و قالۆنچە و ئاژەڵەکێوییەکان لەو سارا بێدەنگیەیی لمدا نهێنییەك بە گوێم دا بچرپێنن، مێروولەکان دەچنە ناو کەلەسەری مردوویەکەوە و دەنگی پێیان پەنجەرەکەم پێناکەنەوە، ناچار حەزدەکەم مێروویەکی ئەو سارایە بم ، نەك زیندانێکی پشت ئەو پەنجەرەیە، جاری وایە ڕەشەباکان دێن و لە پەنجەرەکەم دەدەن دەنگی دارتێلەکانم بیردەخەنەوە و لە حەژمەتدا باوەش بە خۆمدا دەکەم و دەڵێم ڕۆژێك بۆ پیاسەیەك دەچمە دەرەوە. جاری واش هەیە مشتەکۆڵە بە دیوارەکەدا دەکێشم و ڕقم لێی دەبێتەوە و سەدان جنێو بەو وەستایانە دەدەم، کە لەسەر دیوارەکانی ژیان گووبان دەکەن و نەخشەی زیندانەکان دەکێشن، تەنانەت جارێکیان ئەو دوو تابلۆیەشم لەتوپەت کرد، کە بە دیواری زیندانەکەوە هەڵواسرابوو، چونکە تابلۆکان خلوودی دیواریان تێدا بوو. خودایە ! مرۆڤ بۆ لە زیندان‌دا هێندە پێویستی بەدەنگە؟ بۆ؟ بۆ؟...

شەوانیش چاوم دەخەمە سەر شووشەی تەڵخی پەنجەرەکە و سەدان ئەستێرە دەبینم چۆن بریسکەکانیان لەسەر لمە بێدەنگەکەوە بەرەو ژوورە تەنگەکەم بە هوورووژم دێن. دەستە باریکەکە لەرزۆکەکەم بەرەو ڕووی پەنجەرەکە درێژ دەکەم، تا هەموو زیندانەکە بخەمە گیانە عەزاباوییەکەمەوە.

نە دەستم دەچێتە ئەودیوی پەنجەرەکەوە و نە تیشکەکانیش دەچنە ناو لەپەکانی دەستە ماندووەکەمەوە، لە شەرما بە خۆم دەڵێم (خۆ مرۆڤ دەتوانێت بێ دەستیش بژی، تەنیا چاوێك بەسە ئەو هەموو تیشکە جوانەی تیا هەڵگریت. سەلامەتییە قومێك ڕووناکی و سەرابی سەر لمەکە و تینوێتی شەو لە جامۆڵکەیەکدا بخۆیتەوە و پڕ بێت لە تیشکی هەتاوی ئەودیوی دیواری زیندانەکە.) ئەو شەوانەشی مانگ دەکەوێتە پشت زەمینێکی ترەوە، چاوم کزتر دەچێتە سەر ئاسمانە دوورەکە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم:(کاروانچییەکان ئەمێستاکە ڕێگاکان نابڕن و لەژێر ئەو هەموو تاریکییەدا ئاسمان لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن و بەشی ناو پەنجەرەکەم نامێنێ و ئاسمان لە ڕوانینی چاوەکانمان ڕووت خۆی نیشان دەدات و لە حەزرەتانا زیندانەکە بە سەرما دەکەوێ و دەمرم).

هەر لەوێوە و لەو پەنجەرەیەوە جارجارە خشۆك و جاری واش هەیە گەواڵە هەورێکی لماوی دەڕوا و ئیدی نایبینمەوە. بۆن بە بێتاقەتی ژیانەوە دەکەم و تاوەبارانێك خامۆشی بۆنی ئەبەدییەتی لمەکان ناهێنێتە زیندانەکەمەوە، ئاخر نە بارانەکە دەبارێت و نە ژیانیش لەوە سەخیفتر دەبێ. قاچە بڕاوەکەم دەخەمە سەر زەوییەکە و دەڵێم (مرۆڤ بۆن بە بارانەوە نەکات، دڵۆپەکان تەڕی ناکەن، مرۆڤ خۆی لە نەسلی بارانە.)

وای! دەیانجار بۆنی باران لە کۆڵانی گوندەکەمانا سەرشاری کردوومە، ئەو دەم چاوم بەرەو ئاسمانە دوورکە هەڵدەبڕی و دڵۆپە وردەکانم دەبینی، ڕەنگی خاکەکەیان دەگۆڕی و و ئینجا بۆنی خۆڵی کۆڵانەکەیان دەخستە لووتمەوە و گەڵای داری حەوشەکەی بە هێوریی دەخستە سەر سنگی زەوییەکە، ئەو دەم نە قاچم بڕابووە و نە لە زیندانیشدا بووم.

ئەو ڕۆژەی بڕیارم دا تۆڵەی باوکم بکەمەوە، دایکم لە حەوشەکەیا جامۆڵکەیەك ئاوی دامێ، فرم کردوو دەستم هێنایە سەر سەگەکەی باوکم، لەوێدا چاوم چووە سەر وێنە ڕەش و سپییەکەی، کە بە لاتەنیشتی باڵکۆنەکەدا شۆڕبببۆوە، ئەو زەردەخەنەی ناو وێنەکەی فرمێسکی خستە ناو چاوەکانمەوە، لەوێدا بۆ ئەوەی ئەو شەرمە لە بەردەم دایکما بشارمەوە و تۆڵەی باوکم بکەمەوە، سەگەکەم کردە باوەش و چوومە ناو کولانەی سەگەکە و ئەو حەربەیەم هێنا، کە نە پێستی بڕیبوو، نە بۆنی خوێنی کردبوو، پێش هەر شتێك ڕۆیشتم نامە دڵدارییەکانم شاردەوە و ئەو دوو دیوانە

شعرییە، کە لە پاڵ قورئانەکەدا کەوتبوو، بە قاسیدێکا ناردم بۆ (نەزیرە).
بە ڕەحمەت بێت هەمیشە باوکم دەیگوت:( تۆ قوتابخانەت بۆ تەواو نەکرا،بەڵام داهێنان هەندێک جار لە پشتەوەی کتێبەکانە.)
من لەپاڵ لەبەرکردنی هەندێک لە دیوانەکان و شیعرە کلاسیکەکاندا، هەمیشە حەزی تۆڵەکردنەوە کۆمەکی دەکردم. ئەو بەیانییە بەناو دەنگی باڵندە و خوڕەی ئاوی ڕووبارەکان و ئەو ڕێگایانەی کە باوکم چەندین جار بە پییادە بڕیبوونی ڕۆشتم، ئەو بەیانییە توانیم یەکەم چەتە لە نێوان کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکەبوودا بکوژم، بە هەمان وێنەی کوشتنەکەی باوکم، خوێنی چەتەکە ڕژایە سەر بەردەکان، مەخفەرە و تابلۆی ئەهێنایە پێش چاوە بچووکەکەم، لەوێدا پێکرام و قاچێکم پەڕی و غلۆربووموەوە بۆ گوێ چەمی ڕووبارەکە، ئیدی لەو شوێنەدا بە قاچێکەوە گیرام و سەربازەکان بە گالیسکەیەکی دوو ئەسپی هێنامیان بۆ ئێرە.
قومێک لە سیگارەکە دەدەم و چاوێک بە وەسێتنامەکەدا دەخشێنمەوە و گەرەکمە چێژ لە خوێندنەوەی ببینم و تۆسقاڵێکی تر سەر بخەمە وێزەی خۆمەوە، دێڕەکانیم بە لاری بە پەردە زەردەکەی قەد دیواری زیندانەکە هەڵواسیوە، خۆشم نازانم حوکمی مردنەکەم لە کێشانی ئەم جگەرەیەدا ئازاری ڕۆحکێشانم کەمتر دەکاتەوە، یان مردن شتێکە هەرجارەی بێتاقەت بێت بە لایەکدا شەق دەهاوێت؟
دەمەوێت کەمێک درەنگتر بەربکەوم، لە کۆتا دێڕی وەسێتنامەکەما دووکەڵی سیگارەکەم ژورەکە قورستر دەکات.
شیعرەکەی( ئورهان وەلی کانیک)یش بە حاڵ دەبینرێ کە دەڵێت:
پەنجەرەیە لەهەمووشتێک
باشتر پەنجەرەیە
لانی کەم ئەو باڵندانەی
لە حاڵی تێپەڕیندان ئەیان بینی
لە جیاتی بینینی چوار دیوار
تەقە لە دەرگای زیندانەکەوە دێت و دەنگی سەربازەکە دێتە گوێیە بێتاقەتەکانمەوە. سەربازەکە بە هێواشی دەمباتە ژوورێکی تر و دەڵێ (داسەکنێ)، با دەنگی دارشەقەکەت نەیەت، نەبا گەورەمان بەخەبەر بێ ، ئەگینا وەک سەگ دەتخاتە چاڵەکەوە.) لەپڕ دەمخاتە سەر کورسییەک و بە هێمنی حەبلەکە دەخاتە ملم، من دارشەقەکە لە تەنیشت کورسییەکەوە جێدێڵم و بە قاچێکەوە باڵام لە حەوادا بەرزتر دەردەکەوێت.





کە چوومە نزیک مردنەوە بیری باوکم کرد و وێنەی کوشتنی چەتەکەم هاتە خەیاڵ، ئەو دەم چەتەکە خەریکی پێکردنی سیگارەکەی بوو، بە زمانی سیگارەکەی تەڕ دەکرد، تا کەمێ درەنگتر تەواو بێت، لەگەڵ یەکەم قومی سیگارەکەدا من بە حەربەکە شەلاڵی خوێنم کرد و سیگارەکە وەک پووشی دەم با پەڕی، دڵۆپە خوێنێکی کەم و ورد کەوتە سەر سیگارەکەی، گوێم نەدایە و ئەو سیگارەم کێشایەوە، کەلە دەمی پەڕی، لەگەڵ ڕۆحکێشانی چەتەکەدا من زیاتر لەزەتم لە کێشانی سیگارەکە و مردنەکەی دەبینی، لەوێ دەستی ڕاستم نایە سەر دڵم و گوتم( کێشانی ڕۆحی مردوویەک و پێکردنی جگەرەیەک لە پاڵ مردندا یەکسانن بە یەکتری.)
سەربازەکە بە تەڵخی دەبینم و جەستەم بە حەبلەکەوە شل شل دەبێتەوە. هەناسەم بە ئەستەم لە سیەکانمەوە سەردەکەوێت و خوێن لە لووتمەوە دێت. چاوم تاریک شتەکان دەبینێ، بۆ ئەوەی ترسی ڕۆحکێشانم تەنکتر دەرکەوێت، بە خۆم دەڵێم( چەند خۆشە کەمێکی تر دەچمە ئەودیوی پەنجەرەکە و لە لمەکەدا پاڵدەکەوم و ئیدی سیگار ناکێشم.)

شیعر



بورهان ئەحمەد

# ساتێک پاڕانەوە... هەندێک نزا

دەچمە لای مەحوی
دەڵێم سەروەرم :
کەمێک لەو ڕیشە
تریفەییەی خۆتم بدەرێ
ئاخر منیش ناتوانم
لەگەڵ شەقامدا هەڵبکەم
هۆگری هەناسەکانی جادەبم
تەبایی لەگەڵ قەرەباڵغی بنووسمەوە
ئاخر سەرەنجام،
منیش هەر دەبێ
ڕوو لە تۆ و پشتم لە شار بێ
هەر دەبێ

پاڵتۆی تەنیایی بدەمە سەر شانما
چۆڵەوانی بپۆشم
ببمە هاوڕێی بۆقەکان
شەرابی سووری مردن بنۆشم
سەروەرم حاڵی بووم
سڵاوی کرمەکان
میهرەبانترە لە ماچی سەر گۆنای بورجەکان
تەواو تێگەیم
تەوقە لەگەڵ چۆڵەوانیدا
گەرم و گوڕترە
لە ئامێزی ڕووتی ئاپارتمانەکان





ڕاکشان بە تەنیشت گۆڕێکی جوانەوە
شۆخترە لە پیاسەو هاتووچۆی بێ ئاکام
لە بینینی ئەم هەموو مەزرای کینەیە
لە کولانەوەی ئەم هەموو برینە

❁ ❁ ❁

خودایە فێرم کە....
مرۆڤم خۆش بوێ
گیانداران خۆیان
شایان بە خۆشەویستین
پەروەردگار فێرم کە
ڕێز لە خەڵکی بگرم
باڵداران خۆیان ڕێزدارن
ئیلاهی
شارەزای ستایلەکانی ژیانم کە
مردن یەک ستایلی هەیە
خودایە
شارەزای کۆڵانەکانی عەشقم کە
کینەیەک ڕێگای هەیە

❁

بەوپەڕی ڕۆشناییەوە
دەبێ دانی پیابنێم
من لە ڕەگەوە کوژاومەتەوە
لە ڕیشەوە چراکەم بێ نەوتە
لە ئەزەلەوە سەوزایی لەگەڵاکانما نووستووە
لە ڕەچەڵەکەوە گوڵ لە چاوانما ناڕوێ
لە دێرزەمانەوە

کۆتر کاسەی سەرم ناکاتە ئەشکەوتی هێلانە
لەو بەهارەوەی دڵم بۆ یەکەمین کچ لێیدا
کەڵاریزان لە خوێنما شین بوو
لەو ساتەوەی ویستم دەزگیرانەکەم ماچ بکەم
هەستم بە پیربوونی خۆم کرد
لە یەکەمین دیدار قەڵای شەو بەسەرما رووخا
گوێم لە هەنسکی سەرینە کەم بوو
ئەڵقەکەی پەنجەم بینی دەگریا

پێڵاوە کانم ....
پێڵاوە کانم ....
پێڵاوە کانم ....
تاکێکیان لە جێگای دڵم دادەنێم
تاکێکیان دەکەمە گوڵدانێک
بە بۆنەی ریزکردنی سەری ساڵەکانەوە
پێ پەتی، کاسەی سەرخاڵی
بەرەو لای تۆ رادەکەم
لە بەردەمتدا...
هەروەکو (بلال) ی حەبەشی
دەچەمێمەوە
دەمم دەنێمە کوولەکەی دڵی خۆمەوە
بانگ دەدەم :
ئەڤین گەورەیە
ئەشق مەزنە
دەی هەستن
بۆ نوێژی خۆشەویستی





بۆ عیبادەتی گیا
بۆ چاندنی ماچ
بۆ درووێنە کردنی موحیبەت
بۆ زەکاتی خەندە
بۆ سەرفترەی پێکەنین
بۆ حەجی لێبوردەیی
سەڵاوات لێدەن لە ساڵی پار
هەمووتان پێکەوە بڵێن:
هەر دڵێک خۆشەویستی تیانەبوو
حەقە وەک گوڵدان بشکێ
حەقە لە جێگای پێڵاو دابنرێ .

❁ ❁ ❁

باوکە گیان .....
گوناهێکی قەترانیت
بە ناوچەوانمەوە لکاند
بە هەر دەپەنجەکەم
خەتایەکی تا بڵێی رەشت پێ مۆر کردم
منت لە برپرەی پشتی میوەکانەوە دەرهێنا
وەکو لالەنگییەکی شەرمن
خستمتە ژێر کەڵبە تیژەکانی ژیانەوە
وەکو بەرخۆڵەیەکی بەسزمان
کردمتە کرێنشینی ئەم هەموو تاوسە عەیارانە
کردمتە دراوسێی ئەم هەموو پەپوولە چەقۆکێشانە
باوکە گیان هەڵەت کرد
وتت ژیان گەمەیەکی چێژدارە لەگەڵ ژن و
مەی

وتت ئەگەر دەتەوێ ئیماندارێکی راستەقینە بی
نابێت بەرماڵ و مزگەوتت لەبیربچێتەوە
باوکە گیان .....
کوڕەکەت هەموو ئەمانەی تووڕهەڵدا
ئێستاکە بووەتە هاورێی کیسەڵ و بۆقەکان
رووی لە قیبلەی پوونگەیە
پێنج فەرزە عیبادەتی تەنیایی ئەکا
باوکە گیان تۆ لە بەهەشت
پێویست ناکا بیری من بکەی
من لە دۆزەخ
پێویستە بێم بۆ لای تۆ

❁ ❁ ❁

بۆ ئەوانەی لە ستونی و ئاسۆیی ژیان دەگەن
کەسانێک هەن بەخێلی بە کیسەڵ دەبەن
چون لە ۳۰۰ ساڵە وە بۆ ۵۰۰ ساڵ دەژین
کەسانێکی تر حەسوودن بە عومری قەلەرەش
نازانن رەشێتی لە شەیتان رەهن کردووە
لە نێوان ستوونی و ئاسۆی ژیاندا
ئاسۆییم پێ شەنگ و شۆختره
ئاسۆییم هەڵبژارد
تەماحم لە عومری نوح نەبوو
لاسایی خدرم نەکردەوە
نەبوومە (ئەنکیدۆ)ی هاورێ
بۆ تەڵێک گیای نەمری
بۆ قومێک ئاوی حەیات
دڵی (گلگامش) رابگرم



عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

# عیشق لەسفری تەکویندا



که دواپین نامەی عیشقم سەربری ..
زۆرترینی خوێنی لە دڵمەوە داچۆڕا
لەو ڕۆژەوە ..
دەمەوێت لەگەڵ زەردەخەنەیەک ..
ئاشت ببمەوە
بەوەی ڕۆحی مۆمیاکراوم
بە زیندەگیەکی تر فۆرمات بکاتەوە
سەرمەدی بم وەک ..
خۆرو شاخ و توانەوەی پێڵووی بەفر
هەمیشە لە زیندوو بوونەوەدا بم ..
دەمەوێت ویردی هەورێک بدۆزمەوە
مەیلی بارینی هەبێت و




شەرم لە چاوی جێژوانی دوو عاشقی
تامەزرۆ بە دیدار بکاتەوە،
خۆ ئەگەرچی ڕۆحی بە تاڵا نبڕاومان
پڕبووە لە چاوەڕوانی و
هەرچی بروسکەی ئومێد بەخشە
لەناو ماسکە زۆرو هەمەرەنگەکانا ونبوون.
لەسفری چاوەڕوانیمان
دڵۆپەیەک نەکەوتە بەر دیدەی ئەم یەئسەو
لە خەونی ئەزەلی ڕایچڵەکێنێ.
ئیتر بێهوودە کەوتین و
بەژنی خۆشەویستیمان ڕووتکردەوەو
بە عەورەتی گیانی گومراییەوە جێمان هێشت،
ئێستاش عیشق .. کە دەماندۆزێتەوە
بە سەرخۆشی بەردەبارانی دەکەین ..
بەقەتماغەکەی پێ دەکەنین و
بە بەدمەستیەکی خەواڵووەوە
چاومان دەگرین و چاوی دەبەستین..
جەڵدەی دەکەین،
تەرمەکەی دەشێوێنین و
ڕادەستی حەسرەتی دەکەین
تا بۆ زیندووکردنەوەیەکی تر
بە ئەمانەتەوە لەناخماندا بینێژێ،
ئەو دەمێکە دڵی شکاوی خۆی
لەناو کاسەیەکی ماتدا بۆ جێ هێشتووین،
ڕووناکی خۆی کۆ کردۆتەوەو
بارگەی لێ پێچاوەو..
ئێستا تەنهاو تەنها بە ڕۆحێکی پڕ لە نووزەو
بە جەستەیەکی نیوەمری شێواوەوە
لە دەڤەرێکی دوورە دەست



به جوگرافیای رۆحی گومرامان و
له زەمەنێکی ترو .. له غەریبستانێکی چۆڵدا
وەک شەمەندەفەرێکی بەساڵا چوو
بێ ئاوردانەوە.. خۆی بۆ خۆی دەگەڕێ و
ماچی دوو کۆتری بەسە.. وەک توێشوو
له پریاسکەی بەرائەتێکدا به متمانەوە هەڵیگرێ..
ئەو .. جارێکی تر
خۆی له قەرەی چاوچنۆکیمان هەڵناسوێ
هەرچەندە شەرمەکانی خۆی رادەپێچێ
کەچی ..رۆحی یاخیبووی رێی نادات
به بارێک لیبوردەییەوە
پێی قبووڵ بێ .. بێتەوە ناومان.
پڕمان بکات له داستانی خەواڵووی حەورەنگ
ئەو که له خۆی نابووری ..
ئەی له ئێمه چۆن ؟!
ئێمەی هەموو جەستەی بەختەوەریمان شێواند
تەرمی عەشقەکانمان پارچەپارچەکرد
وەک بەردە ئاگرینەکانی غەدرمان
هاویشتە باخچەی گوڵرێژی خۆشەویستی و
هەر هەمووشمان به نیازی پاککردنەوەی دڵی خۆمان
ئەکسیری کانیاوەکانی خدرزنەمان فڕیوداو
رووناکیەکانمان به تاڵا نبرد و
چاوی کانیەکانمان بەسەدان جار لێڵ کردەوە،
کەچی هەر خۆمان پێ قوربانییەو ..
هەر ئەو جەللادا!!
من دەستێکم دەوێ له قەبارەی دڵم گەورەترو
ئاگر نەهاوێتە ماڵی ئەفسووناوی عیشق و
دواتر گازندەی سوتان .. بۆ کەس نەکات.
چاوێکم دەوێت ئاڵوودەی تاقە رەنگێک نەبێت
رۆحێک ترس دەقی پێ نەگرێ و







باد نەیخاتە هەڵەکەسەمای سەربڕین
ئاخ .. ڤینۆس
ئێستا ئەگەر رۆحی بەبەردا بێتەوە
داوای دەستە بڕاوەکانی خۆی له کێ دەکات؟!
به مایکرۆفۆنێکی دەقگرتوو بۆ عیشق دەچرێت
یان بەسواری پشتی سیمرخێکەوە
ئەو بەلەمانە ئاگرباران دەکات،
به بیانووی چاوەڕوانی هەڵکردنی باوە
لەسەر سنگی کەنارێکی بێ دەنگ دەنوون،
ئەوە ئێمه بووین که تیرمان نا به دڵی عیشقەوە
کەچی هەر خۆمان پێ بریندارە،
ئێمه بووین ئەومان کوشت و
ئەو هەرگیز نەیکوشتووین،
ئەو دەزانێت ئێمه
چ مورێدێکی نائومێدی گومراین،
کەچی خۆمان بەوە فریوداوە
که دەروێشی عیشقین.
ئای ڤینۆس تۆ بڵێی
عیشق هێندە جەللادێکی دڕندەو
ئێمەش قوربانیەکی ساویلکە بین.
تۆ بڵێی زینێکی تر بخوڵقێ و
هەناسەی بەر رۆحی مەم بکەوێ؟!
که دەستمان دەگاتە گەردنی یار
ئێمه چەند قارەمانین،
که ناشگات
عیشق چەند سەرکوێرو غەدار..
ئای که زینەکان دەگەنە مەم
عیشق .. چۆن دەمرێ ؟!
که ناشگەن ..خۆ هەر دەمرێ!!

# شیعر و شەپۆل

خالید مەجید فەتحوڵلا



تۆیان بە دیرۆکی هەزارانساڵەوە ڕاکێشاو
شنەی عومریان سپاردیتە بیابانێکی چۆڵ.
خۆزگە نەمابوو لە هزری پەپوولەیەکدا
وەک وشەیەکی ژیکەڵە
بەدار بەڕوویەکی تینوودا بهەژێت

❁ ❁ ❁

تۆیان تێکەڵ بە خوێن و بەفر کردو
رقیان بە هەناسەی تۆ سارد کردەوە







گوێیان لێ نەگرتیت.
چیایان لەتۆ دابڕی و
کانی و سەرچاوەیان لەخاچدا
وەک لاشەیەکی سەربڕاو
مایەوە و
نیگا لە گلێنەتا
پڕ بوو لە لەرز و تا.
خەونێک نەبوو بۆ خۆتی هەڵبژێری و
پرووسکی جەستەت بدۆزیتەوە
حەسرەتێک شەوانە ڕایدەپێچایت
وەک کەنارێکی باڵا
عەشقت بۆ باڵای عەشق دووری
بۆ ئەو ڕۆژانەی دەپرسن
شیعر و شەپۆل
چۆن بەتاوی هەستی تۆ پێ دەگرن!

کەرکووک ٢٠١٣





ئەسکەندەر زرار

# لە تۆدا، ژیان خۆی لە مردن دەشارێتەوە

لەگەڵ تۆدا،
دەگەم بەدوایی...
دوایی دەبێتەوە سەرەتا!
هەموو چاوەڕوانییەکان کۆتاییان دێت، لە تۆدا!
لە تۆدا، کزەی جەرگم...
تەفسیر دەدۆزمەوە بۆ باران
هەورەکان دەکەمەوە بە ئاو
لە ناو تۆدا، چاوەڕوانی هەڵدانی قاوە ناکەم
بۆ خوێندنەوەی بەختم، تۆ مێژوو و









ئایندەی من دەنووسیتەوە
لە تۆدا، پەنجەرە ناکەمەوە
بۆ سەیرکرنی گوڵی باخەکەمان
دیواری ژوورەکەشم،
گوڵی هەزار رەنگی لێ دەڕوێ!
سەیری ئاسمان ناکەم...
لە تۆدا،
شەوانە لە ژوورەکەم
هەزاران ئەستێرە و مانگ هەڵدێن
لەگەڵ تۆدا، پێویستم بە شەقام و ڕێگاکان نییە
بۆ گەیشتن بە ماڵی شیعر،
بە کۆڵانی خەیاڵ.
پێویستم بە باڵ نییە بۆ فڕین!
بۆ چوونە سەر هەسارەی ئەوین
پێویستم بە کەشتی نییە،
بۆ پەڕینەوە لە دەریا دوورەکان!
بۆ گەیشتن بە دوورگەکانی مەنفا بە لێوارەکانی جاویدانی
لەگەڵ تۆدا، پێویستم بە خۆم نییە
بۆ گەیشتن بە تۆ!
لەگەڵ تۆدا، نە مردن بوونی هەیە، نە ژیان!!!
نە دۆزەخ سووتێنەرە و

نە گوللەش بکوژ...
لەگەڵ تۆدا، سروشت دەوەستێ
گەردوون پڕ دەبێت لە مۆسیقا
باخەکان پەپوولە دەگرن لە جیاتی گوڵ
ئاسمان ئەستێرە دەبارێنێ لە شوێن باران
بەفر خۆی لە هەتاو ناشارێتەوە
پاییز، هیچ گەڵایەک ناوەرێنێ
باڵندەکان نانیشنەوە!!!
لەناو تۆدا، پێویستم بۆ تۆ نییە
بۆ گەیشتن بە خۆم!
لەتۆدا، ژیان لە گیرفانی عەشقی ئێمەدا یە
زەمەن هی ئێمەیە...
تەنها ئەو کاتانە نەبێت
کە بێ تۆیی منی عەوداڵ و
تۆشی سەرگەردان کردبوو

لەگەڵ تۆدا، ژیان ئەزەلییە و نەمر
عەشق بارانە و هەموو رۆژ دادەکا
ئەوینی تۆ ئاوی ژیانە!
هەرگیز لە خۆت پرسیوە:





مردن بەو هەموو فیراقەوە...
ژیان بەو هەموو خەزانەوە...
پاییز بەو هەموو ژانەوە...
عەشق بەو هەموو بەڵایەوە...
بۆ هێندە شیرینن؟!
پرسی ناوی کزەی جەرگم...
بە مردن بڵێ: با بڕوا ؟!
بچێتەوە دونیای عەدەم
با بڕوا، بگەڕێتەوە ساڵی سفر
بچێتەوە ماڵی فەنا
با جلەکانی داکەنێ و هەزاران سەدە بخەوێ
کاتێ من ماچی تۆ دەکەم،
کاتێ تۆ دێیتە باوەشم
هیچ مرۆڤێک نایەوێ بمری نا!



# نزای پەپوولەکان



هەڵمەت هۆشیار

هەوای گەرمی ئەم عەدەمە
ئەیتاسێنێ هەناسەم،
ئێوارانی بیابانیش
دەپپسێنێ داوی خەیاڵ
وادێینەوە.. وڵات تەژی دەکەین لە بۆنی مێخەک و گوڵ و سمڵ
سەرقەفاڵەمان (فاتیلە)❁یەو
کۆچی سورمان بەرەوە نیشتمانە
باری کاروانیش ئێسک و پروسکی رۆڵەکانە
گوێمان پڕە لە لورەی گورگ و حەپەی سەگەلی بیابان
دڵمان هەر لای ئازیزانە و
چاومان لەرێی گەڕانەوە







وادێینەوە.. حەیران و قەتار مان بۆ بلێین
لە جێی شین و لاوانەوە
دوامەنزڵمان با ئامێزی گەرمی
دایکی نیشتمان بێ
هەناسەمان باتێکەڵ بە هەناسەی
زین و
شەم و
کاکە مەم و
وەلی و
خەج و
سیامەند بێ
روانیمان پڕ بووە لە دەشتی کاکی بەکاکی و
تاسەمان هەر لای چیایە
بۆنی لم و سەحرای عەدەم
هۆش و هەست داگیر کردووین
بۆیە هیچ چرپەیەکمان لێوە نایە

❁❁❁❁❁❁

ئەمێستاکە ئێمە هاتووین
وەکو ساتەوەختی لە دایکبوون
وەکو یەکەم چاو هەڵهێنان
روت و پێ خواس
شەرم لە کەس ناکەین
وەکو چۆن دونیا تەنها دڵۆپێک
ئارەقەی شەرمەزاری نەتکان
دونیا بێدەنگیی کرد
کە ئێمە بوین بە خۆراکی لم و

پارووی سەگە رەشەکان
ئەمێستا هەرچەند رووتین
بەڵام سەربەرزین
هەرچەن غەریب بووین
بەڵام مەردین
هەرچەن دووربووین
بەڵام شادین
ئەمێستا کاروانمان بەرێوەیە
سەدان پەپولە
سەدان گوڵە مێخەک
سەدان فریشتە
سەدان تەزبیح
سەدان حەتحەتۆکەی بە نوری قورئانەوە پێچراوە
بەرێوەین و دەمانەوێت،
لەم وڵاتی پڕ ئەوینە باری یەکجاریمان بخەین
بەرێوەین و مەبەستمانە
هەموو کوردستان یەکپارچەکەین
بەرێوەین و ئامانجمانە
کە رەقیب بزانیت ئێمە نامرین و
ئێمە نابەزین و ئێمە کوردین
بەرێوەین و هەموو یەک شت دەڵێینەوە:
)ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کوردزمان
نایشکێنیٚ دانەری تۆپی زەمان
کەس نەڵیٚ کورد مردوە کورد زیندوە
زیندوەو نانەوێت ئاڵاکەمان(









*** فاتیلە ناوی ئەو کتێبەیە کە لایەن شەهید(دکتۆر ئاتیلا)وە نوسراوە کە بەشێکە لە یادەوەرییەکانی خۆی و باس لە ئەوینی نێوان خۆی و کچێکی گوندنشینی ناوچەی گەرمیان دەکات بەناوی(فاتیمە)، بۆیە دکتۆر ئاتێلا هەڵدەستێت بەلێکدانی ناوی هەردووکیان و دەیکات (فاتیلە) ئەمە چیرۆکیکی راستەقینەیەو (فاتیمە) وەکو ئەو سەدان کچی کوردە دیکە بەرشاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و دکتۆر ئاتێلاش لەشەری رزگارکردنی شاری کفری لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ شەهید دەبێت...**

# بە ئیجازەی (با) ئەم ڤالانتاینە لە نێوان تۆ و مەنفادا ون دەبم

دلۆڤان عەلی

ژیان گەمەیەکی چەندە بڵاوە
خەیاڵێکی چەندە بێڕەحمانەیە
لە نێوان تۆ و مەنفا و مردندا
هەموو شتێکم لێ بووە بە تۆ
سەردەکەم بەهەر مەیخانەیەکی تاریکدا
شووشە بە بەتاڵی و پڕ لە تاعوون دەبینم
دەچمە هەر کتێبخانەیەکی تۆزاوی
جگە لە کۆمەڵێک ڕۆمان و چیرۆکی پڕ لە وەهم
وشەیەک نیە بۆنی ئێوارەکانی مردنی لێبێت
دەهەوێت لەم ڤالانتاینی تێکەڵبوونی ڕۆحەدا
لەبەر تاڤگەی میهرەبانیت خۆم بسمیل بکەم
لە کانیەکانی عەدەم وجودم پاک بکەمەوە لە گوناه
ئاخر بەم هەموو ڕق و بێزاری و دڵڕەقیە






چۆن بێم و لە بەرامبەرت باسی ئەو ساتانەت بۆ بکەم
کەبێ تۆ تێیدا ژیاوم و بوومەتە هاوڕێی مردن
ئەم ئێوارەیە تەمگرتووە زۆر سەیرە
دەڵەی ڕێگای شوێن پێیەکانت ون دەکەم
هەر لە بیری پەنجە نەرمەکانت دام و
ترسم هەیە هەناسەکانم بپچڕێن و
پاشماوەکەی لەسەر بەردێکی عاشق جێبهێڵم
یان بەشێکیان بپرژێنە نێو مەنفا و
بەشەکەی دیکەشیان بەرەو لای تۆ (با) بیانهێنێت
بە منداڵی گوێم لێبوو دەیان گوت:
عەشق وەکو گەڵای پایزی سیس و ژاکاو دەتوەرێنێت
چی ئارەزو و خۆشبەختیە دەیدات بەدەم لافاوەوە
ئێستا کە گەورە بووم و ئا ئەو ساتەم بەبیردێتەوە
من ئێستا دڵم وەکو تونێلە تاریکەکانی مردن تەسک بۆتەوە
گیرفانەکانی خۆشبەختیم وەکو پیڵاوەکانت دڕاون
نازانم چ حیکمەتێک لە منی ونبوو لەوەهمدا هەیە
کە دەمهەوێت هی تۆ بم و
لەناو ڕۆحتدا یاری بە هەستەکانم بکەم
من ئیدی خۆم سەرقاڵ ناکەم بە بیرکردنەوە لە مردن
هەموو ڕێگاکانی ژیان بەرەو تۆ دەگرمە بەر
بە چەپکێک گوڵی ڕەنگا و ڕەنگەوە سەردەکەم بە باوەشتدا
تا تێردەبم وەکو منداڵێکی برسی خۆم لە جەستەت هەڵدەسووم
تێر تێر وەکو چەپکێک کەنێری چیایی بۆنی سینگ و بەرۆکت [illegible]
لەم ڤالانتاینی ئاوێزانبوونی ڕۆحەدا
دێم و بە کانیەکانی چاوت دەستنوێژی عەشق هەڵدەگرم و
لەنێو میهرەبانی تۆدا خۆم وندەکەم.





عەباس جەمیل

# شەمی ئەفسانەی ئەوین



هەناسە گرینۆکەکەی..
شەوانی بێ تۆییم
دوودڵ مەبە لەشێتیم و
پێبکەنە..!

هەموو بەرەبەیانێک
بە بەرتەقای زایەڵەی کەناریيەکی تاقانە و
هەرچی قاقای بێچوە هەتیوەکانی
پەڵە هەوری..
ستێرە گرینۆکەکان هەیە
دەنگ هەڵبڕە و
پێبکەنە..!









پێت وایە کەژاوەی وەریوی..
دەروونی پڕ لەئاهم
هاومەستی چڕنۆکی
سەر لانەی بێ ئومێدیتە..!؟

کاتێ چاوەکانیشم..
بۆ دیدەنیت سوور هەڵدگەرێت
وا مەزانە گوڵم
بۆ ماچی لێوەکانت..
گڕەیان دێ
جاریش وایە..
خومار و
مەست..!

گەمژەیی من
چێژێکە
سێبەری ئاوابوونی..
پەرەی گوڵە عەجوولەکانی..
باخی خەیاڵە چاوچنۆکەکانت دەبەزێنێت
مانایەکی نوێ..
بە زیزبوونی منداڵانە
لاپەڕەکانی شێتبوونی..
جارجارەی شیعرە هاچەکانت..
دەبەخشێت..!

دەیهەوێت..
بەییانی نیان و
ریتمی میهرەبانی
پشووی عیشق و
چۆرێ سۆزی..
شەوانی تەنهایی تۆی شۆڕەژن..
وەچنگ کەوێت..!

ئیلاهی..
هەمیشە ئارەزووی دیداری تۆم
بۆ جارێک
لەناخەوە..
سوجدە بەرم..!





چی دەبێ گزەی جەرگم..
پیچێک
لێوی تینووم..
پرچی هەناریت
دابێنێ!؟
قوربان..
لە دووری دیداری ئێوە
هۆشی شێواوم..
لە هەمێزی ئەفسانەی
" ئەخیل.."
سەرچاوەی گرتووە
" تەڕوادەی" مەملەکەتە بێ نەواکەم..
جارێکیتر دەهەژێنێ..!
وامدەزانی..
هەموو شەوی یەلدایەک
عاشقان پیشەیان..
هەنسک و گریانە
یا من گەمژەم
یان راستە..
ژن شەیتانە..!
بۆیە..
" خەلک لە فیراقت ئەترسێ
من لەویسالت " ❁
تکا دەکەم ئەزیزم
تێبگە.. بیزانە..!



عەبدولستارجەباری

# سپاس

پرسیارێک تەمەنم دەخوات
پەیڤەکان و وێنەکان
بۆ لە هەست شاراوەن؟
هەموو وەڵامەکان وەک سێبەر وان
تەکنەلۆژیا هەردووکمان دەکوژێت
من بەهۆی لە ناوچوونی مسوەدەی جگەرەم
تۆ بە هۆی تاوانەوە.
سپاس ئازیزم سپاس
ئەو شیعرە خراپانەی بۆ تۆم نووسیبوو
تێکرات رەش کردەوە
سپاس ئازیزم سپاس













سارێژ سنە

# نەکەی بڕۆی

نەکەی ڕۆژی بەجێم بێڵی
بڕۆی بێدەنگ
نەکەی ئامان
نەکەی بڕۆی بەیەکجاری
ئەی شۆخ وشەنگ
نەکەی ئامان
نەکەی دڵی ناسکی من
بشکێنی
نەکەی ئامان
نەکەی کانی خۆشەویستیت
بوشکێنی

نەکەی ئامان
نەکەی بڕۆی بە بێڕەحمی
دڵگیرم کەی
نەکەی ئامان
نەکەی بڕۆی بە بێباکی
لەبیرم کەی
نەکەی ئامان

# دیویکی تری ناخ

مەلەك هەمەوەندی



ئێستا بۆ کوشتنی با
سێر لە جودابوونەوە دەگرم
ئێوارانێک.. بە گوناهەکانی قەدەر چوومەوە
نە چاوەڕوانێک مابوو بۆ راموسانی تۆ
نە چیرۆکێک لە کەناری هزری من
حیکایەتخوانێک گێڕابویەوە
ئەم دورگە دوورانەی خەیاڵ
نامبەنەوە ماڵی تۆ
تۆ لە مینایەکی لێڵ دەچی
بەسەر چاوی موسافیرێکی خەمبار
ئیدی منالی گەمەیەکی دلشکستەیە
بەم نابەلەدی حوزوری ژانەوە
ئیدی هەرزەکاری رمبازیە





بەدەست دوو هەواری بادارەوە
خەمت نەبێ
لەوێ دڵ مەراقێکی زۆری نۆشیوە
سەرمەستانە.. گۆرانی دەڵێ
ئێستا لەودیوی سەرگورشتەکانی خۆم
سەحەرێک بەرەنگی تۆوە دەبینم
پڕە لە شۆڕبوونەوەی بیرەوەری
ئێستا لەودیوی تۆوە
دنیایەک دەبینم پڕە لە جەنجاڵی
سەفەرێک دەخوێنمەوە
لە رۆمانێکی یاخی
لە پەڕینەوەیەکی ناوادە
لە ئینتزاری کۆست کەوتوو
بێ ڕەنگ لە تاریکی
بێ مراز لە دابڕان
ئیدی مەتۆرێ
مەچۆرە بن باڵی (با)یەکی سەرشێت
مەبە بە دالدەی ناهەمواری
تەنها لێڵی مینایەک بسڕەوە
دەبینی من لەسەر شۆستەی هاتنەوەت
چەند دەمێکە چاوەڕوانم.. چاوەڕوان
تەنها راچنینێک دەمانباتەوە لای
کۆڕنیشەکانی
هەوەڵین دیدار
هەوەڵین رامان
هەوەڵین راموسان



# بەرگی هەژار هاوینە

شاخەوان قۆجەلەری

بەهار رۆیی هاوین هات
هەژار ر خەم ئەدا بەباد
بەرگی هەژار هاوینە
برسیبی سک گوشینە
هەژار زستانی ناوی
کەم دەرکەوتە هەتاوی
لەسەرما هەڵلەرزینە
برسیشبی سک گووشینە
شوێنی شەوی کۆلانە
بی بەرگ و بی گیرفانە
گیرفان کە بی پارەبی
وەک ئەوە وایە نەبی
لە پەنا دیوارو کۆلان
بەبی بەرگ و بەبی نان
شەو تا رۆژ ئەبێتەوە
شەقەی دانی دێتەوە
لێفە نازانی چییە
تیکەی چەوری هەر نییە
پی پەتی و سەری رووتی
بە نابووتی و پەرپووتی
ئەمەش پێی ئەڵێن ژیان
کە پریە لە دەردوو ژان





دەوڵەمەندیش بی باکە
کەوا و فاسۆنی چاکە
چەند دەرکەوانی هەیە
چەندە ڤێلاشی هەیە
لە زستان گەرمایەتی
لە هاوین سەرمایەتی
هەتا لەناو ئۆتۆمبێل
سەرما و گەرما نازانی
ئەو لەخەڵک ناروانی
نازانی چی روویداوە
هەژاریش لێقەوماوە
بە هەمووی ئەڵێن ژیان
ژیان لەلای بی ویژدان
عەدالەت بەر پانەبی؟
هەموولا یەکسان نەبی
من قەت پێی ناڵێم ژیان
کەپڕبی لە دەردوو ژان
منداڵ پەروەردە کردن
بە نەبوونی و بەمردن
چۆن بچی بۆ قوتابخانە
نەوەی ئەم هەژارانە
هەتا بڵێی زیرەکن
ئازا وەکو بروسکن
نەداری رێگا ئەگری
نایەڵی سەر بکەوی





كـــاردۆ

# ژیانـــی پـــای

فیلمـی( Life Of Pi – ژیـانی پـای ) یەكێك بوو لە براوەكانی خەڵاتی ئۆسكاری ئەمـــساڵ كـــە چـــوارخەڵاتی وەرگـــرت (دەرهێنـان، وێنـەگرتن، مۆسـیقا،ئیفێكتی بینـراو)، دەرهێنەرەكـەی (ئـانگ لـی) بـە رەگـەز تایوانیـەو لـە ئۆسـكاری سـاڵی ٢٠٠٥یـشدا تـوانی لـە فیلمـی (بـرۆك بـاك مـاونتن) خـەڵاتی باشـترین دەرهێنـان بەدەستبهێنێت ،

ژیـانی پـای ، بـاس لـە پرسـیارە بوونگەراییەكانی مرۆڤێك دەكات كە هەر لەمنداڵییەوە دەیەوێت لە ڕێی گەڕان و پرسـیاركردن لـەودیوی ماتریـال وشـتە بینراوەكانـدا مانایـەكی نـوێ بـۆ وجـود بدۆزێتەوە لەگەڵ خۆیدا گەشتێكی فراوان بەناوی ئاینەكاندا دەكات لەهەمووشیاندا (خودا) بوونی هەیەو باوەڕهێنان بەخودا ئەڵقـەی بەسـتنەوەی نێـوان تـەواوی ئاینەكانـە بەیەكـەوە بـا لـە ڕووی چۆنایەتیـشەوە جیـاوازبن بـەڵام هێـشتا







نازانێت بۆ دەبێت بڕواهێنان بە خـودا ئـەو هـندە جەوهـەریی بێـت ، بـاوكی پـای خاوەنی دەیان ئاژەڵی دڕندە و پەلـەوەر و خشۆكە ... كەسێكە تـا سـەر ئێسك دژە میافیزیكە ،لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگـەی بـە بـە كوڕەكـەی داوە بـەدوای وەڵامـی پرسـیارەكانیدا بگـەڕێت ، خانەوادەكـەی پـای لـە كـەرتی فەرەنـسا دەژیـن لـە هیندسـتان – دوای ئـەوەی حكومـەت ئـەو زەوییەیان لێ وەردەگرێتەوە كە ئاژەڵەكانی تێدابەخێودەكـەن ،بۆیـە ناچـاردەبن بـەخۆیان و ئاژەڵەكانیانـەوە لـە ڕێـی كەشتییەكەوە هیندستان جێ بهێڵن،بـەڵام ئەوەی لە كـاتی گەشتەكەیاندا ڕوودەدات كارەسـاتێكی چـاوەڕواننەكراوە ،بـەهۆی باوبـاران و بەرزبوونـەوەی ئاسـتی شەپۆلەكانی دەریاوە كەشتییەكەیان نـوقم دەبێت ، تەنها پای ڕزگاری دەبێت ئـەویش لـەڕێی بەلـەمێكی فریاكەوتنـەوە بـەڵام موفارەقەكە لەوێدایە (پـای) پـاش ئـەوەی لـە نێـو بەلەمەكـەدا دەگیرسـێتەوە و باوبارانەكـەیش لێـی ئەكاتـەوە،بۆی دەردەكەوێت پڵنگێك لـەنێو بەلەمەكەدایە ،ئەمـەیش دەبێتـە خـاڵێكی دیكـەی وەرچـەرخان لـە پەرەسـەندنی ڕووداوەكاندا،(پـای) دەكەوێتـە نێـوان دوو بەرداشـەوە یـەكێكیان ئەوەیـە گـەر لـە بەلەمەكـەدا بمێنێتـەوە بـێ سـێ و دوو بڵنگەكە لەناوی دەبات ،ناشتوانێت لە نێـو ئـاوی دەریاكـەدا بمێنێتـەوە چـوونكە دەرئەنجام لەماوەیەكی كەمدا لە مەلەكردن مانـدوودەبێت و كۆتـایی بـەژیانی دێـت، كەسێكیش نییـە بـەفریای بكـەوێت ، بـیر لەخودا دەكاتەوە كە تاكە هێزە بتوانێت تەنهایی و بێ چارەیی خۆی پـێ بسپێرێت و هەسـت بـە دڵنەواییـەك بكـات ، پـای ناچـاردەبێت بـەر لەهەمووشـتێك ماسـی ڕاوبكـات و بیخاتـە بـەردەم بڵنگەكـە بـۆ ئـەوەی تێـری بكـات و خۆیـشی لەمترسـی هێرشـەكانی بپارێزێـت، بەلەمەكـە دەبێتـە ماڵ و نیشتمانی دوو بوونەوەری جیاواز لـە ڕەگـەز و بیركردنـەوە و غـەریزە دا ، پەیوەندییەك كۆی كردوونەتەوە كە لەسەر بنـەمای مانـەوە بـۆ لایـەنی بـەهێزتر بونیادنراوە،هـەردوولایش (پـای– بڵـنگ) كـۆكن لەسـەر ئـەوەی بـوونی ئـەوی تـر هەڕەشەیەلەسـەرمانەوەیان ،گەرچـی (پڵـنگ)ـەكە ئاماژەیەكـە بـۆ كوشـتن لـەپێناوی تێركردنـی غـەریزەدا ،لەهەمانكاتدا دەشزانێت بـەدەر لـەخۆراك



ئەوی تر لە دەرفەتێك دەگەڕێت بۆ لەناوبردنی، لە ڕووداوێكی هەڵكشان وداكشانی دەریادا بڵنگەكە دەكەوێتە نێو دەریاكەوە ،لەبەرامبەردا مرۆڤە تەنهاكە لەم ململانێ ئاڵۆزەدا بڕیاردەدات ڕزگاری بكات ، ئەو دەیەوێت پەیوەندییەكی جیاواز درووستبكات و پڵنگەكە بكاتە هاوڕێی خۆی چیتریش لەو ماڵی تەنهاییەی خود ڕۆح دیلی ترس و دڵەڕاوكێ نەبێت ،لەلایەك ئەوان وەكو دوو بوونەوەر كە ژیانیان هەڵبژاردووە دەبێت بە جیاوازییەكانی یەكتریش ڕازی ببن ،لە ڕوویەكی تریشەوە هەتا ڕۆح ئازاد نەبێت و جەستە سەمای ژیانی بۆنەكات ڕامكردنی غەریزەی بكوژ(پڵنگ) ئاسان نییە ،بۆیە لەكۆتایی فیلمەكەدا دوای ئەوەی لەكەناری دوورگەیەكدا دەگیرسێنەوە ،پڵنگەكە ڕێچكەی خۆی بەرەوە ناوەڕاستی دارستانەكە دەگرێتە بەر سەرەتا هەڵوەستەیەك دەكات بەڵام بەبێ ئەوەی ئاوڕێك لە هاوڕێ و دوژمنەكەی بداتەوە دەچێتە ئامێزی دارستانەكەوە ، پای









هەست بە ئازارێكی دەروونی گەورە دەكات، باوكی و خانەوادەكەی چەنێك چاكەو سۆز و خۆشەویستیان بۆی هەبوو بەڵام بۆ دواجار لە نێو دەریاكەدا بەبێ ماڵئاوای و تەنانەت هەلوەستەیەكی پڵنگ ئاسایش، لێیان جیابووە وە ،ئەوەتا بڵنگەكە جێیدەهێڵێت و فیلمەكە بە گریانی پای كۆتایی پێدێت، بەڵام لێكدانەوە و تەئویلكردنی ئاماژەكانی دەنگ وێنە لەم فیلمەدا هەروا بەسانایی تەواو نابێت.

# مەحاسن ئەلحمسی:



# ئێستە فۆرمی شیعری وەک جاران گرفتێک نییە

ئاخاوتن: جومعە جەباری






لەدونیای ئەدەبی عەرەبیدا قەڵەمی ئافرەت دەورێکی باڵای هەیە لەدەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی ئەدەبی عەرەبی و، بەردەوام زیندوکردنەوەی خوێنی و، تەکانی نویٚ بۆ پێشخستنی.. (مەحاسن ئەلحمسی) یەکێکە لەو ئافرەتە نووسەرانەی ماوەیەکی زۆرە لەبەر قبووڵنەکردنی غەدر و چەوسانەوەکانی رژێمی ئەسەد لە سوریا ژیانی لە ئوردن بەسەردەبات و، بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی لەبواری چیرۆک و شیعرەوە پەیامی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگەی عەرەبی دەکات، تێیدا هەموو ئازارەکانی ئافرەت و توندڕەوییەکانی پیاو و چەوسانەوەکانی دەسەڵات و تێکۆشانی ئۆپۆزسیۆنەکانی کردووەتە ئاوێنەی رەنگدانەوەکان، تا ئێستا چەندین کۆمەڵە چیرۆک و دیوانە شیعری بەرهەمهێناوە، لەوانەی کەوتووەتە بەر دیدەم و بەچاوی رەخنەوە خوێندوومەتەوە: (امرأە فی حفل توقیع ـ ئافرەتێک لە ئاهەنگی واژۆکردندا/ کۆچیرۆک)، (لم یعد لی الا.. انا ـ لەخۆم.. زیاتر کەسم بۆ نەما/ دیوانە شیعر..)

لەمێژە یەکتری دەناسین، بیروبۆچوونەکانی بەدڵمە و جێگەی هەڵوەستەن، بۆیە حەزمکرد لەرێگەی چەند پرسیارێکەوە را و بۆچوونەکانی بخەمە بەردیدی ئێوەی ئازیز:

**جومعە جەباری: دوای ئەو شۆڕشانەی وڵاتانی عەرەبی گرتەوە و ئەو هەموو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی دروستکرد، ئایا دەبیٚ چۆن کاریگەری کردبێتە سەر وێنەی رۆشنبیری عەرەبی؟**

مەحاسن ئەلحمسی: دوای شۆڕشەکان قەڵەمەکان رێڕەو و رێچکەی جیاوازیان وەرگرت، ئەدیبەکان بەرەو چاپکردنی کتێبەکانیان لەسەر پیاهەڵدانی بەرپابوونی ئەو شۆڕشانە تاویان دا، بەبیٚ ئەوەی لەگەڵ واتە و ئامانج و هۆیەکانی قووڵبنەوە، بەڵکو تەنیا بۆ پەیداکردنی شوهرەت و پارە، بۆیە وێنەکە لاواز بەدیارکەوت، بێجگە لەچەند قەڵەمێکی ئازا

و بەجورئەت، کە را و بۆچوون و پرنسیپ و قەناعەتی جیاوازی هەبوو، کە ئەو شۆڕشانە دەرگەی ئازادی کردەوە بۆ گوتنی ئەوانەی قەدەغە و حەرامبوون و، واتەی ترسی لە فەرهەنگی خۆیدا سڕییەوە و، جورئەتی بەخۆی دا بۆ رەخنەگرتن و مانگرتن و پیشاندانی راستیەکان و تەحەداکردنی چەوساندنەوەی فکری، کە زۆری بەرەو دوای زیندانەکان برد لەسەردەمی پێش شۆڕش.

هێشتا هەندێك قەڵەمی دیکە ماون چاوەڕێی ئەنجامەکانن بۆ ئەوەی دەست بەنووسین بکەن، واتە بێلایەن وەستاوە و، چاوەڕێی کاتی بڕیاردانیەتی بۆ پێوەندیکردن بە لایەنی سەرکەوتوو.

**جومعە جەباری: فۆرمە شیعرییەکان.. چ واتەیەکی لای تۆ هەیە.. ئایا تۆ لەگەڵ ئەو تانە و تاوانبارکردنانەی سەبارەت بەنووسین بەم فۆرمە، یان ئەو فۆرمەی دیکە؟**

مەحاسن ئەلحمسی: ئێستە فۆرمی شیعری وەك جاران گرفتێك نییە، چ بەشێوەی پەخشان بێت یان ستوونی، یاخود بەشێوەی بەحرەکانی شیعری، مادام دەقەکە لەرووی واتە و جوانی و بیرۆکەوە بەشێوەیەکی تەواو و یەکگرتوو دێن.

ئێمە ئێستە لە زەمەنی خێرایی و تەکنۆلۆجیادایین، بۆیە شیعری ئازاد و پەخشان و شیعری میللی زیاتر باو و چڕترن، لەبەرئەوەیە زۆربەی شاعیرانی نوێخواز  روویان لە هۆنینەوەی هۆنراوەی سەربەست و پەخشانە شیعر کردووە.

هەروەها شیعری ستوونی و کێش و سەرواداریش خاوەن و چێژەری خۆی هەیە، بۆیە ئەوانەی شیعری ستوونی دەنووسن هۆنینەوەی شیعری سەربەست و پەخشانیان پێ قبووڵ نییە، یان خۆی لێی بەدوور دەگرێت.

من لەگەڵ وشەی راست و بیرۆکەی نوێ و ئەفراندنی شیعریم، چ بە پەخشان بێت یان کێش و سەروا، یاخود بڕگەیی.

**جومعە جەباری: ئەوەی من دەربارەی تۆ زانیومە دەنگێکی ئازای "کە زۆرن" بەگوێرەی گوتەیەکی ئیمامی عەلی (رەزای خوای لێبێت) بەڵام کەچی ئەم بارودۆخەی ئێستە وای لە زۆر کەس کردووە بێدەنگی هەڵبژێرێت، نەك غەڵبەغەڵب، ئەمەش لەسایەی "بەرزبوونەوەی خەڵکێکی بێقیمەت" ئەی تۆ لەکام باری ئەم دوو لایەنەدای؟**

مەحاسن ئەلحمسی: من بێدەنگیم هەڵنەبژاردووە چونکە ئافرەتێکی سەربەستم، من بە ئازادی خولقاوم و مرۆڤم.. نەکوتوومەتە دوای هیچ حزب و





کەسایەتییەك، قسەی هەق دەکەم ئەگەر لەسەر حسابی پەڕینی ملم بووبێت مادام بڕوام پێیەتی.. ئەو قسەیەش ناکەم تاکو هەڵە و زوڵم و زۆرداری یان گەندەڵی دەرهەق بە هاوولاتیەك نەبینم هەوڵی دابینکردنی ژیانێکی خۆش و دواڕۆژێکی باش بۆ خێزانەکەی دەدات دوور لە ترس و تۆقاندن و هەژاری..

)غەڵبەغەڵب) وشەیەکی نەگونجاوە و لە قەڵەمی ئازاد و ویژدانی زیندوو ناوەشێتەوە، چونکە مانای گەیاندنی وشەی ناهەق و بەرزکردنەوەی چەند کەسایەتییەك دەگەیەنێت لەرێگەی پیاهەڵدان و رازاندنەوەی و بەرژەوەندی و سوودوەرگرتن..

)بێقیمەت)یش بێگومان رۆژێك دێت راستییەکەی بۆ هەمووان دەردەکەوێت و دادەبەزێتەوە شوێنە راستەقینەکەی خۆی.

**جومعە جەباری: نهێنی وشەی "من" لە کۆ چیرۆکەکەتدا "لە من زیاتر..کەسم نیە" ئایا پەنابردنی ئافرەتە بۆ ناخی ئازارچێشتووی خۆی بۆ ئەوەی لەنێویدا بتوێتەوە، یان جەختکردنە لەسەر (دوا پەناگە) لەدونیای بێ پەنادا ؟**

مەحاسن ئەلحمسی: لە زەمەنی جەنگەکان و داهێزرانی بارەکانی ئابووری و هەوڵدانی خێزان بۆ دەسکەوتنی هەلی کار لەدەرەوەی سنووری ماڵ، کە پەناگەبوو، لەگەڵ تێکەڵبوونی ئافرەت بە ژیانی زانستی و کرداری بۆ چاکسازی بارەکە، وای کردووە پشت بە هاوکارییەکانی خێزانەکەی نەبەستێت.. بەهۆی مشووربوونی هەمووان بەو بارەوەو لەبیرکردنی ئەم و، گوێنەگرتنیان بۆ خەموو گرفتەکانی، هیچ چارەیەکی نەما تەنیا ئەوە نەبێت بە بازوو و عەقڵ و بەدەستهێنانی ئاستی زانستی خۆی، سەرنجەکان دووبارە بەلای خۆیدا بگەڕێنێتەوە و ئیسپاتی خودی خۆی بکاتەوە، بۆیە وشەی "من" پەناگەیەکی باش بوو چەندین دەرگەی بەروویدا کردەوە، کە بژێوی بۆ پەیدادەکات و سەرقاڵی دەکات و دووری دەخاتەوە لە درێژکردنی دەستی بۆ کەس، بێگومان لەگەڵ پشتگیری پیاو و، بەتەریبی لەگەڵ یەکدا رێبکەن بۆ دروستکردنی دوارۆژێکی باشتر و ببێتە تاکێکی بەسوودی ناو کۆمەڵگەکەی.

**جومعە جەباری: لە بەرهەمەکانتدا سەرنج دەدەم بەیەکگەیشتنەوەیەك لەنێوان خەمە نیشتیمانیەکان و خەمەکانی خۆتدا هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە "خودی خۆت"ی یاخیبوو لە واقیع و نەرێنی بوون**

**دروستبکات ؟**

مەحاسن ئەلحمسی: من بەشێکم لەم کۆمەڵگەیە و نیوەی ئەوم، ئەوەی لەسەر گۆڕەپانی وڵاتەکەمدا روودەدات پێوەندی بە منەوە هەیە و لەناخمدا دەژێت، بۆیە ناکرێت بێدەنگبم لەئاست کێشە بژێوییەکانی ژیان، کە بە نەرێنی بەسەر دوارۆژی نەوەکانماندا دەشکێتەوە و، ببینم مافەکانیان دەخورێت لەلایەن چەند حووتێکەوە، بۆیە لەبەر ئەوەی من هەرچی مافی حکوومەتە لە باج و کرێی پێداویستییەکانی ژیان دەیدەم، لەبری ئەوەش ئەرکی سەرشانی حکوومەتە ژیانێکی سەربەرزی و خزمەتێکی باشم بکات، لەبەرئەوەیە من لەسەر زەوتکردنی مافی خۆم، یان مافی هەر هاووڵاتییەکی تر، بۆ ئەوەی خەڵکانێك لەسەر حیسابم بژێت.. دەنگم بەرزدەکەمەوە و، تەحەدا دەکەم و مان دەگرم و، هانی مەزڵوم دەدەم بۆ ئەوەی هەستێتەوە و داوای مافی خۆی بکات، بێئەوەی لە ئەنجامەکانی بترسێت، ئەنجامێك تەنها سوودی بۆ خوێنمژانی گەل دەبێت..

**جومعە جەباری: وشەی "ترس" و "هیوا" لەناو نووسینەکانتدا زۆر دووبارە دەبنەوە، ئایا واتایان لەلای تۆ چییە ؟**

مەحاسن ئەلحمسی: "ترس" واتای لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویستە بەمردن یان نەخۆشی یانیش جیابوونەوە، لەرێگەی گێڕانەوەیەکی نزیك لە واقیع، کاتێك چیرۆکێك هەڵدەبژێرم لە کۆمەڵگاکەم و بەچاوی نووسەر دەیگۆڕم بۆ چیرۆکێك، رۆژێك لە رۆژان کاری لێم کردووە..

"هیوا"ش پەنجەرەیەکی کراوەیە لەنووسینەکانمدا بەڕووی هەموو ئەگەرەکاندا، زۆر جاران خەونێکی نیشتیمانیم هەیە بەهیوای ئەوەم بێتەدی تەنانەت ئەگەر لەرێگەی وشە و دێڕ و پیتەکانەوە بێت..

**جومعە جەباری: تۆ ئازارەکانی ئافرەت بۆ ئەو رەگەزەکەی تر وەردەگێڕی، بەڵام من لەرێگەی نووسینەکانتەوە توندییەکی مێینە و، وشکییەکی بەهێزم بەدیکرد، ئایا هیچ ناسکی و لاوازییەکی مێینە لە دووتوێی وشەکانتدا بەدی دەکرێت ؟**

مەحاسن ئەلحمسی: (توندیی مێینە) و (وشکیی بەهێز) ئەوە ناگەیەنێت من واز لەپێویستیم بۆ بەشەکەی ترم بهێنم ئەویش پیاوە، چونکە ئەو شەریکمە و، بەشێکە لە ژیانم لە باوك، برا، کوڕ، هاوڕێ، خۆشەویست و، مامۆستادا دەیبینمەوە، پێویستیم بە ئامۆژگاری و راوێژەکانی هەیە، ململانێی لەگەڵدا ناکەم، بەڵکو رێزی لێدەگرم، گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەم، ئاخاوتنی دەکەم و، سوود لە ئەزموونی وەردەگرم لەو لایەنانەی تێیناگەم، هەندێك جاریش لاوازی ئافرەت نهێنی بەهێزییەتی..

لەهەندێك دەقدا لەگەڵ پیاو دژی ئافرەت دەوەستم و، داکۆکی لێدەکەم لە ئافرەتی زۆردار، چونکە پێموایە پیاویش مافی لەسەر ئافرەت هەیە و، دەبێت بۆی دابین بکات و، سۆز و بایەخی بداتێ و رێزی لێبگرێت..

کاتێك پیاو خیانەت دەکات و درۆدەکات و یاری بەهەستی ئافرەتێکی دڵسۆزی خۆی دەکات، لەو کاتەدا من زۆر توند دەبم لەگەڵیدا.

**جومعە جەباری: لەکاتی نووسیندا و دابەزینی مەلەکەی بەهرەمەندی، کامیان لەلای تۆ خۆشەویستترە بۆ نووسین: هۆنینەوەی شیعر، یان نووسینی چیرۆك ؟**

مەحاسن ئەلحمسی: کاتێك دەست بەنووسینەوەی دەقێك دەکەم، لەناکاوێکدا لەوانەیە بگۆڕێت بۆ هۆنراوەیەك، یان سەربوردەکە بەزمانێکی شیعری تەواودەکەم، چونکە من نووسین بەهەردوو ستایلەکە دەزانم بەگوێرەی رای رەخنەگران و ئەو نووسەرانەی لەسەر چیرۆکەکانمیان نووسیوە.

**جومعە جەباری: کورد لە پێشوو و لەئێستاشدا دەورێکی باڵایان هەیە لەبواری رۆشنبیری و پێشخستنی لە وڵاتانی عەرەبیدا، نموونەی دیارمان بۆ ئەم باسە: بەدرخانیەکان، سەلیم بەرەکات، عوسمان سەبری و، زۆرێکی تر، تۆ چی دەڵێیت لەم بارەیەوە ؟**

مەحاسن ئەلحمسی: بەرهەمی هەندێك لەنووسەران و ئەدیبانی کوردم خوێندووتەوە و، چاوم لە کۆشش و سووربوونیان بووە لەسەر وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان لە حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی وڵاتەکە، لەرێگەی بڵاوکردنەوەی رۆمان و شیعر و چیرۆکی تژ لە خەمی کورد و دۆزەکەیان، کە ئێستا بەهۆیانەوە لەهەموو نیشتیمانی عەرەبیدا زانراوە و، زۆر کەس پاڵپشتییان لێدەکات و لەگەڵیاندا دەوەستێت، ئەو ناوانەی باسیانت کرد ناوبانگن و خوێنەر و موعجەبی زۆریان هەیە، سەرباری ئەمانەش فلیڤانی خاوەن ماف بێگومان وشەکانی نزیکترن لە دڵ و ویژدانی مرۆڤەکانەوە.

ئەی کۆچکردووی مەزن "مەحمود دەرویش" لەسەرتان نەیگوتوە: "کورد لەئاگری راستی نزیك دەبنەوە، ئینجا دەسووتێن وەك پەپوولەی شاعیران."

# هزری نەتەوەیی و جیهانبینیی مرۆڤی کورد لە زماندا لە دیمانەیەک لەگەڵ مەسعوود بابایی نووسەر و شارەزای زمانی کوردی




سازدانی: شەریف فەلاح





**شەریف فەلاح: زمان رۆحی نەتەوەیە، ئەم پێناسەیە هەتا چەندە لەگەڵ دۆخی زمانی کوردیدا دەگونجێ و لە رابردوو و ئێستادا زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیی کورددا چ دەورێکی بینیوە و پێوەندیی شوناسی نەتەوەیی و زمانی کوردی چۆن دەبینی؟**

**مەسعوود بابایی:** زمان رۆحی نەتەوەیە. ئەم دەربڕینە دەربڕینی رۆحانیی زمانە. کاتێك ئێمە لە زماندا بە دیناو (مکاشفە) دەگەین، هەستێك بە سەرماندا باڵ دەکشێ کە هەستی مرۆڤ بوونی ئێمەیە، جۆرە مرۆڤێك، وێنای شوناسی مرۆڤێك کە لەویدی جیاوازە. پەیوەست بوون بە زمانەوە پەیوەستبوونە بە خولیاگەرییەك. رایەڵێکی پێوەندیی خوازەییە بە نەوەی پێش خۆمان و پێشینیانمان. بەو زمانە لەگەڵ نەوەی دوارۆژیش پێوەندی دەگرین. دەبینە رایەڵی دوێنێ و ئەمرۆ و سبەینێ. لەڕاستیدا دەبین بە مرۆڤێك کەلە خاکێکی خوازییدا رەگ دادەکوتین. هەڵبەت ئەگەر لە پەنجەرەی پێناسەی مامۆستا (عەلائەددین سەجادی)یەوە سەیری زمان بکەین کە دەڵێ : "زمان شادەماری نەتەوەیە" لە جێی رۆحی سەرگەردان شادەمارێك وێنا دەکەین کە رەگ و ریشەی لە خاکدایە و خەیاڵەکانی سەر لە ئاسمان دەسوون. شادەمار لە خاکی نیشتماندا رەگاژۆ دەکا و لەوێوە ئیدی رۆحی نەتەوە باڵا دەکا. گونجانی ئەم پێناسەیە لەگەڵ نەتەوەی کورددا کە فاکتەرە سیاسییەکانی بوونی نەتەوە و دان پیانانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بە کیانێکی سیاسیی تێدا بەدی نەکراوە ئاشکرا و دیارە. مرۆڤی کورد خاك و زێد و نیشتمان و سنوورەکانی لە زماندا زەق دەکاتەوە و نیشتمان و خاك و نەتەوە هەموویان لە زمانی کورددا زیندوون. هەربۆیە هەوڵدانی دوژمنانی کورد کوشتنی خەیاڵ و هزری نەتەوەیی کوردە کەلە ئاماژە زمانیەکانیدا دەردەکەوێ.

پرۆسەی نەتەوەسازی لە رێگەی زمانەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە کە ئایا فاکتەرەکانی دیکەی فەرهەنگی و سیاسی لەبارەی کوردەوە بڕشتی نەتەوەسازییان چەند بێت. ئەگەر دەوڵەت نەتەوەیەك بونیاد بنێت، وەك لە مودێلی دەوڵەتی نەتەوەیی مودێڕن و لە ئەنجامی مودێڕنیتەی سیاسیدا هەبووە، رەنگە ئەمەکناسی بە دەوڵەت و بۆرۆکراسیی مودێڕن و مافی هاووڵاتی و چەندین گوتەزای جیاجیا هەموویان بەرهەمهێنی ناسیونالیزمێکی دەوڵەتی و سیاسی بن کە بە گوێرەی بەریان (گرایش) و وەفاداری بە دەوڵەت بونیاد نرابێ. ئێمە لە وەڵامی ئەم

بەشە لە پرسیارەکە دەکەوینە سەر دووڕییانێك:

١ ـ نەتەوە کیانێکی ئێستاییە و دابڕاوە لە مێژوو و ئەوانەی ئێستا هەن خاوەنی فەرهەنگێکی دواکەوتووی پێش مودێڕنن و بەگشتی شێوەی ژیانی جڤاکی و فەرهەنگییان ئێجگار لە یەك دوورە.

لەم پێناسەیەدا نەتەوە داڕنراوە لە مێژوو و بەرهەمی دەوڵەتی مودێڕنە. بەهەرحاڵ کەسانێك کە باوەڕیان بەم پێناسەیە هەیە لە روانگەی "دەوڵەت ـ نەتەوە"وە سەیری بابەتەکە دەکەن. گەلانی بێ دەوڵەت خاوەن کیانی فەرهەنگی/ئێتنیکین و لە ریزی نەتەوەدا پۆلێن ناکرێن. ئەم روانگەیە نەتەوەسازی بە واتای درووست کردنی نەتەوەیەك لەلایەن دەوڵەتەوە لێك دەداتەوە و لە تایبەتمەندیی مێژووکرد دای دەڕنێ.

٢ ـ کەسانێکیش هەن باوەڕیان وایە کە نەتەوە کیانێکی مێژووییە. هەرچەند شێوە و بیچمی نەتەوە

بەگوێرەی فراژوویی (تکامل، تگور) قۆناخە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردادێت، ئەم گۆڕانە بە واتای شێوە گۆڕان (دگردیسی)ە، وەکو گۆڕانی کرمێك کە دەبێتە پەپوولەیەك. ئەم گۆڕانە دابڕان لە رەگ و ریشە و بنماك ( عنصر بنیادین) نیە.کاتێك نەتەوەیەك یادەوەریی مێژوویی خۆی دەگێڕێتەوە، لە رووی زمانی و نەژادییەوە خۆی بە نەژاد و نەتەوەیەك دەبەستێتەوە کە رەنگە لەگەڵ دۆخی ئێستایشی یەکانگیر نەبێ، بەڵام بەشێکی زۆری تایبەتمەندییەکانی هاوشێوەی نەتەوەیەك لە مێژوو دان. ئەم هاوشێوەییە ئەگەر زمانی بێت و لە دەقە کۆنەکان و شوێنەوارەکاندا بەدی بکرێت، بوونی مێژوویی و ریشەی مێژوویی ئەو نەتەوەیە دەسەلمێنێ.

تیۆرییەکانی نەتەوەسازیی مودێڕنیتە هەرچییەك بن، گرنگ نەتەوەکانن کە خۆیان پێناسە دەکەن. هەربۆیە پرۆسەی نەتەوەسازی لە رێگەی زمانەوە لە هەمبەر کورد وەڕاست دەگەڕێ، بەڵام لەمەڕ نەتەوەیەکی دی مەرج نیە راست بێت.

**شەریف فەلاح: جەنابت دەڵێی زمان مەودا سازە و هێڵ و سنووری من و بەرامبەر دیاری دەکات، ئەم تیۆرە لەمەڕ زمانی کوردی وەڕاست دەگەڕێ، زیاتر شی بکەرەوە؟**

**مەسعوود بابایی:** فۆرمۆلی تیۆرەکە ـ ئەگەر بتوانم پێی بڵێم تیۆری ـ **(مەودا / جیاوازی)**یە. پێویستە ئەوە بڵێم لە باس و خواسی شوناسی نەتەوەییدا من زمانگەرام. مێتۆدێك کە لەم بارەوە کەڵکم





لێ وەرگرتووە، رەچاوی مەودا و جیاوازی دەکات. شوناس بریتییە لە مەودای من لەگەڵ ئەویدی. مەودا جیاوازی درووست دەکا. ئەگەر سەیرێکی جێناوەکانی زمان بکەین، شتێکی سەرنجڕاکێش بەدی دەکەین.

من ـ ـ ـ ـ ـ بنەمای هاوشێوەیی ـ ـ ـ ـ ـ ئێمە ( هاوخوێن / هاونیشتمانی و هاونەتەوە و پێوەندیی خزمایەتی)

تۆ ـ ـ ـ ـ ـ بنەمای هاوشێوەیی ـ ـ ـ ـ ـ ئێوە ( هاوخوێن / هاونیشتمانی و هاونەتەوە و پێوەندیی خزمایەتی)

ئەو ـ ـ ـ ـ ـ بنەمای هاوشێوەیی ـ ـ ـ ـ ـ ئەوان ( هاوخوێن / هاونیشتمانی و هاونەتەوە و پێوەندیی خزمایەتی)

(ئێمە) کۆی (من)ەکانە/ (ئێوە) کۆی (تۆ)ەکانە / (ئەوان) کۆی (ئەو)ەکانە. سێ چەمکی خزم و ئاشنا و بێگانە لێرەدا بەبێ ئەوەی زۆرکەس هەستی پێ بکەن بەدی دەکرێن. لەوەش گرنگتر سێ بازنەی شوناس دروست دەبن کە بەرهەمی سیستمی نیشانەناسی و سیستمی نیشانەسازیی زمانن.

من ـ ـ ـ ـ ـ ئێمە / بازنەی خزمایەتی ( بازنەی یەکەم).

لە بەرانبەر مندا تۆ ـ ـ ـ ـ ـ ئێوە بازنەی ئاشنایەتییە. (بازنەی دووەم).

هەروەها لە بەرانبەر مندا ئەو ـ ـ ـ ـ ـ ئەوان بازنەی بێگانەیی یە. (بازنەی سێیەم).

هەر بەو شێوەیەش بازنەکانی دیکەش لە بەرانبەر من ـ ـ ـ ـ ـ ئێمە، وەهان.

هەڵبەت نابێ ئەمە بە تێگەیشتنێکی فاشیستی لێك بدرێتەوە. واتە نابێ چەمکەکانی ئاشنایەتی و بەتایبەتی بێگانەیی بە دوژمنایەتی لێك بدرێنەوە. دوژمنایەتی پێوەندیی بە پێکدادانی بەرژەوەندییەکانەوە هەیە و ئەم بابەتە پێوەندیی بە بونیادی خۆناسین لە زماندا هەیە کە من بە **مەودا ـ جیاوازی** ناوم لێناوە.

هەروەك وتم سیستمی نیشانەسازیی زمان سیستمێکی پۆلێن بەندییە. مرۆڤ لە رێگەی نیشانە زمانییەکانەوە پێوەندییەکی دەنگی / دیاردەیی و دواجار پۆلێن بەندیی واتایی جیهانی دەوروبەری دەناسێ و دەناسێنێ.

پۆلێن بەندیی واتایی لە دۆخی لێکسیکیی زماندا پێوەندێکە لە نێوان یەکەی وێنەیی/ دیاردەیی (واحد تصویری/ پدیداری )، یەکەی وێنایی/ خەیاڵی (واحد تصوری / خەیاڵی) و یەکەی دەنگی و یەکەی واتایی. ئەمە پێوەندییەکی زمانیە. یان باشتر بڵێم

لۆژیکی **هەموو** زمانێکە وەڕاست گەڕانیشی لە **هەمبەر** زمانی کوردی وەکوو زمانانی دیکەیە و کوردیش لەم ڕێسایە بەدەر نیە. لۆژیکی پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە. ئێمە لە سێگۆشەی کات و شوێن و ڕووداودا دەژین. هیچ دۆخێکی کاروباری سروشتی و مرۆیی لە دەرەوەی ئەم سێگۆشەیە ناگونجێ. زمان ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخەیە و توخمەکانی بکەر و بەرکار و کردار بە گوێرەی بەرداشی کات و شوێن و ڕووداو ڕەوتی "کران" دەڕەخسێنن. ئەم ڕەوتە

بە گوێرەی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەشبەندیی ژیانی مرۆیی ڕێك دەخەن. ئەم ڕەوتە لە زماندا لە چوارچێوەی کردار، جێناو و ئاوەڵکردارەکان (قید) بوونی خودئاگای مرۆڤ لە گوتەزا زمانیەکاندا زەق دەبێتەوە. دەبێ ئاگادار بین خودئاگایی بەرهەمی زمان نیە، بەڵکوو زمان گوێزەرەوەی ئەم خودئاگاییەیە بۆ کارەکتەرەکان. هەربۆیە چەمکی **مەودا - جیاوازی** لە هەناوی زماندا جێی خۆش کردووە. ئێمە بە گوێرەی ئەم تایبەتمەندییە دەچینە نێو پرۆسەی دیالکتیك و وتووێژەوە و لانیکەم لۆژیکی زمانی ڕۆژانە یان ئاخاوتنی ڕۆژانەمان ڕێك دەخەین. بەڵام ناسینی ئەم تایبەتمەندییە

یارمەتیمان دەدات **مەودا - جیاوازی** وەك مێتۆدێك لە پرۆسەی دیناو (مکاشفە)ی زمانیدا بخەینەگەڕ. کۆد و نیشانەکانی زمانی کوردی ئاشکرا و دیارە لەگەڵ کۆد و نیشانەکانی زمانەکانی دیکە جیاوازە. وشەی جیاواز بریتییە لە سنووربەندیی نێوان دوو دیاردە. جیاوازی لە بیچم و دەنگ و ڕەنگ و سیستمی مۆرفیمیی زمان. جیاوازی هەوێنی پێناسەی کەسێتییە.

**شەریف فەلاح: ئەگەر بتەوێ خەسارناسییەکی کورتی پرسی زمانی کوردی بکەی چۆنی لێك دەدەیەوە؟**

**مەسعوود بابایی:** لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەوەی دەتوانم باسی بکەم لە سێ خاڵدا کورتی دەکەمەوە:

ئەلف: پەرتەوازەیی سروشتی

ب: لێکترازان

ج: دوور کەوتنەوە

**ئەلف:** پەرتەوازەیی سروشتی مەبەست جوگرافیای زمانیە. بەرینایی جوگرافیای سروشتیی کوردستان و ئەزموونی وشە و دەستەواژەی جیاجیا بۆ دیاردە سروشتییەکان و ڕامانی مرۆڤی کورد لە دیاردەکان و ڕەهەندی ڕوانین بۆ جیهانی دەوروبەر و ژینگەکەی کۆمەڵێ یەکەی زمانی لە چوارچێوەی دیالێکت درووست کردوون کە بوونەتە هەوێنی دەوڵەمەندی و لە هەمان کاتدا هەوێنی ناکۆکیشیان ڕەخساندوە.

ئەم ناکۆکییانە لە قۆناغی دووەمدا دەگەن بە لێکترازان.

ب: لێکترازان لە ژیانی سروشتی و شوانکارەیی و جوگرافیای سەخت و نالەباردا بە شێوە سروشتییەکەی هەبووە. بەڵام ئەوەی کە دواتر لە ڕووی شوناسەوە قەیرانساز بووە گوێزرانەوەی ئەم قەیرانە بووە بۆ کایەی سیاسی و دواتر سەپاندنی جۆرێك شوناسی نەخوازراوی ناوچەیی لەسەر بنەمای دیالێکت و شێوەزاری ناوچەیی کە کارەکتەری سیاسی بەگوێرەی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان بەکاری دێنێ و لە داوڕۆژدا ئەم قەیرانە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم شوناسی نەتەوەیی یەکپارچە و پرۆسەی نەتەوەسازی پەك دەخات. کەڵکئاوەژۆی سیاسەت لە زار و شێوەزار و ناوچەگەری بۆ بەدەستهێنانی هێزی سیاسی کارەساتبارترین قەڵاچۆی فەرهەنگییە کەلە داهاتوویەکی نە چەندان دووردا نیشانەکانی دەردەکەون. دواقۆناغی ئەم لێکترازانە داڕمانی پرۆسەی نەتەوەسازی و ناسیونالیزم و سەرهەڵدانی شوناسی ئیتنیکییە. ئەگەر ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت بەڕای من گەیشتن بەم قۆناغە مەترسیدارە مسۆگەرە.

ج: دوورکەوتنەوەش لە ئەنجامی دوو قۆناغەکەی پێشوو بەوپەڕی مەودا دەگات و ئەوپەڕی جیاوازیش ڕوو دەدات. کەوابوو ئەوکاتە زمانی نەتەوەیی لێڵ و نادیار دەبێت و هەر زار و زارۆچکەیەك ڕێچکەی سەربەخۆ وەردەگرن. ئەوکاتە زمانە تۆکمەکان بە ئاسانی ئەم زار و زارۆچکانە قووت دەدەن و ئاوابوونی کۆی زمانەکە دەست پێدەگات. ئۆباڵی ئەم کارەساتەش لە ئەستۆی سیاسەتبازانی کوردە کە خەریکە لە گێژاوی بێ شوناسیدا تووشمان دەکەن.

**شەریف فەلاح: لە قۆناغە کاتییەکانی گەشەی زمانی کوردیدا زیاتر چ توخم و بیرۆکەیەکی زاڵ ڕۆڵی گێڕاوە و هەبوونی عیرفان و سۆز و باوەڕە دینیەکان چ کاریگەرییەکیان هەبووە و لە کام قۆناغی مێژووییدا توخمە هزری و مەعریفییەکان لە زمانی کوردیدا دەرکەوتوون، ئاخۆ زمانی کوردی پێی ناوەتە ئەو قۆناغەوە و بە گشتی پێوەندیی نێوان مەعریفە و زمان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**مەسعوود بابایی:** دین و سۆفیگەری و عێرفان یەکەم پرسیاری فەلسەفییان هێنایە گۆڕی. ئەمە وەڵامیان بۆ پرسیارە

فەلسەفییانە چیە خۆی باسێکی دیکەیە. بەڵام فەلسەفە بەڕای من ڕۆڵەی لاساری دینە. چونکە وەڵامەکانی دین نەیتوانیوە ڕازیی بکات و زۆر جاران لە دین یاخی دەبێ یان ئەگەر یاخیش نەبێ بەدوای لۆژیکی بەلگەهێنانەوەدا دەگەڕێ. ئاشکرا و دیارە عیرفانی کوردی زۆرترین پانتایی لە ئەدەب و وێژەی کوردیدا داگیر کردوە. ئەدەبی کلاسیکی کوردی لەم بارەوە نموونەی دیاری وەکوو مەحوی هەیە. هەرچەند شاعیرانی دیکەش هەن کە ڕەنگە ڕوانگەی سۆفیگەریی ئیسلامیی مەحوییان نەبێ و زۆرتر بە دوای سۆفیگەریی پەتی کەوتوون. بۆ نموونە مەولەوی ناتوانین بە نوێنەری سۆفیگەریی ئیسلامی بزانین. بۆیە عێرفانێکی سروشتگەرا بەدی دەکەین کە لەودا مرۆڤ و سروشت تیهەڵکێشی یەکدین. کەوابوو تایبەتمەندییەکانی سۆفیگەریی کوردی هەرچەند ئیسلامیش کاری تێکردووە، بەڵام نەسکی ڕەسەنایەتیی پێوە دیارە. کەوابوو ئەگەر زاراوە و دەستەواژەی فەلسەفی و فیکری هەبن، دەبێ لەم ئەزموونانەدا بۆیان بگەڕێین و هەڵبەت نابێ دینە خۆماڵییەکانیش پشتگوێ بخەین کە هەرچییەك بن لە ڕوانگەی فەلسەفی و پرسیاری فەلسەفی بەدەر نین.

ئاشکرا و دیارە ئێمە ئێستا درێژەی ئەو ڕێچکانەین و زمانی کوردیش دابڕاو لەو قۆناغانە نیە. هەڵبەت ڕۆحانیبوونی ئەو قۆناغانەی کەمتر پێوە دیارە.

**شەریف فەلاح: جوگرافیای زاراوەکانی زمانی کوردی لە ڕەوتی گەشەی زماندا چ ڕۆڵێکیان گێڕاوە، ئاخۆ بوون و گەشەکردنی زاراوەکان گرفتن یان دەرفەت؟**

**مەسعوود بابایی:** ڕەنگە ئەم پرسیارەم بە شێوەیەك لە شێوەکان وەڵام دابێتەوە. تەنیا شتێك کە پێویستە باسی بکەین تێکەڵبوون و ئاوێتەکردنی وشە و زاراوەکانی هەرکام لەو زار و زارۆچکانەن لە کرمانجیی خوارووی. بە ڕاشکاوی بڵێم پرۆسەی وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زار و زارۆچکەکان لە کرمانجیی خوارووی زیاتر و بە زەقی بەرچاو دەکەوێ، ئەویش لەبەر تێکەڵبوونی ئەم زارەیە لەگەڵ شارنشینی و بابەتە فیکری و سیاسییەکان و لە ڕەوتی گەشەی ئەم زارە دەگەین بەوە کە خەریکە ـ ئەگەر سیاسەتبازان لێمان گەڕێن ـ

تایبەتمەندیی زمانێکی یەکگرتوو وەردەگرێ.

**شەریف فەلاح: شیعر وەك گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردی لەلایەك و ئەدەبی زارەکی لەلایەکی دیکەش چ خەسارێکیان لە پێکهاتەی زمان و ڕەوتی مەعریفە داوە؟**

**مەسعوود بابایی:** شیعر نابێتە ئاخێوی زاڵ (گفتمان مسلط).بەڵام دەبێتە مۆرکی زاڵی ئەندێشە و خەیاڵی ئەدەبی. کۆمەڵگە لە دۆخی شاعیرانەدا ناژی، بەڵام دەشێ بکەوێتە دۆخێکی نۆستالێژیکەوە. دۆخی نۆستالێژیکیش بەشێك لە ئەدەب بەرهەم دێنێت کە ڕۆمانتیسیزمە. شیعر دەربڕینی ڕووتی هەست نیە هەربەو چەشنەش دۆخی بەدەر لە عەقڵیش نیە. بەڵام نە شیعر فەلسەفەیە و نە فەلسەفەش شیعرە. بەڵام تیژبیریی فەلسەفی لە شیعردا بەدی دەکرێ و ڕەوایە. زمانی شیعر زمانێکی کۆبونیادی هەستەکی/ ئاوەزی یە و هاتوچۆیە لە نێوان خەیاڵ و کەتوار (فنتازی). خەساری زمانی شیعری لەوە دایە کە گوتەزا فەلسەفییەکان لە توێکڵ و قاوخ و دەمامکی شیعردا دەشارێتەوە و بەدەر لە لۆژیك و بەڵگەهێنانەوە و تکنیکەکانی ڕاڤەی دیاردەیە. ئەگەر فەلسەفە زمانی ئاوەزی پەتی بێت شیعر ئەوە نیە.

بەداخەوە پێچەوانەی ئەم ئەگەرەش ڕاست نیە. ئەگەر ئەو کتێبە فەلسەفی ـ دینیانەی کە شاعیرانی کورد بە عەرەبی یا فارسی ... نووسیویانە بە پەخشانی کوردی نووسرابان هەڵبەت کاریگەریی زمانی و فەلسەفییان زیاتر دەبوو و زمانی کوردیش زووتر دەکەوتە ڕێڕەوی زمانی فیکری و زانستییەوە.

**شەریف فەلاح: توخمی سروشتی و ناتۆراڵیزم چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی کورد و زمانەکەی هەبووە، ئاخۆ زمانی کوردی توانیویە لە چەقی سروشت خۆی دەرباز بکات و لەگەڵ بەها و توخمەکانی شارنشینی و ژیانی بڕۆکراسیدا خۆی ڕێك بخات؟**

**مەسعوود بابایی:** زمان خۆی توخمێکی ناتۆرالیستییە. ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێ کە ئێمە لاسایی دەنگە سروشتییەکانمان کردۆتەوە، زمانیش لەو بەستێنەوە ئاخێزاوە. بەڵام کاتێك ئێمە دەنگەکان لە دۆخی ئاگاییەوە دەخەینە ڕێڕەوی واتاوە، زمان درووست دەبێت. کەوایە پرسیارەکە دەبێ بە شێوەیەکی دیکە بپرسین ئایا زمانی کوردی دەتوانێ خۆی لە دۆخی ناتۆرالیستیی پەتی ڕزگار بکات؟ ئایا نەیکردوە؟ زمانی کوردی زمانێکە لە چیاکان و داوێنی چیاکان و مێرگ و پێدەشتەکان. زمانێکە زۆرترین دەستەواژەی سروشتی و سیما و وێنای هەمەڕەنگی هەیە. دەتوانین بڵێین زمانی دەنگی ئاو و با ڕەنگی بەفر و کولکەزێڕینە و لە هەمان کاتدا ئێرۆتیکیشە. چونکە

سیمای سروشتی ژیانی سروشتیش دەگرێتە خۆی.

عەقڵ ئەگەر لە چیا دابەزێت دەتوانێ زمانیش دابەزێنێتە خوارەوە. مەسەلەکە تێکەڵبوونە بە شار، ئێستاش خەریکە تێکەڵ بە شار دەبین و زمانیش دەستەمۆی شار دەبێت. درێژدادڕی ناوێ. هەر توخمێکی سروشتیش دەتوانێ لە پرۆسەی بەکارهێنانی زمانیدا واتایەکی دیکەش بگرێتە خۆی. ئەمەش تایبەتمەندیی هەموو زمانێکە. بۆرۆکراسیش ڕەوتی بەڕێوەبردنی شارەکان و دەوڵەتە و ئەویش بە هەمان ئاقاردا دەڕوات.

**شەریف فەلاح: گرفتەکانی دیکە زمانی کوردی وەکوو ڕێنووس و ئەلف و بێ چ زەربەیەکیان لە گشەی زمان داوە و هاتنە ئارای ڕوانگەیەك بەناوی جووت ستاندارد بوون بۆ دۆخی ئەمڕۆی زمانی کوردی بەڕای جەنابت پێویستە یان نا؟**

**مەسعوود بابایی:** ڕێنووس سیمای نووسراوی زمانە. تۆماری تایبەتمەندیی نیشانە زمانیەکانە لە ئاخنەی هەندێ هێمای بەدیکراودا. توخمی بەرهەست و ماتریالیستی و دیدارییە لە هێڵی ئاسۆیی زماندا. ڕێنووس ماك و بونیادی ژیاری مرۆڤە و تۆماری مێژووییە و لەو دەنگانە پێك دێت کە بڵاو دەبنەوە و ئەگەر ڕێنووس نەبێت، جارێکی دیکە نایانبیستینەوە. کەوابوو ڕێنووس تۆماری بیستنی دەنگە زمانیەکان و بیرکردنەوەی بێدەنگە. گرنگیی ڕێنووس بۆ مرۆڤ و ژیارەکەی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی زۆر و زەوەندن. کێشەی دەربڕینی جیاجیا و هەروەها کێشەی ڕێزمانیش تەنانەت گەلێ جار لە ڕێگەی ڕێنووسەوە تووشی دەبین. کێشەی ڕێنووسی کوردی بە داخەوە کێشەیەکی قووڵە. لەبەر ئەوەی ئەو دەنگانەی کەلە زمانی کوردی و دیالکتەکان دان هێشتا زۆر بە نالەباری دەنووسرێن و ڕێنووسی دەسکاری کراوی ئارامی - عەرەبیش هێشتا زۆر کێشەی چارەسەر نەکردووە کەلە توانای ئەم باسەدا ناگونجێ. ڕێنووسی لاتین بۆ ئێستا بەڕای من باشترین چارەسەرە.

جووت ستاندارد هەرچەند وەکوو بیرۆکەیەك هەیە، بەڵام بۆ نەتەوەیەك کە کۆڵەکەی ناسیونالیزمەکەی زمانە نابێ باسیش بکرێت. چونکە لێکترازانی زیاتری لێ دەکەوێتەوە و ئەمەش پەسند نیە. لە وڵاتێکدا کە کایەی سیاسی لەسەر بنەمای ناکۆکی و زادەی ناکۆکییە، بەداخەوە ئەم کێشەیە هەر دەمێنێ. ئەگەر سیاسەتی چەواشەگەری کۆتایی پێ بێت ڕەنگە بتوانین هەنگاوەکانی سەرەتا هەڵگرین.

بەڵام نابێ جووت ستاندارد وەك ئالتەرناتیڤ لەبەرچاو بگرین. ئەم زەینیەتە ترسناکە دەبێ لەنێو بچێ.



**شەریف فەلاح: پێوەندیی نێوان دەسەڵات و زمان چۆن دەبینی و چ ڕۆڵێکی لە لاواز کردن و گەشەی یەکتردا هەیە و ئەم پرسە بە نیسبەت زمانی کوردی لە باشوور چۆن دەبینی؟**

**مەسعوود بابایی:** بەشی یەکەمی پرسیارەکە بەڵێ دەسەڵات لە ڕێگەی زمانەوە شوناسی نەتەوەیی - سیاسی بەرهەم دێنێت و بۆرۆکراسی و سیستمی نیشانەیی بەگوێرەی هەیکەلی بەڕێوەبەری و ئۆتۆریتەی دەوڵەت لە گوتەزا زمانیەکان کە کۆدەنگییان لەسەرە دەڕەخسێنێ و ئەمە ئەرك و کارکردەی دەسەڵاتە و دەبێ وا بێت. بەشی دووەمی پرسیارەکە کە پێوەندیی بە ڕێکخستنی زمان لە باشوری کوردستانە بەڕاستی بێ وەڵام دەمێنێتەوە.

**پێناسە:**

- مەسعوود بابایی لەدایك بووی ١٣٥٥ی شارۆچکەی نەوسوودی سەر بە شاری پاوەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
— خاوەن بڕوانامەی لیسانسی زمانی کوردییە لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر.
— یەکێك لە شارەزایانی بواری زمانی کوردییە.

- هەتا ئێستا جیا لە لێکۆڵینەوە لە بواری زمانی کوردی چەندین بەرهەمی زانستی و فکریی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی وەك: ١ - پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، ( ٤ کتێب) ( ٢ - هەقیقەت و جوانی، ٣ - ئافراندن و ئازادی ٤ - جەجاڵ، یان دژە مەسیح، ٥ - نیچە و مەسیحیەت و ...

# فەرهاد کەریم:

# خوێنەری باڵا حەزی لەو دەقانەیە کەپرسیار لە لای دروست دەکات! خوێنەری تەندروست هەمیشە پۆزەتیفانە دەست بۆ دەق دەبات



سازدانی دیمانە / سانا جەباری







فەرهادکەریم:شاعیرێکی دوور، وەلێ خۆشەویست. ئەم لەکۆمەڵگایەکی تێکشکاومیللەتێکی ژێردەستەو خاکێکی پارچەودابەشکراودا ،نیشمانێک لەجەنگ وجەنگیش نیشتمان لەدایکبووە ،وەک مرۆڤ زەوی نیشتیمانیەتی کە کوردستانە. وەک کورد ماڵێکی ئارامی نییە،ئالاو سنوورێکی دیاریکراو.ئەوهەڵکەوتەوجەنجالی دەرەو ناخمانە ئەو ژینگەئاڵۆزەیە وای کردووە تێرلەززەت نەبێت و هەمیشە حەزی لەتامو بۆنێکی تربێت .خیانەت لەشیعربکات.قەپاڵ لەسێوبدات. ئەم پیاوە شاعیرە هەمیشە پاڵپشتی دەنگی تازەی شیعر دەکات. بۆیە لای نەوەی نوێوە خۆشەویستە. ئێمە بە پێویستمان زانی گوتووبێژێکی لەگەڵ سازبکەین. کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی.

**★بۆ ئەوەی خوێنەر لە دەقە نزیك ببێتەوە چی کۆمەکی دەکات؟ ئایا کۆدی نووسینی لەکام توخمەکانی نووسینتدا بەدی دەکرێت زیاتر؟**

فەرهاد کەریم:رێنمایی ئەرکە بەڵام وەك ئیمام عەلی گوتەنی: (( نەوەکانتان وەکو خۆتان پەروەردە مەکەن )) . جبران خەلیل جبران لە یەکێك لە وتە بەنرخەکانی گوتویەتی: (( ئەگەر بۆ برسیەك دووای بەگەدایی گوێت لێدەگرێت)). هەرخوێنەرێك خاوەن زەوق وئاستێکی جیاوازە. زۆرینەی خوێنەواران خۆویستن، خوێنەری باڵاش حەزیان لەو دەقانەیە کەپرسیاریان لە لادروست دەکات! خوێنەری تەندروست هەمیشە پۆزەتیفانە دەست بۆ دەق دەبات .رەخنەگریش وەك ئیمانداران بەدوای پیرۆزکردنی دەق بگەرێن.

**★ئایا ئێمەی کورد شتێکمان هەیە بەناوی رەخنەی ئەدەبی کوردییەوە؟ تۆ روانینت چۆنە لەبارەی رەخنەی ئەدەبی کوردییەوە؟**

فەرهادکەریم:نیوەی پرسیارەکەخۆت وەلامت داوەتەوە،رەخنەی ئێمە راووبۆچوونە بۆزەمەنێکی کورتیش نەچۆتە ناوقالب ورێنمایەك بێ بۆرەخنە گرانی داهاتوو هەربەشەرتی چەقۆیە شیرینە وەك هەنگوینە،وەرنەوە هەرزانمان کرد،کارەساتە وەك حۆم لە شیعرێکدا

ووتومە (خوا رەحم بە باڵی باڵندە بکا) لەهەموو سەرچاوە زۆرەی لە بەردەستایە، وەك هاوریٚ نەمرم ئەنوەر مەسیفی ووتەنی( بەفۆرمی شیعری من پێکەنینتان دێت)، گەشبینم وا رەخنەی ئێمەش خەریکە پێبگات.

**★ ئایا زمانی شیعر کە زۆرجار بە دووفاقیەت ناوزەند دەکرێت، یاخود راڤەی بۆ دەکرێت، بە بڕوای تۆ ئەم دووفاقیەتە لە زمانی ناوەوەو زمانی گشتییەوە سەرچاوەی گرتووە، یان شتێکی ترە؟**

فەرهاد کەریم:بە بەردەوامی گوێت لەشیعر دەبێت لەزمانی گشتیدا بۆنموونە. کار دەستناکەوێت .کۆترەکەم فری، وای لەدەست ئەم ژیانە، رەحمەت لەبابت.هتد،،

تێکەڵاویەك هەیە لە نێوان هەست ونەست وویژدان ورۆح وفیکرو مەعریفەو ئاستی باڵای عەقڵ، جیاوازەکە شێوازی دەربرینە، کەتوتوانیت ئەودیوشتەکان بخەیە سەر پەرە، لەوێوە تۆ دەبیتەسەفیری زمانەکەت وەك هاورێی ئەزیزم جەلال بەرزنجی لە شیعرێکی دەڵێت (شەوێکیان بەناو شیعری شاعیرێکدا رۆیشتم زانیم لە ولاتی ئەودا جوانی لە کوێیە).

**★ رایەك هەیە دەڵێت جۆرە لێکچوونێك لەنێوان شاعیرانی کلاسیکیدا هەیە و لێکیان کۆ دەکاتەوە؟ کە بەڕای شاعیرگەلێکی هەشتاکان نەیان توانیوە سگی شیعری کوردیش پڕبکەن؟**

فەرهاد کەریم:دووسەردەمی جیاوازو دووزەوقی جیاوازئاسان هەزم نەدەکرا بەفۆرمێکی نوێوە شیعر بنووسیت هەموو شتێکی نوێش لەهەر سەردەمێکدا بێت پشوازیەکی ساردو بێتامی لێدەکرێت، لە هەندیٚ شاری کوردسانی باشور بەئینقلابچی ناویان دەبردن، هتد شتی تریش ..بەعەکسەوە شاعیرانی هەشتاکان من دەڵێم تۆش مەبەستت نوێخوازەکانە مێژویەکی پڕ لەسەروەریان تۆمار کرد لە ئەدەبی کوردیدا، من تاسەرئێسقان قەرزاری ئەو هاورێیانەم ئێستاشی لەگەڵدا بێت نە لەگەڵ زەمەنا نین، بەڵکو لەپێش زەمەندان، بەو مانایە جێنەماون نمونەیەکی زیندوو بۆپشت راست کردنی بۆچوونەکەم جەلال بەرزنجی لەپێشبڕکێیەکی شیعری یۆ پەناهەندەکانی ناو کەنەدا دەنگی یەکەمی هێنا لە هەڵسەنگاندنێکی زۆر ئەکادیمیانەشدا.. نامەویٚ یەکە بەیەکە لەسەریان بدوێم پێویستیان بەلێدوانی من نیە خۆیان دیارن دەنگی زیندووی ئەدەبەکەمانن..

**★ ئایاپێت وانییە بەشێوەیەکی گشتگیر شاعیرانی ئێمە زیاتر پشت بە روانینی هەستییانە دەبەستن، نەوەك بە ڕوانینی ئەقلانی ؟ لەکاتێکدا زۆربەی دەقە باڵاکانی دونیا زادەی مەعریفە وئەقلانین، نەوەك ئیلهام و ڕوانینی هەستییانە. تۆ لەم بارەیوە چی دەڵێیت؟**

فەرهاد کەریم : لە خەون و شیعرەکانی فەرهاد پیرباڵدا. لەفاوڵ (خۆنووسینەوەکان) و شیعرەکانی غەمگین بۆلی دا، لە شیعرە جوانەکانی ئاریان ئەبوبەکردا ... هتد .. روانینی عەقلانی ئامادەیی هەیە. گرفتەکە غیابی عەقڵی بەڕێوەبردنە، هێندەی سەرقاڵیان کردوون بەپێویستە سەرەتاییەکانی ژیانی رۆژانە . کات نەماوە پیاسەیەك لەگەڵ شیعرێکی عەقلانی بکەی .، باوەشێك بەچیرۆکێکی مۆدێرنا بدەی ، گەشتێك لەگەڵ رۆمانێکی فەنتازیاو نەگرێتەوە .تا لەگەڵ پەخشانێکی شەرم خەو دەتباتەوە، ، فەرهاد پیرباڵیش نەیەتە خەونت بڵێت: (حەمام بە تڕان گەرم نابێت).



# كازيوه سالّح

ئا : نيان تەيب

نووسەر و رۆژنامەنووس وچالاكوانی مەدەنی: كازيوه سالّح

**له شەش مانگی ڕابردووەوه ئەم سێ كتێبەی چاپ وبلاّو بوونه:**

١ _ له هەموو شوێنێك ئاسمان شينه

" لـه هـەموو شـوێنێك ئاسمـان شـينه ' كۆمـەڵێك ديـدار لـه لايـەن كۆمـەڵێ ڕۆژنامەنووسـی جياوازەوه له گەڵ نووسەر سازدراوه ، له دوو تۆی ٢٨٠ لاپەرەدا دەزگـای سـەردەم چـاپی كردوه.

٢ _خطيبي الطيني

"خطيبي الطيني" كۆمەڵه چيرۆكێك به زمانی عەرەبی دەزگای چاپ و پەخشی ' الجمل' لـه بەيروت/ لوبنان به چاپی گەياندوه ، قەوارەی ئەم كتێبه ١٨٠ لاپەڕەيه، ئـەم چـيرۆكانه لـه لايەن (جومعه جەباری)يەوه وەرگێرادراوەته سەر زمانی عەرەبی .

٣ _ دەزگيرانه قوڕينەكەم







' دەزگيرانه قوڕينەكەم ' كه پێك هاتووه له ٢٨ كورته چيرۆك ، له دوو تـوێ كتێبێكـی ٢٠٨ لاپەڕەيدا به چاپ گەشت. دەزگای ئاراس به چاپی گەياندوه ، له پێشانگای كتێب له هۆڵی ميديا له هەولێر و كتێبخانەی ئەندێشه سلێمانی دەست دەكـەوێت. چـيرۆكەكانی نـاو ئـەم كتێبـه ژمارەيـەكی بـلاّو كراونەتـەوه و ژمارەيەكيـشی لـه هـيچ شـوێنێك پێـشتر بـلاّو نەكراونەتەوه.

ئەم زانياريانه سەبارەت به نووسەر له دوا لاپەڕەی كتێبەكاندا بلاّوكراونەتەوه

كتێبه چاپكراوەكانی نووسەر

١– له هەموو شوێنێك ئاسمان شينه ، كۆمەڵێك ديدار ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠١٣

٢– ' خطيبي الطيني" كۆمەڵه چيرۆك ، دەزگی چاپ و پەخشی ' الجمل' ٢٠١٣ بـەيروت – لوبنان

٣– دەزگيرانه قوڕينەكەم ، كۆمەڵه چيرۆك ، دەزگای وەشاندنی ئاراس ، ٢٠١٢

٤– نامەكان بەر له مردن ناخوێندرێنەوه ، كۆمەڵه چـيرۆك، دەزگـای وەشـاندنی ئـاراس ، ٢٠٠٤

٥– حيكمەتەكانی به قەرەج بوونم ، كۆمەڵه چيرۆك، دەزگای زاموا چاپی يەكەم و گۆڤـاری نڤار چاپی دووەمی بلاّو كردوەتەوه، ١٩٩٨

٦– فێمنستناسی و جڤاكی كوردی ، لێكۆڵينەوه ، دەزگای وەشاندنی ئاراس، ٢٠٠٥

٧– ژنی كورد له دەروازەی هەزارەی سێهەم و سەردەمی به جيهانی بووندا ، كۆمەڵه وتـار ، دەزگای وەشاندنی سەردەم ،٢٠٠٢

٨–دوو هاوڕێ و جادووگەريەك ، چيرۆك بۆ منالاّن، دەزگای وەشاندنی ئاراس ، ٢٠٠٣

٩– هاوناز و خاڵخاڵۆكه، چيرۆك بۆ منالاّن، دەزگـای ئـێم .ئـەی. جـی ، بـه هـەردوو زمـانی ئنگليزی و كوردی ( سۆرانی و بادينی) بلاّوكردوەتەوه به سەر قوتابخانەكانی كوردسـتاندا ، ١٩٩٩

١٠– باخچه ، ڕۆمان ،وەرگێران ، لـه نووسـينی 'مارگرێـت دۆرا' لـه بلاّوكراوەكـانی گۆڤـاری نڤاره ، ٢٠٠٠

١١– پرۆژەيـەك بـۆ تێكـشكاننی بـێ دەنگـی لـه سـەر پرسـی ئـەنفال ، ڕاو و بۆچـوونەكانی نووسەره سەبارەت به كۆكوژی كورد ' ئەنفال ' ئەم دواندنـه لـه لايـەن ڕۆژنامـەنووس تـەها سلێمانەوه ئەنجام دراوه و ڕۆژنامەی ڕيگای كوردستان ئەم كتێبەی چاپ كردوه ، ٢٠٠٨




١٢–بەشداریکرسنی نووسەر لە کتێبی" گفتووگۆ لە سەر خوانی خوێنین" دیالۆگی کۆمەڵێك نووسەرە سەبارەت بە پرسی ئەنفال و جینۆسایدی کورد ، لە سازدانی حەمە کاکە ڕەش ، لە بلاّوکراوەکانی ڕۆژنامەی هاولاّتی ، ٢٠٠٧

**<u>ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی :</u>**

١– لە ساڵی ١٩٩٨ گۆڤاری " نڤار" ی دەرکرد ، گۆڤاریەکی فکری و تیوری بوو. ئەم گۆڤارە ڕووبەڕووی دوو جۆر کێشە بوویەوە : یەکێکی یاسایی لە بەر ئەوەی یەکەم ژن بوو گۆڤارێك دەربکات لە کوردستاندا، تا ئەو کاتە وەزارەتی ڕۆشنبیری یاسایی مۆڵەتدانی بە تاك و ژن نەبوو، پێیّ گوترا مۆڵەت بۆ کەسی 'مادی و مەعنەوی' ئەبێت ، بۆیە ناچار بوو پیاوێك بکات بە خاوەنی ئیمتیاز . دووەم کێشەی توندڕەوەکان کە ڕووبەڕووبونەوەی فکری و دیالۆگیان پیّ پەسەند نە ئەکرا... ئەم گۆڤارە لە ژێر ئەم جۆرە فشارانەدا لە ساڵی ٢٠٠٠ داخرا.

٢– ساڵی ٢٠٠٠ گۆڤاری ' نوێکار' دەرکرد وەکو سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیاز ، گۆڤارێکی فکری ، تیوری و ڕاڤەیی بوو ، بایەخی بە کێشەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بە جیهانی بوون













ئەدا ، بەردەوام بوو هەتا ٢٠٠١ و بە جێهشتنی کوردستان لە لایەن نووسەرەوە

٣– ساڵی ٢٠٠٧ بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی ' ئەمڕۆ ' بووە.

٤– ساڵی ٢٠٠١ یەکەم ئافرەتی کورد بووە بانگهێشت کراوەو سەفەری میسری کردوە بۆ کاری ڕۆشنبیری و پاشان لوبنان .

**<u>ئەو خەلاّتانەی نووسەر وەریگرتوون:</u>**

١– خەلاّتی یەکەمی ڤێستڤاڵی ' ئامێتا ' بۆ ئەدەب و هونەر ساڵی ٢٠٠١

٢– خەلاّتی یەکەمی ڤێستڤاڵی ' ئامێتا ' بۆ ئەدەب و هونەر ساڵی ٢٠٠٢

٣– خەلاّتی حزبی سۆشیالستی کوردستان بۆ ' ڕۆژنامەنووسانی چالاك' ساڵی ٢٠٠٣

نووسەر هەڵگری بڕوانامەی:

١– بەکالۆریوس لە کەمیونیکەیشن ، زانکۆی یورك، کەنەدا

٢– دبلۆمی بالاّ لە ڕۆژنامەنووسید ، کۆلێجی شەرەدن ، کەنەدا

٣– بڕوانامەی بالاّ لە فشار و قەیرانەکانی پەناهەندە و کۆچبەر، زانکۆی یورك ، کەنەدا

نووسەر ئێستا خوێندکاری خوێندی بالاّیە ، نیشتەجێی کەنەدا و خەڵکی باشوری کوردستانە.

# کار و چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

ئا: بەڕێوەبەری نووسین

## پیشانگایەکی تایبەت بۆ عەلی دەرویش

.. ڕۆژی ۲۰۱۳/۵/۳ ولـەمیانی گەشـتەکەی یـەکێتیی نووسـەرانی کـورد لقـی کـەرکوك بۆسەیرانگەی دێلێژە کە بۆنووسەرانی کەرکوك وگەرمیان رێکی خست بـوو..تیایـدا چـەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامدرا یەك لەوانە کردنـەوەی پێـشانگایەکی کاریکـاتێری تایبـەت بـۆ هونەرمەندی کاریکاتێریست عەلی دەروێش "بەمۆ" کە پێکهـاتبوو لـە۳۰تـابلۆی جـۆراو جـۆر گوزارشـتیان لـەدیاردە کۆمەلأیەتییـەکان دەکـرد ... بـووەی مایـەی سـەرنج وخۆشـحاڵی بینەران.







## چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران

لـە درێـژەی کـارو چـالاکییەکانی لقـی کـەرکوکی یـەکێتیی نووسـەرانی کـورد، لـە بـواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مـانگی رابـردوودا پێـنج کتێبـی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ وبلاو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

• لە ژێر زنجیرەی (۲۰۱) کتێبی (برء الالآم) تایبەتە بـە دەرمـان و چارەسـەری رووەکـی لـە نووسینی (شێخ محێدین کەرکوك) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

• لە ژێر زنجیرەی (۲۰۲) کتێبی ( زایەڵەی ئاوەسپی) کۆمەڵـە وتـاری ئـەدەبی ورۆشـنبیریە لەنووسینی کۆمـەڵێ نووسـەری شـارۆکەی خورمـاتوو لـە کۆکردنـەوەو ئامـادەکرنی (بـەکر دەروێش) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

• لە ژێـر زنجـیرەی (۲۰۳) کتێبـی ( ئاڤێـستا و یەکتاپەرسـتی ) لێکۆڵینەوەیـەکی تایبەتـە بەئاییینی زەردەشتی لەنووسینی ( عومەر حاجی عەلی زەنگنە) کەوتە بەردیدی نووسـەران و










خوێنەران...

• لە ژێر زنجیرەی (٢٠٤) کتێبی ( پاڵەوان لە حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی کەرکوك) لێکۆڵینەوەیەکە لەنووسینی (سازان جەوهەر حەمە غەریب) ، کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

• لە ژێر زنجیرەی (٢٠٥) کتێبی (أنوثة مدینة) کۆمەڵە شیعرێکە بەزمانی عەرەبیە لەنووسینی ( یوسف شوانی) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

• لە ژێر زنجیرەی (٢٠٦) کتێبی ( ئەزموونی رۆژنامەگەری ) ی رۆژنامەنووس (ستران عەبدوڵڵا) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...
















• لە ژێر زنجیرەی (٢٠٧) کتێبی ( نامەی بەر لەخۆر ئاوابوون) کۆمەڵێ کورتە چیرۆکە لەنووسینی (فەیسەڵ هەمەوەندی) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

• لە ژێر زنجیرەی (٢٠٨) کتێبی ( گەڵای وشە ) چەند خوێندنەوەیەکی ئەدەبییە لەنووسینی (لەتیف فاتیح فەرەج) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

• لە ژێر زنجیرەی (٢٠٩) کتێبی (هەنسکی دەریا) کۆمەڵە پەخشانێکە لەنووسینی (ئەرشەد یاسین) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...

• لە ژێر زنجیرەی (٢١٠) کتێبی (ئەڵقە) کۆمەڵە شیعرێکە لەنووسینی (شوان مەجید سەدایی) کەوتە بەردیدی نووسەران و خوێنەران...